حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زمان
بەشی کوردی

# دەوروبەر لە ڕۆنان و واتای ڕستە لە زمانی کوردیدا

تێزێکە

**تانیا اسماعیل حمەامین**

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە
پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت:

**پ. د. ئازاد ئەحمەد حسێن**

(٢٠٢٤)ی زایینی

(٢٧٢٣)ی کوردی

حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زمان
بەشی کوردی

# دەوروبەر لە ڕۆنان و واتای ڕستە لە زمانی کوردیدا

تێزێکە

**تانیا اسماعیل حمەامین**

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە
پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت:

**پ. د. ئازاد ئەحمەد حسێن**

(٢٧٢٣)ی کوردی (٢٠٢٤)ی زایینی

ئەم تێزە بە ناونیشانی (**دەوروبەر لە ڕۆنان و واتای ڕستە لە زمانی کوردیدا**)، بە سەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا.

**پ.د. ئازاد ئەحمەد حسێن**

**سەرپەرشت**

**ڕۆژ:٦/١٢/ ٢٠٢٤**

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

**پ.ی.د. محمد عمر عول**

**سەرۆکی بەشی زمانی کوردی**

**ڕۆژ: ٢١/١٢/ ٢٠٢٤**

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم تێزەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا، کە بڕوانامەی دکتورای لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ.د. شاخەوان جلال حاجی فرج
ئەندام
ڕۆژ: ٥/ ١ / ٢٠٢٤

ناو: پ.د. عبدالجبار مستەفا معروف
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ: ٥/ ١ / ٢٠٢٤

ناو: پ.د. دارا حمید محمد
ئەندام
ڕۆژ: ٥/ ١ / ٢٠٢٤

ناو: پ.ی.د. ڕۆژان نوری عبدالله
ئەندام
ڕۆژ: ٥/ ١ / ٢٠٢٤

ناو: پ.ی.د. سازان ڕەزا موعین
ئەندام
ڕۆژ: ٥/ ١ / ٢٠٢٤

ناو: پ.د. ئازاد ئەحمەد حسێن
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ: ٥/ ١ / ٢٠٢٤

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا.

پ.د. شاخەوان جلال حاجی فرج
ڕاگری کۆلێژی زمان
ڕۆژ: ١١ / ٢ / ٢٠٢٤

## پێشکەشکردن

پێشکەشە بە:

- دایک و باوکی خۆشەویستم، کە هەمیشە خەمخۆر و پشتیوانم بوون.
- هاوڕێ و هاوسەرم (سەرتیپ)، کە هەمیشە پاڵپشت و هاوکارم بووە.
- ئەو پەلکەزێڕینانەی ژیانیان ڕەنگاوڕەنگکردووم (ژیلا و باوان).

# سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینم بۆ:

- بەڕێز (پ.د. ئازاد ئەحمەد حسەین)، کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە، ئەرکی سەرپەرشتیکردنی تێزەکەی لە ئەستۆگرت و بەردەوام ڕێنمایی زانستیی کردووم و هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵمدا ماندوو بووە، زۆر سوپاسیاندەکەم.
- ئەو هاوڕێیانەی، کە بە پێدانی سەرچاوە هاوکارییان کردووم.

# هێما و کورتکراوەکان

| هێماو کورتکراوەکان | واتاکەی |
|---|---|
| " " | دەقی وەرگیراو |
| * | نارێزمانی، نالۆژیکی، ڕێگا-پێنەدراو |
| / | یان/ سەرپشکی |
| [ ] | فۆرمی فۆنەتیکی وشە |
| ( ) | وەرگرتن بە دەستکارییەوە |
| / / | نیشانەی فۆنیم لە فۆنۆلۆژیدا، نیشانەی مۆرفیم لە مۆرفۆلۆژیدا |
| ⟵ | دەبێت بە |
| Ø | مۆرفیمی سفر |
| ET | کاتی ڕووداو |
| UT | کاتی بەرهەمهێنانی دەربڕاو |
| RT | کاتی ئاماژە |

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| | ئـ |
| Predicate | ئارگۆمێنت داواکەر |
| Syntagmatic | ئاسۆیی |
| Function | ئەرک |
| Aspect | ئەسپێکت |
| Idiom | ئیدیۆم |
| | ب |
| Situation | بارودۆخ |
| Topicalization | باسمەند |
| Passive | بکەرنادیار |
| Relation | بنەمای پەیوەندی |
| Quantity | بنەمای چەندێتی |
| Qualitive | بنەمای چۆنێتی |
| Manner | بنەمای شێواز |
| Implicature | بەخشکەیی دەربڕین |
| Obligatory | بەخورتی/ناچاری |
| | پ |
| Pragmatic | پراگماتیک |
| Proverb | پەندی پێشینان |
| Message | پەیام |
| | ت |
| Complement | تەواوکەر |
| Performance | توانا |
| Contextual Theory | تیۆری دەوروبەر |
| | ج |
| Emphasis | جەختکردنەوە |
| | چ |
| Frame | چوارچێوە |
| | د |
| Context | دەوروبەر |
| Context of Situation | دەوروبەری بارودۆخ (بار) |
| Psychological context | دەوروبەری دەروونیی |

| | |
|---|---|
| Linguistic context | دەوروبەری زمانی |
| Emotional context | دەوروربەری سۆزداری |
| Physical context | دەوروبەری فیزیکی |
| Cultural context | دەوروبەری کلتوری |
| Social context | دەوروبەری کۆمەڵایەتی |
| Specifier | دەرخەری پێشەوە |
| Modifier | دەرخەری دواوە |
| Determiner | دیارخەر |
| | ڕ |
| Quantifier | ڕادە |
| Sentence | ڕستە |
| Complex Sentence | ڕستەی ئاوێتە (ئاڵۆز) |
| Simple Sentence | ڕستەی سادە |
| Comound Sentence | ڕستەی لێکدراو |
| Rhetioric | ڕەوانبێژی |
| Root | ڕەگ |
| Structure | ڕۆنان |
| Syntactic Structures | ڕۆنانە سینتاکسییەکان |
| Surface Structure | ڕۆنانی رووکەش |
| Deep Structure | ڕۆنانی قووڵ |
| Functional Grammar | ڕێزمانی ئەرکی |
| Systematic Functional Grammar | ڕێزمانی ئەرکی سیستماتیک |
| Mood | ڕێژە |
| Subjunctive Mood | ڕێژەی دانانی |
| Indicative Mood | ڕێژەی ڕاگەیاندن |
| Imperative Mood | ڕێژەی فەرماندان |
| | ز |
| Information | زانیاری |
| Common Knowledge | کۆزانیاریی هاوبەش |
| | ژ |
| Numeral | ژمارە |
| | س |
| Adjunct | سەربار |
| Optionally | سەرپشکیی |

| | |
|---|---|
| Head-first | سەرسەرەتا |
| Head-last | سەرکۆتا |
| Head | سەر |
| Syntax | سینتاکس |
| | **ف** |
| Extension | فراوانکردن |
| Phrase | فریز |
| Adjective phrase | فریزی ئاوەڵناوی |
| Adverbial phrase | فریزی ئەدڤێربلی |
| Prepositional phrase | فریزی پێشناوی |
| Determiner phrase | فریزی دیارخەری |
| Verb phrase | فریزی کرداری |
| Noun phrase | فریزی ناوی |
| Form | فۆرم |
| | **ک** |
| Category | کەتیگۆری |
| Modal Verb | کرداری مۆداڵ |
| Act | کردە |
| Directives | کردەی ئاڕاستەکردن |
| Commissives | کردەی پابەندبوون |
| Declaration | کردەی ڕاگەیاندن |
| Speech acts | کردە قسەییەکان |
| Representative | کردەی نواندن |
| Expressive | کردەی هەستدەربڕین |
| Clitic | کلیتیک |
| Special Clitic | کلیتیکی تایبەت |
| Simple Clitic | کلیتیکی سادە |
| Knowledge | کۆزانیاریی |
| | **گ** |
| Presupposition | گریمانەی پێشەکی |
| Existential Presupposition | گریمانەی پێشەکیی بوون |
| Structural Presupposition | گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەیی |
| Counter Factual Presupposition | گریمانەی پێشەکیی پێچەوانەی واقیع |
| Factive Presupposition | گریمانەی پیشەکیی ڕاستەقینە |

| | |
|---|---|
| Lexical Presupposition | گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی |
| non-Factive Presupposition | گریمانەی پێشەکیی ناڕاستەقینە |
| Affix | گیرەک |
| | م |
| Morphosyntax | مۆرفۆسینتاکس |
| Morpheme | مۆرفیم |
| Zero morpheme | مۆرفیمی سفر |
| Metaphor | میتافۆر |
| | ن |
| Non-compositionality | نادارِشتەیی |
| Ungrammatical | ناڕێزمانی |
| Verbal noun | ناوی کرداریی |
| Deixis | نیشانە پڕاگماتیکییەکان |
| Person deixis | نیشانە کەسییەکان |
| Time deixis | نیشانەکانی کات |
| Place deixis | نیشانەکانی شوێن |
| Social deixis | نیشانە کۆمەڵایەتییەکان |
| Discourse deixis | نیشانەکانی گوتار (دەق) |
| | هـ |
| Homophone | هاوبێژی |
| | و |
| Lexical meaning | واتای فەرهەنگی |

## پێڕستی ناوەڕۆک


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٣-١ | **پێشەکی** |
| ١ | ١/٠) ناونیشان و بواری تێزەکە |
| ١ | ٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە |
| ١ | ٣/٠) کەرەستەی تێزەکە |
| ١ | ٤/٠) ڕێباز و تیۆری تێزەکە |
| ١ | ٥/٠) گرفتی تێزەکە |
| ٢ | ٦/٠) پرسیارەکانی تێزەکە |
| ٣-٢ | ٧/٠) بەشەکانی تێزەکە |
| ٦٠-٤ | **بەشی یەکەم: تیۆری دەوروبەر و زانستی زمان** |
| ٢٨-٦ | ١/١) بەراییەکانی تیۆری دەوروبەر |
| ٢٢-١٩ | ١/١-١) دەوروبەر و توانست و توانا |
| ٢٨-٢٢ | ١/١_٢) ڕۆڵ و گرنگیی دەوروبەرلە زانستی زماندا |
| ٤٣-٢٨ | ٢/١) هەمبەرییەکانی دەوروبەر و زانستی زمان |
| ٣٢-٢٩ | ٢/١-١) دەوروبەر و ڕەوانبێژی |
| ٣٤-٣٣ | ٢/١-٢) دەوروبەر و فەلسەفە |
| ٤٣-٣٤ | ٢/١-٣) دەوروبەر و قوتابخانە زمانەوانییەکان |
| ٣٧-٣٥ | ٢/١-٣-١)دەوروبەر و قوتابخانەی بونیادگەری |
| ٤٠-٣٨ | ٢/١-٣-٢)دەوروبەر و قوتابخانەی ئەرکی |
| ٤٢-٤٠ | ٢/١-٣-٣) دەوروبەر و قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە |
| ٤٣-٤٢ | ٢/١-٣-٤) دەوروبەر و قوتابخانەی درکپێکردن |
| ٦٠-٤٣ | ٣/١) چەشنەکانی دەوروبەر |
| ٤٩-٤٤ | ٣/١-١) دەوروبەری زمانی |
| ٤٧-٤٦ | ٣/١-١-١) دەوروبەی فۆنۆلۆژی |
| ٤٨-٤٧ | ٣/١-١-٢) دەوروبەری مۆرفۆلۆژی |
| ٤٩-٤٨ | ٣/١-١-٣)دەوروبەری سینتاکسی |

| | |
|---|---|
| ٢-٣/١)دەوروبەری نازمانی | ٤٩-٦٠ |
| ١-٢-٣/١) دەوروبەری بارودۆخ (بار) | ٤٩-٥١ |
| ٢-٢-٣/١) دەوروبەری کلتوری | ٥١-٥٤ |
| ٣-٢-٣/١) دەوروبەری دەروونی و سۆزداریی | ٥٤-٥٦ |
| ٤-٢-٣/١) دەوروبەر فیزیکی | ٥٦-٥٧ |
| ٥-٢-٣/١) دەوروبەری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری | ٥٧-٥٩ |
| ٦-٢-٣/١) زانیاریی هاوبەش | ٥٩ |
| ٧-٢-٣/١) زانیاریی دنیایی | ٥٩-٦٠ |
| **بەشی دووەم: ڕۆنانە سینتاکسییەکان پەیوەست بە دەوروبەرەوە** | ٦١-١٢٠ |
| ١/٢) فرێز و جۆرەکانی | ٦٢-٨١ |
| ١-١/٢) فرێزی ناوی | ٦٣-٦٨ |
| ٢-١/٢) فرێزی ئاوەڵناوی | ٦٨-٧٢ |
| ٣-١/٢) فرێزی پێشناوی | ٧٢-٧٥ |
| ٤-١/٢) فرێزی دیارخەری | ٧٥-٧٦ |
| ٥-١/٢) فرێزی ئەدڤێربڵی | ٧٧-٨٠ |
| ٥-١/٢) فرێزی کرداری | ٨٠-٨١ |
| ٢/٢) کردار و دەوروبەر | ٨٢-١٠١ |
| ١-٢/٢) ڕێژە | ٨٣-٩٥ |
| ١-١-٢/٢) ڕێژەی ڕاگەیاندن | ٨٤-٩٠ |
| ٢-١-٢/٢)ڕێژەی دانانی | ٩٠-٩٣ |
| ٣-١-٢/٢) ڕێژەی فەرماندان | ٩٣-٩٥ |
| ٢-٢/٢) ئەسپێکت | ٩٥-٩٩ |
| ٣-٢/٢) کلیتیک | ٩٩-١٠٠ |
| ٤-٢/٢) هاوبێژی | ١٠٠-١٠١ |
| ٣/٢) جۆرەکانی ڕستە | ١٠٢-١٢٠ |
| ١-٣/٢) ڕستەی سادە | ١٠٣-١٠٥ |
| ١-١-٣/٢) ڕستەی سادەی فراواننەکراو | ١٠٣-١٠٤ |
| ٢-١-٣/٢) ڕستەی سادەی فراوانکراو | ١٠٤-١٠٥ |
| ٢-٣/٢) ڕستەی ناسادە | ١٠٥-١١١ |

| | |
|---|---|
| ٣/٢-٢-١) ڕستەی لێکدراو | ١٠٧-١٠٦ |
| ٣/٢-٢-٢) ڕستەی ئاوێتە (ئاڵۆز) | ١١١-١٠٨ |
| ٣/٢-٣) مۆرفۆسینتاکس | ١١٤-١١١ |
| ٣/٢-٤) بکەر نادیار | ١١٨-١١٤ |
| ٣/٢-٥) ڕستەی باسمەند | ١٢٠-١١٨ |
| **بەشی سێیەم: ڕۆڵی دەوروبەر لە واتا و مەبەستی ڕستەدا** | ١٨٠-١٢١ |
| ١/٣) واتای ڕستە پەیوەست بە ڕەهەندە پڕاگماتیکییەکانەوە | ١٤٩-١٢٣ |
| ١/٣-١) نیشانە پڕاگماتیکییەکان | ١٤٠-١٢٣ |
| ١/٣-١-١) نیشانە کەسییەکان | ١٢٩-١٢٤ |
| ١/٣-١-٢) نیشانەکانی  کات | ١٣٥-١٢٩ |
| ١/٣-١-٣) نیشانەکانی  شوێن | ١٣٨-١٣٥ |
| ١/٣-١-٤) نیشانە کۆمەڵایەتییەکان | ١٣٩-١٣٨ |
| ١/٣-١-٥) نیشانەکانی گوتار (دەق) | ١٤٠-١٣٩ |
| ١/٣-٢) گریمانەی پێشەکی | ١٤٩-١٤٠ |
| ١/٣-٢-١) گریمانەی پێشەکیی بوون | ١٤٤-١٤١ |
| ١/٣-٢-٢) گریمانەی پیشەکیی ڕاستەقینە | ١٤٥-١٤٤ |
| ١/٣-٢-٣) گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی | ١٤٦-١٤٥ |
| ١/٣-٢-٤) گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەیی | ١٤٨-١٤٧ |
| ١/٣-٢-٥) گریمانەی پێشەکیی ناڕاستەقینە | ١٤٨ |
| ١/٣-٢-٦) گریمانەی پێشەکیی پێچەوانەی واقیع | ١٤٩ |
| ٢/٣) واتای گشتی ڕۆنانە جێگیرەکان | ١٦٥-١٤٩ |
| ٢/٣-١)پەندی پێشینان | ١٥٨-١٥٠ |
| ٢/٣-٢)ئیدیۆم | ١٦٣-١٥٨ |
| ٢/٣-٣)میتافۆر | ١٦٥-١٦٣ |
| ٣/٣) مەبەستەکانی ڕستە لە ڕوانگە جیاوازەکانی دەوروبەرەوە | ١٨٠-١٦٥ |
| ٣/٣-١) کردە قسەییەکان | ١٧٤-١٦٦ |
| ٣/٣-٢) بەخشکەیی دەربڕین | ١٨٠-١٧٥ |
| ئەنجام | ١٨٢-١٨١ |
| سەرچاوە | ١٩٩-١٨٣ |

| | |
|---|---|
| الملخص | ٢٠٠ |
| Abstract | ٢٠١ |

## پێشەکی

### ١/٠) ناونیشان و بواری تێزەکە

ئەم تێزە، کە بە ناونیشانی (**دەوروبەر لە ڕۆنان و واتای ڕستە لە زمانی کوردیدا**)یە، هەوڵێکە لە پێناو شیکردنەوە و لێکدانەوەی ڕۆنانە سینتاکسییەکان و واتا و مەبەستەکانیان، لە ڕوانگەی تیۆری دەوروبەرەوە، لە چوارچێوەی قوتابخانەی ئەرکیدا.

### ٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە

ناونیشانی تێزەکە بابەتێکی سینتاپڕاگماتیکییە، لە زمانی کوردیدا هەریەک لە سینتاکس و پڕاگماتیک بەشێوەی سەربەخۆ کاریان لەسەرکراوە، بەڵام دەرخستنی کاریگەری و پەیوەستبوونی ئەم دوو ئاستە پێکەوە، کارێکی سەربەخۆ و پڕاوپڕی لەسەر ئەنجامنەدراوە، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە، بۆئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی ورد بۆ ناونیشانێکی لەو جۆرە تەرخانبکرێت.

### ٣/٠) کەرەستەی تێزەکە

کەرەستەکانی تێزەکە لە ئاخێوەرانی ڕەسەنی (زمانی کوردی_زاری ناوەڕاست_شێوەزاری سلێمانی) و ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاخێوەرانەوە وەرگیراون، بەڵام بەپێی پێویستیی کارەکە هەندێکجار سوود لە نموونەی شێوەزارەکانی دیکەش وەرگیراوە.

### ٤/٠) ڕێباز و تیۆری تێزەکە

ئەم تێزە، بە پێی تیۆری دەوروبەر، لە چوارچێوەی (ڕێزمانی ئەرکی سیستماتیک)دا، کە تیۆرێکی سەرەکی (قوتابخانەی ئەرکی)یە، ئەنجامدراوە، هەروەها ڕێبازی پەسنیی شیکاری پەیڕەوکراوە.

### ٥/٠) گرفتی تێزەکە

نواندنی هەرکام لە لایەنەکانی (دەوروبەر، ڕستە، واتا)، لە بۆتەیەکدا، وەک جۆرێک لە گرفتی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون، لە لێکۆڵینەوەکانی زانستی زمانی کوردیدا بینراوە. لە تێزەکەدا بیرۆکەی تواندنەوەی هەر سێ لایەنەکە لە یەک داڕشتە و ڕۆناندا، وەک گرفتێک و بەدواداچوون بۆ چارەسەرکردنی ئەم بۆچوونە خراوەتەڕوو.

### ٦/٠) پرسیارەکانی تێزەکە

-دەوروبەر تەنها ڕۆڵی لە جیاکردنەوەی لایەنە کلتوری و کۆمەڵایەتی و پلەبەندییەکانی قسەکردندا هەیە، یان دەتوانێت کاریگەریی تایبەت و دیاریکراو لە ناوەڕۆک و ڕۆنانە زمانی و ڕستەییەکانیشدا هەبێت؟

-ڕستە و دەربڕاوەکانی ئاخێوەران، تەنها و تەنها بۆ سەرچاوە و بنەڕەتێکی ئاوەزی و ناوەکی دەگەڕێنەوە، یان چەندین لایەنی دیکە بونیادی دەربڕاوەکان دادەڕێژن؟

-چەمکی لێسکێم/وشەیەک لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا، چۆن دەتوانرێت ئاماژە بەو ناوەڕۆکە سیمانیتیکییە فراوانە بدات، کە لەخۆیدا کۆیکردووەتەوە؟

ئەمانە بوون بە پرسیار و بەدواداچوونە بنەڕەتەکانی تێزەکە و لە تەواوی بەش و پار و شیکردنەوەکانیاندا، هەوڵی وەڵامدانەوەیان دراوە.

### ٧/٠) بەشەکانی تێزەکە

جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی تێزەکە بە زمانەکانی (عەرەبی ئینگلیزی)، تێزەکە لە سێ بەش پێکهاتووە، کە بەسەر چەند پار و وەچەپارێکدا دابەشکراون:

**بەشی یەکەم:** بە ناونیشانی (تیۆری دەوروبەر و زانستی زمان)، کە باس لە چەمکی دەوروبەر و پاشان خستنە ڕووی تیۆری دەوروبەر و ڕۆڵی لە زانستە جیاوازەکاندا دەکات، بەهەمانشێوە تێڕوانینی گرنگترین قوتابخانە زمانەوانییەکان بۆ دەوروبەر خراوەتەڕوو، پاری یەکەمی بەشەکە لایەنی تیۆری تێزەکەیە و تێیدا چەمک و بەراییەکانی تیۆری دەوروبەر و ڕۆڵ و گرنگییەکانی لە زانستی زماندا خراوەتەڕوو، لە پاری دووەمدا ڕۆڵی دەوروبەر لە هەندێک لە زانستەکاندا و قوتابخانە گرنگەکانی زمانەوانیدا نیشاندراوە، پاری سێیەمی بەشەکە بۆ جۆرە جیاوازەکانی دەوروبەر تایبەتکراوە.

**بەشی دووەم:** ناونیشانی ئەم بەشە بریتییە لە (ڕۆنانە سینتاکسییەکان پەیوەست بە دەوروبەر)ەوە، بەشێوەیەکی کارەکی، ڕۆڵ و گرنگی و ڕەنگدانەوەی دەوروبەر لە ڕۆنانە سینتاکسییەکاندا خراوەتەڕوو، پاری یەکەمی بەشەکە بۆ خستنەڕووی کاریگەریی دەوروبەر لە ڕۆنانی جۆرە جیاوازەکانی فرێزدا تەرخانکراوە، پاری دووەمیش تایبەتە بە ڕۆڵی دەوروبەر لە ڕۆنانی ڕستەکاندا بە ڕێژەی جیاواز، لە پاری

سێیەمدا، شیکردنەوەی جۆرەکانی ڕستە و پەیوەستکردنەوەی بە دەوروبەرەوە باسکراوە.

**بەشی سێیەم:** ئەم بەشە بە ناونیشانی (ڕۆڵی دەوروبەر لە واتا و مەبەستی ڕستەدا)یە، بۆ باسی واتا و مەبەستەکانی ئاخێوەر لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا تەرخانکراوە، لە پاری یەکەمدا باس لە واتای ڕستە پەیوەست بە بوارە پڕاگماتیکییەکان کراوە، لەناو بوارەکانیشدا، (نیشانە پڕاگماتیکییەکان و گریمانەی پێشەکی) بەشێوەیەکی کارەکی پەیوەست بە واتاوە شیکراونەتەوە، پاری دووەمیش تایبەتە بە واتای گشتیی ڕۆنانە جێگیرەکان، لە پاری سێیەمدا مەبەستی ڕستە پەیوەست بە تیۆرەکانی (کردەی قسەیی و بەخشکەیی دەربڕین)، لێکدانەوە و شیکردنەوەی کارەکی بۆ ئەنجامدراوە.

# بەشی یەکەم
# تیۆری دەوروبەر و زانستی زمان

## ١) تیۆری دەوروبەر و زانستی زمان

لێکدانەوەی زمانی لە فراوانترین مەودایدا، بۆ گەیشتنە بە زۆرترین ڕاستیی زمانی. ئەم هەوڵدان و لێکۆڵینەوەیە، لە چەندین ڕوانگە و بواری جیا لەیەک و لە هەمان کاتدا هاوبەشیش پێکەوە، ئەنجامدەدرێت. هەر لەم ڕوانگەیەشەوەیە، کە بەشێک لە لێکدانەوەکان، پەیوەستدەبنەوە بە ئاوەز و ڕۆنانە ناوەکییەکانەوە و بەشێکی دیکەشیان بەکارهێنانی ڕاستەقینەی زمان دەکەن بە دەستپێک و بیر و فەلسەفەی پشت سەرجەمی لێکدانەوەکانیان. زانستی زمان بە سروشتی لێکۆڵینەوەی پێڕەوبەندانەوە، هەر کام لە سەرنجەکان بەهەندوەردەگرێت و بۆ هەرکامیشیان ڕێباز و تیۆری تایبەت بە لێکدانەوە و بەدواداچوونەکان پێشنیازدەکات. هەر بۆیە قوتابخانەی دروستەکاری، لایەنە کۆمەڵایەتییەکەی زمان(ئاخاوتن)، بەهەندوەردەگرێت، لەکاتێکدا قوتابخانەی بەرهەمهێنان لایەنە ئاوەزییەکەی زمان(توانست)ی ئاخێوەران بەهەندوەردەگرێت و دەیکات بە بیری بنەڕەتی لێکدانەوە و شیکردنەوەی سەرجەم تیۆر و وەچە تیۆرییەکانی قوتابخانەکە. لە کاتێکدا و لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە، کە ئەویش کارکردنە هەم لەناو خودی زمان و هەم ئەو لایەنە نازمانییانەی دیکەی، کە کاریگەرییان لەسەر ڕۆنان و داڕشتە زمانییەکان هەیە، ئەویش دەوروبەر و بارودۆخی خوازراو و بەخورتی دەربڕاوەکانە، کە هەردووکیان پێکەوە (بارودۆخە خوازراو و بەخورتییەکان)، بە ڕێژەی جیاواز کاریگەرییان لەسەر زمان و لێکۆڵینەوەی زمانیدا دەبێت. هەروەها خستنەڕووی ڕادە و ڕێژەی کاریگەری هەرکامیان لەسەر یەکتر، بەهۆی تیۆری دەوروبەرەوە، لەناو خودی زانستی زماندا دەخرێتەڕوو، هەر لەم ڕوانگەیەشەوەیە، کە بەکارهێنانی زمانی، لە یەک ئاست و نواندنی دیاریکراو و جێگیردا نابینرێت. چونکە بەشێک لە بەکارهێنان، پەیوەستدەبێتەوە بە پێدراوە زمانییەکانەوە و بەشێکی دیکەش دابڕاو نابێت لە هۆکارە دەرەکی و بارودۆخییەکان.

ڕستەش وەک هێمایەکی زمانی، دوو دیوی هەیە، کە (فۆڕم) و (واتا)ن، فۆڕم ڕیزە دەنگەکانە، کە ڕۆنان پێکدەهێنن و واتایش ناوەڕۆکە. هەر گۆڕانکارییەک بەسەر یەکێک لە دوو دیوەکەی ڕستەدا بێت، کاردەکاتە سەر ئەوی تر، بۆ نمونە ئەگەر (فۆڕم) بگۆڕدرێت، ئەوا (واتا)یش دەگۆڕدرێت، یان بە پێچەوانەوە، لەبەرئەوە دەوروبەر کە واتای جیاواز بە وشە و دەربڕاوە زمانییەکان دەبەخشێت، هاوکات کاریگەریی لەسەر فۆڕمیش دەبێت، بە تایبەتی لەو دەوروبەرانەدا، کە پەیوەستن بە (زانیاریی هاوبەش)، (زانیاریی دنیایی)، (لایەنی دەروونی قسەکەر)، (پلە و پایەی کۆمەڵایەتی قسەکەر و

گوێگر)،...هتد، به ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، کە بەهۆی ئەم دەوروبەرانەوە و بۆ گەیاندنی واتای مەبەست، کەرەستە بۆ ڕۆنانی ڕستە زیاددەکرێت، یان لادەبرێت، هەروەها ڕۆنانی فریزەکانیش، وەک پێکهاتەیەکی سەرەکیی ڕستە، گۆڕانکارییان بەسەردا دێن، کە لە بەشی دووەمی تێزەکەدا بە وردی تیشک خراوەتەسەر ڕۆنان پەیوەست بە دەوروبەرەوە.

دەوروبەر، یەکێکە لەو چەمکانەی، کە لە کۆن و نوێدا هەمیشە جێگای بایەخی زانایان و فەیلەسوفان و زمانەوانان بووە، هەوڵدراوە ڕۆڵ و گرنگیی ئەم چەمکە لە زانستە جۆراوجۆرەکاندا بە گشتی و زانستی زمان بەتایبەتی، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکانەوە و لە ڕەهەندی جیاوازەوە بخرێتە ڕوو، زمانەوانان بۆ ئەو بارودۆخەی، کە دەربڕاوە زمانییەکانی تێدا لەدایکدەبێت، دەستەواژەی (دەوروبەر)[١] بەکاردێنن.

دەوروبەر "لە کۆمەڵێک شت، یان ڕووداو پێکدێت، کە بەیەکەوە پەیوەستن" (آگدن، چارلزکی و ریچاردز، آیور آرمسترانگ، ١٣٩٧: ١١٧)، چەمکێکی فراوانە و ڕۆڵێکی گرنگ و بەبایەخی لە زانستی زماندا هەیە، زۆر گرفتی زمانی پەیوەست بە واتاوە چارەسەر دەکات، "چەمکێکی بنەڕەتییە، کە لە کاتی بیرکردنەوە بۆ دەستپێکی قسەکردن، لەناو مێشکدا فۆڕم وەردەگرێت و لەم ڕوانگەوە واتا و مەبەست ڕێکدەخرێت، بۆ گواستنەوەی ئەو واتایە بۆ گوێگر، لە قاڵبی (دەنگ، وشە، دەستەواژە و ڕستە)دا، کە لە شێوازی ئاخاوتن، یان نووسیندا دەردەکەوێت." (ترکاشوند، فرشید و ناگهی، نسرین، ١٣٩٢: ٦٢)، دەوروبەر، نەک تەنیا بۆ گوێگر، یان خوێنەر پێویست و گرنگە، بەڵکو ئاخێوەر و نووسەریش پێویستیان بە ئاگاداربوون و شارەزایی لە هەموو جۆرەکانی دەوروبەردا هەیە، بۆئەوەی شێوازێکی دروست لە ئاخاوتن و نووسینی باڵادا بەرهەمبهێنرێت، پێویستە هەرکام لە ئاخێوەر و گوێگریش ئاگادار و شارەزابن لەو دەوروبەرەی، کە پرۆسەی ئاخاوتنەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت، ئەمەش لە ڕێگەی ئەزمونکردنەوە لە ژیانی ڕۆژانەدا، کە دەبنە هۆی دەوڵەمەندکردنی زانیاریی دنیایی و فەرهەنگی ئاوەزی.

---

[١] لە زمانی ئینگلیزیدا (context) و لە عەرەبیدا (سیاق)، لە فارسیشدا (بافت) و (سیاق)یشی بۆ بەکاردەهێنن، زاراوەکەش، "لەبنەڕەتدا لاتینییە (contextus)، بە واتای (لکان و شوێنکەوتن)، کە لە ناوی بەرکاری (contextere)ەوە، وەرگیراوە، بە واتای (چنین) دێت، وشەکەش لێکدراوە و لە پێشگری (com)، بەواتای (لەگەڵ) و وشەی (textere)، بەواتای (چنین) پێکهاتووە" (نظری، یوسف، ٢٠١٧: ٩٨).

## ١/١) بەراییەکانی تیۆری دەوروبەر

لە ئەنجامی هەوڵە بەردەوامەکان، بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی (واتا)، وەک تایبەتمەندییەکی سەرەکیی زمان، دەوروبەریش وەک بنەمایەکی گرنگیی دۆزینەوەی واتا و مەبەستی یەکەزمانییەکان، هەمیشە جێگای سەرنجی زانایان بووە، گرنگی و ڕۆڵی دەوروبەر لە دەربڕاوە زمانییەکاندا و گەشەپێدانی و فراوانکردنی لە زانستی زماندا، بوو بە هۆی بونیادنانی تیۆرێک، بە ناوی تیۆری دەوروربەرەوە ( Contextual Theory)، "لەڕابەرانی ئەم تیۆرە زمانەوانەکانی قوتابخانەی لەندەنن، کە قوتابخانەکەیان (ڕێبازی لێکۆڵینەوەی دەوروبەریی "Contextual Approch") پەیڕەوکردووە. لە ناودارەکانی ئەم قوتابخانەیش (فێرث)ە، کە جەختی لەسەر ئەرکی کۆمەڵایەتیی زمان کردۆتەوە." (فەرەج، شاخەوان جەلال، ٢٠١١: ١١٧).

سەرەتای گەشەپێدان و لێکدانەوەی دەوروبەر لەناو زانستی زماندا، بۆ (فێرث) دەگەڕێتەوە، ئەمەش لەژێر کاریگەریی زانای ئەنترۆپۆلۆجی (مالینۆفسکی)دا بوو؛ "چەند زمانەوانێکی تریش، وەک (هالیدەی، ڕۆبینز، بازل، کاتزوڤۆدر)، بەرهەمیان دەربارەی ئەم بابەتە نووسیوە". (عەلی، بەکر عومەر و حسەین، ئازاد ئەحمەد، ٢٠١٣: ٣٨)، هەوڵیانداوە گەشە بە چەمکی دەوروبەر بدەن و پەیوەندییەکانی، لەگەڵ بابەتەکانی دیکەدا بخەنەڕوو، لە دەرەوەی زانستی زماندایشدا بیرۆکەی دەوروبەر بۆ مالینۆفسکی دەگەڕێتەوە، کە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە کلتوری دانیشتووانی دورگەی (تروبریاند) هەستی بەوە کرد، کە ناتوانێت لە ڕێگەی وەرگێڕانی وشەبەوشەوە، دەربڕاوەکان وەربگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی، بۆ گەیاندنی واتا و مەبەستی دروست و گواستنەوەی بابەتەکان، وەک خۆی، پشتی بە (دەوروبەر) بەست. (سدیق، شێرزاد سەعید، ٢٠٠٨: ٦)، کە دواتر (فێرث) بەشێوەیەکی فراوانتر کاری لەسەر کرد و کردی بە تیۆرییەک، کە دەوروبەر بنەمای سەرەکییەتی، بە بۆچوونی (فێرث)، "واتا، تەنیا بە دانانی یەکە زمانییەکان لە چوارچێوەیەکی جیاوازدا ئاشکرا دەبێت" (العامری، خلیل خلف بشیر، ٢٠١٠: ٤٠)، ئەو چوارچێوەیە، دەشێت وشە و دەستەواژەکانی ناو ڕستەیەک بێت (دەوروبەری زمانی)، یان لە دەرەوەی زمان بێت، ئەمەش گرنگی و جەختکردنەوەی ئەم تیۆرە، بۆ واتا و بەستنەوەی زمان بە دەوروبەر و کۆمەڵەوە دەردەخات.

(مالینۆفسکی) دەڵێت: "نابێت بەوشێوەیە لە واتا بگەین، کە پەیوەندییەکی دووانەییە لە نێوان وشە و ئەوەی کە ئاماژەی بۆ دەکات، بەڵکو کۆمەڵێک پەیوەندییە لە ڕەهەندی جیاوازەوە." (عبدالقادر، بوزبوجة، ٢٠٠٧: ٤-٥)، لەم ڕوانگەیەوە، واتا و مەبەستەکان

بەتەواوی بارودۆخەکانەوە پەیوەستن، واتا زۆر لەوە فراوانترە، کە تەنیا پەیوەندیی نێوان هێما و هێمابۆکراو بێت، بەڵکو لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمان لەناو کۆمەڵدا، دەتوانرێت چەندین واتای جیاواز بۆ یەکە زمانییەکان بەدیبکرێت. (بە بۆچوونی (فێرث)، وشە لە دەرەوەی دەوروبەر هیچ واتایەکی نییە، بەڵکو واتاکەی بەهۆی بەکارهێنانی لە زماندا بەدەستدەهێنێت). (روستایی، علیرضا و روان شاد، علی اصغر، ١٤٠٠: ٤٧).

هەندێکجار وشەکان لە دەوروربەری نوێدا، دەبنە وشەی نوێ، زۆرجار واتاکەیان لە دەوروبەردا گۆڕانی بەسەردا دێت و هەندێکجاریش واتایەک دەگەیەنێت، کە تەواو جیاوازە و هاوشێوەی واتا فەرهەنگییەکەی نییە.

سەبارەت بە ڕۆڵی دەوروبەر لە زمانە سەرەتاییەکاندا، (مالینۆفسکی) دەڵێت: "لە زمانە سەرەتاییەکاندا، واتای هەر وشەیەک، بەڕێژەیەکی زۆر پەیوەستبوو بەو بارودۆخەوەی، کە تێیدا دەوترا". (Ogden, C.K. and Recahrds, I.A., 1923: 46) ، واتە لە زمانە سەرەتاییەکاندا مامەڵە و هەڵسوکەوتی زمان پەیوەست بەدەوروبەرەوە لە ئێستا جیاوازتربووە، بەوپێیەی، زمان و نووسین بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیون، لە قۆناغەکانی سەرەتادا، یەک وشە، یان دەستەواژەیەک بۆ یەک مەبەست دانراوە، هەروەک چۆن لە یەکێک لە گریمانەکانی پەیدابوونی زماندا، بە ناوی (ڕێککەوتن)، ئاماژە بەوە دەدرێت، کە وشەکانی زمان، لە قۆناغەکانی سەرەتای پەیدابوونی زماندا، بە ڕێککەوتن بووە، هەر وشەیەک بە ڕێککەوتن بۆ دیاردەیەک دانراوە و یەک واتای گەیاندووە، واتە دەوروبەر ڕۆڵێکی سەرەکی لە زمانە سەرەتاییەکاندا نەبووە.

(مالینۆفسکی) سەبارەت بە دەوروبەر دەڵێت: "پێویستە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا، زمانە زیندووەکانی جیهان هاوشێوەی زمانە مردووەکان لە دەوربەری بارودۆخیان دانەبڕێن، بەڵکو پێویستە، ڕووداوەکانی ناو دەقەکە، لەبەچاو بگیرێت." (جمشید نژاد، حبیب الله، ١٣٩٨: ٦٧). هۆکاری لەبەرچاونەگرتنی دەوروبەر لە دەقە مردووەکاندا، دەگەڕێتەوە بۆ ئاگادارنەبوون لە دەوروبەری نازمانی دەقەکە، لەبەرئەوەی هەندێکجار زمانەکان لەناودەچن، کاتێک هیچ قسەپێکەرێکیان نامێنێت، دەچنە خانەی زمانە مردووەکانەوە، بەمەش بەشێکی زۆری دەوروبەرەکەش لەناودەچێت، ئەوەی دەمێنێتەوە دەق و نووسراوەکانە، بۆنموونە زمانە کۆنەکان، کە چەندین سەدە پێش ئێستا لەناوچوون، لە ئێستادا پسپۆڕان هەوڵدەدەن، هەموو ئەو نووسراوانەی، کە بەجێماون بەشێوەیەکی دروست خوێندنەوەیان بۆ بکرێن، بەڵام ڕووبەڕووی ئاڵۆزی و سەختی دەبنەوە،

لەبەرئەوەی ئەم زمانانە دەوروبەرەکانیان لەناوچوون، بەتایبەتی دەوروبەری نازمانیی، نەبوونی ئەم دەوروبەرانەش هۆکارێکە بۆ دڵنیانەبوونی ڕەها، لە دروستیی خوێندنەوەی دەقە بەجێماوەکان، کە لەئەنجامدا ناڕوونی و لێڵییەک لە لێکدانەوەدا ڕوودەدات و دەبێتە بەربەست لەبەردەم گەیشتن بە واتا و مەبەستی دروست، بەمپێیە (ڕستەکان کاتێک ڕاستن، کە لە ژێر هەمان بارودۆخی گوزارشت لێکراودا لێکبدرێنەوە). (Ostyn, Brygida Rudzka, 1988: 7).

چەندین تیۆرو زانستی دیکە بە دەوروبەرەوە پەیوەستن، لەوانە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی، کە لقێکی زانستی زمانی کارەکییە، (ئەم تیۆرییە تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا لەیەکدەچن، لەبەرئەوەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوەیە لە زمان لەناو کۆمەڵدا، واتە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا، تەواوی دەوروبەرە جیاوازەکان لەبەرچاو دەگرن). (ابن رسول، سید محمد رضا و آخرون، ١٣٩٦: ٢٧). بەم پێیە، نە زمان بەبێ دەوروبەر دەبێت، نە دەوروبەر بەبێ زمان. فەیلەسوفی بەناوبانگ (ویتگینشتن) دەڵێت: "بەدوای واتای وشەدا مەگەڕێ، بەدوای بەکارهێنانەکەیدا بگەڕێ". (محەمەد، عەبدوڵڵا عەزیز، ١٩٩٠: ٤١)، دەبینین پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان (زمان و دەوروبەر و بەکارهێنان)دا هەیە، بەو پێیەی یەکە زمانییەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانەوە واتا وەردەگرن، بەکارهێنانیش لە ڕێگەی دەوروبەرەوە دەبێت، بەمشێوەیە پەیوەندیی بەهێزی نێوان دەوروبەر و زمان ڕووندەبێتەوە، دەوروبەریش لە زماندا ڕەنگدەداتەوە، زمانیش لە ناو دەوروبەردا گەشەدەکات.

بەوپێیەی، هیچ دەربڕاوێکی زمانی ناتوانرێت لە دەوروبەر داببڕێت، ئەمەش هۆکارە بۆ فراوانبونی چەمکی دەوروبەرو پەیوەندییەکانی بە تیۆرو زانستەکانی دیکەوە، یەکێکی دیکە لەو زانستانەی، کە بۆ لێکدانەوەی دەربڕاوەکان، پشت بە دەوروبەر دەبەستێت، زانستی پراگماتیک، (بڕوانە بەشی سێیەم)، "ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمجار لەلایەن (چارلس مۆریس)ەوە لەساڵی ١٩٣٨دا بەکارهێنرا." (محەمەد، دارا حەمید، ٢٠١٠: ١٧٦)، دەوروبەر لەم زانستەدا، بنەمای سەرەکییە بۆ شیکردنەوەی واتا و مەبەستی وشە و ڕستەکان، سەرهەڵدانی ئەم زانستە، بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بوو، کە سیمانتیک نەیتوانی چارەسەریان بکات، بەڵکو بە لەبەرچاوگرتنی دەوروبەر چارەسەردەکران.

لەئەنجامی بەستنەوەی زمان بە دەوروبەرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەو دەربڕاوە گونجاوە، یان نا، بەمشێوەیە ڕووندەبێتەوە، کە دەوروبەریش بەشێکە لە زمان و ناتوانرێت، لەیەکتر دابڕێن، بەو واتایەی پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوانیاندا هەیە.

بۆ نموونە: ناوی کرداریی (شکان)، کە واتا فەهەنگییەکەی بریتییە لە (کەرتبوون و پەرتبوون و پارچەپارچەبوون و وردبوون و ...هتد)، لە نموونەی (١-ا)دا، بە واتای فەرهەنگییەکەی بەکارهاتووە، بەڵام لەم (١-ب، پ، ت، ج)دا، بەپێی دەوروبەرەکان واتای دیکەیان وەرگرتووە:

١-ا. منداڵەکە ئاوێنەکەی شکاند. (شکان)

ب. پۆرتی شکاند. (سوککردنی کەسێک)

پ. لە دووری ئەو پشتم شکاوە. (بیرکردن، پێویستبوون، هۆگربوون، خۆشویستن)

ت.ماڵی خەڵک مەشکێنە. (بێ نرخکردن)

ج. ئەو دەستی شکاندەوە.

لە نموونەکانی (١)دا، بەپێی دەوروبەری زمانی و نازمانی واتای وەرگرتووە، لە (١-ب)دا لە دەوروبەرێکی نازمانیدا دەشێت بە واتای وەڵامدانەوەیەکی توند بێت، یان ئەنجامدانی ڕەفتارێک بێت بەرامبەر کەسەکە. لە (١-پ)یشدا، بەپێی دەوروبەری زمانی دەزانرێت کە بە واتای فەرهەنگییەکەی بەکارنەهاتووە. لە (١-ت)دا بە پێی دەوروبەر دەشێت، بێنرخکردنی شتێک بێت، یان مەبەست لە واتا فەرهەنگییەکە بێت. لە (١-ج)دا، بەپێی دەوروبەری نازمانی دەشێت مەبەست لە واتا فەرهەنگییەکەبێت، یان مەبەست لە دەستشکاندنەوەی دوو ئۆتۆمبێل بێت بەسەریەکدا.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، با بڕوانینە وشەی (درێژ) لە نمونەکانی (٢)دا:

٢-ا. ئەو درێژەی هاوڕێت هات.

ب. تەمەن درێژبێت.

پ. ئەو کەسێکی پشوودرێژە.

ت. مێژوویەکی دوور و درێژیان لە خەبات و هەوڵدان هەیە.

ج. دەستی میهرەبانی بۆ درێژبکە.

لە نموونەی (٢-ا)، لە دەوروبەرێکدا بە کەسێکی باڵا بەرز بوترێت (درێژ)، بە شێوەیەکی نەرێنی و بە مەبەستی شکاندنی کەسەکە بەکاردێت، لە دەوروبەرێکی دیکەدا

دەشێت مەبەستەکە نازکردن بێت، بەڵام کاتێک بە شێوەیەکی ئەرێنی ئاماژە بە بەرزی باڵای کەسەکە بدرێت، دەوترێت (باڵا بەرز)، هەمان وشە لە دەوروبەرێکی دیکەدا، دەتوانرێت بەشێوەی ئەرێنی بەکاربێت، وەک لە نموونەی (٢-ب)دا دەبینرێت، کاتێک بە کەسێک دەوترێت (تەمەن درێژ بیت.)، واتایەکی ئەرێنی وەرگرتووە، لە (٢-پ)دا، بەواتای ئارامگرتنێکی زۆر دێت، لە (٢-ت)دا، بەواتای تێپەڕبوونی کاتێکی زۆر دێت، لە دوایین نموونەشدا واتایەکی پڕاگماتیکی هەیە، بە واتای میهرەبانیکردن و دەستپێشخەریکردن لە بەخشینی سۆز و خۆشەویستیدا، لە دەوروبەرێکدا دەشێت بە واتای بەخشینی سۆز و خۆشەویستی بێت، یان بەخشینی پارە و سامان...هتد.

هەندێکجار دەربڕاوێک زیاد لە واتایەک لەخۆدەگرێت، کە دەوروبەر بڕیاردەدات، کام واتایان مەبەستەکەیە. بۆ نموونە: وشەی (تەڕ)، لە نموونەکانی (٣)دا، بەپێی دەوروبەر واتاکانی دەگۆڕێت.

٣-ا. جلەکانم تەڕبووە.

ب. کابرایەکی دڵ تەڕە.

پ. ئەو تەڕ نابێت.

هەریەک لەم نموونانە، واتاکانیان لە یەکتر جیاوازن، لە (٣-ا)دا، بە واتای فەرهەنگی و دیاریکراوی خۆی هاتووە، لە (٣-ب)دا، بە واتای کەسێکی گەشبین دێت، کە ژیانی خۆشدەوێت، حەز بە ڕەفتار وشتی جوان و گەنجانە دەکات، لە (٣-پ)دا، لە دەوروبەری نازمانیدا واتا و مەبەستەکەی دەردەکەوێت؛ وشەی (تەڕ) لە نموونەکانی (٣)دا، بەپێی دەوروبەرەکەی واتاکەی دەردەکەوێت، کەواتە دەتوانرێت بوترێت "دەوروبەر: بارودۆخی دەربڕاوەکانە". (Sinclair, Melinda, 1992: 110)، مەبەست لە بارودۆخەکانیش سەرجەمی ئەو لایەنانەن، کە بە جۆرێک دەوری یەک بەیەکی وشە و یەکەکانی ناو دەربڕاوێکیان داوە. هەموو بارودۆخەکانی دەوری دەربڕاوەکان، ڕۆڵیان لە پێبەخشینی مەبەست و واتایەکی تایبەت (چ فەرهەنگی بێت، یان نافەرهەنگی و تایبەت بە کات و شوێنێکی دیاریکراو، یان بەرهەمی باری دەروونی و لایەنی سۆزداریی ئاخێوەر)، بە سەرجەمی دانەکان و لەکۆتایشدا تەواوی ڕستە و دەربڕاوەکان دەبەخشێت. واتە "واتا ئەزمونی کۆمەڵایەتیی مرۆڤە لە کاتی بەکارهێنانی زماندا، نەک ئەوەی کە لە خودی وشەدا بوونی هەبێت." (وودز، نیکلا، ١٣٩٦: ١١).

زاراوەی (بارودۆخ)، بەجۆرێک واتای (دەوروبەر) دەگەیەنێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو جیاوازییە کەمەی، کە لە نێوان (دەوروبەر) و (بارودۆخ)دا هەیە؛ چونکە واتای (بارودۆخ)، سەرجەمی بوارە فیزیکی و نافیزیکییەکانی بەشدار لە پرۆسەی ئاخاوتندا دەگرێتەوە، هەروەها لایەنی دەروونیی بەشداربووانی پرۆسەی ئاخاوتن، ڕەچاوکردنی بابەتی پێویستی و ناپێویستی لە ئاخاوتندا (مەبەست لە پێویستی و ناپێویستی، بۆنموونە ناچاریی قسەکەر لە هەڵبژاردنی وشە، دەستەواژە، تەنانەت دەنگێکیش. بۆنموونە لەو بارودۆخەدا، کە بتەوێت، وەک ئاخێوەرێکی سەر بە شێوەزاری سلێمانی[٢] خۆت بناسێنیت، پاشگری /وانێ/، وەک پێویستییەک هەڵدەبژێردرێت)، واتە کاتێک لە بارودۆخێکدا، قسەکەر دەیەوێت، وەک ئاخێوەرێکی شێوەزاری سلێمانی خۆی بناسێنێت، لە کاتی قسەکردندا، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی شێوەزارەکە لەبەرچاودەگرێت و بەکاریدەهێنێت، وەک: (هاتمەوانێ، خواردمەوانێ...هتد)؛ کەواتە بارودۆخ ئەو دەوروبەرەیە، کە گوتنی تێدا ئەنجام دەدرێت، گوتنیش بریتییە لە "خستنەڕووی زمان کە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا بەبەرهەم دێت و لەو چرکەیەوە، کە ئاخێوەر دەیەوێت لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا مەبەستێک بگەیەنێت." (موعین، سازان ڕەزا، ٢٠٠٥: ٦١)، کۆمەڵێک هۆکار هەن، کە کاریگەرییان لەسەر گوتن هەیە و دەبنە هۆی لێکدانەوەی جیاواز و ڕۆنانی جۆراوجۆری دەربڕاوەکان، هەروەها کاتێک گوێگر ئاگاداریی ئەو هۆکارانە نەبێت، کە گوتنەکەیان بەرهەمهێناوە، لێکدانەوەی جیاواز بۆ ئاخاوتن دێتەئاراوە، هەر ئەم بارودۆخ و هۆکارانە دەبنە هۆی ئەوەی، کە دەربڕینێک لەلایەن کەسانی جیاوازەوە، بە ڕۆنانی جیاواز بخرێنەڕوو، لە ئەنجامدا هەر دانەیەکی زمانی لە چوارچێوەی بەکارهێنانیاندا، دەبنە یەکەیەکی واتایی، پاشان دەبنە هۆکارێک بۆ گەیاندنی مەبەستەکان، واتە هەر دانەیەکی زمان، کە خاوەنی واتایەکی فەرهەنگین، بەڵام بەپێی دەوروبەر واتا و مەبەستی جیاواز دەگەیەنن، لەهەمانکاتدا، دەکرێت ئاخێوەرێک، لە بارودۆخ و شوێنی جیاوازدا، یەکەیەکی زمانی، یان ڕستەیەک بەچەند شێوەیەک دەرببڕێت، ئەمەش پەیوەندی بە جۆراوجۆری دەوروبەرەکانەوە هەیە، هەر بەهۆی جیاوازیی بارودۆخەکانەوەیە، کە شێوازی خستنەڕووی پەیامێک لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، بە ڕۆنانی جۆراوجۆر هەمان مەبەست دەخرێتەڕوو، بەمشێوەیە قسەکەر لە ڕوانگەی دەوروبەر وباری دەروونیی و تێگەیشتنی خۆیەوە ئاخاوتن بەرهەمدەهێنێت، (بڕوانە نموونەی ٨).

[٢] تەنیا لەهەندێک ناوچەی تەسکی جوگرافیدا بەکاردێت

بەمپێیە "وشە لە دەرەوەی چوارچێوە بێ واتایە" (جێرمان، کلۆد و لۆبلان، ریمۆ، ٢٠٠٦: ٢٩)، چوارچێوەش تەواوی ئەو هۆکار و بارودۆخانە دەگرێتەوە، کە دەربڕاوە زمانییەکان تێیدا دێنەبوون، ئەم بارودۆخانەش چەندین جۆریان هەیە، هەندێکجار بە ناوەوەی زمانەوە پەیوەستن، پێیان دەوترێت دەوروبەری زمانی، یان بە دەرەوەی زمانەوە پەیوەستن و پێیان دەوترێت دەوروبەری نازمانی، کە خۆی لە چەند جۆرێکدا دەبینێتەوە، لەوانە: دەوروبەری (فیزیکی، کۆمەڵایەتی، سۆزداری، کلتوری، زانیاریی هاوبەش، زانیاریی دنیایی...هتد)، چەمکی چوارچێوەش، بۆ یەکەمجار لەلایەن زمانەوانی ئەمریکی (چارلس فیلمۆر)ەوە لە ساڵانی حەفتاکاندا خرایەڕوو، لە دووتوێی تیۆرێکدا، بەناوی تیۆری (واتاناسی چوارچێوەیی)، ئەم دەستەواژەیە لای فیلمۆر"سیستەمێکە لە چەمکە پەیوەندیدارەکان" (fillmore, c.j., 1988: 37)، واتە بۆ خستنە ڕووی هەر چەمکێک، کۆمەڵێک چەمکی پەیوەندیدار پێویستە، کە ئەمەش دەبێتە چوارچێوە، بۆ دەربڕاوەکە، بە بۆچوونی (فیلمۆر) (هەموو ئەو ئەزمونانەی، کە لە ژیانی قسەکەردا ڕوودەدەن، لەگەڵ کەرەستەکانی دەوروبەردا، واتای وشە دیاریدەکەن). (Coulson, s., 2001: 17)

چەندین هۆکاری دیکەش، لە دەرەوەی زماندا، کاریگەرییان لەسەر ئاخاوتن هەیە و هۆکارن لە دەرخستنی واتا و مەبەستەکان. هەندێکجار "(ژینگەی دەرەکی External Environment)، ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر زمان نییە، بەڵکو تەنیا لەڕێگەی کۆزانیاریی قسەکەر و گوێگرەوە ئەو کاریگەرییەی دەردەکەوێت". ( Sinclair, Melinda, 1992: 110)، واتە بەپێی ئەم سەرنجە، هەندێکجار بارودۆخی دەرەکی و ژینگە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەرییان نییە، بۆنموونە لەسەر ڕۆنانی ڕستەسازیی زمانی کوردی، بونیادی فرێز و وشەپێکهاتن و ....هتد، بەڵکو بەشێوەی ناڕاستەوخۆ و لەڕێگەی خوێندنەوە و تێگەیشتن و مامەڵەی هەرکام لە قسەکەر و گوێگرەوە، ئەم بارودۆخ و ژینگەی دەرەکییە، کاریگەریی لە سەر زمان دەبێت؛ بۆ نموونە کاتێک فرێزێکی وەک (کچە جوانەکە) دەردەبڕدرێت، ئەگەر قسەکەر و گوێگر زانیاریی هاوبەشیان نەبێت، ئەم پرسیارە دروست دەبێت (کام کچ؟)، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش فرێزەکە پێویستە بە دەرخەر فراوانبکرێت، لەوەڵامدا دەوترێت (کچە جوانەکەی دراوسێتان)، لێرەدا دەبینین، ژینگەی دەرەکی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر ڕۆنانی فرێزەکە هەبوو، نەک بەشێوەی ڕاستەوخۆ، بۆنمونە دەوروبەرەکانی وەک (ڕەنگی پێست و قژ و باڵا و شوێن و کاتی قسەکردن و ئەندامانی خێزان...هتد)، هەریەک لەمانە بەشێوەی ڕاستەوخۆ نەبوونەتە هۆی بونیادنان و

فراوانبوونی فریزەکە، بەڵکو ئەم زانیارییانە، لەلای هەریەک لە قسەکەر و گوێگر بوونیان هەیە، بەشێکن لە کۆزانیارییان، کاتێک ئەم زانیارییانە لای یەکێکیان نەبێت، ئەوا دەربڕاوەکە ناڕوون دەبێت.

هەروەها وشەی (کەر) لە نموونەکانی (٤)دا، لە چەندین دەوروبەردا بەکاردێت و هەریەکەیان واتا و مەبەستێک دەگەیەنێت:

٤-ا. بووە بە کەری. (گوێڕایەڵ)
ب. چەند مرۆڤێکی کەرە. (گێل، ناحەز)
پ. کەرە، من بۆ خۆت وا ئەڵێم. (دڵسۆزی و خۆشویستن)
ت. ئەوان بەسواری کەر دێنەوە بۆ شار. (گوێدرێژ)
ج. بێدەنگبە، کەرە. (خۆشویستن یان سوکایەتی پێکردن)

بەسەرنجدان لەو ڕستانە، دەردەکەوێت، کە وشەی (کەر) لە چەندین دەوروبەری جیاوازدا بە واتای جیاواز بەکارهاتووە، لە (٤-ا)دا، دەشێت لە دەوروبەرێکدا مەبەست لە گوێڕایەڵیکردنی زیاد لە پێویست بێت، لە دەوروبەرێکی دیکەدا گرنگیپێدانی زۆر بێت. لە (٤-ب)دا لە دەوروبەرێکدا دەشێت مەبەست لە ئەنجامدانی کارێکی هەڵە بێت، یان لە دەوروبەرێکی دیکەدا دەشێت مەبەست لە بێ هەڵوێستی کەسێک بێت، یان کەسێکی گێل و نەزان بگرێتەوە، یان مەبەست لە کەسێکی ناحەز بێت، ئەمەش بە پێی دەوروبەرەکە یەکلایی دەبێتەوە. لە (٤-پ)دا بەپێی هەردوو دەوروبەری زمانی و نازمانیش دەشێت بە مەبەستی خۆشەویستی و نزیکایەتیی دەربڕابێت، لە (٤-ت)دا بە واتای فەرهەنگی بەکارهاتووە، لە (٤-ج)دا، دەکرێت بە پێی جۆری دەوروبەرەکە، واتای جیاواز بگەیەنێت، لە دەوروبەرێکدا کەسێکی خاوەن پۆست و پلە بە خزمەتکارێک، یان بەکارمەندێکی پلە نزم بوترێت، ئەوا بە واتای سوکایەتی پێکردن دێت، بەڵام ئەگەر گفتوگۆی نێوان دوو هاوڕێی نزیک، یان دوو خۆشەویستبن، ئەوا بەواتای پەیوەندیی بەهێز و خۆشەویستیی نێوان ئەو دوو کەسە دێت، بەهەمانشێوە بە لەبەرچاوگرتنی ئاوازی قسەکەر دەتوانرێت مەبەستەکە دەربخرێت.

"لە هەموو بارێکدا دەوروبەر واتای وشە دیاریدەکات، لە هەر بەکارهێنانێکدا واتای جیا دەبەخشێت بەمەش دەوروبەر زۆرجار وشە لە واتا کۆنەکەی دادەماڵێت". (دزەیی، عەبدولواحید موشیر ، ٢٠١٤: ٥٥)، بۆ نموونە: (دایک)، کە وشەیەکی ئێرانییە و لە قۆناغی

کۆنی زمانە ئێرانییەکاندا، بە واتای (مژین، یان شیرپێدان) هاتووە، بەڵام لە ئێستادا لە واتا کۆنەکەی خۆی لایداوە و واتای یەکێک لە باوان و بەدیهێنەر و بەخێوکەری منداڵ دەگرێتەوە، هەروەها (بەهەشت) وشەیەکی ئێرانیی ڕەسەنە، لە قۆناغی کۆندا بەواتای (باشترین) هاتووە، بەڵام لە قۆناغی نوێدا، لە زۆرێک لە زمانە ئێرانییە نوێیەکاندا بەکاردێت، بە واتای شوێنێک دێت، کە لە ئایینە ئاسمانییەکاندا، وەک پاداشتێک بۆ چاکەکاران دانراوە.) (حەمەئەمین، تانیا ئیسماعیل و غەریب، نالی ئەدهەم، ٢٠٢٠: ٣٢٠، ٣٢١)، بەوپێیەی زمان هەمیشە لە گۆڕان و گەشەسەندندایە، ئەم گۆڕانانەش سەرجەم ئاستەکانی زمان دەگرنەوە، یەکێک لەو ئاستانەش، کە هەمیشە گۆڕانکاری تیادا ڕوودەدات واتایە.

هەندێکجار دەربڕاوە زمانییەکان بەهۆی بارودۆخە جیاوازەکانەوە لەدایکدەبن و دواتر لە زماندا دەچەسپێن، واتە زۆرجار بارودۆخ و دیاردەکان بەدیهێنەری یەکەی زمانیی و دەربڕاوە زمانییەکانن، کە پێشتر دەربڕاوەکە لە زمانەکەدا بەکارنەهاتووە؛ یان هەندێکجار وشەکە لە کۆندا بوونی هەبووە، بەڵام بە واتای دیکە بەکارهاتووە، بەهۆی گۆڕانی بارودۆخەوە، واتاکەشی گۆڕاوە، کەواتە نەمانی دەوروبەر هۆکارێک بووە بۆ گۆڕانی واتاکەی، چونکە دەوروبەری نوێ واتای نوێی پێبەخشیوون، هەرچەندە بە تێپەڕبوونی کات، وشە و دەستەواژەکان واتاکانیان فراوان، یان تەسک دەبێت، هۆکاری ئەمەش گۆڕان، یان لەناوچوونی دەوروبەرەکانە، نەک گۆڕانی واتا، لەبەرئەوەی دەوروبەر واتا دەبەخشێت، هەندێکجاریش واتاکەی بەتەواوی دەگۆڕێت، هەروەها زۆرجاریش دەبینین، ئەو وشانەش، کە بەشێوەیەک دەردەکەون، کە واتاکەیان بەتەواوی گۆڕاوبێت، بەڵام لە بنەڕەتدا لێکچوون و پەیوەندییەک لەنێوان ئەو واتایەی کە دەوروبەر بەرهەمیهێناوە، لەگەڵ واتا فەرهەنگییەکەیدا هەیە، بەمپێیە دەوروبەر زۆرجار واتای دیکە بۆ سەر واتای فەرهەنگی زیاددەکات.

دەشێت وشەیەک لە چەندین دەوروبەردا بەکاربێت بەواتای جیاواز، دەکرێت دەربڕاوێک چەندین واتای جۆراوجۆر لەخۆبگرێت، بەڵام بەپێی دەوروبەرەکەی، یەکێک لە مەبەستەکان دروستە. لە نموونەکانی (٥)دا، دەربڕاوێک چەندین مەبەستی جیاواز دەگەیەنێت، کە لە نووسیندا، لە ڕێگەی نیشانەکانی خاڵبەندییەوە دەردەکەوێت، لە دەربڕینیشدا، بەهۆی فۆنێمە ناکەرتییەکان (هێز، ئاواز، وەستان)، جۆری ڕستە و مەبەستەکانیش دەردەخرێت.

٥-ا. زۆر جوانیت.

ب. زۆر جوانیت!

پ. زۆر جوانیت؟

لێرەدا دەکرێت ئەم واتایانە بەپێی دەوروبەرەکان لەخۆبگرێت، کاتێک کەسێکت زۆر خۆشدەوێت، هەرچەندە جوانیش نەبێت، بەڵام لەبەر بوونی خۆشەویستییەکی زۆر بۆ کەسەکە، بەکەسێکی زۆر جوان دێتە بەرچاوت، لەهەمانکاتدا دەشێت بەکەسێک بوترێت، کە شێوەی زۆر جوان بێت، هەروەها کاتێک بەکەسێکی لەخۆبایی دەوترێت، بەواتای ناشیرینی ڕوخساری کەسەکە دێت (تانەدان لە شێوازی ڕوخسار)، لێرەدا بەپێی دەوروبەرەکەی، دەربڕاوەکە تەنیا یەک واتا وەردەگرێت.

دەربڕاوێکی وەکو (دەستدرێژیکردن) لە نموونەی (٦)دا، چەندین واتای جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت

٦- ئەو دەستدرێژیکراوەتە سەر.

لە دەوروبەرێکدا، کە کەسێکی دەسەڵاتدار، موڵک، یان پارە و سامانی کەسێک داگیربکات و مافی بخوات، ئەوا وشەی (دەستدرێژی) بۆ بەکاردێت، یەکێکی دیکە لە واتاکانی بۆ دەستدرێژی سێکسی بەکاردێت، یان کاتێک ئازاری جەستەی کەسێک دەدرێت، دیسان وشەی (دەستدرێژی) بۆ بەکاردێت، لێرەدا چوارچێوەی بەکارهێنانی دەربڕاوەکە، یەکلایی دەکاتەوە، کام واتایە لەخۆ دەگرێت.

مرۆڤ لە دێرزەمانەوە هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە، بۆ گەیاندنی پەیامەکانی، کەمترین وزە بەفیڕۆ بدات، یەکێک لە هۆکارەکانی گۆڕانی زمانیش، بەهۆی هەوڵەکانی مرۆڤەوەیە، بۆ کورتکردنەوەی دەربڕاوە زمانییەکان، بۆ ئەوەی بە کەمترین یەکەی زمانی، زۆرترین زانیاری بگەیەنرێت، هەندێکجاریش بەهۆی هەندێک بارودۆخەوە نەتوانراوە، بەشێوەی ڕاستەوخۆ، پەیامەکانیان بگەیەنن، بۆ ئەم مەبەستە، کۆمەڵێک دەربڕاوی زمانی بەکارهێنراون، کە زانیاریی گرنگ و مەبەستە سەرەکییەکانیان لەخۆگرتووە، کە بۆ خستنە ڕووی ئەم مەبەستە شاراوانە و تێگەیشتنێکی دروست لە یەکە زمانییەکان، پێویستە ئاگاداری وردەکارییەکانی ئەو دەوروبەرانە ببین، کە دەربڕاوەکانیان بەرهەمهێناون، بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە تایبەتمەندیی وشەکانی زمان وەردەگیرێت، لەبەرئەوەی "بەشێکی زۆر لە وشەکان، توانای نواندنی ڕووی

سیمانتیکیی جیاوازیان بەپێی دەوروبەرە جیاوازەکان هەیە" (Aranoff, Mrak and Rees-Miller, Janie, 2001: 244)، تەنها دەوروبەرەکە یەکلایی دەکاتەوە، کە کام نواندنی سیمانتیکی بۆ ئەو بارودۆخ و کات و شوێنەی، کە ئاخاوتنەکەی تێدا ئەنجامدراوە دروستترە، لە زمانی کوردیشدا، وەک هەر زمانێکی دیکە، دەربڕاوی لەم جۆرانە زۆرن، کە دەتوانرێت، بە یەکەیەکی زمانی، چەندین واتا و مەبەست بگەیەنرێت.

"هەر دەقێک لە سیاقە تایبەتییەکەی خۆی دابرێت، ئەو واتایە ناگەیەنێت کە مەبەستە." (مستەفا، نەزیرە سابیر، ٢٠٢١: ٢٢٤)، بۆنموونە: دەربڕاوێکی وەک (مەعاشەکەت جوانە.) تەنها لەو بارودۆخانەدا واتادارە، کە دەوروبەرێکی پەیکاڵ بەم دەربڕاوە لە ژینگەدا بدۆزرێتەوە، هەرکات، کە بارە ئابوورییەکەی موچەخۆرانی هەرێم دەگەڕێتەوە ڕەوتی ئاسایی خۆی، ئەم دەربڕاوە واتادار نابێت و چیتر ئەو ناوەڕۆکە تەنزئامێز و گاڵتە پێکردنە لەخۆ ناگرێت. لەم ڕوانگەیەوە گرنگی و بایەخی دەوروبەر لە بەخشینی واتا، بە دەربڕاوە زمانییەکان بەدیدەکرێت. تاوەکو بارودۆخ و دەربڕاوێکی گونجاو بۆ دەربڕاوەکان نەبینرێتەوە، ئەوا سەرجەمی دەربڕاوە زمانییەکانی ئاخێوەران بێ واتا و ناوەڕۆک-بۆشدەبن.

بۆ نموونە: لەو کۆمەڵانەی پەیڕەوی ئاینی ئیسلام دەکەن، دەربڕاوێکی وەک (نوێژەکەی نیوەڕۆت بکە.)، ئەگەر لەشەودا بوترێت، ئەوا دەربڕاوەکە، سەرەڕای ڕێزمان-دروستی و واتا-دروستی دەبێتە جێی گاڵتە و ئاماژە بە بوونی گرفتێک لە توانا زمانی و درکپێکردنەکانی ئاخێوەردا دەکات. هەروەها کاتێک دەوترێت ئەمڕۆ، کە باس لە کاتی ئێستا بکرێت، ئەمڕۆ لە سبەینێدا دەبێتە دوێنێ، سبەینێش دەبێتە ئەمڕۆ، دەوروبەرەکانی هەریەکەیان دەگۆڕێت، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕینی واتاکەی، کاتێک لە زستاندا بوترێت (ئەمڕۆ کەش و هەوا فێنکە.) دەبینین نەگونجاوە و ناوترێت، چونکە تەنها لە وەرزێکدا دەوترێت، کە گەرم بێت، بەڵام زستان ساردە و ئەم دەربڕینە بەکارنایەت و نالۆژیکییە.

بەها و نرخ و واتای وشەکان لەناو جۆرە جیاوازەکانی دەوروبەردا ڕووندەبێتەوە، دەکرێت واتاکان بەپێی دەوروبەرەکان بگۆڕدرێن، بەهەمانشێوەی واتا و مەبەست، ڕۆنانە جیاوازەکانیش لێکەوتەی ژینگە و کلتوور و تێڕوانینی جیاوازی کەسەکان، بەرانبەر بە شتەکانن، کە ئەمانەش بە بەشێک لە دەوروبەر دادەنرێن؛ هەروەها باری دەروونی قسەکەر و بارودۆخ و زانیاریی هاوبەش و دنیایی، چەندین ڕۆنانی جیاواز،

بۆ یەک ڕووداو، یان یەک بابەت، بەرهەمدەهێنێن، بۆ نموونە هۆکارەکانی، پەنابردنە بەر ڕستەی بکەر نادیار، بریتییە لە (ترس، شاردنەوەی بکەر، گرنگ نەبونی بکەر و هەندێکجاریش بۆ سەرنجراکێشانە...هتد)، وەک لە نموونەی (٧)دا لە دەوروبەرێکدا، کە موبایلێک، بەدەست منداڵێکەوە دەکەوێتە خوارەوە و دەشکێت، لێرەدا ئەوانەی، کە ئاگاداربوون دەکرێت بەچەندین شێوە ڕووداوەکە بگێڕنەوە، یان بەشێوەی بکەرنادیار، لەبەر ئەوەی منداڵەکە سزا نەدرێت، یان لەبەر گرنگی موبایلەکە، لەسەرەتای ڕۆنانەکەدا دێت، وەک لە (٧-ا)دا هاتووە، یان بەشێوەی ڕستەی هەواڵی.

٧-ا. موبایلەکە شکا.

ب. منداڵەکە موبایلەکەی شکاند.

بوون و نەبوونی زانیاریی هاوبەش، کاریگەری دەکاتە سەر جۆری ڕۆنانەکان، کاتێک قسەکەر و گوێگر زانیاریی هاوبەشیان، دەربارەی شتێک هەیە ڕۆنانەکانیان کورت دەبێت، بەڵام ناڕوون و لێڵە بۆ کەسێک زانیاریی نەبێت، کاتێک دەوترێت (ئەشنێ بۆ بازاڕ ڕۆشت.) قسەکەر و گوێگر دەزانن، ئەشنێ کێیە، بەڵام ئەگەر گوێگر زانیاریی داوای زانیاریی زیاتربکات، وەک کاتی ڕۆشتنەکەی، لەمکاتەدا قسەکەر ڕۆنانەکەی فراواندەکات، بەمشێوەیە: (ئەشنێ دوێنێ بۆ بازاڕ ڕۆشت).

بە بۆچوونی (هالیدای)، "قسەکەر دەتوانێت، هەر پێکهاتەیەک، کە بەلایەوە پەسەند بێت، لەسەرەتای ڕستەدا بەکاریبهێنێت" (اروجی، محمد رضا، ١٣٩١: ١٩٨)، بۆ نموونە:

٨-ا. ئەمڕۆ، وۆرکشۆپێک، لە کۆلێژی زمان، لەبارەی زمانی دایک، پێشکەشکرا.

ب. لە کۆلێژی زمان، ئەمڕۆ، وۆرکشۆپێک لەبارەی زمانی دایک، پێشکەشکرا.

پ. لەبارەی زمانی دایکەوە، لە کۆلێژی زمان، ئەمڕۆ، وۆرکشۆپێک، پێشکەشکرا.

بەسەرنجدان، لە نموونەکانی (٨)، دەردەکەوێت، ڕستەکان، لەبارەی یەک بابەتن، بەڵام بە ڕۆنانی جیاواز، لە (٨-ا)دا بەلای قسەکەرەوە (کات)گرنگە، لە (٨-ب)دا شوێن و لە (٨-پ)یشدا (زمانی دایک) گرنگن.

٩- قسەکەر: دوێنێ ڕۆشتیت بۆ قوتابخانە؟

گوێگر: دوێنێ هەینی بوو.

ئەگەر سەیری ئەم نموونەیە بکەین، دەبینین لە وەڵامی گوێگردا، بەپێی واتای سیمانتیکی، ڕستەکە هەواڵییە و وەڵامی پرسیارەکە نییە، بەڵکو لە ڕێگەی دەوروبەرەوە دەتوانرێت، پەیوەندیی نێوان ئەو دوو ڕستەیە بدۆزرێتەوە، لەناو وەڵامی گوێگردا پەی بە وەڵامی پرسیارەکە ببرێت، لەبەرئەوەی ڕۆژانی هەینی پشووە و قوتابخانەکان داخراون، ئەمەش لە ڕێگەی دەوروبەری کلتورییەوە دەستنیشاندەکرێت، چونکە لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕۆژانی هەینی پشووە.

گرنگی و بایەخی پڕاگماتیک بە بەکارهێنانی زمانەوە پەیوەستە، پێکەوەهاتنێکی گونجاوی دەربڕاوەکانە، لەگەڵ دەوروبەرەکانیاندا، پڕاگماتیک چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوە، (د.محەمەد مەعروف فەتاح) بەمشێوەیە پێناسەی دەکات: "پراگماتیک جووتکردنی ڕستەکانە لەگەڵ دەوروبەردا." (فەتاح، محەمەد مەعروف، ٢٠١٠: ١٦)، واتە بەجۆرێک ڕستەکان، لەگەڵ دەوروبەرەکاندا بگونجێن و هەموو ڕەگەزەکانی دەوروبەرەکە لە ئارادا بن، کاتێک، کە واتا فەرهەنگییەکەی ناگەیەنێت، بەیارمەتی دەوروبەر، واتا و مەبەستی سەرەکی دەگەیەنێت، دەوروبەرەکانیش لەگەڵ دەربڕینەکاندا یەکبگرنەوەو پێکەوە مەبەستەکان بگەیەنن، چونکە "وشە بەبێ سیاق وەک یەکەیەکی نەجوڵاو وایە، بەڵام لەڕێگەی سیاقەوە چالاکییەکانی بەرجەستە دەبێت." (مستەفا، نەزیرە سابیر، ٢٠٢١: ٢٩)، سروشتی زمانیش بەوشێوەیەیە، کە هەمیشە لە چالاکی و جموجوڵ و گەشەدایە، ئەم چالاکییانەش گۆڕانکاری لە هەموو ئاستەکانی زماندا دروستدەکەن؛ بەپێی تێپەڕبوونی کات یەکەزمانییەکان گۆڕانیان بەسەر دێن، هەندێکجار گەشە دەکەن و هەندێکجاریش لەناو دەچن و یەکەی زمانی دیکە لەدایکدەبن، واتە یەکە زمانییەکان هەمیشە لە چالاکیدان، دەوروبەریش بزوێنەری ئەم جوڵە و چالاکییانەیە، بۆ تێگەیشتن لە دەربڕاوە زمانییەکان و پەیوەستکردنەوەیان بە دەوروبەرەوە، پێویستمان بە توانستی پڕاگماتیکی هەیە، مەبەست لەمەش توانای تاکە بۆ تێگەیشتن، یان دەربڕینی ئەو یەکە زمانییانەیە، کە واتاکانیان بە دەوروبەرەوە، پەیوەستن؛ ئەمەش بە ژینگەی تاکەوە پەیوەستە، کە لە چ ژینگەیەکدا پێگەیشتووە و ئاستی دونیابینی و فەرهەنگی ئاوەزی، تا چ ڕادەیەک گەشەی پێدراوە.

## ١-١/١) دەوروبەر و توانست و توانا

توانست چەند جۆرێک دەگرێتەوە، لەوانە: (کۆمەڵایەتی، کلتوری، پڕاگماتیکی). (محەمەد، دارا حەمید، ٢٠١٢: ١٩)

١.توانستی کۆمەڵایەتی: ئەمجۆرە توانستە، دەچێتە خانەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە، مەبەست لەم توانستەش ئەوەیە، "کە دەربڕاوەکان، تا چەند بەشێوەیەکی گونجاو، لە چوارچێوەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا، بەرهەمدەهێنرێن وتێگەیشتن ڕوودەدات" (Abdul-Wahab Taha, Wia'am and Reishaan, Abdul-Hussein Kadhim, 2008: 42)، واتە پێویستە، توانستی قسەکەر، لەگەڵ بارودۆخ و لایەنی کۆمەڵایەتی، ئەو دەوروبەرەی ئاخاوتنەکەی تێدا ڕوودەدات، بگونجێت، ئەگەر دەربڕاوەکان لەگەڵ دەوروبەردا گونجاو نەبێت، ئەوا پەیوەندیکردن ڕوونادات، یان هەندێکجار دەربڕاوکە بەهای نابێت، بۆ نموونە کاتێک تابلۆیەک، کە لەسەری نووسراوە (تکایە قەرز نییە)، لەناو مارکێتێکدا دەبینرێت، ئەوا لە دەوروبەری گونجاودایە، بەڵام کاتێک لە باخچەیەکدا هەمان تابلۆ ببینرێت بەهای نابێت و دەوروبەرەکەی نەگونجاوە.

٢.توانستی کلتوری: زمان و کلتور پەیوەندییەکی بەهێزیان پێکەوە هەیە، کاریگەری و ڕەنگدانەوەی هەریەکەیان لەسەر ئەوی دیکە بە ئاشکرا دەبینرێت، کلتوریش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، مەبەست لە توانستی کلتوریش توانای تێگەیشتن و بەکارهێنانی زمانە بە ئاگاداربوون لە داب و نەریت و تێڕوانین و کلتوریی تاکەکان.

ئەم توانستە لە ئاخاوتنی تاکدا ڕەنگدەداتەوە، بۆ نموونە توانستی کلتوری لە هەست دەربڕیندا، بریتی دەبێت لە کۆمەڵە هەستێک، کە بەکارهێنەری زمان (تاک)، لە بۆتەی هەڵوێستە جیاجیاکاندا دەریاندەبڕێت، ئەو هەست دەربڕینە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی کلتوری ئەو شوێنەی، کە زمانەکەی تێدا بەکاردێت. بڕوانە: (محەمەد، دارا حەمید، ٢٠١٢: ٢٠- ٢١)

٣.توانستی پڕاگماتیکی: "بەکارهێنانی زمانە بە شێوەیەکی گونجاو بەپێی دەوروبەر" (Dorcheh, Husein Hafizi and Baharlooie, Roya, 2016: 152)، کە بەهاکەی، لە بەهای توانستی زمانیی مرۆڤ کەمتر نییە و یەکسانن.

توانستی پڕاگماتیکی مرۆڤ ئەو دەسەڵاتە بۆ مرۆڤ فەراهەمدەکات، کە بتوانێت، لە هەموو هەڵوێستێکدا کردەی گەیاندن و بەردەوامبوونی پەیوەندی ئەنجامبدات، ئەو توانایە بە تاک دەبەخشێت، کە لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا، لە پەیوەندیکردن بەردەوامبێت و توانا شاراوەکانی قسەکەر لە هەڵوێست و دەوروبەرە جیاوازەکاندا بخاتەڕوو، بۆ هەر بارودۆخێک جۆرە ڕۆنانێک دابڕێژێت. بۆ نموونە توانستی

پراگماتیکی ئەو توانایە بە قسەکەر دەبەخشێت، کە لە ڕستەیەکی پرسدا، واتای داواکردن، یان فەرمانکردن بگەیەنێت، هاوکات یارمەتیی گوێگر دەدات، کە بەپێی دەوروبەر لە واتا و مەبەستی شاراوەی گوتنەکانی قسەکەر بگات، لێکتێگەیشتنی قسەکەر و گوێگر لە مەبەست و ناوەڕۆکی ئاخاوتنەکان، کە هیچ پەیوەندییەکیان بە واتای دەربڕینە زمانییەکانەوە نەبێت، تەنیا توانستی پراگماتیکی فەراهەمی دەکات. بڕوانە: (محەمەد، دارا حەمید، ٢٠١٢: ١٩).

ئەم توانستە پشت بە کارامەیی مرۆڤ دەبەستێت، کە زمانەوانەکان هەندێک کارامەیی دەستنیشاندەکەن، کە هەریەکەیان یارمەتیی قسەکەر دەدات، بەپێی دەوروبەرە جیاوازەکان، چی بڵێت و لە چ کات و شوێنێکدا و بە چ شێوازێک و چ ڕۆنانێک بیر و مەبەستەکانی بگەیەنێت، ئەوانەش بریتین لە: (زمانی، لۆجیکی، مەعریفی، درککردن، کۆمەڵایەتی) (سەرچاوەی پێشوو: ٢٠)، کە هەریەک لەم بەهرانە یارمەتیی تاک دەدات لە بەکارهێنانی توانست لە دەوروبەرێکی گونجاودا.

ئەم توانستانە دەتوانرێت گەشەی پێبدرێت و فراوانبکرێت، لە ڕێگەی فراوانکردنی کۆزانیاریی گشتی و ئاگاداربوون لە دەوروبەرە جیاوازەکان، هەر لەبەر ئەمەیش توانستی پراگماتیکی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە، هەروەها لەتەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی دیکەش دەگۆڕێت؛ بەڵام توانا (performance)، کە دیاردەیەکی بەدەستهێنراوە، مرۆڤ لە دەوروبەرەوە بەدەستی دەهێنێت، کە بریتییە لە بەکارهێنانی زمان بەپێی پێویست و ئەو هەڵوێستەی قسەکەری تێدایە، لەژێر دەسەڵاتی تاکەکەسدایە، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی باری دەروونی و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە. لەبەرئەوە ئەو ڕستانەی مرۆڤ، یان قسەکەر دایاندەڕێژێت، واتە (ڕۆنانە سینتاکسییەکان) پەیوەستن بە باری دەروونیی مرۆڤەوە لەو بارودۆخ و چوارچێوەیەدا، کە ئاخاوتنەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت.

کەواتە: توانا ← بەکارهێنانی زمانە
← لەژێر دەسەڵاتی تاکەکەسدایە
← لە ژێر کاریگەریی (باری دەروونی) + (دیاردەی کۆمەڵایەتییەکان)دایە.

بەکارهێنانی زمان، کە داڕشتنی ڕستەیە، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی (باری دەروونی) و (دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە). توانایش لە دەوروبەرەوە بەدەستدێت، لەبەرئەوە ڕۆنانی ڕستە، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی دەوروبەرەوە بەگشتی، بە تایبەتی (باری دەروونی)ی مرۆڤ، کە یەکێکە لە بەهێزترین جۆرەکانی دەوروبەر.

## ١/١_٢) ڕۆڵ و گرنگیی دەوروبەر لە زانستی زماندا

دەوروبەر لە زانستی زماندا گرنگی و بایەخی بەرچاوی هەیە، لەم وەچە پارەدا گرنگترینیان دەخرێنەڕوو:

**١.ڕەواندنەوەی لێڵی دەربڕاوەکان:** مەبەست لە لێڵي ئەوەیە "کاتێک بەهۆی ئاماژەی چەند لایەنە، ناتوانین یەکێک لە لێکدانەوەکان هەڵبژێرین". (سەفەوی، کورش، ٢٠٢٠: ٦٩). هەندێک وشە و ڕستە و دەربڕاوە زمانییەکان لێڵن، هەروەها لێڵی لە دەقیشدا، کە لە ڕستە گەورترە و دووجۆری نووسراو و گوتراوی هەیە، بەدیدەکرێت. دەوروبەر لە ڕەواندنەوەی لێڵیدا، ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت.

فرەواتایی یەکێکە لەو بابەتە واتاییانەی، کە هۆکاری دروستبوونی لێڵی واتایە. ئاشکرایە، مرۆڤ هەمیشە هەوڵیداوە، زمان بەرەو ئاسانی ببات، هەر بۆ ئەم مەبەستە هەوڵدراوە، وشەیەک، یان دەستەواژەیەک چەندین واتای جیاواز بگەیەنێت، لێرەدا تەنیا ڕێگەی بەدەستهێنانی واتای دروست، لەبەرچاوگرتنی دەوروبەری بەکارهێنانەکەیەتی.

١٠- هەڵچوو.

دەربڕاوی نموونەی (١٠)، دوو واتا لەخۆ دەگرێت، کە دەوروبەر بڕیار دەدات، کام واتایە مەبەستە، ئەوانیش ڕەنگە مەبەست لە خواردن، یان شیربێت، کە هەڵچووە، یان مەبەست لە کەسێک بێت، کە توڕەبووە.

"ڕەواندنەوەی لێڵیی بە وشە، فرێز، ڕستە، یان کۆمەڵێک ڕستەوە پەیوەستە، کە زیاتر لە لێکدانەوەیەکی شیاو، یان واتایەک هەڵدەگرن. دووجۆر لە لێڵیی هەیە: (فەرهەنگی، ڕۆنانی)، لێڵیی فەرهەنگی زیاتر بەهۆی هاوبێژی، یان فرەواتاییەوە دروستدەبێت." (Song, Lichao, 2010, 877)

١١- شاخەکەیان بڕی.

لەنموونەی (١١)دا، (شاخ) لێڵی فەرهەنگی هێناوەتەئاراوە. ئەوەش بۆ جووت واتایی (شاخ) دەگەڕێتەوە، کە دەتوانێت لەهەمان کاتدا ئاماژە بە (شاخ، وەک بەرزایی) و (شاخی ئاژەڵ)یش بدات، هەروەها دەشێت (بڕی) لێڵی بێنێتە ئاراوە و هەردوو لێکدانەوەی (شاخەکەیان بە پێ بڕی، شاخەکەیان بە ئامێرێک بڕی)، ئەمەش لە دەوروبەردا ڕووندەبێتەوە.

زۆرجار لەنێوان هەندێک لە دەربڕین و وشەکانی نێوان شێوەزارەکان لێڵی دروستدەبێت، بۆنموونە: وشەی (دەشت)، کە بەواتای (دەشتایی) دێت، بەڵام لە شێوەزاریی گەرمیانیدا، بێجگە لەو واتایە، بەواتای (دەرەوە)یش دێت، ئیتر هەر شوێنێک بێت، وەک (بازاڕ، یان دەرەوەی ماڵ...هتد)، هەروەها وشەی (مەلە)، بە واتای (مەلەکردن) دێت، بەڵام لە شێوەزاری گەرمیانیدا، بێجگە لە واتای مەلەکردن، بەواتای (خۆشتن)یش دێت، یان وشەی (زەلام) لە شێوەزاری سلێمانی و دەوروبەریدا، بەواتای (مرۆڤ) بەکاردێت، بەڵام لە هەندێک لە شێوەزارەکانی دیکەدا،  تەنیا بەواتای (مرۆڤی نێر) بەکاردێت.

١٢- هەنار و ترێ لەگەڵ خۆت بهێنە.

ئەم ڕستەیە چەند لێکدانەوەیەکی بۆ دەکرێت، کە بەپێی دەوروبەرەکەی دیاریدەکرێت، لێرەدا، دەشێت (هەنار و ترێ) میوەبن، یان دووکەس بن.

لێڵی ڕۆنانی، لە ڕۆنانە ڕێزمانییەکانی فرێز و ڕستەوە سەرهەڵدەدات. بۆنموونە فرێزی (ژن و پیاوی گەنج...)، دەتوانرێت بەمشێوەیە شیبکرێتەوە: (ژنی گەنج و پیاوی گەنج)، یان (ژن و پیاوی گەنج)، بەو واتایەی (تەنها پیاوی گەنج). (Song, Lichao, 2010: 877)

١٣- پیاو و ژنێکی میهرەبان لێرەبوون.

دەتوانرێت چەند لێکدانەوەیەکی بۆ بکرێت:
یەک: پیاوێکی میهرەبان و ژنێکی میهرەبان لێرەبوون.
دوو: پیاوێک، لەگەڵ ژنێکی میهرەبان لێرەبوون.

هاوواتایی یەکێکی دیکەیە لە پەیوەندییە واتاییەکان، کە لێڵی دروستدەکات، واتە دوو وشە هەمان واتایان هەبێت، سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان هاوواتایی و دەوروبەر، (جۆن لاینز باوەڕی وایە، کە دوو وشە، کاتێک دەبن بە هاوواتا، کە یەک چەمک بگەیەنن، هەروەها بە بڕوای (ئۆڵمان)، هاوواتاکان ئەوانەن، کە لە واتادا یەکسانن، لە هەر دەوروبەرێکدا دەتوانرێت، لەبری‌یەکتر بەکاربێن). (ترکاشوند، فرشید و ناگهی، نسرین، ١٣٩٢: ٦٧)، بەڵام زۆرجار ناتوانن، جێگەی یەکتر بگرنەوە، دوو واتای جیاواز لەخۆدەگرن، ئەمەش دەریدەخات، کە ئەم پۆلکردنانە لە دەوروبەردا ڕەها نین، بەڵکو ڕێژەیین و دەوروبەر پەیوەندیی واتایی نێوان یەکە زمانییەکان دیاریدەکات. بۆ نموونە: وشەکانی (ژن، کچ، ئافرەت) مەبەست لە مرۆڤێکی مێینەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا، لە هەندێ بارودۆخدا، ناتوانن جێگای یەکتربگرنەوە، بۆ نموونە وشەی (ژن) بۆ ئافرەتێک بەکاردێت، کە هاوسەرگیریی کردبێت، بەڵام وشەی (کچ)، بۆ ئافرەتێک بەکاردێت، کە هاوسەرگیریی نەکردبێت، دەکرێت وشەی (ئافرەت)یش بەشێوەیەکی گشتی، لەبری (کچ و ژن) بەکاربێت.

دژواتاش، هەندێکجار دەبێتە هۆی دروستبوونی لێڵی، گوێگر، یان خوێنەر ناتوانێت، پەی بە واتای دروست ببات، تەنیا لەڕێگەی دەوروبەرەوە دەتوانرێت، چارەسەربکرێت. "زۆرجار سیاقی دەربڕین، مانای دانەکە دەباتە خانەی مانای دژەکەی." (قادر، سەباح ڕەشید، ٢٠٠٠: ٤٥)، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی لێڵی، چونکە لێرەدا دەوروبەر پۆلکردنەکەی هەڵوەشاندۆتەوە، وشەکە بەواتای دژەکەی بەکارهاتووە، کە ئەمەش لە سیمانتیکدا لێکدانەوەی بۆ ناکرێت. بۆ نموونە: وشەی (باش) و (پیس)، لەنموونەکانی (١٤) و (١٥)دا، دەربڕینەکان بەواتای دژەکەی دێت.

١٤-ا. لێدانێکی باشی لێدا.
ب. باش وەڵامت دایەوە
پ. باش پۆرتت شکاند.
ت. باش شکێنرا.
ج. باش تۆڵەت کردەوە.

١٥-ا. پیس خۆت جوانکردووە.
ب. پیس خۆت ئامادەکردووە.

پ. پیس قۆڵت لێهەڵماڵیوە.

لە هەریەک لەو نموونانەی سەرەوەدا، وشەکانی (باش) و (پیس)، واتای پێچەوانەی واتا فەرهەنگییەکانیان گەیاندووە، وشەی (باش) بەواتای (خراپ) هاتووە، وشەی (پیس)یش بەواتای (باش) هاتووە.

هەندێک لە زمانەوانان پێیان وایە، دژواتایی، بەواتای ئەوە دێت، کە وشەیەک دوو واتای جیاواز لەخۆبگرێت، لەم بارەشدا دەوروبەر دیاریدەکات، کامەیان مەبەستە. بۆ نموونە: وشەی (هاوسەر)، کە بۆ (ژن و پیاو)یش بەکاردێت، بەپێی دەوروبەر دیاریدەکرێت، مەبەست لەکام هاوسەرەیانە. (لە ڕێگەی دەوروبەرەوە ئاماژەکان دەدۆزرێنەوە، بەوپێیەی ئاماژە فۆڕمێکی تەمومژاوییە، لەژیانی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێت، تەنیا ڕێگەیەک بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ئاماژانە، دەوروبەرە). (دزەیی، عەبدولواحید موشیر، ٢٠١٤: ١٢٥)، بۆنموونە: کاتێک لە مانگی ڕەمەزاندا، ڕیکلام بۆ بەرنامەیەک دەکرێت، ئاماژە بە کاتی پێشکەشکردنی بەرنامەکە دەدرێت، کە پارشێوانە، لە ڕێگەی دەوروبەری نازمانییەوە، کە (شارەزابوون لە ئاین و کاتەکانی بانگ)، بەشێکن لەم دەوروبەرە، دەزانرێت کە مەبەست لە پارشێو نیو کاتژمێر بۆ کاتژمێرێک پێش بانگی بەیانییە.

**٢.گەشەپێدانی توانست:** ئەزمون و شارەزایی، کە دەوروبەریان لە پشتەوەیە سەرچاوەی گەشەکردنی توانستن.

ئاشکرایە، یەکێک لە هۆکارەکانی گەشەسەندنی توانستی قسەکەر، بریتییە لە شارەزایی لە دەوروبەردا (زمانی و نازمانی)، کە دەبنە هۆی لەدایکبوونی دەقەکان و دەربڕین بە زمانێکی باڵا و ئاست بەرز، کە تەنیا خوێنەر، یان گوێگرێکی ئاست بەرز و پڕ زانیاری، دەتوانێت بەوردی تێبگات و پەی بە دیوی دووەمی وشە و دەستەواژە و ڕستەکان ببات. بەدەستهێنان و فراوانبوون و گەشەسەندنی توانستی پراگماتیکیش بەهۆی بارودۆخە جیاوازەکانەوە دەبێت، ئاخێوەر ئەگەر توانستی پراگماتیکی بەهێز نەبێت، ناتوانێت یاری بە وشەکان بکات و لە ژیانی ڕۆژانەدا، مەبەستەکانی بە ئاسانی بگەیەنێت، یان لە هەموو دەربڕاوەکان تێبگات.

**٣.وەرگێڕان:** یەکێکی دیکە لە گرنگییەکانی دەوروبەر، ڕۆڵی سەرەکییەتی لە پرۆسەی وەرگێڕاندا، بەو پێیەی، پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان وەرگێڕان و زانستی زماندا هەیە،

پرۆسەی وەرگێڕانیش بە زمانەوە پەیوەستە، کە بەشێوەیەکی زۆر ورد، ڕۆڵ و بایەخی دەوروبەر تێیدا دەردەکەوێت، پێویستە وەرگێڕ بەتەواوی شارەزایی لەهەردوو زمانەکەدا هەبێت، ئاگاداری سەرجەم وردەکارییە زمانەوانییەکان بێت، هەروەها شارەزایی لە کلتور و دابونەریت و ئاین و بارودۆخی نووسەر و شوێن و کات و بارودۆخی ژیان...هتد هەبێت، جۆرەجیاوازەکانی دەوروبەر لە هەردوو زمانەکەدا لەبەرچاوبگرێت، تا بتوانێت وەرگێڕانێکی سەرکەوتوو و پڕاوپڕ لەواتادا ئەنجامبدات، تەواوی پەیامەکان بگەیەنێت، چونکە زۆرجار لە ڕێگەی وەرگێڕانی وشە بە وشە ناتوانرێت واتاو مەبەستەکان، وەک خۆیان بگەیەنرێن، زۆرجار لەبەرچاونەگرتنی دەوربەری ناو دەق، یان دەرەوەی دەق، وەرگێڕانێکی ئاڵۆز بەرهەمدەهێنێت، کە تەواوی واتا و مەبەستەکان ناخرێنەڕوو، خوێنەر، یان گوێگر ماندوو دەکات و هەندێکجاریش تێنەگەیشتن، یان هەڵە تێگەیشتن دێتە ئاراوە.

لە هەندێک باردا وەرگێڕ دەکەوێتە هەڵەوە، کاتێک بە پێوەری زمانی یەکەم، وشە و ڕستەکان شیدەکاتەوەو وەریاندەگێڕێت، ناتوانێت پەی بە دیوی دووەمی وشەکان ببات، ئەمەش هۆکارە بۆ ئاڵۆزبوونی دەقەکان، چێژ بە خوێنەر نابەخشێت. بوونی کلتوری هاوبەشی نێوان دوو زمان، یان خزمایەتی لەنێوان دوو زماندا، پرۆسەی وەرگێڕان ئاسانتر دەکات، بۆ پەیبردن بە واتای پڕاگماتیکی دەربڕاوە زمانییەکان هاوکار دەبێت، چونکە وشە و کلتوری هاوبەشیان پێکەوە هەیە، بەڵام کاتێک دوو زمان سەر بەیەک خێزانە زمان نەبن، ڕووبەڕووی دوو کلتوری تەواو جیاواز دەبنەوە، ئەمەش لە پرۆسەی وەرگێڕاندا گرفت دروستدەکات. بەهەمانشێوەی وەرگێڕان، لە فێربوونی زمانی دووەمیش، ڕۆڵی بەرچاوی دەوروبەر دەبینرێت، ئاشکرایە، فێربوونی زمانێکی دیکە، کە خزمایەتی لەگەڵ زمانی یەکەمدا هەبێت، ئاسانترە وەک لە زمانێک، کە سەر بە خێزانە زمانێکی جیاواز لە زمانی یەکەم بێت؛ ئەمەش دەرخەری پەیوەندیی بەهێزی نێوان یەکە زمانییەکان و دەوروبەرە، بەمشێوەیە دەبینین "دەربڕاو و بارودۆخ، بەشێوەیەکی ناچاریی و ئاڵۆز، ئاوێتەی یەکبوون و لەیەک جیانابنەوە" (Widdowson, H.G 2004: 38)، بۆ نموونە: لەکاتی وەرگێڕانی دەقێکی فارسی بۆ زمانی کوردی، بەو پێیەی دوو زمانی نزیک لەیەکن، هەندێ وشەی هاوبەش لە نێوانیاندا دەبینرێت، بەڵام هەریەک لەو وشانە لە دەوروبەری جیاوازدا، بەپێی کلتوری زمانەکان، واتاکانیشیان گۆڕانیان بەسەر دێت، وەک وشەی (شورش) لە زمانی فارسیدا، بەواتای (کودەتا) دێت، لەکاتێکدا لە زمانی کوردیدا، شۆڕش واتایەکی ئەرێنی هەیە و بەواتای (ڕاپەڕین) دێت،

بەپێچەوانەوە وشەی (انقلاب)، کە لە بنەڕەتدا عەرەبییە، بەڵام لە هەردوو زمانی کوردی و فارسیدا وەرگیراوە و بەکاردەهێنرێت، لە زمانی فارسیدا بەواتای (شۆڕش) دێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا واتای (کودەتا) دەگەیەنێت.

لەکاتی وەرگێڕانی پەند و میتافۆر و درکە...هتد، ئەگەر وەرگێڕ شارەزای کلتوری هەردوو زمانەکە نەبێت، ناتوانێت وەرگێڕانێکی ڕوون و دروست ئەنجامبدات، بۆنموونە، دەربڕاوێکی وەک (از دهان افتاد)، کە (درکە)یە، لە ژیانی ڕۆژانە و کلتوری ئێرانیدا، بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکاردێت، کاتێک وەرگێڕ بیەوێت بیکات بەکوردی، ئەگەر شارەزای کلتوری کوردی و ئێرانی نەبێت، بەمشێوەیە وەریدەگێڕێت (لە دەم کەوت)، کە نادروستە، پێویستە، وەربگێڕدرێت بۆ ئەو درکەیەی، کە لە زمانی کوردییدا بۆ هەمان مەبەست بەکاردێت، کە بریتییە لە: (بوو بە دەمی مردوو)، بۆ خواردن و خواردنەوەیەک (چا، قاوە...هتد)، بەکاردێت، کە ساردبووەتەوە و چێژی خواردنەکەش کەمبووەتەوە.

**٤.فێربوونی زمان:** دەوروبەر لە فێربوونی زمانی بێگانەشدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، فێرخواز پێویستە شارەزاییەکی باشی هەبێت، لە (کلتور، دابونەریت، ئاین، شێوازی ژیان، بۆنە کۆمەڵایەتییەکان، ئەتەکێت، لایەنی ئابوری، پەندی پێشینان، ئیدۆم، قسەی نەستەق، وشە تابۆکان، جنێو و تەواوی وردەکارییەکانی ژینگەی زمانی بێگانە)، تا بتوانێت بەتەواوی زاڵبێت بەسەر ئەو زمانەی، کە دەیەوێت فێری ببێت، وەک قسەپێکەری زمانەکە، بتوانێت لە هەموو دەربڕاوەکان تێبگات و قسەیان پێبکات.

(سییلیی (seelye) ڕەخنە لەو بۆچوونە دەگرێت، کە دەگوترێت فێربوونی ڕێزمانی زمان بەسە بۆ پەیوەندیکردن و تێگەیشتن لە زمانێکی دیکە، بەڵکو پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، کە پێویستە فێرخواز لە چوارچێوەی کلتوری و کۆمەڵایەتیدا فێری زمانەکە ببێت). (فەرەج، شاخەوان جەلال، ٢٠١١: ٥)، هەروەها بوونی توانستی پراگماتیکی ڕۆڵێکی گرنگی، لەفێربوونی زمانی بێگانەدا هەیە. لەکاتی فێربوونی زمانی بێگانەدا، فێرخواز توشی چەندین گرفتی واتایی دەبێت، لەبەرئەوەی هەندێکجار وشەکان لە دەوروبەردا واتاکانیان دەگۆڕێن، مرۆڤ تا زیاتر شارەزایی و زانیاریی دونیایی و تایبەتی هەبێت، ئاسانتر لە واتای دەربڕاوە پراگماتیکییەکان دەگات.

کەواتە "لەڕاستیدا و ڕێک وەک ئەوەی، کە لە زمانی نووسین و قسەکردندا هەیە، وشەیەک، بەبێ دەوروبەرە زمانییەکەی، خەیاڵێکی ڕووتە و خۆی بە تەنیا بەرانبەر هیچ شتێک ناوەستێت؛ لەم ڕوانگەیەوە زمانە زیندووەکان، هیچ واتایەک ناگەیەنن، جگە

لەوکاتانەی، کە پەیوەستدەکرێنەوە بە (Context Of Situation) دەوروبەری بارودۆخ". (Ogden, C.K. and Recahrds, I.A, 1923: 307).

بەهەمانشێوە، وەرگرتنی زمان پەیوەندییەکی تەواوی بە دەوروبەرەوە هەیە، منداڵ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، بەو دەوروبەرەی تێیدا دەژی کاریگەرە، مرۆڤ لەناو کۆمەڵدا زمانوەردەگرێت، کۆزانیاریی گشتی و تایبەتی و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی ئاوەزیش، هەر لەناو کۆمەڵدا بەدەستدەهێنرێت، دەوروبەریش بەشێکە لە کۆمەڵ.

## ٢/١) هەمبەرییەکانی دەوروبەر و زانستی زمان

(فێرث) لەوتارێکدا لە ساڵی (١٩٣٥)دا ئاماژەی بەوەدا، "کە تەواوی زمانەوانی، پێکهاتووە لە واتا، تەواوی (واتا)ش، بریتییە، لە بەکارهێنانی لە دەوروبەردا" (هلیدی، مایکل و حسن، رقیە، ١٣٩٣: ٤٦)، ئەمەش گرنگی و بایەخی واتا، لە زانستی زماندا و پەیوەندیی ڕاستەوخۆی، لەگەڵ دەوروربەردا دەردەخات، (واتا)، وەک دیوی دووەمی دەربڕاوە زمانییەکان، هەمیشە جێگای بایەخ و سەرنجی زانایان بووە، لەبەرئەوەی بەزۆربەی زانستەکانەوە پەیوەستە، زۆرجار کەرەستەی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکان بووە، ئەمەش بەئامانجی تێگەیشتن و دۆزینەوەی مەبەستی سەرەکیی دەربڕاوەکان؛ لە پاش گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی زانستی زمان، بابەتی دەوروبەر و ڕۆڵی لە زانستی زماندا و پەیوەندیی سەرەکی، لەگەڵ واتا و ئاستی واتاسازیدا خرایەڕوو، سەرەتای گرنگیدان، بە بابەتی دەوروبەر، بۆ زانای ئەنثرۆپۆلۆجی (مالینۆفسکی) دەگەڕێتەوە، دواتر لەلایەن زانایانی بواری زمانەوانی، بەتایبەتی (فێرث) و خوێندکارەکانی، گەشەی زیاتری پێدرا، وەک بابەتێکی پڕ بایەخی زانستی زمان، چەندین لێکۆڵینەوەی وردی، لەبارەوە ئەنجامدرا، بەردەوام گرنگی و ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا و پەیوەندی لەگەڵ ئاستەکانی زانستی زماندا دەخرێتەڕوو؛ نەک تەنیا لە زانستی زماندا، بەڵکو لە چەندین زانستی دیکەدا، ڕۆڵی بەرچاوی هەیە، تەوەری سەرەکیی لێکۆڵینەوەکانە، لەوانە زانستەکانی (کۆمەڵناسی، دەروونناسی، فەلسەفە، مرۆڤناسی...هتد).

## ١-٢/١) دەوروبەر و ڕەوانبێژی

ئەدەب بەگشتی و ڕەوانبێژیش، وەک بابەتێکی گرنگی ئەدەب، کار لە هەست و سۆز دەکات، هەست و سۆزیش بەشێکی گرنگی دەوروبەرە، ئەمەش پەیوەندیی بەهێزی نێوان ئەدەب و دەوروبەر دەردەخات. دێرینەکان بە گشتی و زانایانی بواری ڕەوانبێژی بە تایبەتی، گرنگیان بە دەوروبەر داوە، بە تایبەت دەوروبەری بارودۆخ.

ڕەوانبێژی لای دێرینەکان بریتی بوو، لە چۆنێتیی هاوشێوەبوون و یەکگرتنی ئاخاوتن، لەگەڵ بارودۆخ و خواستی گوێگردا، بەبۆچوونی ئەوان، گوتنێکی پاراو و ڕوون ئەوەیە، کە ڕەچاوی بارودۆخی گوێگری تێدا بکرێت؛ ئامانجیان لەم کارە، بریتی بوو لە هەڵسەنگاندنی ئاستی ڕەوانبێژیی ئاخاوتن و لێکدانەوەی واتای ڕستە. (ترکاشوند، فرشید و ناگهی، نسرین، ١٣٩٢: ٥٨). لەم ڕوانگەیەوە، نووسەر بۆ بەخشینی جوانی بە دەقەکان و گەیاندنی پەیامەکانی، هەوڵدەدات، بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش و بە زمانێکی باڵا، لە ڕێگەی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە، هەست و سۆز و مەبەستەکانی بگەیەنێت، دەقیش، کە "یەکەیەکی سیمانتیکییە پەیوەندی بە فۆرمەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە واتاوە هەیە، لەوانەیە دەق نووسراو بێت یان نەنووسراو بێت، پەخشان بێت، یان شیعر بێت، گفتوگۆ یان مەنۆلۆگ بێت" (عەلی، تاڵیب حوسێن، ٢٠١٤: ٨٦).

کەواتە دەتوانین بڵێین، بەهەند وەرگرتنی دەوروبەر، دەبێتە هۆی لەدایکبوونی دەقێکی ئەدەبی باڵا، لە هەمانکاتدا هۆکارە بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی وردی تێکستەکان، شیعر، وەک بەشێک لە ئەدەبیات، بە زمانێکی جیاواز لە زمانی ئاسایی دەنووسرێت، هەندێکجار واتاکانی لێڵ و ناڕوونن، لەبەرئەوەی لە زمانی شیعریدا، لادانی واتایی دێتە ئاراوە، واتە وشە و دەستەواژەکان بەهەمان واتای سیمانتیکی بەکارنایەن، بەڵکو بەشێوەیەکی شاراوە، لە ڕێگەی وشە و دەستەواژەکانەوە دەردەبڕێن. هەر ئەم لادانەشە جوانی و سەرنجڕاکێشی بە دەقەکان دەبەخشێت، بۆ ڕەواندنەوەی ئەم لێڵییەش پێویستە، خوێنەر، یان گوێگر ئاگاداری بارودۆخی شاعیر و کات و شوێنی نووسینی شیعرەکە ببێت، هەندێکجاریش بەهۆی دەوروبەری زمانییەوە شیعر ڕووندەبێتەوە، کە بەیتەکانی پێش، یان دواتری شیعرەکە دەگرێتەوە، دەوروبەری نازمانیش، تەواوی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوری و ئابوری و سۆزداریی و پەیوەندییە تایبەتییەکان و کات و شوێن... هتد، شاعیر دەگرێتەوە.

هەندێ دەق، یان دەربڕاو، دەوروبەرەکەی نادیاربێت، بەتایبەت کات و شوێن، ئەوا پێویستیی بە پێداچوونەوە و شیکردنەوەی وردی وشەکان دەبێت، لە ئەنجامیشدا،

دەکرێت، لەگەڵ هەر کات و شوێنێکدا بگونجێنرێت، زۆرجاریش، نووسەر، "بەمەبەست، دەقی دوور لە کات و شوێن، بەرهەمدەهێنێت، تا هونەری تر و ئەدەبی تربێت" (الهیان، لیلا، ١٣٩١: ٤٦)، لەبەرئەوە، لە لێکدانەوەو شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکاندا، بەتایبەت دەقی شیعری، مەرج نییە، هەمووکاتێک بتوانرێت، مەبەستی سەرەکیی شاعیر بخرێتەڕوو، بەتایبەتی لەو کاتانەدا، کە تەواوی دەوروبەرەکان ئاشکراو ڕوون نەبن، یان هەندێک لە پێکهاتەکانی دەوروبەری شیعرەکە لەناوچووبن، لەوانە تێپەڕبوونی سەردەم و گۆڕانی باری کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری و سیاسی و ئاگادارنەبوون لە پەیوەندییە تایبەتەکانی شاعیر، یان مردنی شاعیر...هتد، لەبەرئەم هۆکارانە، ناتوانرێت، بەتەواوی لە مێشک و دەروونی شاعیر، لەساتی نووسینی شیعرەکەدا بگەین؛ هەروەها زۆرجاریش بەهەڵە، لێکدانەوە بۆ شیعر دەکرێت، کاتێک کە هەموو پێکهاتەکانی دەوروبەر لەئارادا نەبن، ناتوانرێت، بە ڕەهایی مەبەستەکان دەربخرێن، هەندێکجار شاعیر بەجۆرێک دەقەکەی بەرهەمدەهێنێت، کە زیاد لە دەوروبەرێک لەخۆبگرێت، ئەمەش بۆ خوێنەر، یان گوێگر بەجێدەهێڵێت، کە دەوربەری گونجاو بدۆزێتەوە، بەمەستی فراوانکردنی بیری خوێنەر.

شیعر وەک توخمێکی گرنگی کلتور لەناو هەموو میللەتێکدا ڕەنگدانەوەی داب و نەریت و ئاین و کلتوری نەتەوەی تێدا بەدیبکرێت، کلتوریش جۆرێکی بەربڵاوی دەوروبەرە، کە کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر واتا و ڕۆنانە جیاوازەکانی زمانیش هەیە؛ نووسەر بەگشتی و شاعیر بەتایبەتی، بەهۆی ڕەوانبێژییەوە تەواوی ئەم لایەنانە دەردەخات. دەتوانین بڵێین، ڕەوانبێژی، هونەری دەربڕینە، کە بەشێوەیەکی کاریگەر دەردەبڕێت، یان دەنووسرێت، کە هەڵگری هەست و سۆز و مەبەستەکانی مێشک و ناخە، ئەمەش بەبێ دەوروبەر نایەتە ئاراوە، بەڵکو بە هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەی گونجاو، لەگەڵ پێکهاتەکانی دەوروبەردا دەخرێتەڕوو. (لیچ) (U.Leich)، بەمشێوەیە پێناسەی ڕەوانبێژی دەکات، "ڕەوانبێژی کرۆکی پراگماتیکە"، (دزەیی، عەبدولواحید موشیر، ٢٠١٥: ١٨)، دەوروبەریش کلیلی زانستی پراگماتیکە، بابەتێکی زۆر فراوانە، بەجۆرێک دەکرێت لێکدانەوەی دەقێک، یان شیعرێک چەندین لێکدانەوەی جیاواز هەڵبگرێت، ئەگەر بەوردی ئاگاداری دەوروبەری دەقە شیعرییەکە نەبین، چونکە واتا و مەبەستەکان، لەودەوروبەرەوە هەڵدەهێنجرێن، کە دەقەکی تێدا لەدایکبووە؛ ئەمەش پەیوەندیی ڕاستەوخۆی ڕەوانبێژی و دەوروبەر دەردەخات.

بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی دەقێکی ئەدەبی، یان شیعری مەرج نییە، تەواوی پێکهاتەکانی دەوروبەر پێویستبن، بەڵکو هەندێکجار، چەند تایبەتمەندی و پێکهاتەیەکی دەوروبەر، خوێنەر بە مەبەستی سەرەکی دەگەیەنێت.

"نووسەر دەتوانێت، بە کەمکردنەوەی شوێن و وێنەکان، بارودۆخێک بهێنێتە ئاراوە، کە خوێنەر ئاڕاستە بکات، بۆ وێناکردن و دروستکردنی دەوروبەرێک، کە هاوتا بێت، لەگەڵ بارودۆخی مێشکی خوێنەردا."(الهیان، لیلا،١٣٩١: ٣٩-٤٠)، دەتوانین بڵێین نووسەر، یان شاعیر دەتوانێت، بە نووسینی دەقێک، دەوروبەرێک بهێنێتە ئاراوە، هاوکات دەقیش بەهۆی دەوروبەرەوە بەرهەمدێت، ئەمەش دەریدەخات، کە "دەوروبەر و دەق بە تەواوکەری یەکتر دادەنرێن"، (عەلی، تاڵیب حوسێن، ٢٠١٤: ٨٦).

"هەمیشە یەکێک لە پێکهاتەکانی دەوروبەر، لەپێکهاتەکانی دیکە لە پێشترە و دەق زیاتر بەهۆی ئەو لایەنەوە شیدەکرێتەوە." (شریفی، آزادە، ١٣٩٧: ٨٥)، بەهەمانشێوە بۆ خوێندنەوە و نووسینیش، ئەم پێکهاتانەی دەوروبەر، وەک پێویستییەک لێی دەڕوانرێت.

(ڕەوانبێژی) لەچەند بەشێک پێکدێت، کە (ڕوونبێژی، جوانکاری، واتاناسی)ن، دەوروبەر دەبێتە بنەمایەکی گرنگ بۆ شیکردنەوەی ئەو دەقانەی، کە هونەرەکانی ڕەوانبێژی تێدا بەکاردەهێنرێت، هونەری (ڕوونبێژی)ش، وەک بەشێکی گرنگی ڕەوانبێژی، دەوروبەر ڕۆڵێکی سەرەکی تێدا دەبینێت، ئەمیش چەند جۆرێک لەخۆدەگرێت، لەوانە (لێکچواندن، خوازە، درکە...هتد)، بۆنموونە نالی شاعیر دەڵێت:

١٦- هەرچەندە کە ڕووتم بەخوا مائلی ڕووتم
بێ بەرگییە عیللەت کە هەتیو مەیلی هەتاوە

لەم شیعرەدا دەبینین، نالی دووجار وشەی (ڕووت)ی بەکارهێناوە، لە جاری دووەمدا، بە واتای سیمانتیکی بەکارنەهاتووە، بەڵکو لێرەدا دەبێتە خوازە (میتافۆر)، کە گواستنەوەی واتایە، لە واتای باوەوە بۆ واتایەکی نوێ. (دزەیی، عەبدولواحید موشیر، ٢٠١٥: ٨٦- ٨٧)، هەروەها حەمدی شاعیر دەڵێت:

١٧- یەک قسەی ڕاستیش بکە بەڵکو درۆت بۆ سەرگرێ
مەنجەڵێ ژەک قەطرەیێ شیرە دەیکاتە فرۆ

لەم شیعرەدا، لێکچواندنی ناڕاستەوخۆ بنیاتنراوە، کە خوێنەر لە واتای گشتیی دێڕەکەوە هەستی پێدەکات، (محەمەد، محەمەد دلێر و کەریم، فەرهاد قادر، ٢٠١٣: ٢١١)، شاعیر لە نیوەدێڕی یەکەمدا، داوا لە مرۆڤی درۆزن دەکات، کە بۆ ئەوەی کارەکانی سەربگرێت و بڕوای پێبکرێت، ئەگەر بۆ یەکجاریش بێت، قسەیەکی ڕاستبکات، کە بە نیوە دێڕی دووەم چوێنراوە، کە (لەوچووە)ە، بەهۆی دەوروبەری زمانییەوە، دەتوانرێت هەست بە بوونی پەیوەندیی لێکچواندن بکرێت، بە هەمانشێوە، بەهۆی دەوروبەری نازمانی و کلتورییەوە، دەتوانین لە نیوە دێڕی دووەم تێبگەین و بە نیوەدێڕی یەکەمەوە ببیەستینەوە و درک بەوە بکەین، کە (ژەک) و (فرۆ) چین؟، لێرەدا هونەری لێکچوواندن بەکارهاتووە.

یەکێکی دیکە لە هونەرەکانی ڕوونبێژی، (درکە)یە، دەربڕینێکە، کە تێیدا، مەبەست لە واتای بنەڕەتی نییە، بەڵکو بۆ واتایەکی تر بەکاردێت، بەڵام نیشانە و پەیوەندی لە نێوان واتای بنەڕەتی و واتای دووەمدا نییە، ئەمەش هەندێکجار وا لە خوێنەر دەکات، بۆ واتای یەکەمیش بچێت، بەڵام لەهەمانکاتدا، مەبەستەکە واتای دووەمە. (سەرچاوەی پێشوو: ٢١٩) بۆنموونە: دەربڕاوێکی، وەک (بۆنی شیری خاو لەدەمی دێت)، بەهۆی دەوروبەرەوە، لەوە تێدەگەین، کە مەبەستی ئەم دەربڕاوە، (تەمەنێکی بچوک، یان منداڵ)ە، هەروەها دەشێت لە دەوروبەرێکدا بە سیاسییەک بوترێت، بە مەبەستی (کەم ئەزمون)ی بەکاربهێنرێت.

دەوروبەر بەهەردوو جۆری زمانی و نازمانییەوە، کەم تا زۆر، لە شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکاندا بەشدارن، بەتایبەت "دەوروبەری کلتوری، کە لە خوێندنەوە و وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی و بەتایبەتی شیعر، گرنگییەکی زۆری هەیە." (ترکاشوند، فرشید و قائمی، نجمە، ١٣٩٦: ٨٥)، هەر دەقێکیش بەهۆی دەوروبەرێکەوە لەدایکدەبێت، کە زانیاریی دونیایی و ڕۆشنبیری و کلتوریی نووسەری تێدا بەدیدەکرێت، هەندێکجار "بەهۆی بارودۆخێکەوە، وشەیەک دەتوانێت ببێتە دەقێک، وەک وشەی (مەترسی)، لەکاتی ئاگرکەوتنەوەدا." (الهیان، لیلا، ١٣٩١: ٤٧).

کەواتە، دەوروبەر ڕۆڵ و بایەخێکی زۆری هەیە، لە بەرهەمهێنان و شیکردنەوەی دەربڕاوە زمانییەکاندا بەگشتی و دەقە ئەدەبییەکان بەتایبەتی، کە هونەرەکانی ڕەوانبێژی تێیدا بەکاردەهێنرێت و شاعیر یاری بە وشە و دەستەواژەکان دەکات و بەرهەمێکی بە چێژ و سەرنجڕاکێش بەرهەمدەهێنێت.

### ٢/١-٢) دەوروبەر و فەلسەفە

لێکۆڵینەوە لە زمان مێژووییەکی دوورودرێژی هەیە، سەرەتاکەی بۆ لێکۆڵینەوەی زانایانی بوارە جیاوازەکانی، وەک (فەلسەفە، ئاینی، کۆمەڵناسی، مرۆڤناسی، دەروونناسی، ئەدەبی...هتد) دەگەڕێتەوە، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانیش، لە چوارچێوەی ئەو بوارانەدا ئەنجامدراون، واتە زانستێکی سەربەخۆ نەبووە، بەڵکو بە مەبەستی بەرەوپێشچوونی ئەو بوارانە، باس لە زمان و بابەتەکانی زمان کراوە، "پاڵنەری لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکانیش بۆ زمان، بریتی بووە، لە تێگەیشتنێکی باشتر، لە چۆنێتیی کارکردن و تێڕوانینی مێشک بۆ جیهان" (براح، ناریمان، ٢٠١٤: ١١٨). یەکێک لەو بابەتانەی زانستی زمان، کە گرنگییەکی زۆری پێدراوە، بریتی بووە لە (ئاستی واتاسازی)، بەجۆرێک "واتا بە خاڵی بەیەکگەیشتنی بیر و ڕێبازە جۆراوجۆرەکانی، وەک فەلسەفە و دەروونناسی و زانستی زمان دانراوە"، (مختار، احمد، ١٩٩٨: ١٦).

زانایانی بواری فەلسەفە هەر لە سەردەمی یۆنانییەکانەوە لێکۆڵینەوەکانیان لە خزمەتی فەلسەفەدا بووە، گرنگیدان و شیکردنەوەی واتا و دەوروبەریش بەشێک بووە لە قۆناغەکانی گەشەپێدانی لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان، بەوپێیەی، کە ئامانج لە ئاخاوتنەکان تێگەیشتنە لە واتا؛ ئەمەش گرنگیی واتا لە ژیانی مرۆڤایەتیدا دەردەخات، هەر پێکهاتەیەکیش ببێتە هۆی ڕوونکردنەوەی واتا و مەبەستەکان، دەبێتە کەرەستەی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکان، یەکێک لەوپێکهاتانەش، کە ڕۆڵی سەرەکی لە ڕۆنان و ڕەواندنەوەی لێڵی دەربڕاوە زمانییەکاندا دەبینێت، (دەوروبەر)ە، کە لە چوارچێوەی زانستی فەلسەفەدا، بە گرنگییەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە.

فەیلەسوف (ویتگینشتن) لەبارەی دەوروبەرەوە دەڵێت: "دەوروبەر واتای ڕاستیی زیاتری تێدایە، کە هاوکارە لەگەڵ واتا فەرهەنگییەکەی، لە دیاریکردنی واتای گشتی، کە ئاخێوەر مەبەستێتی" (براح، ناریمان، ٢٠١٤: ١١٩)، چونکە هەر یەکەیەکی زمانی واتای فەرهەنگیی خۆی هەیە، بەڵام هەندێکجار دەوروبەر واتایەکی دیکەی پێدەبەخشێت، کە بەهۆی واتا فەرهەنگییەکەوە دەتوانرێت، پەیپێببرێت.

زانایانی بواری فەلسەفە پێیان وایە، کە لە ڕێگەی "پەیوەستکردنەوەی زمان بە واقیعەوە دەتوانرێت درک بە ڕاستی بکرێت" (باطنی، محمد رضا، ١٣٧١: ٢٠)، ئاشکرایە، دەوروبەریش بە شێکە لە واقیع، ڕاستییەکانیش لە ڕێگەی دەوروبەرەوە دەبینرێن.

"دەوروبەر هۆکاری پەیوەستبوونی پەیوەندیی نێوان وشە و بیری مرۆڤە." (ترکاشوند، فرشید و ناگهی، نسرین، ١٣٩٢: ٦٢)، مرۆڤ بەهۆی زمانەوە، بیرەکانی دەخاتە ڕوو، ئەمەش بەسوودوەرگرتن لە دەوروبەر دەبێت، چونکە واتاکان لە دەوروبەردا دروستدەبن.

فەیلەسوفی ئینگلیزی (براتراند راسل) بۆچوونی وایە، کە "وشە بە جۆرێک لە جۆرەکان واتاکەی لێڵییەکی تێدایە، ئەمەش تەنیا لە ڕێگەی بەکارهێنانییەوە ئاشکرا دەکرێت، لەسەرەتادا بەکاردەهێنرێت و پاشان واتاکەی بەدەستدەهێنرێت." (مختار، احمد، ١٩٩٨: ٧٢)، ئەم وشە و دەستەواژانەش لەناو کۆمەڵدا و لە بارودۆخێکدا بەکاردەهێنرێن، هەر ئەم بارودۆخەش لێڵییەکان دەرەوێنێتەوە،

(ویتگینشتن) لەساڵی (١٩٥٣)دا، لە کتێبی (لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان)دا، ئاماژە بەوەدەکات، کە "واتای وشە بریتییە لە بەکارهێنانی لە زماندا" (سەرچاوەی پێشوو: ٧١-٧٢)، واتە دەربڕاوە زمانییەکان بەهۆی بەکارهێنانیان لە دەوروبەردا واتاکەیان ڕووندەبێتەوە.

نەک تەنیا لە زانستی فەلسەفەدا، بەڵکو زانایانی بوارەکانی دیکەش لە لێکدانەوەو شیکردنەوەی بابەتەکانیاندا پێویستییان بە دەوروبەر هەبووە، بە تایبەت بواری کۆمەڵناسی، کە لێکۆڵینەوەکانیان لە زمان بەهۆی پەیوەندیی بەهێزی نێوان زمان و کۆمەڵەوە بووە، کە دواتر بوو بە لقێکی گرنگی زانستی زمانی کارەکی، بەناوی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە، کە "تا ڕادەیەک یارمەتیدەرە لە لێکدانەوەی تەواوی شتە واتادار و کلتوری و کۆمەڵایەتییەکاندا، کە لە دەوروبەر و بەردەستی قسەپێکەرانی زماندان" (ابن رسول، سید محمد رضا و آخرون، ١٣٩٦: ٢٧)؛ ئەمەش گرنگی پێگەی دەوروبەر لە فەلسەفەدا دەردەخات، پەیوەندیی نێوان (زمان و واقیع)یش هۆکاری گرنگیپێدانی بەردەوامی بابەتی دەوروبەرە لەلایەن زانایانی بواری فەلسەفەوە.

## ٢/١-٣) دەوروبەر و قوتابخانە زمانەوانییەکان

هەریەک لە قوتابخانە زمانەوانییەکان بە ڕێژەی جیاواز و جۆر و تایبەتێتیی خۆیان سەرنجی تایبەتی و لێکدانەوەی جیاواز بۆ (واتا) و دەوروبەر پێشنیاز دەکەن. هەر ئەمە بۆ خۆی گرنگی و بەها و بایەخی ئەم لایەنەی زمان لە زانستی زماندا دەنوێنێت. لە دێرزەمانەوە قوتابخانە و ڕێبازی جۆراوجۆر تایبەت بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی زمان و پێکهاتەکانی لەئارادابوون، زۆرێک لەم قوتابخانانەش هەندێک لە کارەکانیان

تایبەت بوون بە ئاستی واتاسازی، (واتا) وەک دانەیەکی گرنگی زمان و ژیانی مرۆڤایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەمیشە جێگای تێڕامانی لێکۆڵەران بووە، یەکێک لەو ئامرازانەش، کە (واتا) تێیدا دەردەکەوێت، (دەوروبەر)ە، بە هۆی گرنگی ئەم بابەتەوە لە زانستی زمان بەگشتی و لە هەندێک لە قوتابخانە زمانەوانییەکاندا بە تایبەت، تەوەری لێکۆڵینەوەکانە و وەک بنەمایەکی سەرەکیی دەرخستنی واتا و مەبەست و بنیادنانی ئاخاوتن لە زانستی زماندا، گرنگییەکی تایبەتی پێدراوە.

## ۲/۱-۳-۱)دەوروبەر و قوتابخانەی بونیادگەری

لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا ئاراستەیەکی دیکەیان وەرگرت، زمان وەک زانستێکی سەربەخۆ چەسپا، کە پێشتر لەلایەن نەتەوە جیاوازەکانی وەک (هیندی، یۆنانی، ڕۆمانی، سریانی...هتد)، لە چوارچێوەی زانستەکانی دیکەدا گرنگیی پێدەدرا. پاش تێپەڕبوونی ئەم قۆناغە چەندین قوتابخانەی زمانەوانی و لێکۆڵینەوەی زانستی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی زماندا ئەنجامدران، ئەم گۆڕانکارییانەش لەسەر دەستی زمانەوانی سویسری (فێردیناند دی سۆسێر) ئەنجامدران، کە بە دامەزرێنەری قوتابخانەی بونیادگەری دادەنرێت، ئەمەش پاش بڵاوبوونەوەی وانەکانی لە دووتوێی کتێبێکدا بە ناونیشانی (کۆرسێک لە زمانەوانیی گشتی)، کە لە چەند بەشێک پێکهاتبوون، لە پاش مردنی لەلایەن خوێندکارەکانییەوە بڵاوکرایەوە و دەنگدانەوەیەکی گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا، کە وەرچەرخانێکی گەورە و شۆڕشێکی لە بواری زمانەوانیدا بەرپاکرد.

یەکێک لە قوتابخانە گرنگەکانی زانستی زمانیش قوتابخانەی بونیادگەرییە، کە "زمانی بە تۆڕێک لە پەیوەندی دادەنا، کە هەموویان پێکەوە سیستەمێک دێننە ئاراوە، ئەم تۆڕە پەیوەندیدارەی بە (فۆڕم) ناودەبرد." (شریفی، آزاده، ۱۳۹۷: ۷۵). (سۆسێر) لە کتێبەکەیدا کۆمەڵێک بابەتی خستۆتەڕوو، کە بە دووانەکانی سۆسێر ناسراون، یەکێک لەم دووانانە پەیوەندیی (ئاسۆی و ستوونی)ن.

"فۆڕم وەرگرتن و گواستنەوەی پەیام و مەبەست لە هەر زمانێکدا لە درێژەی ڕیزبەندی و ڕێکخستنی زنجیرەی وشەکان، بە پێی دوو تەوەرەی "ئاسۆیی" و "ستوونی" بەرجەستە دەبێت، تەوەری ئاسۆیی(هاونشینیی وشەکان)، وەک یەکێک لە گرنگترین بەشەکانی دەوروبەری زمانی ڕۆڵێکی بەرفراوانی هەیە، لە بەخشینی واتای

جۆراوجۆر و نوێ بە دەربڕاوەکان." (مسبوق، سید مهدی و مظفری، رسول فتحی، ١٣٩٦: ٤٨). مەبەست لە پەیوەندیی ئاسۆیی، پەیوەندیی سینتاکسیی نێوان دانە زمانییەکانی ڕستەیە، کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی نێوان دانە زمانییەکان دەخاتەڕوو، بەجۆرێک یەکێک لە دانە زمانییەکان دەتوانێت، بڕیار بدات، چ دانەیەکی زمانی لەگەڵدا بێت، ئەمەش گرنگیی دەوروبەری زمانی لای (سۆسێر) دەردەخات. لەمڕوانگەیەوە، دەتوانرێت بوترێت، هاونشینیی یان پەیوەندیی ئاسۆی، پەیوەندیی دانەیەکی زمانییە، لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی پێش و پاش خۆی، بۆنموونە، هەندێکجار جۆرێک لە کردارەکان، تەنیا یەک بکەری لەگەڵدا بەکاردێت، تەنیا بۆ مرۆڤ، یان بۆ ئاژەڵ، یان بۆ مردوو، یان بۆ زیندوو بەکاردێت، کاتێک بێجگە لەم بکەرە، بکەرێکی دیکەی پێچەوانەی لەگەڵدا بێت، واتایەکی خوازەیی وەردەگرێت، کە دەوروربەر دیاریدەکات، بۆ نموونە، ناوی کرداریی (وەڕین)، لەگەڵ (سەگ)دا، بەکاردێت، بەڵام هەندێکجار، لەگەڵ مرۆڤیشدا دێت، ئەمەش واتایەکی دیکەی پێدەدات.

بە بۆچوونی (سۆسێر) "زمان گروپێکی ڕێکخراوە، لە پەیوەندیی نێوانە دانە زمانییەکان." (براح، ناریمان، ٢٠١٤: ٩٣)، ئەمەش گرنگیی دەوروبەر دەردەخات. لەم قوتابخانە زمانەوانییەدا نەک تەنیا گرنگی بە دەوروبەری زمانی دراوە، بەڵکو ڕۆڵ و بایەخی دەوروبەری نازمانیش خراوەتە ڕوو، بەڵام بەشێوەیەکی چڕ و زانستی، تیشک نەخراوەتە سەر هەموو لایەنەکانی، بەبۆچوونی (سۆسێر)، "چەمکی دەوروبەر بە تەنیا لەسەر وشەکان جێبەجێناکرێت، بەڵکو لە کۆمەڵێک لە وشەی هەڵبژێردراو و بەشەکانی ڕستە و ڕستەی تەواویشدا هەیە" (سەرچاوەی پێشوو: ٩٤)

پەیوەست بە هێما و هێمابۆکراو ئاشکرایە، بەدرێژایی مێژوو لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجامدراوە، بە بۆچوونی (سۆسێر)، هێمابۆکراو واتا و مەبەست دەگرێتەوە، بەڵام هێما تەنیا وێنەی دەنگی ناگرێتەوە، بەڵکو بڕوای وایە، کە "هەموو یەکەیەکی زمانیی جووت قەوارەیە، واتە هەردووکیان لەخۆدەگرێت، کە بریتین لە بیرۆکە و وێنەی دەنگی لە بازنەی ئاخاوتندا، هەردووکیان لە مێشکی مرۆڤدا یەکدەگرن" (محەمەد، دارا حەمید، ٢٠١٣: ٥٨). گۆڕانکاری لە دەنگەکانی یەکە زمانییەکاندا بە هێمایەکی نوێ ناوی دەبات، کە دەبێتە هۆی بونیادنانی هێمایەکی نوێ بە واتای نوێوە، ئەمەش دەوروبەری فۆنۆلۆژییە، کە گۆڕانی دەنگەکان لەسەر گۆڕانی واتا و ڕۆنانی جیاواز کاریگەرن. بەهەمانشێوە، بەهای وشەکانی بە وشەکانی دیکەی دەربڕاوەکانەوە بەستۆتەوە، کە لە ڕێگەی

ئەوانەوە واتا و ڕۆنانەکەشی دەدۆزرێتەوە، هەندێکجار بە گۆڕینی وشەکانی دەوروبەری مەبەست و واتاش دەگۆڕێت، پێویستە سەرنج بخرێتە سەر پێکهاتەکانی دیکەی دەوروبەر، تا واتا و مەبەستی دەربڕاوەکە دەردەکەوێت. ئاخاوتنیش لەم قوتابخانەیەدا بابەتێکی سەرەکییە، (سۆسێر) لە وانەکانیدا بۆچوونی وایە، "ئاخاوتن بەپێی ئەو هەڵوێستەیە، کە بەکارهێنەری زمانی تێدایە، دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەڵوێستەکەوە" (محەمەد، دارا حەمید، ٢٠١٣: ٤١)، مەبەست لە هەڵوێستی بەکارهێنەری زمانیش جۆرەکانی دەوروبەری قسەکەرە، کە ئاخاوتنەکە بەرهەمدەهێنن، بەمپێیە، ئاخاوتن لەژێر دەسەڵاتی قسەکەردایە و ئازادە لە هەڵبژاردنی وشەکاندا، کە لەناو کۆمەڵدا لە کات و شوێنی دیاریکراودا بەکاریدەهێنێت، کە هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەکانیش لەبەرانبەر ڕووداوێک، یان بابەتێکدا، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، ئەمەش بەهۆی جیاوازیی دەوروبەرەوەیە.

تیۆری بونیادگەری لە پاش (سۆسێر)، لەقۆناغێکی دیکەدا لە لایەن زمانەوانی ئەمریکی (بلۆمفێڵد) گەشەی زیاتری پێدرا، لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر بنەمای ژینگە و دەوروبەر ئەنجامدەدا، (بلۆمفێڵد)، "ڕۆڵی ژینگە و دەوروبەر بە بنەمایەکی هەرەگرنگی تواناکانی مرۆڤ دادەنێت لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بە توانای بەکارهێنانی زمانیشەوە." (سەرچاوەی پێشوو: ٦٤)، ئەو هەڵوێست و بارودۆخەی، کە قسەکەر و گوێگر گفتوگۆی تێدا ئەنجامدەدەن، واتا بە گفتوگۆکان دەبەخشن، هەر لەبەرئەمەشە، کە دەوروبەری ئاخاوتن کاریگەریی لەسەر واتای ئاخاوتنەکە دەبێت، (بلۆمفێڵد) لە لێکۆڵینەوەکانیدا پشت بە دەروونناسیی ڕەوشتی دەبەستێت، بەپێچەوانەی (سۆسێر)ەوە، کە پشتی بە زانستی کۆمەڵناسی دەبەست.

لە خستنەڕووی ئاستی قووڵ و ڕووکەشدا (سۆسێر) بە یاری شەترەنج دەیچوێنێت، کاتێک یەکێک لەپارچەکانی بۆ مادەیەکی تر بگۆڕێت، یارییەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر شوێنی یەکێک لە پارچەکان بگۆڕێت، نابێت، چونکە هەر پارچەیەک ئەرک و شوێنی خۆی هەیە. لەناو ڕستە و دەربڕاوە زمانییەکانیشدا، هەر وشەیەک ئەرکی خۆی هەیە، لێرەدا بەهای وشەکان پەیوەست بە وشەکانی دیکەوە، دەردەکەوێت. (براخ، ناریمان، ٢٠١٤: ٩٢- ٩٣). ئەم ڕێبازە، لە خستنەڕووی هەموو جۆرەکانی دەوروبەردا سەرکەوتوو نەبووە.

## ٢/١-٣-٢)دەوروبەر و قوتابخانەی ئەرکی

ئەم قوتابخانەیە بەشێوەیەکی جیاواز لە قوتابخانەکانی دیکە، گرنگی بە ئەرکی زمان لەکاتی بەکارهێنانی لەناو کۆمەڵدا داوە، واتە لە ڕوانگەی ئەرکییەوە شیکردنەوەی بۆ زمان کردووە، تیۆرێکی گرنگی بواری زمانەوانییە، "لە ساڵی (١٩٨٥)دا، بە بڵاوکردنەوەی کتێبێک بە ناونیشانی (پێشەکییەک بۆ ڕێزمانی ئەرکی)، لە لایەن (مایکل هالیدای)یەوە خرایەڕوو" (ایشانی، طاهره و برزگری، زینب، ١٣٩٨: ٩٨)، کە لەڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە شیکردنەوە بۆ زمان دەکات، سەرەتا و دەستپێکی تیۆرەکە بۆ قوتابخانەی زمانەوانیی پراگ دەگەڕێتەوە، کە لەسەر دەستی چەند زانایەک سەریهەڵدا، پاشان ئەم قوتابخانەیە وەک کاردانەوەیەک لەبەرانبەر قوتابخانەی بەرهەمهێنانی (چۆمسکی)دا گەشەی پێدرا، لەبەرئەوەی (چۆمسکی) دەوروبەری پەراوێزخستبوو.

دەوروبەر چەمکێکی گرنگ و کلیلی قوتابخانەی ئەرکییە، بنەمای سەرەکیی ئەم قوتابخانەیە ئەرکی زمانە لە دەوروبەردا، کە دەبێتە هۆی ڕوونکردنەوەی واتا. "لە قوتابخانەی ئەرکیدا زمان وەک ئامرازێکە بۆ گواستنەوەی واتا و ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا." (صالحی، فاطمه و شاملی، نصرالله، ١٣٩٦: ٧١)

تیۆری ئەرکی لەبەرئەوەی جەخت لەسەر کۆمەڵایەتیبوونی زمان و ئەرکی یەکە زمانییەکان دەکاتەوە، لەم ڕووەوە (هالیدای)، کە زمانەوانێکی دیاری ئەم ڕێبازەیە، دەڵێت، "ئەرکی زمان شتێکی دابڕاو نییە لە خودی پەیڕەوی زمان-پەیڕەوی ڕێزمانی هەر زمانێک پەیوەستە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەو ئەرکەی کە ڕستەکان، لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا دەیبینن." (فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨: ١٣)

یەکێک لە تیۆرە سەرەکییەکانی قوتابخانەی ئەرکی (ڕیزمانی ئەرکی سیستماتیکە SFG)ە، کە لە ساڵانی شەستەکاندا لەلایەن (هالیدای)یەوە دانرا، بە پێی ئەم قوتابخانەیە (ڕێزمانی هەر زمانێک لە پۆلێک شیان پێکدێت، هەر شیانێک بە وشەی فەرهەنگی گونجاو پڕدەکرێتەوە، لە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتیی تایبەتدا بەکاردێت، بە گۆڕانی بارودۆخەکە خودی شیان و وشە فەرهەنگییەکان و ئەو ئەرکەش، کە دەیبینێت دەگۆڕێت.) (محمدامین، هاژە چیچۆ، ٢٠١٥: ٤١-٤٢)، واتە قسەکەر بەپێی بارودۆخ و دەوروبەر و ئەرکی زمان قاڵبی ڕێزمانی گونجاو بە وشەی فەرهەنگی گونجاو، کە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بگونجێن پڕدەکاتەوە، کە دەشێت لەگەڵ گۆڕانی دەوروبەردا، قاڵبی ڕێزمانی و وشەی فەرهەنگیی جیاوازیش هەڵبژێردرێت، ئەمەش بە مەبەستی دروستکردنی واتا بۆ ئەرکی پەیوەندیکردن، ئەم قاڵبە ڕێزمانییانەش سنووردارن، بەڵام

وشه فەرهەنگییەکان سنووردار نین، بەڵکو بەردەوام لە گەشەکردن و فراوانبووندان، ئەم قوتابخانەیە زمان و ئەرکەکانی بە دەوروبەرەوە پەیوەست دەکاتەوە، بەهۆی ئەرکی زمانەوە و بەکارهێنانی لە دەوروبەردا و لەئەنجامی ڕیزکردنی دانە زمانییەکان، پێڕەوی زمان دیاریدەکرێت، زانایانی ئەم تیۆرە جەخت لەسەر ئەرکی کۆمەڵایەتیی زمان و گەیاندنی زانیاری لە ڕێگەی ئاخاوتن و لەناو دەوروبەرو بارودۆخە جیاوازەکاندا دەکاتەوە؛ "دانە زمانییەکان بە لەبەرچاوگرتنی (دەوروبەری زمانی و نازمانی) شیدەکەنەوە، نەک بەشێوەیەکی سەربەخۆ و لە دەرەوەی دەوروبەردا"(ایشانی، طاهره و برزگری، زینب، ۱۳۹۸: ۱۰۱)

(جاکۆبسن) چەند ڕەگەزێکی بۆ ئاخاوتن دیاریکردووە، یەکێک لەوانە (دەوروبەر)ە، کە تایبەتە بەشیکردنەوەی دیوی دووەمی دەربڕاوە زمانییەکان، کە لە ڕێگەیەوە پەیامەکانی ئاخێوەر بە گوێگر، یان خوێنەر دەگات، لە ڕێگەی کۆدەکانی ئاخاوتنەوە شیدەکرێنەوە و مەبەستەکان بە دروستی دەگەن، ئەم قوتابخانەیە ڕۆنانە جیاوازەکان، کە بۆ بابەتێک، یان مەبەستێک دەربڕاون، بە هاوواتایان دانانێت، بەڵکو پێی وایە، هەریەک لە ڕۆنانەکان زادەی دەوروبەر و بارودۆخ و لایەنی دەروونی ئاخێوەرانە و جیاوازن لەیەکتر.

قوتابخانەی ئەرکی تەنیا گرنگیی بە ئەرکی کۆمەڵایەتیی زمان نەداوە، بەڵکو ئەرکی ناوەوەی زمانیشیان خستۆتە ڕوو، کە مەبەست لێی، پەیوەندیی دانە زمانییەکانن، وەک لایەنی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی، ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی دەوروبەری زمانییەوە، هاوکات ئەم قوتابخانەیە بۆ یەکەمجار لەبارەی شیکردنەوەی دەق دواوە، پەیوەستبوونی ڕستەکانی دەق بەیەکترەوە، ئەرکی هەر ڕستەیەک لە پێکهاتن و ڕۆنانی گشتیی دەقدا شیکراونەتەوە.

(هاڵیدای)، کە بە ڕابەری قوتابخانەی ئەرکی دادەنرێت، بیرۆکەی هاوڕێیەتی خستۆتەڕوو، کە "واتای وشە لە ڕێگای بیرۆکەی هاوڕێیەتی (التساوق) شیدەکاتەوە، بەلایەوە هاوڕێیەتی ئەو واتایەیە کە لە ئەنجامی هاوڕێیەتی وشەیەک لەگەڵ وشەی تردا دێتە کایەوە" (فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵڵا، ٢٠١٤ : ٤٩٢)، کە لە ڕێگەی فۆنێم و مۆرفێم و وشە و دەستەواژەکانی پێش و دوای دەربڕاوەکانەوە، واتای وشەکان ڕووندەبنەوە.

بە بۆچوونی (فێرث) بیرۆکەی هاوڕێیەتی، "تەنیا بەشێک لە واتای وشە لەخۆ دەگرێت" (پالمر، فرانک.ر، ١٤٠٠: ١٦١)، زۆرجار واتای تەواوی دەربڕاوەکان لە ڕێگەی

دەوروبەری نازمانییەوە بەدەستدەهێنرێن، بەتایبەتی وشە فرەواتا و هاوبێژەکان؛ هەروەها بیرۆکەی هاوڕێیەتی لە دەوروبەر جیادەکاتەوە، پێی وایە، دەوروبەر لە هاوڕێیەتیی وشەیەک لەگەڵ وشەکانی پێش، یان پاش خۆی فراوانترە، کە مەبەست لەمەش دەوروبەری زمانییە، واتە دەوروبەری زمانی و نازمانی لەیەکتر جیاکردۆتەوە. چەمکی (هاوڕێیەتی) بۆ دەوروبەری زمانی و چەمکی (دەوروبەر)یشی، بۆ دەوروبەری نازمانی بەکارهێناوە.

(هاڵیدای) ئەم ڕاستییە دووپاتدەکاتەوە و دەڵێت، "ئەوەی کە بارودۆخی زانیاری دیاریدەکات بونیاد و پێکهاتەی گوتنەکە نییە، بەڵکو قسەکەرە" (عەلی، تاڵیب حوسێن، ٢٠٢٠: ١٩١)، واتە بارودۆخی قسەکەر چۆنێتیی خستنەڕووی زانیارییەکان دەردەخات و لە ئەنجامدا ڕۆنانی جیاواز دێنێتە ئاراوە. بەهەمانشێوە، بیرۆکەی دەوروبەر لە شیکردنەوەی دەقدا یەکێکی دیکەیە لەکارەکانی ئەم قوتابخانە، کە بریتییە لە، (بابەت، پلە و پایە و ڕۆڵی بەشداربووان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، شێوازی بەکارهێنانی زمان، کە کاریگەریی دەخاتە سەر هەڵبژاردنی یەکە زمانییەکان لەکاتی دەربڕین، یان نووسیندا. (سەرچاوەی پێشوو: ٢٠٠).

(هاڵیدای) باوەڕی وایە، کە "پێکهاتەی زمان پەیوەندییەکی بەرانبەری و نزیکی لەگەڵ بەکارهێناندا هەیە، لە قوتابخانەی ئەرکیدا زمان وەک هۆکارێک بۆ گواستنەوەی واتا و دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا وێناکراوە" (صالحی، فاطمە و شاملی، نصرالله، ١٣٩٦: ٧١)، کۆمەڵگە و دەوروبەریش بەیەکەوە پەیوەستن، چونکە هەمووجۆرەکانی دەوروبەر لەناو کۆمەڵدایە، (هاڵیدای) هەوڵیداوە، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکانییەوە لەبواری ڕێزمان و ئاستی ڕووکەش زیاتر بڕوات، کە پەیبردن بووە بە چەمکی دەربڕاوەکان و لەبەرچاوگرتنی دەوروبەر بەهەموو جۆرەکانییەوە.

## ٢/١-٣-٣) دەوروبەر و قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە

لەم قوتابخانەیەدا سەرنجی ئاوەزیی تایبەت بە سەرجەم بوارەکانی زمان و زانستی زمان، بەشێوازی کەمینە و لەسەرەتادا بەجۆرێکی فەرامۆشکراو سەرنجەکانی خۆیان دەربارەی سیمانتیک و سروشت و تایبەتێتی و پێگەی ئەم بوارەی زمان، دەخستەڕوو. ئەم قوتابخانەیە لە کۆمەڵێک تیۆر و وەچە تیۆری پێکدێت، کە لە ساڵانی پەنجاکاندا لەلایەن زمانەوانی ئەمریکی (نەوام چۆمسکی) خرانەڕوو، چۆمسکی و

پەیڕەوکەرانی "(واتای فەرهەنگی/واتای سیمانتیکی) و (واتای نافەرهەنگی/واتای پراگماتیکی) لەیەکتر جیادەکەنەوە". (قادر، کاروان عومەر، ٢٠١٧: ٤٢١)، بەمشێوەیە واتایان لە دەروربەر جیاکردۆتەوە، کە ئەمەش دواتر بوو بە جێگای ڕەخنەی قوتابخانەکانی دیکە، هۆکارێک بوو بۆ سەرهەڵدانی قوتابخانەی درکپێکردن، کە گرنگییەکی تایبەت بە واتا دەدات و بە بەکارهێنانەوە دەیبەستێتەوە.

(چۆمسکی) زمان بەدیاردەیەکی ئاوەزیی دادەنێت، بەڵام (فێرث)، بەپێچەوانەی چۆمسکییەوە، پێی وایە، کە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، بۆ جێبەجێکردنی پێویستی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێت.

(چۆمسکی) لە ساڵی (١٩٥٧)دا دوای ئەوەی، کە ڕێزمانی بەرهەمهێنانی خستە ڕوو، کە لێکدانەوە و شیکردنەوەی ڕستە بوو، پێی وابوو، پێویستە لایەنی ڕێزمان لە واتا جیابێت، لەبەرئەوە لە بەرهەمەکەیدا، هیچ ئاماژەیەکی بە سیمانتیک نەدابوو. لە ئەنجامی ئەم پەراوێزخستنەی واتادا، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ڕەخنە بوویەوە. "(چۆمسکی) لقەکانی زانستی زمان و بەتایبەتی واتای بە سەربەخۆ دادەنا، بەڵام قوتابخانەی درکپێکردن بڕوایان بەم جیاکردنەوەیە نەبوو، سەرەڕای ئەوەی، کە چۆمسکی لەو یەکەمین کەسانەبوو، کە گرنگیی بە واتا داوە، بەڵام لە هەمانکاتدا گرنگیی زیاتری بە سینتاکس دەدا وەک لە واتا، بڕوای وابوو، کە شیکردنەوە زمانییەکان، دەتوانرێت تەنیا بە سینتاکس ئەنجامبدرێن" (پهلوان نژاد، محمد رضا و قونسولی، لیلا عرفیان، ١٣٨٩ : ٤٩٠).

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی دوو خوێندکاری چۆمسکی(کاتز و فۆدەر)ەوە، تیۆرییەکی دیکە هاتە ئاراوە، کە تیۆری (سیمانتیکی لێکدەرەوەیی) بوو.

ئەم تیۆرە هۆکارێک بوو بۆ گەشەکردن و پێداچوونەوە بە قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدا، کە واتایان لە لێکدانەوەی دارشتە سینتاکسییەکاندا پەراوێز خستبوو. (چۆمسکی) بۆچوونی وابوو، کە "ڕستە کاتێک دەبێتە کەرەستەی لێکۆڵینەوە، کە لە دەوروبەر داببڕێت، چونکە بەستنەوەی وشە، یان ڕستە بە دەوروبەرەوە، چەندین واتای جیاوازی لێدەکەوێتەوە، کە لە فەرهەنگدا نییانە، یان فەرهەنگی نین." (عەلی، بەکر عومەر و حسەین، ئازاد ئەحمەد، ٢٠١٣: ٣٨)

ئەم قوتابخانەیە تەنیا باوەڕی بە واتای فەرهەنگیی وشەکان هەبوو، پێی وابوو سەرجەم واتای یەکە و مۆرفێم و وشەکان، هەموویان لە فەرهەنگدا تۆمارکراون و هەرچییەک لە دەرەوەی ئەم جۆرە واتایەوە بێت، بە واتای نازمانی لە قەڵەمدەدرێت، ئەمەیش لە دەرەوەی پێڕەوی قوتابخانەی بەرهەمهێنانە. هەروەها "کارکردنیان زیاتر لە

سەر واتای وشە و دروستەی وشە و ئەو چێوە دروستەییەی وشەی تێدا بەکاردێت (واتە سینتاکس)بوو". (قادر، کاروان عومەر، ٢٠١٧: ٤٢١). بەمشێوەیە سەرجەم تیۆرەکانی ئەم قوتابخانەیە لە خزمەتی لێکدانەوەی واتای زمانی یان فەرهەنگییدا بووە.

لەم قوتابخانەیەدا گرنگیی سەرەکی بە سینتاکس دراوە، چۆمسکی پێی وایە، بنەمای لێکۆڵینەوەکان پێویستە، سینتاکس بێت، هەروەها نموونەکانیش نابێت، لە کۆمەڵەوە وەربگیرێن، بەڵکو پێویستە ستانداردبن و لە کەسێکی نموونەیی وەربگیرێن، لە هەڵەی ڕێزمانی دووربن، بەمشێوەیە، "چۆمسکی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی، دورخستۆتەوە لە (دەوروبەری بارودۆخیی "Situational context")، واتە بەکارهێنانی ڕاستەقینەی زمانیی لە شیکردنەوەی لێکۆڵینەوەکانیدا لەبەرچاونەگرتووە." (قادر، کاروان عومەر، ٢٠١٢: ٨٣).

"مانەوە لە ئاستی ڕووکەشدا و بێتوانایی لە ڕوونکردنەوەی واتادا، دوو گرفتی بنەڕەتیی قوتابخانەی بونیادگەری و بەرهەمهێنان بوون"، (شریفی، آزاده، ١٣٩٧: ٧٥)، ئەمەش هۆکاربوو بۆ بەردەوامی لێکۆڵینەوەکان لەم بوارەدا و سەرهەڵدانی قوتابخانەی زمانەوانی دیکە، بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی، کە ئەم قوتابخانانە نەیانتوانی، چارەسەریان بکەن.

## ٢/١-٣-٤) دەوروبەر و قوتابخانەی درکپێکردن

درکپێکردن قوتابخانەیەکی زمانەوانیی نوێیە، "پەیوەندی نێوان زمانی مرۆڤ، مێشک و ئەزمونە جەستەیی و کۆمەڵایەتییەکان" دەخاتەڕوو. (غەریب، نالی ئەدهەم، ٢٠١٦: ٦)؛ کە لە ئەنجامی ئەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی قوتابخانەی بەرهەمهێنانی چۆمسکی بووەوە، بونیادنرا، بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشە زمانەوانییانەی، کە قوتابخانەکانی پێشتر نەیانتوانیوە چارەسەریان بکەن. لە زانستی زمانی درکپێکردندا بەشێوەی فراوانتر سەیری واتا دەکرێت، واتای وشە بە بەشێکی واتای چەمکەکە دادەنێن.

لەهەردوو قوتابخانەی ئەرکی و درکپێکردندا گرنگی و بایەخی زۆر بە دەوروبەر دراوە، زمانەوانانی ئەم دوو قوتابخانەیە "لێکدانەوەی واتا بە بێ لەبەچاوگرتنی ئەو دەوروبەرەی، کە ئاخاوتنی تێدا ئەنجامدەدرێت، بە مەحاڵ دادەنێن" (الهیان، لیلا، ١٣٩١ : ٣٧).

یەکێک لە تیۆرە گرنگەکانی زانستی زمانی درکپێکردن، کە لەلایەن (Michal Tomasello)، خراوەتە ڕوو، تیۆری (بنەمایی بەکارهێنان)ە، ئەمەش گرنگیی دەوروبەر لەم قوتابخانەیەدا دەردەخات، کە خاڵی بنەڕەتیی ئەم تیۆرە، بریتییە لە "کۆزانیاری زمانی"، کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی زمانەوە دێتە کایەوە، لەبەرئەوەی توانای بەکارهێنانی زمان لەژێر کاریگەریی هۆکارە دەرەکییەکانی، وەک (هیلاکی، نەخۆشی...هتد)دایە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ئیبراهیم، شیلان ڕەحیم، ٢٠١٩: ٨٨).

"بەپێی سیمانتیکی درککردن، هەریەک لە کۆزانیاریی دەربارەی واتای وشەکان و کۆزانیاریی دەربارەی چۆنێتی بەکارهێنانی وشەکان لە جۆرەکانی کۆزانیاری سیمانتیکین"، (ئەحمەد، تریفە عومەر، ٢٠١٣: ٣٧-٣٨)، واتە هەردوو واتای سیمانتیکی و واتای دەوروبەری جیانەکراونەتەوە. بەپێچەوانەوە (چۆمسکی)، کە ئەم دوو واتایەی جیاکردۆتەوە و تەنها گرنگیی بە واتای سیمانتیکی داوە؛ بەڵام "بە پێچەوانەوە زانستی زمانی درکپێکردن جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە واتای سیمانتیکی و واتای پڕاگماتیکی، هەردووکیان واتای سیمانتیکین، چونکە واتای زمانی (سیمانتیک)، نواندنی ئەبستراکتانەی واتای نازمانیە (پراگماتیک)". (قادر، کاروان عومەر و ئیبراهیم، شیلان ڕەحیم،٢٠١٩ :٢٨). واتە بە بۆچوونی قوتابخانەی درکپێکردن مرۆڤ پێویستە لە دەوروبەر ئەزمونی واتا نازمانییەکان بکات، دواتر واتا فەرهەنگییەکە، کە بە بۆچوونی (مالینۆفسکی)، (تەواوی واتای وشەکان لەڕێگەی ئەزمونکردنی لە واقیعدا سەرچاوە دەگرێت)، (هلیدی، مایكل و حسن، رقيه، ١٣٩٣: ٤٢)، لە مێشکدا فۆڕم وەردەگرێت، بەمپێیە واتای نازمانی، بنەمای واتای زمانییە.

## ٣/١) چەشنەکانی دەوروبەر

گرنگی و بایەخی دەوروبەر لە زانستی زماندا بەگشتی و لە ئاستی واتاسازیدا بەتایبەتی، هۆکارێک بووە، بۆ گرنگی پێدان و گەشەپێدانی بەردەوامی ئەم بابەتە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکانەوە، بە بۆچوونی (فێرث) "دەوروبەر بەشێکە لە پێکهاتەکانی زمان"، (محەمەد، ئاوات ئەحمەد، ٢٠٠٩: ٢٧)، واتە یەکە زمانییەکان و واتا و مەبەست و ڕۆنانەکانیان، لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا ڕووندەبنەوە، بەم پێیەش ناتوانرێت لە زمان جیابکرێنەوە، واتە "دەوروبەر ئەو چەمکەیە، کە ڕابەرایەتیی پرۆسەی بونیادنانی واتا دەکات." (Requejo M.D.P, 2007: 177)

له ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانەوە دابەشکاریی جۆراوجۆر بۆ دەوروبەر کراون، هەندێک له زانایان دووجۆر دەوروبەریان دیاریکردووە، ئەوانیش زمانی و نازمانین، هەندێکی دیکەیان دەوروبەری (زمانی، بارودۆخ، کلتوری و سۆزداری)یان، دیاریکردووە.

(فێرث) وەک دامەزرێنەری تیۆری دەوروبەر، ئاماژەی بە (دەوروبەری زمانی، دەوروبەری بار) کردووە، هەروەها "بەپێی کاریگەربوونی (هالیدای) بە (فێرث)، جۆری دابەشکردنی دەوروبەر لای هەردووکیان هەمان دابەشکردنە." (سدیق، شێرزاد سەعید، ٢٠٠٨: ٣٦)، بەڵام بەگشتی دووجۆر دەوروبەر لە زانستی زماندا خراونەتە ڕوو، کە بەپێی زۆرێک لە لێکدانەوە زمانییەکان، دیارترین و بڵاوترینیانن، ئەوانیش: دەوروبەری (زمانی، نازمانی)ن:

## ٣/١-١) دەوروبەری زمانی

جۆرێکی گرنگیی دەوروبەرە، لە خستنە ڕووی واتا و مەبەستی سەرەکیی دەربڕاوەکاندا، ڕۆڵ و بایەخێکی زۆری هەیە، ئەمەیش بەو هۆکارەی "ئەو واتایەی، کە بە فلتەری دەوروبەردا تێدەپەڕێت، واتایەکی وردە."، (مسبوق، سید مهدی و مظفری، رسول فتحی، ١٣٩٦: ٢٨)، دەوروبەری زمانیش، وەک جۆرێکی دەوروبەر، تایبەتە بە ناوەوەی زمان، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی وشە و دەستەواژەکانی دەوروبەری دەربڕاوە زمانییەکان، یان چەند ڕستەیەکی پێش و دوای ڕستە، یان دەستەواژەی مەبەست، لەناو دەقەکەدا.

بەمپێیە، دەوربەری زمانی، "بە یاسا و ڕێسای زمان و وشە و ڕیزبەندییە جیاوازەکانەوە پابەندە"، (موعین، سازان ڕەزا، ٢٠٠٥: ٧٢)، واتە چۆنێتیی ڕیزبوونی یەکە زمانییەکان، لەناو دەربڕاوەکاندا (نووسراو، یان گوتراوبن)، پەیوەندیی نێوان ئەم یەکە زمانییانە و گونجانیان، لەگەڵ یەکدا، دەبن بە دەوروبەری زمانی بۆ دەربڕاوێک، کە گۆڕینی شوێنی هەرکام لەم پێکهاتانە، واتا و مەبەستی دەربڕاوەکە دەگۆڕێت، واتە "دەوروبەری زمانی دوورە لە دەوروبەری گوتنەکە، تەنها ئاماژە بە ناوەوەی زمان دەکات" (ئەورەحمان، ئالان محەمەد، ٢٠١٥: ٥٤)، هاوکات ڕۆنانە جیاوازەکانیش لێکەوتەی دەوروبەرە جیاوازەکانە.

دەوروبەری زمانی (بەکارهێنانی فۆنێم و مۆرفێم و وشە و فرێزە لەناو ڕستەدا، بە هاوڕێیەتی لەگەڵ وشەکانی دیکەدا، بەمشێوەیە هەندێکجار ئەو واتایەی، کە لە دەوروبەری زمانیدا بەدەستدەهێنرێت، لە واتای فەرهەنگیی وشەکان جیاوازە، واتاکەی

بۆ واتایەکی دیکە دەگۆڕێت)، (ابن رسول، سید محمد رضا و آخرون.. ، ١٣٩٦: ٢٦)، مەبەست لە (واتای فەرهەنگی)یش، ئەوانەن، کە لەناو فەرهەنگی زماندا تۆمارکراون، بەڵام واتای دەوروبەر دەوروبەرە جیاوازەکان بە دەربڕاوە زمانییەکانی دەبەخشن.

(جۆن لاینز) دەربارەی دەوروبەری زمانی دەڵێت: "واتای وشە لە ئەنجامی پەیوەندیی وشەیەک لەگەڵ وشەیەکی دیکەدا هاوڕێ لەگەڵ واتا فەرهەنگییەکەیدا بەدەستدێت." (ترکاشوند، فرشید و ناگهی، نسرین، ١٣٩٢: ٦٤)، لەبەرئەوەی هەندێکجار واتای دەوروبەر هەمان واتای فەرهەنگییە، یان هەردوو پێکەوە پەیامەکان دەگەیەنن، هەندێکجاریش واتای دەوروبەر لە واتای فەرهەنگی وشەکان جیاوازە.

دەوروبەری زمانی بەڕادەیەکی فراوان بە دەقەوە پەیوەستە، چونکە شیکردنەوەی ناوەوەی زمانە، "هەر بەشێک لە دەق، کە لە پێشەوە دێت، دەوروبەرێک بەرهەمدەهێنێت، بۆ ئەوەی کە لە دوایەوە دێت." (هلیدی، مایکل و حسن، رقیه، ١٣٩٣: ١٢٨)، بۆنموونە ئەگەر سەرنجبدەین، زۆرجار کێشەی فێرخواز لە زانکۆدا، لەکاتی نووسینی ڕاپۆرت، یان توێژینەوەی قۆناغی چوارەمدا، بریتییە لە شارەزانەبوون لە چۆنێتیی بەرهەمهێنانی دەوروبەرێکی زمانی گشتی بۆ توێژینەوە، یان ڕاپۆرت؛ لەئەنجامدا دەبینرێت، کە ڕستە و پەرەگرافەکانی نووسینەکە پێکەوە پەیوەستنەکراون، وشە و ڕستەکان بە جوانی تێهەڵکێش نین، ئەمەش نرخ و بەهای نووسینەکە کەمدەکاتەوە، ئاڵۆزی و تێنەگەشتن دێنێتەئاراوە، دەبینین دەوروبەری زمانی "پەیوەندیی نێوان وشە و فرێز و ڕستە و تەنانەت پەرەگرفیش" دەگرێتەوە. (Song, Lichao, 2010: 876)

پەیوەندییە واتاییەکان و دەوروبەر بە توندی بەیەکەوە بەستراون، بەوپێیەی پەیوەندییە واتاییەکانی وەک (هاوواتا، فرەواتا، دژواتا...هتد)، هەندێکجار لە ڕستە و دەستەواژەکاندا دەبنە هۆی دروستبوونی لێڵی، کە دەتوانرێت بەهۆی دەوروبەری زمانییەوە، چارەسەربکرێن و لێڵییەکەیان برەوێتەوە، بۆ نموونە دیاردەیەکی وەک (فرەواتایی وشە) لەناو ڕستەدا. دەکرێت یەک وشە، چەندین واتای جیاواز بگەیەنێت، کە ئەمەش زۆرجار بەهۆی وشە و دەستەواژە و ڕستەکانی پێش و دوای خۆی دیاریدەکرێت.

"قسەکەر بۆ لێکدانەوەی مەبەستی ڕستە دەربڕاوەکان پەنادەباتە بەر دەوروبەری زمانەوانی و لەڕێی پرۆسە ڕێزمانییەکانی (فۆنۆلۆژی- مۆرفۆلۆژی- سینتاکس- سیمانتیک)ەوە جفرە هاوبەشەکانی نێوان قسەکەر و گوێگر لێکدەدرێتەوە" (مەحموود،

ئاڤێستا کەمال، ٢٠٠٦: ٢٩)، لەمرِوانگەیەوە، دەوروبەری زمانیش دابەشکراوە بۆ چەند جۆرێک:

## ١-١-٣/١) دەوروبەری فۆنۆلۆژی

بریتییە لە پێکەوەهاتنی فۆنێمەکان لە چوارچێوەی برِگە و وشەدا، فۆنێم، کە یەکەی ئاستی فۆنۆلۆژییە، بەتەنیا واتا نابەخشێت، بەڵکو لە ناو مۆرفێم و وشەکاندا رِۆڵ و نرخیان پێدەدرێت و واتا وەردەگرن، واتە "لێکۆڵینەوەیە لە فۆنێم لەو دەوروبەرەیدا ، کە تێیدا رِوودەدات." (فەرەج، شاخەوان جەلال، ٢٠١١: ١٢٣)، بەمپێیە، فۆنێمەکانی پێش و دوای فۆنێمە دەربرِاوەکان، بۆ فۆنێمی مەبەست دەبنە دەوروبەر، هەندێکجار فۆنێمێک زیاد لەیەک دەنگی دەبێت، بەپێی دەوروبەرە جیاوازەکان، بۆنموونە:

١٨-ا. پێشمەرگە، شۆرِش، شەرِ
ب. مێوژ، ژەنگ
پ. سەڵتە، دەستگیر، سەمون، سیر

لە نموونەکانی (١٨-ا)دا، لە وشەی (پێشمەرگە)دا، فۆنێمی /ش/ بە دەنگی [ژ] دەربرِاوە، بەڵام لە وشەکانی تردا بەهەمان دەنگی [ش] دەربرِاون.
لە (١٨-ب)دا، فۆنێمی /ژ/ لە وشەی (مێوژ)دا، بە [ش]، هەروەها /ژ/ی وشەی (ژەنگ) بە [ژ] دەربرِاون. لە (١٨-پ)دا، لە نموونەکانی (سەڵتە، سەمون)دا، بەهۆی کاریگەریی دەوروبەرە زمانییەکان/س/ بە [ص] گۆدەکرێت، بە جۆرێکی دیکە و بە هۆی گۆرِانی دەوروبەرە زمانییەکەوە، /س/ لە وشەی (دەستگیر)دا بە [ز] دەردەبرِدرێت، لە وشەی (سیر)دا، /س/ بە [س]، دەربرِاون.

ئەم مامەڵەکردنە دەنگییە جیاوازانە بۆ دەوروبەری فۆنۆلۆژی وشەکان دەگەرِێتەوە، کە هەریەک لەو فۆنێمانە بەپێی فۆنێمەکانی دەوروبەری بە دەنگی جیاواز دەردەبرِێن، هەروەها ئەو وشانەی، "کە تەنیا لە یەک فۆنیمدا جیاوازن و فۆنیمەکانی تریان وەک یەک وان (واتە هاوبەشن) ئەو فۆنیمە جیاوازە دەبێتە دەوروبەر بۆ فۆنیمەکانی تر و بەهۆیەوە واتای وشەکان دەگۆرِێت." (عەلی، بەکر عومەر و حسەین، ئازاد ئەحمەد، ٢٠١٣: ٤١)، رِۆنانی وشە و مۆرفێمەکەش، بەپێی دەوروبەرەکە جیاوازدەبن. بۆنموونە:

١٩-ا. باز، قاز، ڕاز، ناز، شاز
ب. چاو، ناو، لاو، داو، ڕاو
پ. مێو، سێو، کێو، لێو، دێو

فۆنێمە جیاوازەکان لە نموونەکانی (١٩-ا)دا، دەبن بە دەوروبەری فۆنۆلۆژی بۆ هەموو نموونە هاتووەکانی دیکە، بەهەمانشێوە فۆنێمە جیاوازەکانی (١٩-ب)یش دەوروبەری فۆنۆلۆژی بۆ وشەکان دەنوێنن، هەروەک چۆن /م، س، ک، ل، د/یش، وەک دەوروبەرە فۆنۆلۆژییە جیاوازەکان بۆ نموونەکانی (١٩-پ) دەردەکەون.

فۆنێمە ناکەرتییەکانیش وەک جۆرێکی چالاکی فۆنێم، دەتوانن ببنە دەوروبەر و سەرەتا مەبەست و ئاماژەی ئاخێوەر دەگۆڕن، ئەمەیش ڕاستەوانە واتا دەگۆڕێت، نەک واتای خودی وشەکان، بەڵکو ئەو واتایەی، کە پەیوەستە بە مەبەستی ئاخێوەرەوە و لە دەوروبەریشدا، مەبەستەکان گرنگتر و لەپێشترن. بۆنموونە:

٢٠-ا. ژیلا بەیەکەم دەرچوو؟
ب. ژیلا بەیەکەم دەرچوو.
پ. ژیلا بەیەکەم دەرچوو!

هەریەک لەم ڕستانە بەپێی شوێنی فۆنێمە ناکەرتییەکان واتا و جۆری ڕستەکانیش (پرسیاری، هەواڵی، سەرسوڕمان) دەگۆڕدرێت. لە نووسینیشدا بەهۆی نیشانەکانی خاڵبەندییەوە دەردەکەون، ئەمەیش دەرخەری کاریگەری و ڕۆڵی بەهێزی دەوروبەرە زمانییەکانە (لە هەموو ڕوانگەکانییەوە) لەناو ڕۆنانی دەربڕاوە زمانییەکاندا.

## ٣/١-١-٢) دەوروبەری مۆرفۆلۆژی

مۆرفیمەکانیش بەهەمانشێوەی فۆنێم، دەبن بە دەوروبەری مۆرفۆلۆژیی وشەکان، واتا و ڕۆنانی جۆراوجۆر بە دەربڕاوە زمانییەکان دەبەخشن، دەوروبەری مۆرفۆلۆژی، "بەگشتی دەرکەوتنی مۆرفیمە بەندەکان، یان سەربەستەکانن، لە دەوری وشەیەکی فەرهەنگیدا، کە لە ئەنجامدا، وشەکە واتایەکی ڕێزمانی، یان واتایەکی فەرهەنگی نوێ بەرهەم دەهێنێت" (عەلی، بەکر عومەر و حسەین، ئازاد ئەحمەد، ٢٠١٣: ٤١)، بۆنموونە:
٢١-ا. دانەر، بینەر، نووسەر

ب. *جوانەر، *دارەر

پ. دارەوان، شاخەوان

ت. *ئاسنەوان، *زێڕەوان

لە نموونەکانی (٢١-ا)دا، مۆرفێمی/-ەر/ لەگەڵ ڕەگی کرداردا بەکارهاتووە، ئەمەیش وایکردووە، کە لە دەوروبەرێکی گونجاودا بێت، بەڵام لە نموونەکانی (٢١-ب)دا، ئەم مۆرفێمە بەندە بەشێوەیەکی نادروست و لە دەروبەری نەگونجاودا، لەگەڵ ئاوەڵناو و ناودا هاتووە، هەروەها لە (٢١-پ)دا، /-ەوان/، لە دەوروبەرێکی گونجاودا بەکارهاتووە، بەڵام لە (٢١-ت)دا دەوروبەرەکە نەگونجاوە.

## ٣/١-١-٣)دەوروبەری سینتاکسی

مەبەست لەمجۆرە پێکەوەهاتنی وشە و فرێزەکانە بە شێوەیەکی یاسابەند، بۆ پێکهێنانی ڕستە، کە هەریەک لەو وشە و فرێزانە دەبنە دەوروبەری سینتاکسی و گۆڕینی شوێنی هەریەکێکیان، لە زۆر باردا واتا و مەبەستی ڕستەکە دەگۆڕێت. بەهەمانشێوەی واتا، ڕۆنانی ڕستەکەش گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەمەش بۆ نەگونجانی کەرەستە زمانییەکان پێکەوە دەگەڕێتەوە.

پەیوەندیی ئاسۆیی (هاونشینی)، یەکێکە لەو بابەتانەی، کە لەلایەن (دی سۆسێر)ەوە خراوەتەڕوو، کە باس لە پەیوەندیی سینتاکسیی نێوان کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستە دەکات، کە ئەم پەیوەندییەش لەناو چوارچێوەی دەوروبەری زمانیدایە، "ئەو واتایەی، کە لە مێشکی گوێگردا فۆڕمی وەرگرتووە، لە ڕێگەی هەڵبژاردنی هاونشینیی وشەکان و بەپێی خواستی دەوروبەرە زمانییەکەیە. هەر بۆیە لە دواتردا گوێگر بە لێکدانەوەی ئەم پێکەوە هاتنەی وشەکان، دەتوانێت، مەبەستی سەرەکیی قسەکەر بەدەستبهێنێت" (روستایی، علیرضا و روان شاد، علی اصغر، ١٤٠٠: ٤٧)، کەواتە، پەیوەندی و هاوڕێیەتی و گونجانی دەربڕاوەکان لە دەوروبەری سینتاکسیدا، مەبەست و ڕۆنانی نوێ بەرهەمدەهێنن.

٢٢-ا. شێرەکە نەڕاندی.

ب. پیاوەکە نەڕاندی.

له (٢٢-ا)دا، کرداری (نەڕاندی) بەشێوەیەکی گونجاو بەکارهاتووە، بەڵام لە ڕستەی دواتردا کردارەکە لەگەڵ مرۆڤدا نەگونجاوە، لێرەدا واتایەکی دیکەی وەرگرتووە، کە واتای توڕەبوونی پیاوێک، یان دەنگ بەرزکردنەوەیەکی نەشیاو دەگەیەنێت، بەمشێوەیە دەبینین "واتای وشە پشت بە چوارچێوەی ئەو ڕستەیە دەبەستێت، کە تێیدا هاتووە." (Doyle.V.F, 2007: 4)، لەم ڕوانگەیەوە دەربڕاوەکان لە دەرەوەی دەوروبەر ناڕوونن و لێکدانەوەیەکی لێڵ و نادروستیان دەبێت.

## ٣/١-٢)دەوروبەری نازمانی

لەشیکردنەوەی دەربڕاوە زمانییەکاندا مەرج نییە، تەنها بە دەوروبەری زمانی مەبەست دەستبکەوێت، بەڵکو "ڕەنگە لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی دەوروبەردا بە هاوبەشی واتا و مەبەستەکان بگات" (براح، ناریمان، ٢٠١٥: ١٢)، ئەم دەوروبەرە بە دەرەوەی زمانەوە پەیوەستە، بە پێچەوانەی دەوروبەری زمانی، کە لێکۆڵینەوەیە لە ناوەوەی زمان، دەوروبەری نازمانی چەندجۆرێک دەگرێتەوە:

## ٣/١-٢-١) دەوروبەری بارودۆخ (بار)

ئەو دەوروبەرەیە، کە ئاخاوتن، یان دەقەکانی تێدا بەرهەمدەهێنرێت. ئاشکرایە، "فێرث گرنگی بەلایەنی کۆمەڵایەتیی واتا داوە، بە لەبەرچاوگرتنی چوارچێوەی دەربڕاوە زمانییەکان، بۆ ئەمەش دەستەواژەی (Context of Situation)، بەواتای دەوروبەری بار، یان بارودۆخی بەکارهێناوە" (عبدالقادر، بوزبوجة، ٢٠٠٧: ٩)، کە تێیدا دەربڕاوەکان، بە ڕەچاوکردنی بارودۆخەکە شیدەکرێنەوە، هەروەها ئاخێوەر لە ڕوانگەی بارودۆخەکەوە، پەیامەکانی دەگەیەنێت.

لە پێش (فێرث)یشەوە، (مالینۆفسکی)، ئەم دەستەواژەیەی بەکارهێناوە و لێکۆڵینەوەی لەسەرکردووە، بەجۆرێکی سەرەکیی دەوروبەری داناوەو ڕۆڵ و گرنگی لە شیکردنەوەی وەرگێڕان و دەربڕاوەکاندا خستۆتە ڕوو. زانایانی دیکەش لە ژێر کاریگەریی (فێرث)دا، لێکۆڵینەوەیان لەم بوارەدا ئەنجامداوە، لەوانە (هایمز)، کە پێیوایە "منداڵ لە بارودۆخی ئاسایدا زانیاریی ڕستەکانی زمان(نەک لە ڕووی ڕێزمانییەوە، بەڵکو لەڕووی گونجانەوە) بەدەستدەهێنێت." (رستمیان، مرضیه و طباطبایی، سید کاظم، ١٣٩٠: ٣٢)، ئەمەش بەهۆی بوونی توانستی پەیوەندیکردنەوە دەبێت، کە مەبەست لێی گونجاندنی دەربڕاوەکانە لەگەڵ دەوروبەرەکانیاندا.

مرۆڤ لە دەوروبەردا دەتوانێت ئەم توانستە بەدەستبهێنێت و بەردەوام گەشەی پێبدات و بەکاریبهێنێت، واتە توانستی هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەکانی دەبێت، بەمەرجێک لەگەڵ کات و شوێن و باردۆخەکەدا بگونجێت.

دەوروبەری بارودۆخ، "دەوروبەرێکی سەرو-زمانییە، کە تێیدا دەربڕاوێک دەخرێتە بەرباس، لەم پێناوەدا چەمکەکانی (ژمارەی بەشداربووان لە گفتوگۆکەدا، ئاستی فەرمیبوونی گفتوگۆکان، چالاکیی زمانی، بابەتی باسکراو...هتد)، جێگای سەرنجدەبێت"، (ابن رسول، سید محمد رضا و آخرون... ، ١٣٩٦: ٢٦)، لەم دەوروبەرەدا هەموو پێکهێنەرەکانی گفتوگۆکە بۆ یەکەزمانییەکان، دەبنە دەوروبەری بارودۆخ و لەهەمانکاتدا هۆکارن بۆ لێکدانەوەو درککردن و ڕۆنانی دەربڕاوەکان، لەوانە (قسەکەر، گوێگر، ئامادەبووان، بارودۆخی تایبەتی، شوێنی گفتوگۆ، بابەتی گفتوگۆ، چین و ئاستی ڕۆشنبیریی بەشداربووان...هتد).

(هالیدای) سێ پێکهاتەی بۆ دەوروبەری بارودۆخ دەستنیشانکردووە، (١.بابەت، ٢.بەشداربووان، ٣.کەشی گفتوگۆکە)، (هلیدی، مایکل و حسن، رقیه، ١٣٩٣: ١٢٨)، بۆنموونە: هەریەک لەم دەربڕاوانە لە بارودۆخی تایبەتدا بەکاردێن

٢٣-ا. سەلامەتییە.

ب. تەمەنی درێژی بۆ ئێوە جێهێشتبێت.

پ. هاوبەشی خەمتانین.

ت. جەژنتان پیرۆزبێت.

ج. بەنازی دایک و باوک گەورەبێت.

هەریەک لەم دەربڕاوانە لە بارودۆخێکدا بەکاردێن، دەربڕاوی (٢٣-ا)، بەکەسێک دەوترێت، کە نەخۆش بێت، نموونەکانی (٢٣-ب، پ)، لە کاتی پرسەدا بەکاردێن، نموونەی (٢٣-ت)، لەکاتی بۆنەی جەژندا بەمەبەستی پیرۆزکردنی بۆنەکە بەکاردێت، لە (٢٣-ج)دا بۆ منداڵ، بەتایبەتی بە بۆنەی لەدایکبوونییەوە بەکاردێت، بەمشێوەیە، قسەکەر بەجۆرێک یەکەزمانییەکان بەکاردێنێت، کە هەڵگری مەبەستەکانی بێت و لەهەمانکاتدا گونجاوبێت، بۆ ئەو بارودۆخ و دەوروبەرەی، کە دەیەوێت بەکاریبهێنێت، ئەگەر نەگونجاوبێت بۆ ئەو دەوروبەرە، ئامانجەکە ناپێکێ و مەبەستەکان بە ڕوونی ناگەن.

(فێرث)یش، سێ پێکهاتە بە هۆکاری بەرهەمهێنانی ئەم دەوروبەرە دادەنێت، ئەوانیش، "بەشداربووان، چالاکی، ڕەفتاری بەشداربووان"، (شریفی، آزاده، ١٣٩٧: ٨١).

ئاگاداربوونی گوێگر، یان خوێنەر لە دەوروبەری بارودۆخی دەربڕاوەکان، هۆکارە بۆ پێشبینکردنی دروست بۆ درککردنی بابەتەکان، بەڵام زۆرجار لێکدانەوەکان بەتەواوی ناپێکرێن، ئەمەش بەهۆی بێئاگایی لەبارودۆخەکەوە، کە زۆرجار لە لێکدانەوەی دەقی شیعریدا دەبینرێت. بۆنموونە دەکرێت لە لێکدانەوەی شیعرێکی ئاینی(عیرفانی)دا، خوێنەر بەهۆی ناشارەزایی لە ژیان و بەرهەمەکانی شاعیرو وردەکارییەکانی ژیانی و باردۆخی گشتی و تایبەتیی شاعیر، لەکاتی نووسینی شیعرەکەدا، کە هۆکارن بۆ ئەوەی خوێنەر بە شیعرێکی عاشقانە (عەشقی دونیایی) شیکردنەوە بۆ دەقەکە بکات، هەروایش لێیتێبگات، یان زۆرجار شاعیر، شیعری بۆ یارەکەی نووسیوە و باسی دڵڕەقی یار دەکات، بەڵام بە ئاگادارنەبوون لە بارودۆخی دەقە شیعرییەکە، ڕەنگە خوێنەر بەجۆرێک لێکدانەوەی بۆ بکات، کە بۆ دوژمنێک نووسراوە، لێرەدا نرخ و بەهای دەوروبەری زمانی و نازمانی بۆ لێکدانەوەی یەکەزمانییەکان، دەردەکەوێت، کە هەردوو پێکەوە لە ڕوونکردنەوەی دەربڕاوەکاندا بەشدارن، "سەرجەم چەشن و جۆرەکانی دەوروبەر، لە بارودۆخەکەدا کارلێک دەکەن و کۆی دەوروبەرەکە بەرجەستەدەبێت"، (فەرەج، شاخەوان جەلال، ٢٠١١: ١٢٨)، ئەمەش گرنگیی ئەمجۆرەی دەوروبەر دەردەخات، کە بەشێوەیەکی تایبەتی ڕۆڵی لە هەڵهێنجانی واتایەکی تایبەتدا هەیە، کە هەر ئەوەیش واتای مەبەستە، لەم ڕوانگەیەوە بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە سەرجەم جۆرەکانی دەوروبەر بە بارودۆخەوە پەیوەستن.

## ٣/١-٢-٢) دەوروبەری کلتوری

هەر دەربڕاوێکی زمانی زادەی کلتور و دابونەریت و بیرکردنەوەو ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکانە، کلتور بەشێکی فراوانی ژیانی مرۆڤایەتی داگیرکردووە و بەشێکە لە شوناسی نەتەوە، هەژموونی بەسەر زۆرێک لە دەربڕاوەکاندا هەیە.

بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆبێت، یان ناڕاستەوخۆ، کاریگەریی لەسەر ڕەفتار و گوفتاری تاک دەبێت، هەر میللەت و دەستەو کۆمەڵێک، خاوەنی کلتوری تایبەت بەخۆیانن، کە هەندێکیان ڕەنگدانەوەی بیر و بۆچوون و ئاینی کۆمەڵگان، هەندێکی دیکەشیان، ڕەنگە پێچەوانەی ئاین و بیروبۆچوونی زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگا بن، بەڵام لەبەرئەوەی لە مێژوویەکی کۆندا، زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵ پەسەندیانکردووە، بونیادی بیرکردنەوە

تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیەیان داڕشتووە و بوون بە بەشێک لە شێوازی ژیان و بیرکردنەوەی کۆی گشتی کۆمەڵگا؛ هەندێکجاریش بە تێپەڕبوونی کات هەندێک کلتور بەپێی گەشەکردنی کۆمەڵگا و کرانەوەو ئاستی خوێندەواری و هۆشیاریی تاکەکانی گۆڕانی بەسەردا دێت، "هەر گۆڕانکارییەکیش لە کلتوردا ڕوودەدات بەشێوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگا دەبێت، دواتریش کاردانەوەی ئەم گۆڕانکارییانە لە زماندا دەردەکەوێت" (ئەوڕەحمان، ئالان محەمەد، ٢٠١٥: ٢١)، بابەتی کلتور لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی دیکە جیاوازە، هەندێکجار ئەو نەتەوانەی نزیکن لەیەک (لەڕووی جوگرافی، یان لەڕووی ڕەچەڵەکی زمانەکەیانەوە)، خاڵی هاوبەشی کلتوری نێوانیاندا دەبینرێت، ئەمەش ڕێگاخۆشکەرە بۆ فێربوونی زمانەکەیان بەشێوەیەکی ئاسانتر. لەم ڕوانگەیەوە تێگەیشتن لە دەوروبەرە کلتورییەکە لەناو بۆتەی زماندا، تا ڕادەیەک بۆ قسەکەران و ئاخێوەرانی زمانەکە ئاسانتر دەبێت.

زانیارییە کلتورییەکان لە ڕێگەی ئەزمونکردن و بە تێپەڕینی کات، دەبن بە بەشێک لە کۆزانیاریی گشتی لای تاک. ئەو دەربڕاوانەی، کە دەوروبەری کلتوری بەرهەمیاندەهێنن، بەهەمان دەوروبەر دەتوانرێت درکبکرێت. گرنگیی ئەم دەوروبەرە، بێجگە لە شیکردنەوەی یەکەزمانییەکان، ڕۆنانە جیاوازەکانیش بەرهەمدەهێنێت، بەجۆرێک هەر دەستەو مرۆڤێک بەپێی کلتوری کۆمەڵگا و ناوچە و خێزان و ڕەگەز و دابونەریتەکانی تایبەت بە خۆیان، ڕۆنانی جیاواز بەرهەمدەهێنن، لەبەرئەوەی، کە درککردن بە دەربڕاوەکان، هەندێکجار تەنیا بە زانینی بارودۆخەکە ڕووننابێتەوە، بەڵکو زۆرجار زانیاریی کلتوریی ورد پێویستن.

لەم ڕوانگەیەوە "(مالینۆفسکی) هەردوو چەمکی (دەوروبەری بارودۆخ) و (دەوروبەری کلتوری) خستۆتە ڕوو، کە بەبۆچوونی ئەو هەردوو جۆرەکە بۆ تێگەیشتن و درککردنێکی دروستیی دەق و دەربڕاوەکان پێویستن"، (هلیدی، مایکل و حسن، رقیە، ١٣٩٣: ٤٣).

بە بۆچوونی (هاڵیدای)، "کلتور لە بارودۆخدا دەخرێتەڕوو" (شریفی، آزادە، ١٣٩٧: ٨٦)، واتە دەوروبەری کلتوریش لەناو بارودۆخەکاندا دروستدەبێت و دەخرێتەڕوو، هەروەها "دەوروبەری بارودۆخ، لەناو قاڵبێکی گەورەتردا واتادەبەخشێت، ئەویش دەوروبەری کلتورییە، لەبەرئەوەی بیروباوەڕو کلتورە، کە بارودۆخ دەسازێنێت" (الهیان، لیلا، ١٣٩١: ٤٣)، (مانفریدی، مارینا، ١٣٩٤: ٤٥)، ئەمەش پەیوەندیی بەهێزی نێوان ئەم دوو جۆرەی دەوروبەر دەردەخات.

تێگەیشتن و پەسەندکردنی هەر تاکێکیش بۆ کلتور و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگاکەی، لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، ئەمەش "کاریگەریی لەسەر تێگەیشتنی دەقە هونەریی و مێژووییەکان، یان هەر دەقێکی دیکە دەبێت." (الهیان، لیلا، ١٣٩١: ٤٤)، بۆ نموونە:

٢٤-ا. نەورۆز گەشت دەکەم.
ب. سەری ساڵ بەفر دەبارێت.
پ. سبەی جەژن نییە، چونکە مانگ نەبینراوە.
ت. ئەوان خوشک و برای شیریین.
ج. ئەوان دەزگیرانی یەکن.

هەریەک لەم ڕستانە تایبەتن بە کلتوری باشووری کوردستان، کە ڕەنگە لە کلتوری بەشێکی دیکەی کوردستان، یان هەر شوێنێکی دیکە هەمان مەبەست و واتا بەدەستەوەنەدەن، لە (٢٤-ا)دا تایبەتە بەو نەتەوانەی، کە بۆنەی نەورۆز بووە بە کلتور و هەموو ساڵێک لەسەرەتای بەهاردا، بەم بۆنەیەوە دەکرێت بە پشوو، خەڵک دەچنە دەرەوە بۆ گەشت و سەیران، ئەم دەربڕاوە ئەو وڵاتانە ناگرێتەوە، کە گرنگی بەم بۆنەیە نادەن، ڕستەی (٢٤-ب)، بۆ کلتوری کوردستانی باشوور ڕوونە، چونکە ڕۆژمێری زایینی بەکاردەهێنن، کە سەری ساڵ دەکەوێتە وەرزی زستانەوە، بەڵام لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، کە ڕۆژمێری هەتاوی بەکاردەهێنن، سەری ساڵ دەکەوێتە وەرزی بەهارەوە، ئەم دەربڕاوە لۆجیکی نابێت، یان تێگەیشتنێکی دروست ناهێنێتە ئاراوە، لە (٢٤-پ)دا ئەو کۆمەڵگایانەی، کە پەیڕەوی ئاینی ئیسلام دەکەن، دەتوانن لەم دەربڕاوە تێبگەن، بە پێچەوانەوە ئەو کەسانەی شارەزای کلتوری ئاینەکە نەبن، ئەم دەربڕاوە لێڵ و ناڕوون دەبێت بۆیان، کە لە ئاینی ئیسلامدا لە کاتی بینینی مانگ، جەژنەکان دیاریدەکرێن، هەمان ڕستە لە دەوروبەرێکی دیکەدا، کە پیاوێک بەرانبەر بە ئافرەتێک بەکاریبهێنێت، لەو بارەدا وشەی (مانگ)، واتای فەرهەنگی ناگەیەنێت، بەڵکو لەو دەوروبەرەدا مەبەست (ئافرەت)ەکەیە، لە (٢٤-ت)دا لە کلتوری ئەو نەتەوانەی، کە پەیڕەوی ئاینی ئیسلام دەکەن، دەتوانن واتا بەم دەربڕاوە ببەخشن، لە واتای خوشک و برای شیریی تێبگەن، لەبەرئەوەی ئاینیش بەشێکە لە کلتور، هەروەها لە (٢٤-ج)دا دەربڕاوەکە بەپێی کلتوری نەتەوەکان واتای جیاوازی دەبێت، لە کلتوری کوردیدا بەو کەسانە دەوترێت دەزگیران، کە مارەکراوی یەکتربن، بەڵام لە کلتوری هەندێک لە

نەتەوەکانی دیکە، بەواتای ئەوە دێت، ئەو دوو کەسە نیشانەکراوی یەکترن، نەک مارەکراو.

### ٣/١-٢-٣) دەوروبەری دەروونی و سۆزداری

ئەم دووجۆرەی دەوروبەر بەشێکن لە دەوروبەری نازمانی، پانتاییەکی فراوانی ژیانی تاک داگیردەکەن، زۆر نزیکن لەیەکەوە، بەشێوەیەک دەوروبەری سۆزداری لەناو دەوروبەری دەروونیدایە، چونکە لایەنی سۆزداری لە چوارچێوەی لایەنە فراوانەکانی دەروونیدا سەرهەڵدەدات.

باری دەروونی و لایەنی سۆزداریی مرۆڤ دەگرێتەوە، کە کاریگەریی لەسەر دەربڕاوەزمانییەکان و ڕێژەی سۆز و توڕەیی و هەڵچوون و شەرم و ترس وچێژ و خەم...هتد هەیە و سەرجەم بارەدەروونییەکانی ئاخێوەر دەردەخات، بەهەمانشێوە لێکدانەوەی دەربڕاوەکانیش بەپێی لایەنی دەروونیی گوێگر دەبێت، کە ئەمەش لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، هەربۆیە ڕۆنانی دەربڕاوەکان و تێگەیشتنی تاکەکان بۆ یەکەزمانییەکان، لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێن. بەوپێیەی، کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەنێوان زمان و بیردا هەیە، هەر کێشە و ئاڵۆزییەک بە هۆی هەڵچوونی دەروونییەوە لەبیری مرۆڤدا ڕوودات، لە زمانیشدا ڕەنگدەداتەوە. ئەمەش کاریگەری و ڕۆڵی دەوروبەری دەروونی و سۆزداری ئاخێوەر و گوێگر، لەسەر ڕۆنانی دەربڕاوەکان دەخاتەڕوو، بەهەمانشێوە بۆ واتا و مەبەستیش ڕۆڵێکی گرنگییان دەبێت.

دەتوانین بڵێین، دەوروبەری دەروونی "ئەو هەڵچوونە دەروونیانە دەگرێتەوە، کە نێرەر ڕستەو گوتنەکانی تێدا دەردەبڕێت" (محەمەد، ئاوات ئەحمەد، ٢٠٠٩: ٣٣)، دەوروبەری سۆزداریش دەچێتە چوارچێوەی دەوروبەری دەروونییەوە، واتە دەوروبەری دەروونی فراوانترە و دەوروبەری سۆزداری "سروشتی بەکارهێنانی وشەکان لە نێوان واتا بابەتییەکەی (واتای گشتی) و واتا سۆزدارییەکەی (واتای تایبەتی) دیاریدەکات" (ئەورەحمان، ئالان محەمەد، ٢٠١٥: ٥٧)، بۆنموونە دەربڕاوێکی وەک:

٢٥-ا. ماندوو نەبیت.

ب. وامزانی ڕادیۆیە.

دەربڕاوی (٢٥-ا)، بەپێی دەوروبەری دەروونی و سۆزداریی قسەکەر دەگۆڕێت، ئەگەر بە خوێندکارێکی کەمتەرخەم بوترێت، واتە ئاخێوەر تووڕەیە و بەم دەربڕاوە سەرزەنشتی خوێندکارەکە دەکات و واتا تایبەتییەکەی (سۆزداری) دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر بە کرێکارێک بوترێت، واتای پێزانین و دەستخۆشی دەگەیەنێت، کە واتا گشتییەکەیەتی.

لە دەربڕاوی (٢٥-ب)دا لە بارودۆخێکی دەروونیی تایبەتدا دەوترێت، کە واتای ترس و پەشیمانی بگەیەنێت، کاتێک کەسێک لەبارەی چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی، لەترسی ئەنجامی لێدوانەکانی، بۆ یەکەمجار ئەم دەربڕاوەی بە واتایەکی سۆزداری تایبەت بەکارهێنراوە، لەپاشاندا ئەم دەربڕاوە بەشێوەیەکی فراوان بۆ واتا تایبەتییەکەی، کە ترس و پەشیمانبوونەوەیە، بەکاردێت. بەڵام ئەگەر کەسێک گوێی لە دەنگی گۆرانییەک ببێت، پێی وابێت، سەرچاوەی گۆرانییەکە لە ڕادیۆوەیە، نەک مۆبایل یان تیڤی، ئەوکاتە ئەم دەربڕاوە بە واتا بابەتییەکەی بەکاردێت.

لەهەندێک باردا ناوی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی باری دەروونیی دایک و باوک و ئەو بارودۆخەیە، کە تێیدا لەدایکبوون و ژیاون، بۆ نموونە: لە نموونەکانی (٢٦)دا هەریەک لەو ناوانە لە بنەڕەتدا لە بارودۆخێکی دەروونیی تایبەتدا لە منداڵ نراون.

٢٦-ا. فرمێسک، غەمگین/ بەهۆی مردنی باوک، یان دایک لە کاتی لەدایکبوونیدا.

ب. ئاوارە/ لە کۆچ و بارکردن و دەربەدەریدا لەدایکبووە.

پ. پەرۆش/ بەپەرۆشبوونی دایک و باوک بۆ لەدایکبوونی منداڵەکەیان.

ت. نیهایەت/ زۆرجار لەدوای لەدایکبوونی چەند منداڵێکی کچ، ئەم ناوە لە منداڵێکی کچ نراوە، بەهیوای ئەوەی کۆتا کچ بێت و لەپاش ئەو، منداڵی کوڕ لەدایکببێت.

ج. شوانە/ بەم ناوە دەزانرێت، خاوەنی ئەم ناوە کوڕێکە و لەپاش چەند کچێک لەدایکبووە.

چ. هێرش، هەڵمەت، شۆڕش/ هەریەک لەم ناوانە لە دەوروبەری سۆزداری تایبەتدا لە منداڵ نراون، کە ڕەنگە کاتی شۆڕش و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی کورد بێت، کە لە ئەنجامی هەستی بەرزی کوردایەتی ئەم ناوانە بۆ منداڵ هەڵبژێرراون.

کەواتە، لە پشت هەر دەربڕاوێکی زمانییەوە، دەکرێت هەست بە لایەنی دەروونی و سۆزداری ئاخێوەربکرێت، شیکردنەوەی ئەم دەربڕاوانەش بەپێی باری دەروونی

و سۆزداریی گوێگر لەکەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاواز دەبێت، چونکە باری دەروونیی مرۆڤەکان لەیەکتر جیاوازن. لە ڕێگەی ئەم دەوروبەرانەیشەوە ڕێژەی توانا و لاوازی و بێدەسەلاتی ئاخێوەریش دەردەکەوێت، زۆرجار زمانی ئاماژەش، کە بەشێکە لە دەوروبەری سۆزداری، لە بەخشینی واتای جیاواز بە یەکە زمانییەکان بەشداردەبێت، چونکە "هێماکردن و جوڵاندنی بەشێک لە ئەندامانی جەستەی مرۆڤ، لەم دەوروبەرەدا بەکاردێن" (عەلی، بەکر عومەر و حسەین، ئازاد ئەحمەد، ٢٠١٣: ٤٠)، لەوانە جوڵەی دەست و پەنجە و سەر و لێو و چاو و برۆ و ناوچاوان...هتد، کە هەریەکەیان بەپێی جوڵە جیاوازەکان، باری دەروونیی قسەکەر دەخەنەڕوو، بەمشێوەیەش لە گەیاندنی پەیامەکاندا بەشداردەبن.

### ٣/١-٢-٤) دەوروبەری فیزیکی

جۆرێکە لە دەوروبەری نازمانی، "بەواتای کات و شوێن دێت" (موعین، سازان ڕەزا، ٢٠٠٥: ٦٧)، واتە دەربڕاوەکان بەپێی دەوروبەری کات و شوێن، واتا و مەبەست و ڕۆنانی جیاواز وەردەگرن، مێژوویش دەبێتە بەشێک لە دەوروبەری فیزیکی، کاتێک دەربڕاوێک مێژووەکەی دیار نەبێت، لێڵی و نادروستیی لێکدانەوەکانی بەدوادادێت.

ئاشکرایە، هەر دەربڕاوێک لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا بەرهەمدێت و هەندێک لەم دەربڕاوانەش بەبێ ئاگاداربوون لە کات و شوێنی ئاخاوتنەکەی، ناتوانرێت مەبەستەکەی بدۆزرێتەوە، بۆنموونە: کاتێک هەریەک لە دەربڕاوەکانی (٢٧) دەردەبڕدرێن، ئەگەر ئاگاداری دەوروبەری فیزیکی نەبین، ئەوا ناتوانین تێگەیشتن و لێکدانەوە و درککردنێکی دروست و ڕوونمان بۆیان هەبێت.

٢٧-ا. لێرە ئۆتۆمبێل ڕامەگرە.
ب. جگەرەکێشان قەدەغەیە.
پ. نۆشی گیانتان بێت.
ت. مۆبایلەکانتان بکوژێننەوە.

لە (٢٧-ا)دا دەکرێت لە شوێنێکی نایاسایی و نەشیاودا نووسرابێت، وەک: لە پێشەوەی دەرگای گەراج، کە بە واتای ئەوە دێت، ئەگەر لێرە ئۆتۆمبێل ڕابگرێت ڕێگای هاتنەدەرەوەی ئۆتۆمبێلەکانی ناو گەراجەکە دەگرێت، یان لەسەر شۆستە، ئەمەش بەو واتایەی، کە شۆستە شوێنی هاتوچۆکردنی هاوڵاتیانە، ڕەنگە ئۆتۆمبێلەکەش بە ڕاگرتنی

لەو شوێنەدا، تووشی ڕووداوبێت، یان هەندێکجار لەسەر دیواری ماڵێک دەنووسرێت، ئەمەش ناڕازیبوونی خاوەن ماڵ دەردەخات.

له (٢٧-ب)دا ئەم دەربڕاوە دەکرێت لە ناو پاس، یان لە نۆرینگەی پزیشکی، یان لە نەخۆشخانەدا بنووسرێت، هەروەها گونجاو نییە، بە میوان بوترێت.

نموونەی (٢٧-پ)، کاتێک دەوترێت، کە کەسی بەرانبەر خواردنێک بخوات، یان دەشێت لە دەوروبەرێکدا وەک تانە لێدان، یان ڕەخنەگرتن دەربڕدرێت، دەربڕاوی (٢٧-ت)، دەشێت لە نۆرینگە، فەرمانگە، کتێبخانە، یان لە زانکۆ، مامۆستا بە خوێندکار بڵێت، بەڵام ناگونجێت بە میوان بوترێت، یان لە شوێنی گشتیدا بەکارهێنانی نەگونجاوە.

## ٣/١-٢-٥) دەوروبەری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری

هەریەک لەم دوو دەوروبەرە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوانیاندا هەیە و بەیەکەوە پەیوەستن، دەوروبەری ڕۆشنبیری لەناو دەوروبەری کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت، لەبەر ئەم نزیکییەشیانە، کە پێکەوە هێنراونەتەوە و باسکراون، "زاراوەی (دەوروبەری کۆمەڵایەتی) هەموو ئەو پەیوەندی و ڕیسا و یاسا کۆمەڵایەتیانە لەخۆدەگرێت، کە قسەکەر و گوێگر بەیەکەوە دەبەستێتەوە." (مەحموود، ئاڤێستا کەمال، ٢٠٠٦: ١٠)، هەربەهۆی ئەم ڕێسا و یاسا کۆمەڵایەتییانەوە، دەتوانرێت، ئاست و پێگەی قسەکەر و گوێگر بزانرێت، هەروەها چین و ڕەگەزی قسەکەر و گوێگریش دەردەخات، بۆنموونە:

٢٨-ا. گوێبگرن و ئاگاتان لێرەبێت.

ب. سڵاوی خوای گەورەتان لێبێت/ السلام و علیکم و رحمةالله و برکاته

له (٢٨-ا)دا لە ڕوانگەی لێکدانەوە و تێگەیشتنمانەوە بۆ دەوروبەری کۆمەڵایەتیی دەربڕاوەکە، دەردەکەوێت، کە پێگەی قسەکەر لە گوێگر بەرزترە. لە نموونەی (٢٨-ب)دا پێگەی کەسی قسەکەر دەردەکەوێت، کە کەسێکی ئایینییە، یان بە پێچەوانەوە دەکرێت لە دەوروبەرێکی نەگونجاودا، وەک (یانەی شەوانە، مێزی خواردنەوە، ئاهەنگی شەوانە...هتد)، بە مەبەستی ڕەخساندنی کەشێکی گاڵتەئامێز، یان بۆ تانەدان و پێکەنین بەکاربێت، هەروەها دەکرێت لە دەوروبەرێکی وەک بەرنامەیەکی تەلەفزیۆندا، کە بەپێی جۆر و شێوازی بەرنامەکە گونجاوی و نەگونجاوی دەربڕاوەکە دەردەکەوێت، لە کاتی نەگونجانی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا بارودۆخێکی پێکەنیناوی، یان شەرمەزاری دێنێتە

ئاراوە، ئەم تێگەیشتن و لێکدانەوەو درککردنە جیاوازانەی واتا و مەبەستەکان، کە لە ڕاستیدا کرۆک و ناواخنی دەربڕاوەکانیشیان چنیوە، بەهۆی دەورووبەر و کاریگەرییەکانییەوە بەدەستدێن.

دەورووبەری کۆمەڵایەتی "دەستنیشانی جۆری پەیوەندی نێوان ئاخێوەر و گوێگر دەکات"، (عومەر، نەوزاد ئەنوەر، ٢٠١٤: ١٠)، هاوکات دەتوانرێت، پەی بە ئاست و پلەو پێگەی هەریەک لە ئاخێوەر و گوێگر ببرێت، چونکە وشە و دەربڕاوەکان بە پێی باری کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی نێوان تاکەکان جیاوازن، ئەگەر پەیوەندییەکی هاوڕێیەتی لەنێوان قسەکەر و گوێگردا هەبێت، شێوازی ئاخاوتن و ڕۆنانی ڕستەکانیان جیاواز دەبن، وەک لە پەیوەندییەکی هاوپیشەیی و فەرمی، یان لە پەیوەندییەکی خۆشەویستی...هتددا دەبینرێت.

بەوپێیەی زمان و کۆمەڵ پێکەوە پەیوەستن، "کۆمەڵگەش خۆی لە خۆیدا هەڵوێستە و هەموو جۆرەکانی دەوروبەر لەخۆدەگرێت." (سەرچاوەی پێشوو: ٢١١)، دەورووبەری ڕۆشنبیریش لەناو دەورووبەری کۆمەڵایەتیدایە و ئاستی ڕۆشنبیریی تاکەکانی کۆمەڵگا، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، بەپێی کلتورو شوێن و بارودۆخەکان، ڕادەی هۆشیاری و ڕۆشنبیریش جیاواز دەبن، هەروەها تێڕوانینی کەسەکان بۆ چەمکی ڕۆشنبیری جیاوازە و لەکلتورێکەوە بۆ کلتورێکی دیکەش دەگۆڕێت، ئەمەش لەژێر کاریگەریی داب و نەریت و کلتور و ئایندا ڕوودەدات، ئاستی ڕۆشنبیریش لە گوفتار و کردار و چۆنێتیی ڕۆنانی دەربڕاوە زمانییەکاندا ڕەنگدەداتەوە، بۆ نموونە: هەریەک لە وشەکانی (جێندەر، ئاواز، سەر...هتد)، لە زانستە جیاوازەکاندا واتا و چەمکی جیاواز دەگەیەنن:

٢٩-ا. جێندەر:
- زانستی زمان (توخم لە زماندا، توخم لە بایۆلۆژیدا)
- بایۆلۆژی
- ئاینی

ب. ئاواز:
- پلەی دەنگ لە زانستی زماندا
- نۆتەی جیاواز لە میوزیکدا
- ناوی تایبەتی

سەری ڕێزمانی لە زانستی زماندا

پ. سەر ← ژمارە (چوار سەر خێزان، بیست سەر مەڕ)

بەشێکی جەستەی گیانلەبەران

## ۳/۱-۲-٦) زانیاریی هاوبەش

جۆرە جیاوازەکانی دەوروبەر و کاریگەرییان لەسەر دەربڕاوە زمانییەکان بەپێی زمان و کلتور و کۆمەڵگە و بارودۆخ دەگۆڕێن، هەموویان کەم تا زۆر، کاریگەریی خۆیان هەیە، بەڵام دەتوانرێت بوترێت، بوونی زانیاریی هاوبەش لە نێوان ئاخێوەر و گوێگر لە بەربڵاوترین جۆری دەوروبەرە، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە پێکهێنانی ڕۆنانە جیاوازەکان و تێگەیشتن لە واتا و مەبەستەکاندا هەیە، ژمارەی دەوروبەرەکان و ڕۆڵیان لە لێکدانەوە و بەرهەمهێنانی دەربڕاوەکاندا دەگۆڕێت، دەکرێت لە دەربڕینێکدا چەندین جۆری دەوروبەر لەبەرچاوبگیرێت، بە بۆچوونی (لیچ)، "دەوروبەر زانیارییەکی نێوان نێرەر و وەرگر دەگرێتەوە، کە دەبنە هۆکاری یارمەتیدانی وەرگر لە بەرانبەر ئەو مەبەستانەی، کە نێرەر هەیەتی بۆ گەیاندنی پەیامەکەی." (عەبدوڵا، شلێر ڕەشید، ۲۰۱٥: ۳۹)، ئەمەش گرنگیی زانیاریی هاوبەش لە گەیاندنی مەبەستەکاندا دەردەخات، یان ڕەوینەوەی لێڵی دەربڕاوە زمانییەکان، هەروەها نەبوونی زانیاریی هاوبەش لە نێوان ئاخێوەر و گوێگردا، یان نەبوونی زانیارییەکان لای یەکێکیان ڕۆنانی ڕستەکان دەگۆڕێت و تێنەگەیشتن دێتە ئاراوە و پێویست بە ڕوونکردنەوەی زیاتر دەکات.

## ۳/۱-۲-۷) زانیاریی دنیایی

تەواوی ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە، کە تاک لە ژیانیدا وەریاندەگرێت، ئەمەش لە ئەنجامی خوێندنەوە، یان ئەزمونەکان و کلتورو گەشتکردن...هتدەوە دەبێت، ئەم زانیارییانە کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر شێوازی ئاخاوتن و هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەکان دادەنێن، بوونی ئەم زانیارییانە لای ئاخێوەر و نەبوونی لای گوێگر لاوازی لە تێگەیشتندا دێتە ئاراوە. ڕادەی ئەم زانیارییە دونیاییانەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، کەواتە، "زانیارییە دونیاییەکان لەلایەن قسەکەرەوە هەڵدەگوێزرێن و بەجفرە، دەنێرێن بۆ گوێگر، گوێگریش بەپێی ئەو باکگراوندو

پرنسیپانەی، کە لەگەڵ قسەکەردا هاوبەشیدەکات شیدەکاتەوە"، (مەحموود، ئاڤێستا کەمال، ٢٠٠٦: )، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم مەبەستە با لە نموونەی (٣٠) بڕوانین:

٣٠- ڕۆژی عەرەفە پشووە.

ئەم دەربڕاوە کاتێک گوێگر لێیتێدەگات، کە زانیاریی دونیایی لەسەر ڕۆژی عەرەفە هەبێت، کە ڕۆژێک پێش جەژنەکانی ئاینی ئیسلامە، ئەمەش لە کۆمەڵگایەکی موسوڵماندا، دەتوانرێت ئەم زانیارییانە بەدەستبهێنرێن و ئەزمونبکرێن و پاشان دەبنە زانیاریی دونیایی لای گوێگر و ئاخێوەریش، بەهۆی ئەم زانیارییە دونیاییانەوە، پەیوەندی و ئاخاوتنی نێوان تاکەکان دروستدەبن.

# بەشی دووەم

# ڕۆنانە سینتاکسییەکان پەیوەست

# بە دەوروبەرەوە

## ٢) ڕۆنانە سینتاکسییەکان پەیوەست بە دەوروبەرەوە

سینتاکس تایبەتمەندییەکی زمانە، بەشێکە لە ڕێزمان ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک پێڕەو و یاسایا، کە تایبەتە بە ڕستە و پێکهاتەکانی، پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکان و چۆنێتیی هەڵبژاردن و ڕێکخستنیان دەخاتەڕوو، ئەمەش بەمەبەستی گەیاندنی واتا و دروستکردنی پەیوەندییە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا، کە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە جیاوازە، بەڵام هیچ یەکێک لەم ڕۆنانە سینتاکسییانە، ناتوانێت لە دەوروبەر و ژینگە داببڕێت، بارودۆخە جیاوازەکان و دەوروبەرە زمانییەکان لە پێکهێنانی ڕۆنانە سینتاکسییەکاندا بەشدارن. "ڕێزمان لە کۆمەڵە کۆدێک پێکدێت، پەیامە کۆدکراوەکانیش هەرگیز بەبێ پڕاگماتیک مەبەستی سەرەکیی قسەکەر ناگەیەنن، ڕێزمان و پڕاگماتیک هەمیشە پێکەوە کاردەکەن و بەبێ یەکتر نابن" (Ariel, Mira, 2008: 1-2)، مرۆڤ بەپێی بارودۆخ و دەوروبەر قاڵبی ڕێزمانیی گونجاو بەکاردەهێنێت، "پێکهاتەکانی زمان لە بچووکترین پێکهاتە تا گەورەترینیان (ڕستە، دەق)، بە مەبەست و ئامانجێکی تایبەت لەلایەن قسەکەر، یان نووسەر، هەڵدەبژێردرێن". (شریفی مقدم، آزاده و ندیمی، نرجس، ١٣٩٢: ١٤٣)، بەمپێیە هەڵبژاردنی ڕۆنانی ڕستەش، پەیوەستە بە ئەو چوارچێوەیەی، کە ڕستەکە تێیدا بەکارهاتووە، لەم بەشەدا، چۆنێتیی کاریگەریی و بەشداری دەوروبەر بە هەموو جۆرەکانییەوە لە ڕۆنانە سینتاکسییەکاندا، دەخرێنە ڕوو:

### ١/٢) فرێز و جۆرەکانی

فرێز پێکهاتەیەکی سەرەکیی سینتاکسە، لە وشەیەک، یان زیاتر پێکدێت، چەند جۆرێکی جیاوازی هەیە، بەشداری لە پێکهێنانی پێکهاتەیەکی زمانیی گەورەتردا دەکات، کە ڕستەیە، فرێزەکان بە گشتی لە (سەر) و (تەواوکەر) پێکدێن، دەشێت هەندێکجار تەنیا لە (سەر) پێکبێت، کە بریتییە لە "ئەو دانەیە، کە فرێزەکەی لەسەر سەنتەرە" (Buorton-Roberts, Noel, 2016: 32)، چۆنێتیی ڕیزبوونی پێکهاتەکانی هەریەک لە جۆرە جیاوازەکانی فرێز، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەگۆڕێت؛ هەروەها لە زمانێکیشدا، ژمارەی دەرخەر و هەڵبژاردنی دەرخەر و جۆری فرێزەکان، بە پێی ژینگە و کلتور و بارودۆخ و دەوروبەرە زمانییەکە بەرهەمدەهێنرێت.

### ١-١/٢) فرێزی ناوی

ئەمجۆرەی فرێز لە (سەر) و (تەواوکەر) پێکدێت، هەندێکجار "تاکە وشەیەک دەتوانێت ببێت بە فرێزێکی ناوی" (Buorton-Roberts, Noel, 2016: 141)، کە ئەوەش (سەر)ەیە و هاتنی بەخورتییە، "ئەم جۆرە فرێزە پرۆژەی ناوەکانە، واتە (N)، دەبێتە سەری ڕێزمانیی فرێزەکە" (مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، ٢٠٢٠: ١١). بۆ نموونە:

١_ ا. دانیار هات.
ب. ئەو ڕۆیشت.
پ.ئێمە بۆ زانکۆ دەچین.
ت. ژیوار شیر دەخوات.

لە بەرئەوەی "لە فرێزی ناویدا دەتوانرێت، ناو یان جێناوێک ببێت بە سەرە" (گیوی، حسن احمد و انوری، حسن ، ١٣٩٥: ١٩٢)، لە نموونەکانی (١)دا هەریەک لە ناو و جێناوەکانی (دانیار، ئەو، ئێمە، ژیوار)، فرێزی ناوین، هاوکات (سەرە)ی فرێزەکانن، کە دەتوانرێت لە ڕۆنانی ناوەوەو دەرەوەشدا فراوانبکرێن، مەبەست لە فراوانکردنی ڕۆنانی ناوەوەی فرێزی ناوی ئەو مۆرفیمانە (ناسراوی، نەناسراوی، کۆ)[٣] دەگرێتەوە، کە دەبنە پێکهاتەی فرێزە ناوییەکە، مەبەست لە ڕۆنانی دەرەوەش "فراوانکردنی سەرەی فرێزێکی ناوییە، کە بەهۆی دەرخەرەکانی پێشەوە (Specifier)و دەرخەرەکانی دواوە (Modifier) فراوان دەکرێت" (محەمەد، حاتەم ولیا، ٢٠٠٠: ٤٠)، نیشانەکانی (ناسراوی، نەناسراوی، کۆ)، ڕۆنانی ناوەوەی فرێزی ناوی فراواندەکەن، ئەرکی دیاریکەر (Determiner) دەبینن. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (محەمەد، حاتەم ولیا، ٢٠٠٠: ٣٤)، (کەمال، دیار عەلی، ٢٠٠٢: ٣٩)، (مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، ٢٠١٠: ١٦).

لە ڕۆنانە سینتاکسییەکاندا "پڕاگماتیک ڕوونیدەکاتەوە، کە چۆن واتای زیادە بگەیەنرێت" (Ariel, Mira, 2008: para 1)، بەپێی پێویستی و مەبەستی قسەکەر ژمارەی دەرخەرەکان و هاتنیان لەپێش، یان دوای سەرەوە دێن.

٢-ا. هەر باوان، هات. } (جەختکردنەوە)
ب. تەنیا سام، هاتووە.

---

[٣] (بەپێی بۆچووونی ڕێزمانی بەندێتی، ئەم مۆرفیمانە دەبن بە سەر). (محەمەد، حاتەم ولیا، ٢٠٠٠: ٣٤)

پ. هیچ کەس، نەهاتووە. (نەرێکردن و جەختکردنەوە)

ت. یەک منداڵ، هاتووە. (ژمارە)

ج. دووەم منداڵ، ڕۆشتووە. (ڕیزبەندی)

چ. هەندێک مامۆستا، ڕۆیشتن. (ڕێژەیەکی نادیار)

چ.کام خوێندکار، نەهاتووە؟ (نەبوونی زانیاریی پێشینەو پرسیارکردن)

لە نموونەکانی (٢)دا دەرخەرەکانی هەریەک لەو فرێزە ناوییانە، (هەر، تەنیا، هیچ، یەک، دووەم، هەندێک، کام)، لە پێش (سەر)ەوە هاتوون، هەریەکەیان تایبەتمەندییەکی (سەر)ە ڕووندەکەنەوە، ئەمەش بەهۆی نەبوونی زانیاریی هاوبەش لەنێوان قسەکەر و گوێگردا، یان بۆ پێدانی زانیاریی زیاتر و جەختکردنەوە. لە زۆر باردا زیاتر لە یەک دەرخەر پێکەوە دێن. وەک:

٣-ا. تەنیا یەک منداڵ، هاتووە. (جەختکردنەوە لە ژمارەی منداڵەکان)

ب. هەر تەنیا سایە، دەرچووە. (جەختکردنەوە)

پ. هەر هیچ کەس، نەهاتووە. (جەختکردنەوە لەنەرێکردن)

ت. تەنیا هەندێک مامۆستا، ڕۆیشتن. (جەختکردنەوە و خستنەڕووی ژمارەیەکی نادیار لە مامۆستایان)

ج. تەنیا چوارەم خوێندکار، کەوتووە. (جەختکردنەوە بە خستنەڕووی ڕیزبەندیی خوێندکار)

چ. تەنیا هەر یەک منداڵ، دەگری. (جەختکردنەوە لە ژمارەی منداڵەکان)

هەروەها "نازناوی زانستیی و کۆمەڵایەتیەکان و ناوی ئاوەڵکرداری دەبنە دەرخەری پێشەوەی فرێزی ناویی" (حسەین، شیلان عومەر، ٢٠١١: ٣٠)، هۆکاری ئەمەش بۆ دەوروبەری کۆمەڵایەتی و کلتوریی کۆمەڵ دەگەڕێتەوە، کە پلە و پێگە و خۆشەویستی و ڕێز و نرخاندن و کەسایەتیی مرۆڤەکان، هۆکارن بۆ هەڵبژاردنی ئەم نازناوانە.

٤-ا. کاک سەروەر (ڕێز و خۆشەویستی، تەمەن...هتد)

ب. مامۆستا باخان (ڕێز و خۆشەویستی، پیشە، پێگەی ئەکادیمی و کۆمەڵایەتی، بەرزنرخاندن...هتد)

پ. داده گوڵاڵه (ڕێز و خۆشەویستی، تەمەن...هتد)

ت. باجی ڕێزان (پێگەی کۆمەڵایەتی...هتد)

ج. ست کوێستان (ڕێز و پێگەی کۆمەڵایەتی...هتد)

چ. دکتۆر ئاراس (پیشە و پێگەی ئەکادیمی...هتد)

ح. حاجی شێرزاد (پێگەی ئاینی، ڕێز...هتد)

خ. پ.د.ئارام (پێگەی ئەکادیمی و نازناوی زانستی)

د. کاک دکتۆر ئارام (جەختکردنەوە و دەرخستنی ڕێزی زیاتر، پێگەی ئەکادیمی)

د. خاتوو کەژاڵ (ڕێز و خۆشەویستی...هتد)

ر. کاک شێخ ئاراس (ڕێز، پێگەی کۆمەڵایەتی...هتد)

ڕ. وەستا سامان (پیشە، نرخاندن...هتد)

ز. م.ی پەری (پێگە و نازنازی زانستی)

ژ. مامە حاجی (ڕێز و خۆشەویستی، تەمەن، پێگەی ئاینی...هتد)

س. خاڵە ئاسۆ (ڕێز و خۆشەویستی، پەیوەندیی خزمایەتی...هتد)

ش. مامە دکتۆر (پیشە، لە زمانی منداڵدا زیاتر بەکاردێت)

ع. کاک حاجی ئارام (جەختکردنەوە لە ڕێز، پێگەی کۆمەڵایەتی و ئاینی...هتد)

غ. جەنابی بەڕێوەبەر (پلە و پۆست، ڕێز...هتد)

ف. خانم دکتۆر (پیشە، ڕێز...هتد)

هەریەک لەو فرێزە ناوییانە دەرخەرێک، یان زیاتریان هەیە، نازناوەکان، لەپێش (سەر)ەوە هاتوون، هەریەکەیان بە هۆکارێک بوون بە بەشێک لە ڕۆنانی فرێزە ناوییەکە. هەندێکجار لە فرێزێکی ناویدا هەردوو دەرخەری پێش و دوای سەری فرێزەکە پێکەوە دێن. بۆ نموونە:

٥- ا. مامۆستا جوانە خان

ب. باجی گوڵاڵە گیان

پ. وەستا سۆرانی کەبابچی

لە نموونەکانی (٥)دا دەرخەر لەپێش و دوای (سەر)ەوە هاتوون، بەمەبەستی ڕێز و خۆشەویستی، بەرز نرخاندن، پێگە و پلەی کۆمەڵایەتی، یان شارەزایی و لێهاتوویی.

٦-ا. نیلا خان (ڕێز و ئەتەکێت...هتد)

ب. باڤینی ئازیز (خۆشەویستی)
پ. ئێلای گوڵ (خۆشەویستی، جوانی...هتد)

لە نموونەکانی (٦)دا دەرخەرەکان لە پاش (سەر)ەوە هاتوون.

لەمجۆرە فرێزانەدا ئەگەر (بابەت، شت، یان کەسەکە) بۆ گوێگر ناسراو بێت، واتە زانیاریی هاوبەش لەنێوان قسەکەر و گوێگردا هەبێت، یان گوێگر زانیاریی پێشینەی هەبێت، جێناوی نادیار دەبێتە دەرخەری فرێزەکە، هەروەها بەمەبەستی جەختکردنەوە و خاوەنێتی، جێناوە خۆییەکان دەبن بە دەرخەری فرێزە ناوییەکان. بە پێچەوانەوە لەکاتی نەبوونی زانیاریی هاوبەشدا جێناوی پرس دەبێتە دەرخەری فرێزەکە.

٧-ا. کتێبی کابرا، لێرەیە.
ب. کتێبی خۆم، لە ماڵەوەیە.
پ. چەند کتێبت هەیە؟

لە (٧-ا)دا هەڵبژاردنی جێناوی نادیار وەک دەرخەری فرێزەکە بەمەبەستی دەرنەخستنی ناوی کەسەکەیە، بە هەر هۆکارێک بێت، هەروەها دەریدەخات، زانیاری پێشینە لەبارەی ئەو کەسەوە لای گوێگر بوونی هەیە.

لە (٧- ب)دا جێناوی خۆیی (خۆم) دەرخەری فرێزەکەیە، بەشێکی سەرەکیی ڕۆنانی فرێزەکەیە، بەمەبەستی خاوەنێتی و جەختکردنەوە بووە بە بەشێک لە ڕۆنانی فرێزە ناوییەکە، هەروەها لە (٧- پ)دا دەرخەری (چەند) بەهۆی نەبوونی زانیارییە لای قسەکەر لەڕێگەی ئەم دەرخەرەوە پرسیار لە زانیارییەک دەربارەی کتێبەکانی گوێگر دەکرێت. لەم جۆرە فرێزەدا هەندێکجار بەهۆی مۆرفێمی /ی/ەوە دەرخراو و دەرخەر لەیەکدراون و فرێزەکەیان دارشتووە.

بەپێی دەوروبەر و چوارچێوەی ئاخاوتنەکان هەندێکجار فرێزی دیکەش دەبن بە دەرخەر لە ڕۆنانی فرێزدا، لە نموونەی (٨)دا فرێزەکانی (کوڕەکە، کتێبێک، کتێبەکە)، تەواوکەرن بۆ فرێزەکانی (ئارام، نەسرین، ئەو)، ئەمەش بەمەبەستی خستنەڕووی زانیاریی ورد بۆ گوێگر، بەهۆی مۆرفێمی /ی/ەوە دەرخراو و دەرخەر لێکدراون.

٨-ا. کوڕەکەی ئارام، هات.

ب. کتێبێکی نەسرین، لێرەیە.

پ. کتێبەکەی ئەو، ونبووە.

دەستەواژەکانی (هەر، تەنیا...هتد)، بەمەبەستی دیاریکردن و جەختکردنەوە دەبن بە دەرخەری فرێز، هەروەها دەکرێت ژمارەی دەرخەرەکان بە پێی بارودۆخ و لایەنی دەروونی و کۆزانیاری و زانیاریی پێشینە و دەوروبەرە جیاوازەکان زیادبکرێن. "لە هەندێک فرێزی ناویدا، کاریگەرییان لەسەر بیر دەبێت، لە هەندێکی تریشدا، هاوبەشی لە ڕۆنان و واتای فرێزەکاندا دەکەن" (حسەین، ئازاد ئەحمەد، ب-٢٠٢١: ٢٠).

٩-ا. تەنیا هەر یەک خوێندکار هاتووە. (جەختکردنەوە، ژمارە)

ب. چەند خوێندکارێکی کورد، لەوێن. (دەرنەخستنی ژمارەی دیاریکراوی خوێندکارەکان)

پ. جوانترین وڵات } (پێدانی پلەی باڵا و بەرزنرخاندن)

ت. زیرەکترین خوێندکار

لە نموونەکانی (٩-ا، ب)دا فرێزەکە زیاتر لە دەرخەرێکی وەرگرتووە، هەریەک لەو دەرخەرانە بەهۆکارێک لایەنێکی سەرە ڕووندەکەنەوە، بەڵام لە نموونەکانی (٩-پ، ت)دا فرێزی ئاوەڵناوی دەرخەری فرێزەکانن. (سەری فرێز، کە هاتنی لە ڕۆنانەکەدا بەخورتییە، هەندێکجار بەهۆی دەوروبەرە جیاوازەکانەوەدەرنابڕێت، چونکە لە ئاوەزی قسەکەردا پێشبینی لێکراو و زانراوە، بۆنموونە: (جریوەی چۆلەکە)، لە کاتی دەربڕیندا دەوترێت (گوێم لە جریوەیە). ) (ڕەشید، طە ڕەحیم، ٢٠١٥: ٢٩)، دەرنەبڕینی سەری فرێز دەشێت بەهۆی بوونی زانیاریی هاوبەش بێت، یان بۆمەبەستی ئابوریکردن، هەندێکجار دەبێتە هۆی گۆڕینی جۆری فرێزەکەش، بۆ نموونە:

١٠-ا. سێ خوێندکار هاتوون. (سێ خوێندکار فریزی ناوین)

ب. سیانیان هاتوون. (فرێزی ناوییە، بەڵام بەهۆی زانیاریی هاوبەشی نێوان قسەکەر و گوێگرەوە دەرخراو لابراوە و ئابوری لە ڕۆنانی فرێزەکەدا کراوە).

پ. کەمێک نانم خوارد. (فرێزی ناوی)

ت. کەمێکم خوارد. (فرێزی دیارخەری)

وشەی نیشانەش دوور و نزیکی شتەکە، یان کەسەکە دەردەخات، یان بۆ مەبەستی جەختکردنەوە بەکاردێت. بۆ نموونە:

١١-ا. ئەم ئامەدە زیرەکە.
ب. ئەو ئاوە پاکە.

مۆرفیمی /-ەکە/ لە دەوروبەرێکدا بەکاردێت، کە زانیاریی هاوبەش لە نێوان قسەکەر و گوێگردا هەبن، بۆ نموونە:

١٢- کچەکە هات.

لەم ڕستەیەدا گوێگر دەزانێت و زانیاریی لەبارەی کچەکەوە هەیە، کە کێیە و ئیشی چییە...هتد. هەندێکجار "لە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەدا دەشێ فرەیزی ناوی دەرنەکەوێت چونکە فرەیزی کاری لە زمانی کوردیدا هەمیشە ئاماژەکەرە بە بکەرە ڕێزمانییەکەی خۆی" (کەمال، دیار عەلی، ٢٠٠٢: ٤٠).

١٣-ا. ئەوان هاتن.
هاتن.

## ٢-١/٢) فرێزی ئاوەڵناوی

لەمجۆرەی فرێزدا ئاوەڵناو دەبێتە سەری فرێزەکە، بەیارمەتی تەواوکەرێک، یان زیاتر ڕۆنانەکە بەرهەمدەهێنرێت، دەرخەرەکە لە پێش، یان دوای ئاوەڵناوەکەوە دێت، یان دەشێت، دەرخەری پێش و دوا پێکەوە بێن.

١٤-ا. خوێندکارێکی زیرەکی جوان (نەبوونی زانیاریی هاوبەش، لایەنی دەروونی قسەکەر)
ب. کوڕێکی گەنج و چالاک (نەبوونی زانیاریی هاوبەش، لایەنی دەروونی قسەکەر)
پ. زۆر شیرین (ڕادە و جەختکردنەوە)
ت. زۆر نایاب (دەرخستنی ڕادەیەک، جەختکردنەوە)
ج. کەمێک کۆن (دەرخستنی ڕادەیەکی نادیار)

چ. هەندێک تاڵ   (دەرخستنی بڕێکی نادیار)

ح. زۆر خراپتر   (دەرخستنی ڕادەیەک لە  پلە و بەراوردکردن، جەختکردنەوە)

خ. شیرینترین   (جیاکردنەوە و پێدانی پلەیەکی بەرز و باڵا)

د. چەندین جار خراپتر  (دەرخستنی ڕادەی نادیاریی پلەی ئاوەڵناوەکە، بەمەبەستی بەراوردکردن)

ر. زۆر زۆر جوانتر   (ڕادە، جەختکردنەوە، بەراوردکردن و دەرخستنی پلەی ئاوەڵناوەکە)

ڕ. زۆر زۆر بەتام   (ڕادە، جەختکردنەوە)

ز. ئاهەنگەکە، هیچ خۆش، نەبوو.   (نەرێکردن)

ژ. زۆر تورە  (ڕادە و جەختکردنەوە)

س. چەند زیرەک و وریا (دەرخستنی ڕادەی نادیاری و بەرزنرخاندن و هەڵسەنگاندن)

لە نموونەکان (١٤)دا هەریەک لەو دەرخەرانەی فرێزە ئاوەڵناوییەکان، کە  لە پێش و دوای (سەر)ەوە هاتوون، هەندێکیان زیاد لەیەک دەرخەر لە پێش و دوای سەرەوە دەرکەوتوون، هەریەکەیان بەمەبەستێک و بەهۆی دەوروبەرە جیاوازەکانەوە بوون بە بەشێک لە ڕۆنانی فرێزەکان. "ئاوەڵناوەکان پلەدارن، بۆیە لە پێشەوە بە پلەو لە دواشەوە بە مۆرفیمی پلەی بەراورد /-تر/ و مۆرفیمی پلەی باڵا /-تریین/ دەردەخرێن" (مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، ٢٠١٠: ٥٨)، ئەمەش دەکەوێتە سەر دەوروبەری قسەکەر و باری دەروونی، کە لە ڕێگەی ئەم دەرخەرانەوە هەندێکجار باری دەروونی و هەستەکانی ئاخێوەر دەخرێنە ڕوو، یان جەختکردنەوەیە لەسەر کەس و شتەکان.

هەندێکجار ئەم دەرخەرانە بەهۆی دەوربەری زمانییەوە دەبنە بەشێک لە ڕۆنانی فرێزەکە، لەوانە /-تر/ و /-ترین/، کە دەرخەری دواوەی فرێزی ئاوەڵناویین، هەروەها ئەو وشانەی، کە ڕادەن، دەبنە دەرخەری پێشەوەی فرێزە ئاوەڵناوییەکان، هەندێکجاریش هەردوو جۆری دەوروبەر پێکەوە هۆکارن بۆ هاتنی دەرخەرەکان، واتە دەوروبەری زمانی و نازمانی پێکەوە، بۆ نموونە لەکاتی بەراوردکردنی شتەکان، یان دەرخستنی پلەی باڵا، (کە بەهۆی دەوروبەری نازمانییەوە بەراورد، یان پلەی باڵا هەڵدەبژێردرێت)، پێویستە مۆرفیمەکانی پلەی بەراورد، یان باڵا هەڵبژێردرێن، کاتێک

مۆرفیمی پلەی بەراورد لە ڕستەکەدا دێت، ئەوا دەوروبەری زمانی ڕستەکە پێویستی بە فرێزێکی پێشناوی هەیە، بۆ نموونە:

١٥-ا. لە ئەو بەرزتر
ب. لە شەکر شیرینتر

لە نموونەی (١٥-ا، ب)دا، فرێزی پێشناویی (لە ئەو، لە شەکر)، لە ڕۆنانی ڕستەکەدا دەبێتە تەواوکەری ڕستەکە، دەرخەری دواوەی فرێزەکەش، پێکهاتووە لە مۆرفیمی پلەی بەراورد /-تر/، بەهۆی دەوروبەری سینتاکسیی فرێزەکەوە، لەکاتی بەراوردکردندا هاتووە.

١٦-ا. ڕۆژێکی خۆش
ب. مامۆستایەکی زۆر باشتر لە ئەو، لێرەیە.
پ. *زۆر جوانترین

لە نموونەی (١٦-ب)دا چەند دەرخەرێک هەن، لەوانە (فرێزی دیارخەری، ڕادە، پلەی بەراورد)، ئەمەش بەمەبەستی خستنەڕووی پلەی بەراورد لەسەر کەسێکی نەزانراو (نەبوونی زانیاریی هاوبەش) لەنێوان قسەکەر و گوێگردا، لە کاتی بەراوردکرندا مۆرفیمی پلەی بەرارورد و فرێزی پێشناویش دەبن بە بەشێک لە فرێزەکە، لەکاتێکدا ئەگەر قسەکەر بیەوێت، جەخت لە شتەکان بکاتەوە، (ڕادە) لەناو فرێزەکەدا بەکاردەهێنێت، چونکە پلەی بەراورد بەراوردکردنی نێوان دووشتە، هەندێکجار، کە (ڕادە) دەبێتە دەرخەر، لەگەڵ نیشانەی پلەی بەراوردەکەدا پێکەوە بەکاردێن، بۆ جەختکردنەوە و پێدانی پلەیەکی نادیار لە بەراوردکردنەکەدا، بەڵام "ڕادە و مۆرفیمی /-ترین/ی پلەی باڵا پێکەوە لە فرێزێکی ئاوەڵناویدا کۆنابنەوە" (ڕەشید، طە ڕەحیم، ٢٠١٥: ٥٦)، ئەمەش بەهۆی دەوروبەری سینتاکسیی فرێزەکەوەیە، چونکە پلەی باڵا دیاریکردنی شتێکە لەناو کۆمەڵە شتێکدا و هەروەها پلەیەکی باڵای هەیە، کاتێک لەو پلەدا بێت، ئەوا (ڕادە)ی لەگەڵدا بەکارنایەت، چونکە ڕادە پلەکەی نادیارە، وەک لە نموونەی (١٩- پ)دا خراوەتەڕوو.

فرێزی ئاوەڵناوی "پرۆژەیەکی دانەخراوە، بۆیە دەتوانرێت لە دواوە ژمارەی ئاوەڵناوەکانی زیادبکرێت" (مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، ۲۰۱۰: ٦٥). وەک لە نموونەی (۱۷) دەخرێتەڕوو:

۱۷-ا. کچێکی جوان و ژیر و لێهاتوو

ب. خانوویەکی خۆشی دڵگیری نوێ

(فرێزی ئاوەڵناوی لە ڕۆنانی ڕستەدا، سەربەخۆ و تەنیا نییە، بەڵکو دەچێتەناو ڕۆنانی فرێزە ناوییەکانەوە و ئەرکی دەرخەری دەبینێت و لە شێوەی کەرەستەی تەواوکەر، یان سەرباردا دەردەکەوێت) (حسەین، ئازاد ئەحمەد، ا-۲۰۲۱: ۲۵).

۱۸-ا. مامۆستای خراپ

ب. کوڕی باش

پ. کچی جوان

ت. میوەی تازە

ج. بینای بەرز

چ. خواردنی بۆگەن

لە نموونەکانی (۱۸)دا، لە ڕێگەی ئاوەڵناوەکانەوە زانیاری و تایبەتمەندیی کەس، یان شت و بابەتەکە دەخرێنەڕوو؛ ئەرکی ئاوەڵناو لە ڕۆنانی فرێزدا هەمیشە دەرخەرییە، بەڵام بە یاسای جێگرتنەوە دەشێت لە هەندێک فرێزدا بە هەر هۆکارێک بێت (لەوانە ئاشکرایی دەرخراو) دەرخراو لاببرێت، لەم بارەدا ئاوەڵناوەکە کە (دەرخەر)ە، لە جێکەوتەی فرێزەکەدا بە تەنیا دەردەکەوێت و فرێزەکە پێکدەهێنێت، بۆ نموونە:

۱۹-ا. تۆ خوێندکارێکی زیرەکیت

تۆ زیرەکیت

ب. شێتەکە ڕۆیشت.

پ. ڕێزدار ڕێزت گرت شەرمەزار دەبێت

بەڵام نارەسەن تا بێت هار دەبێت.

له نموونەکانی (١٩)دا له ڕوانگەی دەوروبەرە کلتورییەکەوە دەزانرێت، کە (زیرەک، شێت، ڕێزدار، شەرمەزار، ناڕەسەن) سیفەتی مرۆڤن، لەبەرئەوە پێویست ناکات بوترێت: (تۆ خوێندکارێکی زیرەکیت، کەسێکی شێت ڕۆیشت، مرۆڤی ڕێزدار، مرۆڤی شەرمەزار، مرۆڤی ناڕەسەن)، واتە لەو دەوروبەرەدا بەهۆی ڕوونی و ئاشکرایی، دەرخراوەکە لابراوە.

٢٠- میوەی کۆن نافرۆشرێت.

له (٢٠)دا فرێزی ئاوەڵناوییەکە تەواوکەرە، چونکە لێرەدا جۆری میوەکەی جیاکردۆتەوە، تەنها میوەی کۆن نافرۆشرێت، بەڵام ئەگەر لاببرێت واتاکەی دەگۆڕێت.

## ٣-١/٢) فرێزی پێشناوی

جۆرێکی دیکەی فرێزە، لە سەر و تەواوکەر پێکدێت، "سادەترین فرێزی پێشناوی لە پێشناوێک و تەواوکەرێک پێکدێت، پێشناوەکە دەبێتە سەرەی فرێزەکە" (برزو، ئومێد بەرزان، ٢٠١١: ٤٩)، دەکرێت، تەواوکەرەکەی، ناو، جێناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، ئامرازی پرس، یان فرێزێکی دیکە بێت، هەڵبژاردنی جۆری پێشناوەکان پەیوەستە بە دەوروبەرەوە، بۆ نموونە:

٢١-ا. سارا <u>لە باران</u> گەورەترە.
ب. <u>لە من</u> دڵسۆزتر، بوو.

له نموونەکانی (١٥-ا، ب)دا بەهۆی بەراوردکرنەوە پێشناوی (لە) هەڵبژێردراوە، هۆکاری سەرەکیی ئەمەش دەوروبەری سینتاکسیی ڕستەکەیە، (باران، من) تەواوکەری پێشناوەکانن.

٢٢- تۆ <u>بۆ من</u> دڵسۆز بوویت.

له نموونەی (٢٢)دا، فرێزی پێشناوی(بۆ من)، ڕۆڵی تەواوکەر لە ڕۆنانی ڕستەکەدا دەبینێت، ئەمەش بەهۆی دەوروبەری نازمانی و پێدانی زانیاریی زیاتر بە گوێگر.

٢٣- ئەو <u>بۆ بازار</u> دەچێت.

له نموونەی (٢٣)دا، پێشناوی (بۆ) سەری فرێزەکەیە، بە مەبەستی دیاریکردنی ئاڕاستە هاتووە، هەندێکجار ئەو تەواوکەرەی لەگەڵ پێشناوەکەدا دێت، دەرناکەوێت، ئەمەش بەهۆی دەوروبەری نازمانییەوەیە، دەکرێت بوونی زانیاریی هاوبەش لەنێوان ئامادەبووندا هۆکارێک بێت بۆ دەرنەکەوتنی تەواوکەرەکە. بۆ نموونە:

٢٤-ا. خانووەکەم بۆ فرۆشت.

ب. خانووەکەم بۆ ئەو فرۆشت.

پ. خانووەکەم بۆ قەرز فرۆشت.

له نموونەی (٢٤-ا)دا تەواوکەرەکەی کراوە بە جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک، کە (Ø)ە، واتە دەرنەکەوتووە، بەڵام لە نموونەکان (ب، پ) تەواوکەرەکان دەرکەوتوون، بەهۆی نەبوونی زانیاریی هاوبەش لە نێوان قسەکەر و گوێگردا.

فرێزی پێشناوی، دەبێتە بەشێک لە ڕۆنانی  فرێزی کرداریش، بۆ نموونە:

٢٥- من بۆ سەفەر دەڕۆم. (پێدانی زانیاریی بە گوێگر)

هەندێکجار پێشناوەکە پاشناوێکی لەگەڵدایە و دەکەوێتە دوای تەواوکەری فرێزەکەوە، بۆ نموونە:

٢٦-ا. من بە کەرکوکدا تێپەڕیم. (پێدانی زانیاری، سەبارەت بە دیاریکردنی ئاڕاستە و شوێن)

ب. من لە بازاڕەوە هاتووم. (پێدانی زانیاری، لەبارەی دیاریکردنی شوێن و ئاڕاستەوە)

هاتنی ئەم پاشناوانە بەهۆی دەوروبەری زمانی فرێزەکەوەیە، هەندێکجار بەبێ ئەو پاشناوانە ڕۆنانی فرێزەکە تێکدەچێت، بەهەمانشێوە واتاکانیش ناڕوون دەبێت.

٢٧-ا. باران بۆ ئاهەنگەکە دواکەوت.

ب. سایە لە کچێکی دڵپاک دەچێت.

له (٢٧-ا)دا فریزێکی دیارخەری بووە بە تەواوکەری پێشناوەکە، ئەمەش بەهۆی نەبوونی زانیاریی هاوبەش لە نێوان قسەکەر و گوێگردا، لە (٢٧- ب)دا بە هەمانشێوە تەواوکەری ڕۆنانەکە فریزێکی دیارخەرییە.

لە فریزی پێشناویدا دەکرێت، دەرخەرەکان لە سەرەتای پێشناوەکانەوە بێن، هەروەها هەڵبژاردنی جۆری تەواوکەرەکانیش پەیوەستە بە دەوروبەرەوە، بۆ نموونە:

٢٨-ا. سایە هەر خۆی بە یەکەم دەردەچێت. (جەخت لەناوی (سایە)کراوەتەوە)

ب. چوار لە مامۆستاکان لێرەن. (ژمارە، دیاریکرن و پێدانی زانیاری)

پ. مامۆستا زۆر بە جوانی وانەکە دەڵێتەوە. (ڕادەیەکی نادیار، زانیاری لەبارەی چۆنێتی ڕوودانی کردارەکە)

ت. چەند کەسێک لە ئەوان هاتن. (پێدانی زانیاری بەشێوەیەکی نادیار)

ج. هەرگیز لەگەڵ ئەو نابم. (جەختکردنەوە و نەرێکردن)

چ. ئەو بە خێرایی دەڕوات. (ئاوەڵکردارە بۆ خستنەڕووی چۆنێتیی ڕوودانی کردارەکە)

ح. بۆ هەتا هەتایە جێیدەهێڵم. (دیاریکردنی ماوە و جەختکردنەوە)

خ. ئەو لە هەموو خوێندکارەکان زیرەکترە. (دەرخستنی پلەی باڵا، لایەنی دەروونی)

د. بۆ چی نامێنیتەوە؟ (پرسیارکردن، داواکردنی زانیاریی لەبارەی کردارەکەوە)

ر. لە کوێ دەمێنیتەوە؟ (پرسیارکردن، داواکردنی زانیاری لەبارەی شوێنی ڕوودانی کردارەکەوە)

ڕ. تا کەی لێرەی؟ (پرسیارکردن، داواکردنی زانیاری لەبارەی ماوە و کاتی کردارەکە)

ز. ئەم خانووە کەمێک لەوەی پێشوو خۆشترە. (لایەنی دەروونی، دەرخستنی ڕادەیەکی کەمی نادیار، بەراوردکرن)

ژ. ئەو هەر خۆی بەتەنیا لە ماڵەوەیە. (جەختکردنەوە، ژمارە، شوێن دیاریدەکەن)

س. شەن ئەمڕۆ پێنووسێکی بە دیاری ناردبوو. (کات و جۆری دیارییەکە دەخاتەڕوو، بەهۆی نەبوونی زانیاریی هاوبەش)

ش. شەن <u>ئەمرۆ</u> <u>پێنووسێکی</u> <u>بە</u> <u>دیاری</u> <u>بۆ</u> <u>ژیلا</u> هێنابوو. (دوو فرێزی پێشناوی هاتوون، (ئەمرۆ، پێنوسێک) دەرخەری فرێزەکەن و دەبنە هۆی خستنەڕووی وردەکاری و زانیاری)

لە نموونەکانی (٢٨)دا بەهۆی دەروبەری زمانی و نازمانییەوە هەریەکەیان بەهۆکارێک، یان زیاتر، دەرخەرێک، یان زیاتر، لە ڕۆنانی فرێزەکاندان.

هەندێکجار لە ڕۆنانی فرێزە پێشناوییەکاندا دەشێت پێشناوەکە لە ڕۆنانی ڕووکەشدا نەیەت، بەڵام لە ڕۆنانی قووڵدا بوونی هەیە، ئەمەش بە پێی دەوروبەری زمانی فرێزەکەوە ڕوودەدات، "ئەگەر تەواوکەرەکەی فرێزێکی دیارخەریی بێت و فرێزە دەرخەرییەکەش بە یەکێک لە ناوە ئاوەڵکردارییەکانی /تەنیشت، بەرامبەر، لا، دەوروبەر، ئەملاولا، پاش، پێش.../ دەرخراو بێت" (مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، ٢٠١٠: ٦٧) بۆ نموونە:

٢٩-ا. پەڕاوگەکە لە بەرانبەر زانکۆیە.

ب. پەڕاوگەکە بەرانبەر زانکۆیە.

پ. مارکێتەکە دەوروبەری زانکۆیە.

لە (٢٩-ا)دا پێشناوەکە هاتووە، بەڵام لە (٢٩-ب، پ)دا، نەهاتووە. "ئەگەر ئەو ناوە یان ڕاناوەی لەدوای پێشبەندی (بە) و (لە)ەوە دەردەکەوێ بە ڕاناوێکی لکاو دەربڕا، (بە) دەبێتە (بێ)، (لە) دەبێتە (لێ)." (سدیق، شێرزاد سعید، ٢٠١٣: ١٨٤)، دەبنە پێشگر، وەک لە نموونەی (٣٠)دا، دەبینرێت:

٣٠- چێشتەکەی لێنا.

## ٤-١/٢) فرێزی دیارخەری

لەم جۆرە فرێزەدا دیارخەرەکان دەبنە سەری فرێز، "دیارخەرەکان لە زمانی کوردییدا ناسراویی و نەناسراویی (Articles) (ەکە، ێک، ەکان، ان)، وشە نیشانەکان Demonstrative، وەک (ئەو...ە، ئەم...ە، ئەو...انە، ئەم...انە)ن." (مەعرووف، عەبدولجەبار

مستەفا، ٢٠٢٠: ١٤). ئەم فرێزە دەبێتە دەرخەر لە چوارچێوەی فرێزەکانی ناوی و کرداریدا.

٣١-ا. پیاوەکە (بوونی زانیاریی هاوبەش لە نێوان قسەکەر و گوێگردا)

ب. کچێک (نادیاریی و نەبوونی، یان پێنەدانی زانیاریی هاوبەش)

پ. ئەم خانووە (نزیکی خانووەکە)

ت. ئەم وڵاتانە (نزیکی و ژمارەی کۆ دەردەخات)

ج. ئەو شارە (دووری شوێنەکە دەردەخات)

چ. سەر کورسییەکە (دیاریکردنی ئاڕاستەی شوێن)

ح. پیاوە باشەکە (دیاریکردن و ناساندن)

لەنموونەکانی (٣١-ا، ب، پ، ت، ج)دا سەری فرێزە دەرخەرەکان دیاریکراون، هەریەکەیان لایەنێکی دەوروبەر هۆکاربووە لە هاتنی لەناو ڕۆنانی فرێزەکەدا، لە نموونەکانی (٣١- چ، ح)دا فرێزەکان بەمەبەستی خستنەڕووی زانیاری فراوانکراون.

٣٢-ا. هەموو خوێندکارەکان

ب. هەر سێ خوێندکارەکە

پ. سەر دیوارەکە

ت. ژێر زەوییەکە

لە نموونەکانی (٣٢)دا دەرخەرەکان بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتر و جەخت و دیاریکردنی ڕێژە...هتد، هاتوون.

٣٣-ا. چوار پێنج وانەیەک کەوتووە. (لەڕێگەی دەرخەری ژمارەوە زانیاری خراوەتەڕوو بە ژمارە، بەڵام ژمارەکان گومان و دڵنیانەبوون، یان بەهەر هۆکارێک بێت ژمارەی دڵنیاکەرەوە دەرنەبڕاوە.

ب. کچێکی براکەم (لێرەدا فرێزێکی دیارخەری لەناو فرێزێکی دیکەدا هاتووە، یەکێکیان بووە بە دەرخەری ئەوی دیکە، بەمەبەستی خستنەڕووی زانیاریی ورد لەبارەی بابەتەکەوە).

## ٥-١/٢) فریزی ئەدڤێربڵی

فریزی ئەدڤێربڵی پرۆژەی ئەدڤێربڵەکانە و دەبنە سەری فریزەکە، لە زمانی کوردیدا "بە زۆری لەناو فریزی بەندیدا دەردەکەوێت"، (سدیق، شێرزاد سەعید، ٢٠١٣: ٨٤). واتە ئەو دەربڕاوانەی لە ڕۆنانە سینتاکسییەکاندا دەچنە جێکەوتەی ئاوەڵکردار و ڕۆڵی ئاوەڵکردار دەبینن و دەبنە فریزی ئەدڤێربڵی (ئاوەڵکردار ئاسا)، بۆنموونە:

٣٤-ا. لاوان لەناو باخچەکە دانیشتووە. (شوێنی ڕوودانی کردارەکەی خستۆتەڕوو)

ب. باران بە هێواشی دەڕوات. (چۆنێتیی ڕوودانی کردارەکە خراوەتەڕوو)

پ. منداڵەکە کەم کەم فێردەبێت. (ڕادە و چۆنێتیی ڕوودانی کردارەکە خراونەتەڕوو)

ت. منداڵەکان چوار چوار دەڕۆنەوە. (چۆنێتیی و ژمارەی منداڵەکان خراونەتەڕوو)

ج. منداڵەکە درەنگ گەیشت. (کاتی گەیشتنی منداڵەکە خراوەتەڕوو)

لە نموونەکانی (٣٤)دا هەریەک لە (فریزی پێشناوی، ڕادە، ژمارە، ئاوەڵناو)، لە جێکەوتەی فریزی ئاوەڵکرداریدا هاتوون، بە فریزی ئەدڤێربڵی ناودەبرێن. کاتێک قسەکەر بیەوێت، کات، شوێن، یان چۆنێتیی ڕوودانی کردارێک بخاتە ڕوو، سوود لە ئەدڤێربڵەکان وەردەگرێت.

ئەمجۆرە، "لە جۆری فریزی هەڵواسراون" (سەعید، سازان زاهیر، ٢٠٢٠: ١٧٦)، واتە لەلایەن کردارەوە کەرەستەیەکی داواکراو نین. ڕستە بەهۆی ئەمجۆرە فریزەوە دەتوانرێت فراوانبکرێت، ئەویش بەپێی ویستی قسەکەر و باری دەروونی و بارودۆخە جیاوازەکان.

٣٥-ا. باران ساڵی پار زیرەکبوو. (خستنەڕووی کات)

ب. باران ساڵی پار لەژیلە زیرکتربوو. (کات و بەراوردکرن خراونەتەڕوو)

پ. ژیلە هەر ئێستا ڕۆشت. (جەختکردنەوە)

ت. هەر ئێستا سایە هات. (جەختکردنەوە، لەبەرئەوەی زۆرجار ئەدڤێربڵ، یان ئاوەڵکردار ئارگۆمێنت داواکراو نییە، لە ڕستەدا دەتوانرێت شوێنەکەی ئاڵوگۆڕبکرێت، ئەمەش پەیوەستە بە ویست و ئارەزوو و باری دەروونیی قسەکەرەوە).

ج. سارا کەمێک پێش ئێستا ڕۆشت. (کاتێکی نادیار خراوەتەڕوو، لەبەر بوونی زانیاریی کات لای گوێگر)

چ. ڕامین سالّی پار و پێرار و ئەمساڵیش زیرەکە. (جەختکردنەوە وخستنەڕووی کاتەکە)

لە ڕۆنانی "ئەو ڕستانەی، کە کردارەکانیان نەرێن، بە دانانی ئەدڤێربڵ لە شێوەی (فرێزی ناوی، یان پریپۆزیشنی)دا، بیری ڕستەکە دەگۆڕێت"، (حسەین، ئازاد ئەحمەد، ب-٢٠٢١: ١٩).

٣٦- ژیکاڵ بە باشی ناخوێنێت. (بە باشی)، کە فرێزێکی پێشناوییە و دەرخەری فرێزی کردارییە، ڕۆڵی ئاوەڵکرداری هەیە لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردایە، لە بەرئەوە دەبێتە فرێزی ئەدڤێربڵی، بە لابردنی لە ڕستەکەدا مەبەست و بیری ڕستەکە دەگۆڕێت، دەبێت بە (ژیکاڵ ناخوێنێت)، واتە کارەکە ئەنجام نادات، بەڵام کاتێک قسەکەر فرێزێکی ئەدڤێربڵی دەهێنێت، مەبەستی ڕستەکە دەگۆڕێت بۆ (ئەنجامدانی کارەکە).

٣٧-أ. باران هەمیشە زیرەکە. (بەردەوامبوون و جەختکردنەوە و زانیاریی خراوەتەڕوو)
ب. نامی هێشتا لێرەیە؟ (جەختکردنەوە لە سەرسوڕمان، پرسیارکردن دەخاتەڕوو)
پ. ئێمە جارێک لە بازاڕ بینیمان. (کاتێکی تا ڕادەیەک دوور و نەزانراو نیشاندراوە)

لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئەدڤێربڵی کاتی لە دەربڕینەکاندا دەتوانرێت، کۆمەڵێک لایەن، کە قسەکەر مەبەستێتی، بخرێنە ڕوو، لەوانە (کاتی دەستپێکردنی کردار، کاتی کۆتایی هاتنی کردار، بەردەوامی کردار، کاتی نادیار). (حسەین، ئازاد ئەحمەد، ٢٠٠١: ٣٨)

٣٨-أ. لەدوێنێوە ڕۆشتووە. (کات و ماوەی درێژەکیشانی کردارەکە خراوەتەڕوو)
ب. ئەو شەو و ڕۆژ دەخوێنێتەوە. (بەردەوامی کردارەکە خراوەتەڕوو)
پ. ئەو هاوین و زستان گەرمایەتی. (بەردەوامی و کات خراوەتەڕوو)
ت. من تا هاوین دەرس دەخوێنم. (دیاریکردنی کۆتایی کردارەکە)
ج. لە پیریدا پەشیماندەبێتەوە. (کات دیاریکراوە)
چ. ئەو لە بازاڕ دوکان بە دوکان دەگەڕێت. (بەردەوامی و جەختکردنەوە)
ح. بەیانی تا ئێوارە بە پێوەیە. (کات و ماوەی درێژەکێشانی کردارەکە دەردەخات، هەروەها چۆنێتیی کردارەکەش لە ڕێگەی (بەپێوە) دەرخراوە، کە فرێزێکی پێشناوییە لە جیکەوتەی ئاوەڵکرداردا).

خ. لەهەولێرەوە بۆ سلێمانی ڕۆشت. (دەستپێک و ئامانج و شوێنی کردارەکە خراوەتە ڕوو).

د. خانووەکەی جوان جوان پاککردەوە. (جەختکردنەوە لە چۆنێتیی ئەنجامدانی کردارەکە).

ر. ژین دیسان هاتەوە. (دوبارەبوونەوەی کردارەکە خراوەتەڕوو)

ڕ. لەبەر یاریکردن نەهات بۆ میوانی. (هۆکار خراوەتەڕوو)

(ناوە واتاییەکانی (ڕاستی، دڵنیایی، شک، گومان)، بە یاریدەی پریپۆزیشنەکان، جەختکردن لەسەر ڕوودان، یان ڕوونەدانی کارێک دەگەیەنێت)، (حسەین، ئازاد ئەحمەد، ٢٠٠١: ٥٢)، هەروەها هاتن و دانانی ئەدڤێربڵ بە شێوەی سەرپشکیی، پەیوەندیی بە باری دەروونیی قسەکەرەوە هەیە، واتە قسەکەر جۆرێک ئەدڤێربڵی بەلاوە گرنگە و جەختی لێدەکات و لە ڕۆنانی ڕستەدا ئاماژەی پێدەکات، واتە لایەنێکی ڕوودانی کردارەکە لە ڕوانگەی بیروبۆچوونی قسەکەرەوە خراوەتەڕوو، وەک، لە (٣٨-ز)دا، دەبینرێت:

ز. ئەوان دوێنێ وانەکەیان خوێند.

ئەوان لەماڵەوە وانەکەیان خوێند.

ئەوان بە جوانی وانەکەیان خوێند.

ئەوان دوێنێ لە ماڵەوە وانەکەیان خوێند.

ژ. ساڵانە میوانی ڕێکدەخەم. (دووبارەبوونەوەی کردار دەخاتەڕوو)

س. لەوانەیە، سبەینێ لە زانکۆ بم. (گومان، کات خراوەتەڕوو)

ش. ئەو خێرا ڕۆشت. (چۆنێتیی ڕوودانی کارەکە دەرخراوە)

ع. کەمێک هێواش بڕۆ. (ڕادەی چۆنێتیی ڕوودانی کردارەکە دەرخراوە)

غ. هەر زۆر جوان کارەکەی کردووە. (جەختکردنەوە و ڕادە و چۆنێتیی کردارەکە خراوەتەڕوو)

ف. تەنیا هەر ئەمساڵ ئیشدەکات. (جەختکردنەوەو کاتی ڕوودانی کردارەکە خراوەتەڕوو)

شایانی باسە، فریزی ئەدڤێربڵی بە کردارەوە پەیوەستە، لایەنە نادیارەکانی کردار دەخاتەڕوو، هەندێکجار بەهۆی دەوروبەری زمانی و هەندێکجاریش بەمەبەستی

ڕوونکردنەوەی زیاتر و پێدانی زانیاری ، یان بە هەردوو هۆکاری زمانی و نازمانی بوون بە بەشێک لە ڕۆنانی ڕستە.

### ٥-١/٢) فرێزی کرداری

پێکهاتەیەکی سەرەکییە لە ڕستەدا هاتنی بە خورتییە، فرێزی کرداری لە سادەترین ڕۆنانیدا دەشێت تەنیا لە کردارێک پێکهاتبێت (کاتێک کرداەکە تێنەپەڕ بێت)، کە سەری فرێزەکەیە و لە (ڕەگ، کات و کەس) پێکدێت، کە بوونیان بەخورتییە و پێویستە لە ڕۆنانی ناوەوەدا هەبن، هەروەها مۆرفێمەکانی دیکەش بەپێی دەوروبەری زمانی و نازمانی، لە ڕوانگەی باری دەروونیی قسەکەر و دڵنیایی قسەکەر لە ڕوودان، یان ڕوونەدانی پەیامەکەی، ڕۆنانی ناوەوەی فرێزەکە فراواندەکەن، کە ئەوانیش (مۆرفیمی ڕێژە جیاوازەکان، مۆرفێمی نەرێ، نادیاری، ئەسپێکت، پێشگر و پاشگر...هتد)ی کردارن.

٣٩-ا. من سێوەکەم خوارد. (فرێزێکی کردارییە، دڵنیایی لە تەواوبوون و ڕوودانی کردارەکەدا خراوەتە ڕوو)

ب. تۆ سێوەکە بخۆ. (فەرماندان خراوەتەڕوو)

پ. بریا سێوەکەت بخواردایە. (گومان و دوودڵی خراوەتەڕوو)

ت. تۆ سێوەکە مەخۆ. (فەرماندان بە نەکردنی کردارەکە خراوەتەڕوو)

ج. من سێوەکە دەخۆم. (بەردەوامی کردارەکە خراوەتەڕوو)

لە نموونەکانی (٣٩)دا فرێزە کرداریەکان، هەریەکەیان بە پێی دەوروبەر بارێکی دەروونیی قسەکەری نیشانداوە، کە ئەوانیش (دڵنیابوون و گومان و دوودڵی و فەرمانکردن...هتد)ە، لە ڕوودانی کردارەکە، لە ڕوانگەی بیروبۆچوونی قسەکەرەوە. هەروەها دەشێت "لە کارێک و هەموو ئەو وشە و مۆرفیم و پۆلە وشانەی کە لە دەوروبەری کارەکەدا کۆدەبنەوە" پێکبێت. (محەمەد، حاتەم ولیا، ٢٠٠٠: ٦٦)، واتە فرێزەکانی (ناوی، ئەدڤێربڵی، پێشناوی و ئاوەڵناوی...هتد)، ڕادە، ئامرازی پرس...هتد، دەبنە بەشێک لە فرێزی کردارییەکە و فراوانیدەکەن.

٤٠-ا. ئەو بۆ بازاڕ ڕۆشتووە. (پێدانی زانیاریی زیاتر لە ڕێگەی (بۆ بازاڕ)، کە فریزێکی پێشناوییە، فریزی کردارییەکەی فراوانکردووە، هەروەها بەردەوامی کارەکە پیشاندراوە، کە لە ڕابردوودا ڕۆشتووە و تا ئێستا لە بازاڕە)

ب. لاوی پیتزای خواردبوو. (دەرخستنی دووریی ڕوودانی کارەکە لە ڕابردوودا، هەروەها (پیتزا)، کە فریزێکی ناوییە و هاتنی بەخورتییە، بەشێکە لە ڕۆنانی فریزە کردارییەکە، بە لابردنی، ڕستە و ڕۆنانی فریزەکە تێکدەچێت، چونکە ئارگۆمێنت داواکراوی کردارە)

بوونی بەرکار بەهۆی دەوروبەری زمانی ڕستەکانەوە بەخورتییە، لەبەرئەوەی کرداری تێپەڕ پێویستیی بە تەواوکەر هەیە، بەڵام کاتیک لە دەوروبەری زمانیدا کردارەکە تێنەپەڕە، پێویستی بە تەواوکەرنییە، هەروەها پێویستە بە پێی تایبەتمەندیی کردارەکە، ئەو بەرکارەی کە لە دەوروبەرە زمانییەکەدا وەریدەگرێت، لەگەڵ نیشانە واتاییەکانی کردارەکەدا بگونجێت.

٤١-ا. سایە وانەکەی خوێند. (لەم ڕستەیەدا (وانەکە)، کە تەواوکەرە، بەهۆی دەوروبەری زمانییەوە بەشێکە لە ڕۆنانی فریزەکە، چونکە کردارەکەی تێپەڕە و پێویستی بە بەرکاری ڕاستەوخۆ هەیە).

ب. کوڕەکە هات. (فریزە کردارییەکە، بریتییە لە کرداری سادەی (هات)، لەبەرئەوەی (کردارەکەی تێنەپەڕ)ە، پێویستی بە بەرکاری ڕاستەوخۆ نییە).

(کرداری ناتەواویش بە تەنیا نایەن و لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی فریزدا دێن) (حسەین، شیلان عومەر، ٢٠١١: ٣٢).

٤٢-ا. ئەو پزیشک بوو. (فریزی ناوی هاتووە بەهۆی دەوروبەری زمانیی فریزی کردارییەکەوە).

ب. منداڵێکی زیرەکە. (فریزی ئاوەڵناوی بەهۆی دەوروبەری زمانیی کردارەکەوە هاتووە).

پ. ڕامیار بوو بە خوێندکار. (لێرەدا کردارە ناتەواوەکە لە پێش تەواوکەرەکەیەوە، کە (فریزێکی پێشناوی)یە، هاتووە).

## ٢/٢) کردار و دەوروبەر

کردار پێکهاتەیەکی گرنگی ڕستەیە، کە گوزارشت لە کردەیەک، ڕووداوێک، یان بارودۆخێک دەکات. هەندێکجار بەتەنیا، یان لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی ڕستەدا، پەیامەکان دەگەیەنێت، "دانەیەکی سینتاکسییە، کە ژمارە و جۆری تەواوکەری ڕستە دیاریدەکات" (طبیب زادە، امید، ١٣٩٣: ٦٩). پەیوەندییەکی ئاڵۆز و فرەڕەهەندی لەگەڵ چەمکی دەوروبەردا هەیە، تێگەیشتن لەم پەیوەندییە هۆکارێکە بۆ ئەوەی مەبەستەکان خێراتر بگەن.

دەوروبەر ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ڕۆنانی ڕستەدا هەیە؛ هەروەها لە جۆرو چۆنێتیی هاتنی ئەو مۆرفێمانەی لە پێکهاتەکانی ڕۆنانی کرداردا هەن، وەک: ئەسپێکت، کلیتیک و ڕێژەی کردار، کە بەپێی بارودۆخەکان هەڵدەبژێردرێن، دەوروبەر یارمەتیدەرە لە دیاریکردنی ئەو واتایەی، کە ئاخێوەر مەبەستێتی.

"پەیوەندیی نێوان پێکهاتە ڕێزمانییەکان و پراگماتیک، ڕەنگدانەوەی توانای تێگەیشتنە، لە واتای ناڕاستەوخۆی قسەکەرێکی دیکە، لە میکانیزمێکدا، کە پێی دەوترێت توانستی پراگماتیکی" (Atyah, Anwar turkey, 2019: 2899)، واتە بەهۆی توانا پراگماتیکییەکانەوە، تاک لە واتای شاراوەی دەربڕاوەکان دەگات و لەناو پێکهاتە ڕێزمانییەکاندا ڕەنگدەداتەوە، ئەم توانا پراگماتیکییانەش، کە مەبەست لە لێهاتوویی لە ئاخاوتن و تیگەیشتنە، لە ناو دەوروبەردا گەشەدەکەن و بەهێز دەبن.

"پێکهاتەی ڕێزمانیی ڕستەیەک، دەتوانێت تەواوی واتای ڕستەکە بگۆڕێت". (سەرچاوەی پێشوو:٢٩٠١)، کە دەوروبەرە جیاوازەکانی، وەک (ئاواز، جەختکردنەوە، زانیاریی هاوبەش، هەندێکجاریش جوڵەی ئەندامەکانی لەش، کلتور، کۆزانیاریی گشتی...هتد)، دەبنە هۆی بونیادنان و ڕۆنانی ڕستە. کرداریش، وەک پێکهاتەیەکی سەرەکیی ڕستە، ئەگەر لە ڕۆنانەکەیدا، ئەسپێکت، ڕێژەی کردار، یان کلیتیک بگۆڕێت، واتا و ڕۆنانی ڕستەکەش دەگۆڕێت، لە ڕووی تەواوبوون، ناتەواوی، بەردەوامی، دڵنیایی، گومان، ماوە و کاتی ڕوودانەکە و کەسی کردارەکە، چونکە لە ڕێگەی کردارەوە، حاڵەتە جیاوازەکانی، وەک (ترسان، ڕاکردن، خۆشحاڵی، گریان، شۆکبوون، سەسوڕمان و نووستن...هتد)، هەست و تێڕوانینی قسەکەر دەخرێنە ڕوو.

## ٢/٢-١) ڕێژە

ڕێژەی کردار ئاماژەیە بۆ تایبەتمەندییەکی ڕێزمانیی کردار، کە گوزارشت لە هەڵوێست و شێوازی ڕووداو و کردارەکە دەکات، واتە ڕێگایەکە، کە باری دەروونیی قسەکەر لەبارەی ڕووداوەکەوە، تیایدا دەخرێتەڕوو. ڕێژەی کردار یەکێکە لەو حاڵەتە ڕێزمانییانەی، کە سەلمێنەری پەیوەندیی بەهێزی نێوان دەوروبەر و ڕێزمانە، بەو واتایەی، کە ڕێزمان دەرهاویشتەی دەوروبەرە.

بەمپێیە، ئەرکی ڕێژەی کردار "دەربڕینی مەرجێتییە، کە خۆی لە دوودڵی، ئاشکرایەتی، پەیمان و بەڵێن (ئیلزامێتی)دا دەبینێتەوە". (فتح الله، محمود، ٢٠١٧: ٩٠)، کە لە فۆڕمی کرداردا ڕەنگدەدەنەوە، کە تیایدا باری دەروونیی قسەکەر لەبارەی ڕووداوەکەو وردەکاریی کات و شوێن و چۆنێتیی ڕوودانی حاڵەتەکان دەردەخات، کردار لە پێکهاتەی ڕستەدا، یان دڵنیایی تێدایە، لەبارەی ڕوودان، یان ڕوونەدانی شتێک، یان نەبوونی دڵنیایی لە ڕوودان، یان ڕوونەدانی کردەیەک، یان فەرمانکردنە، واتە بارودۆخێکی تایبەت لە ڕستەدا دەخاتەڕوو، وەک (مەرج، دڵنیایی، گومان، خۆزگە و ئاوات، دوعاکردن...هتد)، کە بە گشتی دابەشکراون بۆ "سێ جۆری (ڕاگەیاندن، دانانی، فەرماندان)." (گیوی، حسن احمد و انوری، حسن، ١٣٩٤: ٥٥)، لە ڕێگەی کۆمەڵێک مۆرفیمەوە، بارودۆخەکان لە فۆڕمی کرداردا بەدیدەکرێن.

لەم ڕوانگەیەوە، دەوروبەر هۆکارێکە بۆ دیاریکردنی ڕێژەو دۆخی قسەکەر لەبارەی ڕووداو، یان بیرۆکەی کردارەکە، بۆنموونە لە باری ڕێژەی دانانیدا، باری دەروونیی قسەکەر جێگیر نییە، گومان و دوودڵییە لەسەر بابەتەکە؛ بەمپێیە ڕێژەی کردار "پەیوەندی ڕودان(هەلومەرج) بە واقیعەوەدەردەبڕێت" (عەزیز، ئاریان سدیق، ٢٠٢٠: ٣٠)، بۆ نموونە:

٤٣-ا. نەسرین کتێبەکەی برد.

ب. من کتێبەکە دەبەم.

پ. خۆزگە کتێبەکەت ببردایە.

ت. لەوانەیە کتێبەکە ببات.

ج. کتێبەکە ببە.

له نموونەکانی (٤٣-ا، ب)دا، ڕێژەی هەواڵییە، ڕستەکە دڵنیایی تێدایە، بەڵام لە نموونەکانی (٤٣-پ، ت، ج)دا، ڕێژەی کردارەکان، گومان و دوودڵییان تێدایە بە ڕێژەی جیاواز، کە ڕێژەی دانانی و فەرماندانن.

کەواتە "بەپێی ئاستی قوڵی ڕستە، ڕێژەکەی دەکرێت، ڕاگەیاندن، فەرماندان، یان دانانی بێت". (مشکوەالدین، مهدی، ١٣٩٦: ٦٧)، هەریەک لەم ڕێژانەش، بەپێی بارودۆخە جیاوازەکان لەناو ڕۆنانی ڕستەدا بونیاد دەنرێت.

نەبوونی یەکێک لەم ڕێژانە لە زماندا، کاریگەری دەخاتە سەر بیرکردنەوەی قسەپێکەرانی زمانەکە، بۆ نموونە لە زمانی چینیدا ڕێژەی دانانی نییە، لەبەرئەوە بۆ دەربڕینی ئەو شتانەی، کە تاک لە ڕوودان یان ڕوونەدانی دڵنیا نین، یان مەرج و خۆزگە...هتد، شێوازی بیرکردنەوە و گریمانەکردنی زانیارییەکان بۆ قسەکەری زمانەکە بەگشتی و بە تایبەتیش ئەو کەسانەی خۆیان فێری ئەو زمانە دەکەن، ڕووبەڕووی قورسی و ئاڵۆزی دەبنەوە و دەکەونە هەڵەوە. بڕوانە (کرول، دیوید دبلیو، ١٣٩١: ٦٢٢، ٦٢٣، ٦٢٤).

## ٢/٢-١-١) ڕێژەی ڕاگەیاندن

حاڵەتێکی ڕێزمانییە بۆ دەربڕینی دەربڕاوەکان و گەیاندنی ڕاستەقینەی شتەکان، ئەم جۆرەی ڕێژە بەشێوەیەکی فراوان لە پەیوەندییەکانی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێت، باری دەروونیی قسەکەر دەخاتەڕوو، کاتێک باوەڕی وایە، ئەو ڕستەیەی دەریدەبڕێت، ڕاستییەکە. بۆنموونە:

٤٤-ا. منداڵەکە سێوەکەی خوارد.
ب. خۆر لە خۆرهەڵاتەوە هەڵدێت.
پ. پشیلەکە نووستووە.

لە هەریەک لەم نموونانەدا، ڕستەکان بێ هیچ گومان و دوودڵییەک، زانیاری و ڕاستییان تێدا خراونەتەڕوو. ڕێژەی ڕاگەیاندن، "ڕابردووی (نزیک، بەردەوام، دوور، تەواو)، ڕانەبردووی (هەواڵی/بەردەوام)، داهاتوو" دەگرێتەوە. (وفایی، عباسعلی، ١٣٩١: ١٣٥). بۆ نموونە:

٤٥-ا. ڕابردووی نزیک: نووستم، ڕۆشتم، خواردم.
ب. ڕابردووی بەردەوام: دەنووستم، دەڕۆشتم.
پ. ڕابردووی دوور: نووستبووم، ڕۆشتبووم، خواردبووم.
ت. ڕابردووی تەواو: نووستووە، ڕۆشتووە، خواردووە.
ج. ڕانەبردوو: دەنووم، دەڕۆم، دەخۆم

لە ڕێژەی ڕاگەیاندندا کاتی ڕوودانی کردارەکە ڕابردووە، یان ڕانەبردوو، کە قسەکەر هیچ گومان و دوودڵییەکی نییە، لەوەی، کە دەیگەیەنێت (کردارێک، بیرۆکەیەک، یان گێڕانەوەیەک بێت)، کە ئایا ئەنجامدراوە، یان ئەنجام نەدراوە، یان لە داهاتوودا ئەنجام دەدرێت، یان نادرێت.

٤٦-ا. ئارام نانی خوارد.
ب. ئارام نانی خواردووە.
پ. ئارام نانی دەخوارد.
ت. ئارام نانی خواردبوو.
ج. ئارام نان دەخوات.

لە نموونەی (٤٦-ا)دا، کە ڕستەیەکی ڕابردووی نزیکە، ڕێژەی کردار ڕاگەیاندنە، دڵنیایی و ڕاستی پرۆسەی (نان خواردنی ئارام) دەردەخات، هەروەها نان خواردنەکە بە ماوەیەکی کەم پێش ئاخاوتنی قسەکەر ڕوویداوە، بەپێی دەوروبەری زمانیش لە (ڕەگی ڕابردوو(قەد)+ کەس) پێکدێت.

لە نموونەی (٤٦-ب)دا ڕێژەی کردارەکە ڕاگەیاندنە، دڵنیایی دراوە لە تەواوبوونی پرۆسەی نان خواردنەکە بەپێی دەوروبەری زمانی، لە (ڕەگی ڕابردوو(قەد)+ و/ووە) پێکدێت.

نموونەی (٤٦-پ)یش دڵنیایی لە ڕوودانی کردارەکەدا هەیە، بەردەوامی و دووبارەبوونەوەی کردارەکە لە ڕابردوودا دەردەخات، لە ڕێگەی ئەسپێکتی (دە)ەوە، بە پێی دەوروبەری زمانی لە (دە+ ڕەگی ڕابردوو(قەد)) پێکدێت.

لە (٤٦-ت)دا قسەکەر دڵنیایی لە (نان خواردنی ئارام) لە ڕابردوویەکی دووردا دەدات، واتە بە ماوەیەکی زۆر پێش ئاخاوتنی قسەکەر، پرۆسەکە ڕوویداوە و تەواو

بووە، بە پێی دەوروبەری زمانی لە (ڕەگی ڕابردوو (قەد)+ کرداری یاریدەدەری (بوون)) پێکدێت.

"کاری بوون، تاکە کارێکە، کە وەکو کاری یاریدەدەری ڕێژەساز لە زمانی کوردیدا بەکاردێ و چەندین ڕێژەی جیاواز دروستدەکات". (کانبی، دلێر صادق، ٢٠١٥: ١٠٩)

لە (٤٦-ج)دا بەهەمانشێوەی نموونەکانی دیکە ڕێژەکەی ڕاگەیاندنە، دڵنیایی لە ئەنجامدانی کردارەکە لە داهاتوودا تێدایە، بە پێی دەوروبەری زمانیش لە (دە+ ڕەگی ڕانەبردوو+ کەس) پێکدێت، ئەگەر کردارەکەش ناسادەبوو، ئەوا /دە/ دەچێتە پێش ڕەگەکە و دوای پێشگرەکە، بۆنموونە: (هەڵدەکشا). دەبینین بەشێوەیەکی گشتی تێڕوانینی مرۆڤ و باری دەروونی، لە فۆڕمی ڕێژەدا ڕەنگدەداتەوە، بە دوو شێواز، کە (دڵنیایی، گومان)ن، (فۆڕمەکانی ڕێژەی دڵنیایی ئەمانە لە خۆدەگرن: هەواڵیی-ئاسایی، ڕاستی بێ کات و گشتی، هۆکاریی، توانین و پێویستی، ڕوودان لەکاتی ئاخاوتندا، گێڕانەوە، دووپاتبوونەوە و درێژەپێدان)، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (مەحویی، محەمەد، ٢٠١١: ١٩٩، ٢٠٠)، (عەزیز، ئاریان سدیق، ٢٠٢٠: ٣١)، بۆ نموونە:

٤٧-ا. سارا هات.

ب. خۆر بە دەوری زەویدا دەسوڕێتەوە.

پ. ئێمە پێکەوە کارەکان ئەنجامدەدەین.

ت. کاتێک ئەوان هاتن، بۆچی لێرە نەبوی؟

ج. ئەوان هەمووساڵێک بە پێ دەچن بۆ قوتابخانە.

چ. لە قۆناغی سەرەتایی هەموو ساڵێک بەیەکەم دەردەچووم.

ح. دەتوانین چەند ڕۆژێک لێرە بمێنینەوە.

لە نموونەی (٤٧-ا)دا، کە ڕێژەی ڕاگەیاندنە، ڕستەیەکی هەواڵی-ئاساییە، (٤٧-ب) نموونەیەکە لە ڕستەیەکی ڕاستی بێ کات و شوێن، لە (٤٧-پ)دا هەواڵدانە لە ئەنجامدانی کارێک لەکاتی ئاخاوتندا، نموونەی (٤٧-ت)، هۆکار و پرسیارییە، (٤٧-ج)یش دووپاتبوونەوەی ڕووداوەکە دەخاتەڕوو، لە (٤٧-چ)دا گێڕانەوەی ڕووداوی ڕابردووە، کە دڵنیایی تێدایە، دوایین نموونەش توانین و پێویستیی قسەکەر دەردەخات.

لەهەریەک لە نموونەکاندا ڕێژەی کردار لە جۆری (ڕاگەیاندن)ن، کە قسەکەر بەپێی بارودۆخ و دەوروبەری ڕووداوەکە و لە بەکارهێنانی جیاوازدا دەریاندەبڕێت و لەگەڵ

مەبەستە تایبەتییەکەی خۆیدا جوتیاندەکات و لە فۆڕمی کردارەکاندا دەردەکەون، بەمپێیە، لەم جۆرەی ڕێژەدا "قسەکەر ڕووداوێک ڕادەگەیەنێت، کە لە ڕابردوودا ڕوویداوە، یان ئێستا لە حاڵەتی ڕووداندایە، یان لە دوای گفتوگۆکە ڕوودەدات." (خانلری، پرویز، ١٣٩٥: ١٩٨).

لە ڕێژەی ڕاگەیاندندا دەکرێت، بێجگە لە دڵنیایی بۆ مەبەستی جەختکردنەوە لە ڕووداوێک، یان هەواڵێک بێت، بۆ ئەم مەبەستەش شوێنی دەربڕاوە ئاوەڵکردارییەکە، کە ڕۆڵی ئامرازی جەختکردنەوە دەگێڕن بۆ ڕستەکان، دەریدەخات، کە جەخت لەسەر چ کەتیگۆرییەک کراوەتەوە، بەمشێوەیە "جەختەکەی تەنها دەکەوێتە سەر ئەو کەرەستەیەی کە لەدوای خۆیەوە دێت" (محەمەد، حەمید ساڵح، ٢٠١٤: ٦٧). بۆنموونە:

٤٨-ا. خۆ ئەو هەر تۆی بۆ گرنگە.
ب. ئەمڕۆ هەر نەسرین لە دەوام بوو.
پ. خۆ ئێواران تەنها من لە ماڵەوەم.
ت. ئەو تەنها هەر پارەکەی دەوێت.
ج. نەسرین خانووەکەی جوان جوان شت.

لە نموونەی (٤٨-ا)دا هەریەک لە (خۆ، هەر) بۆ جەختکردنەوە لە کەرەستەی دوای خۆیان (ئەو، تۆ) هاتوون، ئەمەش بە پێی ویست و مەبەستی قسەکەر، کە جگە لە دڵنیایی، جەختکردنەوە لەسەر کەرەستەکانیش خراوەتەڕوو، لە نموونەی (٤٨-ب)دا جەخت لەسەر (نەسرین)کراوەتەوە، لە نموونەی (٤٨-پ)، جەخت لەسەر (ئێواران، من)کراوەتەوە، نموونەی (٤٨-ت)یش، دووجار جەخت لە (پارە) کراوەتەوە، لە دوایین نموونەشدا لە ڕێگەی دووپاتکردنەوەوە، جەخت لەسەر کرداری (شت)کراوەتەوە. هەندێکجار لە ڕێگەی مۆرفێمی نەرێکردنەوە، ڕێژەی ڕاگەیاندن دێتەئاراوە، هەستی قسەکەر لەبارەی دڵنیایی لە ڕوونەدان، یان ئەنجامنەدانی کارەکە دەردەخات.

٤٩-ا. چەپڵە بەدەستێک لێنادرێت.
ب. بەری ڕۆژ بە بێژەنگ ناگیرێت.
پ. لەهەموو هەورێک باران نابارێت.
ت. دانوویان پێکەوە ناکوڵێت.
ج. چەم بێ چەقەڵ نابێت.

چ. دووکەڵ لە ماڵی بەرزنابێتەوە.
ح. ئەوان نانیان نەخواردووە.

لەم نموونانەدا دەبینین لە ڕێگەی مۆرفیمی نەرێکردنەوە، ڕێژەی ڕاگەیاندن و هەستی ئاخێوەر خراوەتەڕوو، زۆرجار ئەو دەربڕاوانەی، کە بۆ مەبەستی دیکە بەکاردەهێنرێن، ئەگەر بکرێن بە ئەرێ، واتا و مەبەستەکان دەگۆڕێن، گرنگی و بەهای خۆیان لەدەستدەدەن، چونکە ئەم جۆرە دەربڕاوانە، فۆرم و ڕۆنانێکی جێگیریان هەیە و لەئەنجامی ئەزمونە جیاوازەکانی کۆمەڵ، لە قاڵبی ڕێزمانیی جێگیردا هاتونەتە ئاراوە و بوون بە زانیاریی دنیایی.

بەمجۆرە دەبینن، "دەوروبەر (پڕاگماتیک)ە، کە سیمانتیک و سینتاکس پڕ واتا دەکات، هەر ئەمەش ئامانج و مەبەستی سیمانتیک و سینتاکسە". (Salinas González, Armando, 2001: 18)، واتە ئامانج و مەبەستی سینتاکس و سیمانتیک، کە دەوروبەر بەدیدەهێنێت، گەیاندنی واتایە لە ڕێگەی کەرەستە زمانییەکانەوە، لێکردنەوەی بەها پڕاگماتیکییەکان لە ڕستە و دەربڕاوەکاندا، دەبێتە هۆی ئەوەی، کە بارودۆخەکان، وەک خۆیان و بە دروستی نەگەن، ئەمەش دەریدەخات، کە پڕاگماتیک، سینتاکس و سیمانتیک بەهادار دەکات. هەروەها "مەرج نییە ئامرازی نەرێ تەنیا چەمکی ئەنجام نەدانی کارەکە بگەیەنێت، بەڵکو هەندێ جار دەبێتە ئامرازی جەختکردن بۆ بەجێهێنانی کارەکە". (ئەمین، وریا عومەر، ٢٠١١: ٦٨)، بەمشێوەیە کردار لە ڕێگەی کۆمەڵێک مۆرفیمەوە، کە تایبەتن بەم ڕێژەیە، ئاماژە "بۆ ڕاستییەک، واتایەکی چەسپاو و واقعی لە مێشک و هەستی قسەکەردا (ڕاست بێت یان درۆ)" دەکات. (قادر، ئەبوبەکر عومەر، ٢٠٠٣: ٦٧)، بۆ نموونە:

٥٠-ا. چۆلەکەکە هەڵفڕی.
ب. ئارام کۆششی زۆری کردووە.
پ. نەسرین بۆ بازاڕ ناچێت.

"کاری بکەر دیار و بکەر نادیار دەچنە خانەی هەواڵە ڕووکارەوە". (سەرچاوەی پێشوو: ٦٧)، واتە دڵنیایی تێدایە و ڕێژەکەیان ڕاگەیاندنە، ئەرێ، یان نەرێ بێت، بۆنموونە:

٥١-ا. زەوییەکە فرۆشرا.

ب. زەوییەکە نەفرۆشرا.

بەمپێیە لەمجۆرەی ڕێژەدا هەست و سۆزی قسەکەر تێکەڵ بە دەربڕاوەکان ناکرێت، بەڵکو ڕاستی و ڕەهای ڕووداوەکە دەگەیەنرێت بە کردن، یان نەکردن، بەڵام لە ڕێژەی دانانی و فەرماندانلدا، هەست و سۆزی قسەکەر و نادڵنیایی لە ڕوودانی ڕووداوەکە دەخرێتەڕوو، هەندێکجار "جوڵەی بەشێک لە ئەندامانی لەش، دەبنە بەشێک لە پێکهاتەی ڕستەو قسەکەر پەیوەست پێیانەوە دەدوێت" (حسەین، ئازاد ئەحمەد، ٢٠٢٢: ٤)، وەک جوڵەی دەست و چاو و برۆ و لێو و بەرز و نزمی تۆنی دەنگ...هتد، بەیارمەتی ئەم جوڵانە، کە لە دەوروبەردا لەلایەن قسەکەرەوە ئەنجامدەدرێن، لە گەیاندنی مەبەست و تەواوی بارودۆخەکەدا یارمەتیدەر دەبن.

٥٢-ا. لەگەڵ تۆمە ئاگات لێرەبێ.
ب. بێ زەحمەت با ئاگامان لێرەبێت.
پ. تۆ وەرە بۆ ئێرە.

هەریەک لەم دەربڕاوانە بەپێی بارودۆخ و دەوروبەر قاڵبی ڕێزمانیی جیاواز هەڵبژێردراوە، لە نموونەی (٥٢-ا)دا، دەشێت لە دەوروبەرێکدا بوترێت، کە مامۆستایەک یەکێک لە خوێندکارەکان ئاگاداربکاتەوە، بێ ئەوەی ناوی بهێنێت، کە بیر و ئاگای لای وانەکە نەبێت، ئەمەش لەڕێگەی جوڵەی ئەندامەکانی لەش، بە سەیرکردن و تێڕامان لە خوێندکارەکە، یان لە ڕێگەی سەرلەقاندنیش، دەتوانرێت بیرەکە بگەیەنرێت، لە (٥٢-ب)دا دەکرێت، مامۆستایەک سیمینارێک ئەنجامبدات بۆ کۆمەڵێک مامۆستای دیکە، لێرەدا قاڵبێکی ڕێزمانیی دیکە بۆ گەیاندنی هەمان مەبەست هەڵدەبژێردرێت، لە نموونەی (٥٢-پ)دا لە ڕێگەی جوڵە و ئاماژەکردنەوە دەتوانرێت شوێنەکە دیارییبکرێت، بەهەمان شێوەی شوێنەکە، کەسەکەش بەهۆی ئاماژە و جوڵەی دەستەوە دەتوانرێت یەکلایی بکرێتەوە، کە چ کەس و شوێنێک مەبەستە.

ڕێژەی ڕاگەیاندن، کە ڕاستی و دڵنیایی قسەکەر لەبارەی ئەوەی کە دەیڵێت دەردەخات، هەندێکجار لە ڕێگەی هەندێک کەرەستە و جەختکردنەوە لە ڕووداو و هەواڵێک دەردەکەوێت، بۆنموونە لە ڕێگەی ئەدڤێربڵەکانەوە دەتوانرێت واتای داهاتوو بە ڕستەیەک ببەخشرێت.

٥٣-ا. ئارام دەخەوێت.

ب. ئارام ئێستا دەخەوێت.

پ. ئارام کاتژمێرێکی دیکە دەخەوێت.

ت. ئارام خەریکە دەخەوێت.

ج. ئارام دەیەوێت بخەوێت.

کرداری (دەخەوێت)، لە ڕێگەی کەرەستەی ئەدڤێربڵەوە، دەتوانرێت بزانرێت، کە پرۆسەکە ئێستا ڕوودەدات، یان لە داهاتوودا، لە نموونەی (٥٣-ا)دا ئەگەر ئەم قاڵبە ڕێزمانییە لە بارودۆخێکی لەمشێوەیەدا دەرببڕێت، کە کەسێک بپرسێت (ئارام چی دەکات؟)، لەمکاتەدا، دەکرێت واتای ئەوە بێت، کە ئارام لە ئێستادا لەناو جێگایەو خەریکە دەخەوێت، بەڵام ئەگەر پرسیارەکە بەمشێوەیەبێت: (ئارام دێتە دەرەوە؟)، لەم دەوروبەرەدا بەواتای ئەوە دێت، کە نەخێر نایەتە دەرەوە، لە داهاتوودا دەخەوێت، بەڵام لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەدڤێربڵەکانەوە، دەشێت ئەم لێڵییە برەوێتەوە، وردەکارییەکان درکپێبکرێن، وەک لە نموونەکانی (٥٣-ب، پ) دەردەکەوێت، یان لەنموونەکانی دواتردا لە ڕێگەی کردارە مۆداڵەکانەوە، ئەو کردارانەی کە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو بۆ دەربڕینی هەست و پێداویستی و مەبەستەکانی، بەکاریاندەهێنێت.

### ٢/٢-١-٢)ڕێژەی دانانی

بۆ دەربڕینی ئەو حاڵەتە جۆراوجۆرانەی، کە قسەکەر لە ڕوودانیان دڵنیا نییە، بەکاردێت، وەک (خۆزگە، پێشنیار، گومان، ئەگەر، پێویستی، گریمانەکردن).

٥٤-ا. خۆزگە نانت خواردبا.

ب. پێشنیار دەکەم سەردانی ڕاوێژکاری دەروونی بکەیت.

پ. ڕەنگە موچە دوابکەوێت.

ت. ئەگەر ئەو بهاتایە، لەگەڵ خۆم دەمبرد.

ج. گرنگە، بۆ تاقیکردنەوە، بەباشی بخوێنیت.

هەریەک لە نموونەکانی (٥٤) جۆرێک لە نادڵنیایی بە ڕێژەی جیاواز تێدایە، لەم جۆرەی ڕێژەی کرداردا کۆمەڵێک وشەی وەک (خۆزگە، پێویستە، کرداری یاریدەدەری

(بوون)، ڕەنگە، لەوانەیە، ئەگەر، بریا...هتد)، تێیاندا بەکاردێت، کە جەختکردنەوەیە لە دڵنیانەبوون لە ڕوودان، یان ڕوونەدانی کردارەکە.

بەمپێیە، ڕێژەی دانانی "بۆ نیشاندانی ئارەزوو، ئومێد، نەفرین، نزا، گومان، سەرسوڕمان، مەرج، بەکاردێت." (جعفری، فاطمه، ١٣٩٢: ٥٥)، کە چۆنێتیی ئەنجامدانی ڕووداوەکە دەخرێتەڕوو، دڵنیانەبوونی قسەکەر لە کردار، یان هەواڵ و بیرۆکەیەک نیشاندەدات.

٥٥-ا. خۆزگە ڕۆشتبام.
ب. خۆزگە بڕۆشتمایە.
پ. پێویستە بڕۆم.
ت. دەبێت بڕۆم.
ج. بریا کتێبەکەت کڕیبا.
چ. ڕەنگە ئەو ڕۆشتبێت.

هەریەک لەم نموونانە هەڵقوڵاوی بارودۆخێکن، کە قسەکەر لە ڕوودان، یان ڕوونەدانی کردارەکە دڵنیا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەوروبەری زمانی هەریەک لەو کردارانەش، یارمەتیدەرە لە بونیادنانی جۆری ڕێژەکە.

٥٦-ا. بریا بهاتایە.
ب. بریا هاتبا.
پ. لەوانەیە ناردبێتمان.
ت. لەوانەیە ڕۆشتبێتم.
ج. لەوانەیە هەڵمانواسیبێت.
چ. خۆزگە هاتبووبا.
ح. لەوانەیە توێژینەوەیەک بنووسم.
خ. پێدەچێت نان بخۆن.
د. پێدەچێت نان نەخۆن.
ڕ. لەوانەیە شیرەکە هەڵبچێت.

له نموونەكانی (٥٦-ا، ب)دا دەوروبەری زمانیی كردارەكە، كە ڕابردووی نزیكە، پێكهاتووە لە (ب....ایە+ ڕەگی ڕابردوو(قەد))، یان (ڕەگی ڕابردوو(قەد)+ با+ كەس)، لە نموونەی (٥٦-پ، ت)دا، كە ڕابردووی تەواون بۆ كرداری تێنەپەڕ، دەوروبەری زمانیی كردارەكە لە ڕێژەی دانانیدا بەمشێوەیەیە: (ڕەگی ڕابردوو (قەد)+ كرداری یاریدەدەری (بێت)+ كەس)، هەروەها بەپێی دەوروبەری زمانی لە كرداری تێپەڕدا، بۆ ڕابردووی تەواو جێناوی لكاوی (م، مان، ت، تان، ی، یان)، دەچنە كۆتایی كردارەكەوە، بەپێی ئەم دەوروبەری زمانییە پێكدەهێنرێت: (ڕەگی ڕابردوو (قەد)+ بێت+ جێناوی لكاوی (م_مان). لەنموونەی (٥٦-ج)دا كردارەكە داڕێژراوە، لەم دەوروبەرەدا جێناوی لكاو دەچێتە كۆتایی بەشی یەكەمی كردارەكەوە؛ لە نموونەی (٥٦-چ)دا كە ڕابردووی دوورە، دەوروبەری زمانیی كردارەكە لە ڕێژەی دانانیدا، لە (ڕەگی ڕابردوو (قەد)+بوو+ با)، پێكهاتووە.

نموونەكانی (٥٦-ح، خ، ر)، كە ڕانەبردوون، لە ڕێژەی دانانیدا دەوروبەرە زمانییەكەیان بەمشێوەیە: (بـ/ نە+ ڕەگی ڕانەبردوو+ كەس)، ئەگەر كردارەكەش داڕێژراوبوو، ئەوا نیشانەی /بـ/، دەكەوێتە كۆتایی پێشگرەكەوە، وەک لە نموونەی (٥٦-ڕ)دا خراوەتەڕوو.

بەمشێوەیە، دەبینین كرداری یاریدەدەری (بوون)، بەسێ شێوەی (با، بێت، بـ)، لە داڕشتنی ڕێژەی دانانیدا بەشدارن، هەموو ئەمانەش بە كاریگەریی دەوروبەرە نازمانییەكە ڕوودەدەن، قسەكەر ئەم شێواز و یاسا ڕێزمانییانە بۆ گەیاندنی واتای مەبەست هەڵدەبژێرێت.

لە ڕێژەی دانانیدا لە ڕێگەی مۆرفێمی نەرێكردنەوە دەتوانرێت، دەربڕاوی ناڕاستەقینە و گوماناویی دەرببڕێت.

٥٧-ا. سوار تا نەگلێت، نابێت بە سوار.
ب. كەڵەشێریش نەبێت، ڕۆژدەبێتەوە.
پ. لە حەوت ئاوی داوەو قاچی تەڕ نەبووە.
ت. نەیخۆی تاڵە.

لە نموونەی (٥٧-ا)دا هەردوو ڕێژەی دانانی و ڕاگەیاندن هاتوون، بەشێوەی نەرێ، لە ڕێگەی مۆرفێمی نەرێكردنەوە. سەرجەم نموونەكانی دیكە بەهۆی مۆرفێمی نەرێكردنەوە ڕێژەی دانانین.

"یەکێک لەو ڕێگا ڕێزمانیانەی کە بەهۆیەوە هەست و بۆچوونی قسەکەر دەکەوێتەڕوو، ژمارەیەکی کەمن لە فەرمان کە زۆر بەکاردێت و واتای جیاجیاش دەدەن"، (فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵلا، ٢٠٠٨: ٨٥)، ئەم کردارانە پێیان دەوترێت (کرداری مۆداڵ)، کە هەڵگری بۆچوون و هەڵوێست و تێڕوانین و هەست و سۆزی قسەکەرن، زانیاریی زیاتر لە ڕستەدا دەخەنەڕوو، دەشێت بۆ (خستنەڕووی توانا، مۆڵەت، ڕێگەپێدان، داواکاری، هەروەها بۆ ئەگەر و نادڵنیایی، پێویستی، ئامۆژگاری، پێشنیار، چاوەڕوانی، گریمانەکردن و پەیماندان...هتد) بەکاربێن، لەم کردارانەشدا لە هەندێکیاندا بەپێی پلەبەندی، ڕێژەی نادڵنیایی و گومانیان تێدا بەدیدەکرێن.

هەندێکجار مرۆڤ لە ڕێگەی دەربڕاوی ناڕێزمانی، یان نالۆژیکییەوە، مەبەستەکانی دەخاتەڕوو، بەپێی دەوروبەرەکە واتا بە دەربڕاوەکە دەبەخشێت. بۆنموونە:

٥٨-ا. جەوترین خۆش، هەستترین خۆش.

ب. نە شیری حوشتر نە دیداری عەرەب.

لە نموونەکانی (٥٨-ا)دا، کە لە ئێستادا لە ناو چینی گەنجاندا و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنرێن، بە واتای (خۆشترین جەو، خۆشترین هەست)، دەربڕاوی ناڕێزمانی و نالۆژیکین، نیشانەی پلەی باڵا، ڕۆشتۆتە سەر ناو، لەکاتێکدا، پێویستە بچێتە سەر ئاوەڵناو، بەڵام ئەم دەربڕاوە لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا واتای پێبەخشراوە؛ نموونەی (٥٨-ب)، دەربڕاوێکە، کە کرداری تێدانییە و واتا و مەبەستێکی دیاریکراو و فراوانیش دەگەیەنێت.

### ٢/٢-١-٣) ڕێژەی فەرماندان

ئەمجۆرەی ڕێژە بۆ دەربڕینی داواکاری، فەرمانکردن، یان ئامۆژگاری بەکاردێت، لە ڕێگەی ئەم ڕێژەیەوە دەتوانرێت داواکاریی و لایەنی دەروونیی قسەکەر، ئەرێنی بێت، یان نەرێنی درکپێبکرێت، کە زیاتر لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاردێن، هەروەها دەمەکانی، "ڕانەبردوو و داهاتوو لەخۆدەگرێت" (فاضل، نوید، ١٣٩٢: ٣٣٢).

٥٩-ا. بێدەنگبە، بخوێنە، بخوێنن.

ب. ئاگاداربە، وریابە.

پ. گوێبگرە، گوێبگرن.

ئەم ڕێژەیە، "بێجگە لە بەکارهێنانی لە واتای فەرمانکردندا، بۆ دوعاکردن و داخوازیش بەکاردێت" (ابوالقاسمی، محسن، ١٣٩٥: ١٥٤)، هاوکات بۆ پاڕانەوە و تکاکردنیشە.

٦٠- خودایە، لێمان خۆشبە.

لەڕێگە مۆرفێمی /مە/ەوە، دەتوانرێت ڕێژەکە بە نەرێ دەرببڕێت.

٦١- مەنووسە، مەنووسن.

دەوروبەری زمانی ئەم جۆرە ڕێژەیە، بەمشێوەیە: (بـ/ مە+ ڕەگی ڕانەبردوو+ کەس). قسەکەر بەپێی بارودۆخەکە، دەوروبەرە زمانییەکە هەڵدەبژێرێت، هەروەها کۆمەڵێک ئامراز، لەگەڵ ئەم ڕێژەدا بەکاردێت، وەک "ئادەی، ئێ، ئێ دە، دە، دەدەی، دەسا، دەنا، دە، دەهەر...تاد" (محەمەد، حەمید ساڵح، ٢٠١٤: ٧١)، ئەم ئامرازانە پەیوەستن بە باری دەروونیی قسەکەرەوە. بۆ نموونە:

٦٢-ا. دەنا وامەڵێ.

ب. دە دەرگاکە دابخە.

پ. ئێ دەرگاکە داخە/ دابخە.

ت. دە هەر مەیە.

ج. ئادەی وەرە بۆ ئێرە.

چ. دەی وامەکە.

ح. دەدەی وامەبە.

لە ڕێگەی ئەم ڕێژەیەوە بەهەمانشێوەی ڕێژەکانی دیکە کۆمەڵێک دەربڕاو لە زمانی کوردیدا بەرچاودەکەون، کە تاک لە ژیان و ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بۆ مەبەستی جیاواز بەکاریاندەهێنێت.

هەندێکجاریش ئەم دەربڕاوانە لە ڕێگەی نەرێکردنەوە مەبەست دەگەیەنن، کە ئەگەر مۆرفێمی نەرێکردن بگۆڕدرێت و بکرێت بە ئەرێ، واتا و مەبەستی سەرەکی تێکدەچن، بە تایبەتی لە ڕۆنانە جێگیرەکاندا، چونکە ئەم دەربڕاوانە لە دەوروبەرێکی زمانیی جێگیردا بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێن. بۆ نموونە:

٦٣-ا. سەری بێدەلاک مەتاشە.

ب. بەقەد بەڕەکەی خۆت پێ ڕاکێشە.

پ. دوای کڵاوی بابردوو مەکەوە.

ت. دەستی چەوری خۆت، بەمندا مەسڕە.

ج. لە پردی نامەرد مەپەڕێرەوە.

چ. کانییەک ئاوت لێ خواردەوە بەردی تێ فڕێمەدە.

## ٢-٢/٢) ئەسپێکت

ئاماژەیە بۆ فۆڕمێک لە ناو کرداردا، کە تێڕوانینی ئاخێوەر بۆ ڕوودانی ڕووداوەکە، دەخاتەڕوو، کە ئایا تەواوبووە، یان تەواو نەبووە و هێشتا بەردەوامە، یان دووپاتبوونەوەی کردارەکە دەردەخات، ئەمەش لە ڕێگەی کۆمەڵێک مۆرفیمەوە. ئەگەر قسەکەر بیەوێت، کاتی وردی ڕووداوێک بخاتەڕوو، کە ئایا تەواوبووە، یان بەردەوامە، لەمکاتەدا، چوارچێوە و دەوروبەری گفتوگۆکە، کە خۆی لە (قسەکەر، گوێگر، ئاواز، جوڵەی جەستە، پاشخانی کلتوریی قسەکەر، زانیاریی دنیایی و زانیاریی هاوبەشی نێوان قسەکەر و گوێگر)دا دەبینێتەوە، یان دەوروبەری دەقەکە، کە ڕستە و وشەکانی پێش و دوای دەربڕاوێک دەگرێتەوە، دیاریدەکات، کە کام فۆڕمەی ئەسپێکت لە دەوروبەری زمانیی کردارەکەدا بەکاربهێنرێت، بەمشێوەیە، دەوروبەر تێڕوانین و تێگەیشتنی قسەکەر لەڕێگەی پێکهاتە و قاڵبە ڕێزمانییەکانەوە دەردەخات.

بەگشتی دوو جۆر ئەسپێکت لە زماندا هەیە، ئەوانیش (تەواو، ناتەواو)ن، ئەسپێکتی تەواو "نیشانی دەدات، کە کردارەکە، یان بارودۆخەکە لە پێش دەستکردن بە ئاخاوتن، یان پێش کاتێکی دیاریکراو لە ڕابردوودا ڕوویداوەو تەواو بووە" (صفا، پریوش، ١٣٨٠: ٩٩-١٠٠)، واتە دەرخەری هەستی ئاخێوەرن لەبارەی ڕووداوەکەوە، کە تەواوبووە.

ئەسپێکتە ناتەواوەکانیش، ڕووداوە ناتەواو و بەردەوامەکان دەخەنەڕوو، "ئەسپێکتی تەواو وەک کارەکانی: (ڕابردووی نزیک، ڕابردووی دوور، ڕابردووی تەواو)، بەڵام جۆری دووەمیان ئەسپێکتی ناتەواو وەک کاری (ڕانەبردوو و ڕابردووی بەردەوام)." (مستەفا، مستەفا ڕەزا، ٢٠٢١: ١١١)، لە ڕێگەی ئەم ئەسپێکتانەوە، وردەکاری و بۆچوون و تێڕوانینی ئاخێوەر، لەسەر ڕووداوەکە دەخرێنەڕوو، کە ئایا ڕووداوەکە، لە چ قۆناغێکدایە، تەواو بووە، یان هێشتا ڕووینەداوە، یان بەردەوامە، هەندێکجاریش کردارەکە تەواو بووە، بەڵام کاریگەرییەکەی ماوە.

ئەسپێکت لە ڕابردووی نزیکدا مۆرفیمی سفرە، کە لەمجۆرەدا ئاخێوەر ئەوە دەردەخات، کە کردارەکە بەکاتێکی کەم پێش دەستکردن بە ئاخاوتن تەواوبووە.

٦٤-ا. منداڵەکە ماندووی کردم.

ئەوان کتێبەکەیان بردم.

ب. من نان دەخۆم.

من کتێبەکان دەبەم.

پ. ئەوان کتێبەکانیان بردبوو.

شیرینییەکە چی لێهاتبوو؟ ئانا بردبووی.

ت. کوا خواردنەکان؟ ئالین دەیخوارد.

پێشتر کێ کارەکانی بۆ دەکرد؟ نامی دەیکرد.

پ. ئەو نانی خواردووە.

ئایلا جانتاکەی بردووە.

لە نموونەی (٦٤-ا)دا ئەسپێکتەکەی مۆرفیمی سفرە و دەرنەکەوتووە، بەڵام لە ڕێگەی ئەو ڕۆنانەوە، ئەوە دەخاتەڕوو، کە کردارەکە تەواوبووە، لە کاتێکی نزیک بە ئاخاوتنی قسەکەر کۆتایی هاتووە. لە نموونەی (٦٤-ب) ئاخێوەر لە ڕێگەی ئەسپێکتی /دە/، ئەوەی خستۆتەڕوو، کە کردارەکە لەکاتی قسەکردنی ئاخێوەردا، هێشتا بەردەوامی هەیە، نموونەی (٦٤-پ) تەواوبوونی کردارەکە لە ڕابردوویەکی دووردا دەخاتەڕوو، لە ڕێگەی کرداری یاریدەدەری (بوون)ەوە، وردەکاری کاتی پرۆسەکەی خستۆتەڕوو. بەمشێوەیە، کرداری (بوون) ڕۆڵی ئەسپێکت دەبینێت. لە نموونەی (٦٤-ت)دا کردارەکە تەواو نەبووە و بەردەوامی هەیە، ئەمەش لە ڕێگەی ئەسپێکتی /دە/ەوە، خراوەتەڕوو، لە دوایین نموونەدا لە ڕێگەی ئەسپێکتی /ووە/ەوە تەواوبوونی کردارەکە نیشاندراوە.

بەپێی دەوروبەری زمانی لە باری بەردەوامی کرداردا هەمیشە ئەسپیکتی /دە/، دەچێتە سەر ڕەگ، یان قەدی کردار، هەندێکجار لە ڕێگەی کرداری یاریدەدەری (بوون)، کە بۆ کاتی ئێستا بریتییە لە /ە/ و ڕۆڵی ئەسپێکت دەبینێت، ئاماژە بە لایەنێکی ڕوودان، یان ڕوونەدانی کردار دەدرێت، ئەم جۆرە، "بۆ وەسفکردن بەکاردەهێنرێت، نەک بۆ گێڕانەوە، لە بنەڕەتدا ناتەواوە" (comrie, Bernard, 2001:66)

٦٥-ا. هاوین گەرمە.

ب. هاوین گەرمبوو.
پ. هاوین گەرم دەبێت.

لە نموونەی (٦٥-ا)دا لەڕێگەی ئەسپێکتەوە بارێکی کردارەکە خراوەتە ڕوو، "دەشێ ئەوکاتە یان ئەو بارە هەمیشەیی بێت، یان بەهۆی ئەدڤێربڵەوە سنوری ماوەکەی دیاری بکرێت". (قادر، ئەبوبەکر عومەر، ٢٠٠٣: ٦٥)، وەک لە نموونەکانی (٦٦)دا، خراونەتەڕوو.

٦٦-ا. ئەمڕۆ کەشوهەوا باراناوییە.
ب. سەیرانگای ئەحمەدئاوا دڵگیرە.
پ. دەشتی شارەزوور بەپیتە.
ت. شەکر شیرینە.
ج. باران ئەمساڵ زیرەکە.

ئەم ڕستانە بارودۆخێک دەخەنەڕوو، بەشێوەیەکی کاتی، یان هەمیشەیی، لە نموونەکانی (٦٦-ا، ج)دا بارودۆخەکە کاتییە، ئەمەش لە ڕێگەی ئەدڤێربڵەکانی کات (ئەمڕۆ، ئەمساڵ) نیشاندراوە، بەڵام نموونەکانی (٦٦-ب، پ، ت)، بارودۆخێکی هەمیشەییە.
دەبینین ئەسپێکتەکان "ڕاستەوخۆ جەخت لە سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی بارودۆخەکان دەکەنەوە". (حەمەئەمین، خۆشناو عەزیز و ئەحمەد، مەحمود فەتحوڵلا، ٢٠١٩: ٤١)، کاتی نزیکی و دووری ڕووداوەکە، مانەوەی کاریگەریی کردارەکە دەخەنەڕوو.

"ئەسپێکتی ڕابردووی تەواو لە کاری تێنەپەڕدا، جگە لە کەسی سێیەمی تاک، فۆرمەکەی (و/وو)ە، بەڵام لە کاری تێپەڕ و کەسی سێیەمی تاکی تێنەپەڕدا فۆرمەکەی (-وە/ووە)یە." (قادر، ئەبوبەکر عومەر، ٢٠٠٣: ٦٤)، وەک لە نموونەکانی (٦٧)دا دەردەکەوێت.

٦٧-ا. ئەو جانتای منداڵەکەی بردووە.
ئەو کارەکانی ماڵەوەی کردووە.
ب. من بۆ بازاڕ چووم.
پ. تۆ ئەمڕۆ بۆ زانکۆ چووی.
ت. ئەو بۆ قوتابخانە چووە.

له کرداری ڕابردووی دووریشدا بەیارمەتی کرداری یاریدەدەری (بوون)، کە ڕۆڵی ئەسپێکت دەگێڕێت، وردەکاری کاتی تەواوبوونی کردارێک، کە لە کاتێکی دوور لەکاتی ئاخاوتنی قسەکەردا ڕوویداوە، دەخاتەڕوو. هەریەک لەم ئەسپێکتانە، بەپێی تاف و ڕێژەی کردارەکە، هەستی ئاخێوەر دەردەخەن، بەپێی دەوروبەری زمانیی کردار و ڕستەکەش، واتای گشتی ڕستەکەو شوێن و جۆری ئەسپێکتیش گۆڕانیان بەسەردا دێت. هەروەها (لە ڕێژەی دانانیدا، ئەسپێکتەکانی /ب.....با/، /ب....ایە/، لە دەمکاتی ڕابردووی بەردەوامدایە، (/بوو-با/)یش، لە دەمکاتی ڕابردووی دووردایە). (مستەفا، مستەفا ڕەزا، ٢٠٢١، ١١٤، ١١٥)، وەک نموونەکانی (٦٨).

٦٨-ا. خۆزگە بۆ سەیران بمبردبا، بمبردایە.
ب. خۆزگە بۆ ئاهەنگەکە بڕۆشتیام، بڕۆشتمایە.
پ. خۆزگە بۆ زانکۆ بردبوویام.

هەندێکجار ئەدڤێربڵەکان ڕۆڵی ئەسپێکت دەبینن و وردەکاری و زانیاریی زیاتر، لەبارەی کاتی ڕوودانی کردارەکە دەخەنەڕوو. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (قادر، ئەبوبەکر عومەر، ٢٠٠٣: ٦٣- ٦٤).

ئەسپێکتی /ەوە/، ڕۆڵی دووبارەبوونەوەی ڕوودان یان ڕوونەدانی کردارێک نیشاندەدات، "جۆرێک لە دڵنیایی دەگەیەنێت لەو هەواڵ و زانیارییانەی قسەکەر ئاراستەی گوێگری دەکات جگە لە ئاماژەکردن بۆ سەرەتای ڕوودان لە دەمکاتی ئایندەدا- دوای قسە". (سەرچاوەی پێشوو: ٦٦). بۆ نموونە:

٦٩-ا. ئەوان لە بەهاردا دێنەوە.
ب. تیپی خۆمان هەر دەیبەنەوە.
پ. بردوومەتەوە.

لە نموونەی (٦٩-ب)دا لە ڕێگەی وشەی (هەر) و ئەسپێکتی /ەوە/، جەخت لەسەر دووپاتکردنەوەی پرۆسەکە و دڵنیایی لە ڕووداوەکەدا هەیە، نموونەی (٦٩-پ)یش دوو جۆر ئەسپێکتی تێدا بەکارهاتووە، کە دڵنیایی لە تەواوبوون و دووبارەکردنەوەی پرۆسەکە دەکەنەوە.

"ئەسپێکتی /دە/ لە زمانی کوردیدا لە ڕابردوودا بە کرداری سادەوە دەلکێت و واتای بەردەوامی و عادات دەخاتە پاڵی، بەڵام لە کرداری ڕانەبردوودا هەرگیز جیانابێتەوە". (ویسی حصار، رحمان، ١٣٩٤: ١٢٣)، واتە /دە/ لە کرداری ڕابردوودا دەتوانرێت لە کردارەکە جیابکرێتەوە، کردارەکە بەبێ ئەم ئەسپێکتەش دەتوانێت بێت، بەڵام لە کرداری ڕانەبردوودا ناتوانرێت جیابکرێتەوە، پێویستە هەمیشە لەگەڵیدا بێت.

## ٣-٢/٢) کلیتیک

بریتییە لە کۆمەڵێک مۆرفێم، کە لە ڕستەسازیدا وابەستەی وشە و دەستەواژەکانی دەوروبەریەتی، پێکهاتەی سەرەکیی کردارن، "لەکاتی قسەکردندا جەختی لەسەر ناکرێت (یان کەمتر جەختی لەسەر دەکرێتەوە)، پشت بە دەربڕاو و وشەکانی دەوروبەریان دەبەستێت" (فاضل، نوید، ١٣٩٢: ٤٤)؛ بە واتایەکی دیکە هێزیان لەسەر نییە (یان هێزی کەمتریان لەسەرە)، لە دەوروبەرێکی زمانیی تایبەتدا دێن، کە ئەگەر لەو دەوروبەرەدا نەبن، نابنە کلیتیک، هەندێکجاریش بەهۆی گۆڕانی دەوروبەرەکەیەوە، ڕۆنانێکی ناڕێزمانی بەرهەمدێت، وەک لە نموونەکانی (٧٠)دا، دەردەکەوێت.

٧٠-ا. من بەهێواشی ڕۆشتم.

ب. *من بەهێواشیم ڕۆشت.

لە نموونەی (٧٠-ا)دا کلیتیکی /م/ لە دەوروبەری گونجاوی خۆیدایە، بەڵام لە نموونەی (٧٠-ب)دا لە دەوروبەرێکی نەگونجاودایە، لەگەڵ فرێزی پێشناویدا هاتووە، ڕۆنانی ڕستەکە ناڕێزمانی و نادروستە، لەبەرئەوەی کلیتیکەکان هەندێکجار "دەچنە سەر فرێزی ناویی، کە لاگری سینتاکسی و داڕشتنی پێوەیە، بەڵام ناچنە سەر هەموو فرێزێکی پێشناویی". (قادر، تارا موحسین، ٢٠٠٤: ٤٨-٤٩)، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کلیتیک ئەوە، کە دەتوانرێت دەوروبەرەکە بگۆڕدرێت و لە دەوروبەرێکی جێگیردا نامێنێتەوە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگرێتەوە، کە لە هەموو دەوروبەرێکدا دێن.

بەبۆچوونی (سەعید کەرەمی) کلیتیکەکان سەرەتا وشەیەکی تەواوبوون و بەهۆی گۆڕانکاریی مێژووییەوە، بەرەبەرە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، تا گەیشتوونەتە بیچمی ناسەربەخۆی ئێستا، نموونەی هەریەک لە (بە، بۆ)، کە ئێستە بوون بە کلیتیکی

(ە)، هەروەها نیشانەی نەناسراوی، کە لە ژمارە (یەک)ەوە، گۆڕاوە بۆ(ێک، ەک)، بەهەماشێوە جێناوە سەربەخۆکان، کە بوون بە جێناوی لکاو. بڕوانە (کەرەمی، سەعید، ١٣٩٦: ٦٧). هەندێکیان لەسەرەتاوە دێن، پێیان دەوترێت (proclitic)، ئەوانەشی لە کۆتاییەوە دێن، ژمارەیان زیاترەو پێیان دەوترێت (enclitic)، کە زیاتر کلیتیکی کەسیی ڕێککەوتن دەگرنەوە. بۆ نموونە:

٧١-ا. من بردم.
تۆ خوێندت.
ئەوان مامۆستان.
ب. پێدان، لێدان، پێگەیشتن.

هەریەک لە کلیتیکەکانی (٧١-ا)، لەکۆتاییەوە هاتوون، لە نموونەی (٧١-ب)دا هەریەک لە (پێ، لێ)، لە سەرەتادا (بە، لە)بوون، لێرەدا بوون بەبەشێک لە ناوی کردارییەکە، کە داڕێژراون.

کلیتێک دوو جۆری هەیە، سادە، "کە فۆرمی تەواویشی هەیە، لەبری یەکتر بەکاردێن" (شقاقی، ویدا، ١٣٩٤: ١٨٠)، کورتکراوەکەش پێی دەوترێت: (کلیتیکی تایبەت)، کە ناتوانرێت، هیچ بەشە ئاخاوتنێک لە شوێنەکەی دابنرێت. بۆ نموونە:

٧٢-ا. خانووەکەت ⟵ خانووەکەی تۆ.
ب. بردمان ⟵ *بردئێمە.

بەمشێوە دەبینرێت، کلیتیکەکان، لەناو ڕستەدا بە دەوروبەری زمانییەوە پەیوەستن، کە وشە و مۆرفیمەکانی پێش و دوایان دەگرێتەوە.

### ٢/٢-٤) هاوبێژی

دیاردەیەکی زمانییە و لە هەموو ئاستەکانی زماندا ڕوودەدات، واتە هەر دانەیەک لە ئاستەکانی زمان (فۆنیم، مۆرفیم، فریز، ڕستە)، یەک فۆرمیان هەیەو زیاتر لەیەک واتاشیان هەیە. لەم وەچەپارەدا، چەند هاوبێژییەک پەیوەست بە پێکهاتەی ڕۆنانی کردارەوە دەخرێنەڕوو.

لە نموونەی (٧٣)دا مۆرفیمی /کە/، ئەم هاوبێژییانەی هەیە:

٧٣-ا. ئەلۆمۆرفی ناسراوی: دەرگاکە، مامۆستاکە.

ب. پاشگر: (لەتکە، سووتکە، لووتکە، ڕەشکە) بڕوانە (شێخ تەیب، شەهاب، ٢٠١٤، ١٠٤، ١٠٥)

پ. ڕەگی ڕانەبردووی ناوی کرداریی (کردن)

ت. بە واتای (هی تر)، بۆ نموونە: ڕۆژێکی کە، کاتێکی کە، شوێنێکی کە).

ج. ئامرازی پێکەوەبەستن، بۆ نموونە: کە نەسرین هات، ئەو ڕۆشتبوو.

نموونەکان (٧٣)، یەک فۆڕمیان هەیە، بەڵام لە ئەرک و واتادا جیاوازن، بە پێی دەوروبەری زمانی جیادەکرێنەوە.

هاوبێژبوونی کەسی یەکەمی تاک لە کلیتیک و گیرەکدا، وای کردووە، کە لە هەندێک نموونەدا نیشانەی کارا و بەرکار لە دوایی ڕەگەوە و لە تەنیشت یەکەوە دێن، ئەگەر نەزانرێت، ئاخێوەر بە چ شێوەزارێک دەدوێت، مەبەستەکەی تێکدەچێت، بە تەواوی پێچەوانەی واتای مەبەست دەگرێتەوە. (کەرەمی، سەعید، ١٣٩٦: ١٢٣)

٧٤-ا. هێنایانم: ئەوان منیان هێنا.

ب. هێنایانم: من ئەوانم هێنا.

لە نموونەی (٧٤-ا)دا لە شێوەزاری سلێمانیدا بەو واتایە دێت، بەڵام لە شێوەزاری گەرمیانیدا، واتاکەی پێچەوانە دەبێتەوە، وەک لە نموونەی (٧٤-ب)دا، دەبینرێت.

٧٥- هاوبێژەکانی مۆرفێمی /ن/:

ا. مۆرفێمی وشەدارێژ، کە کردار دەکات بە ناوی کرداریی، دوای ئەوەی کەسەکەی لابرا، بۆ نموونە: هاتم: - /م/ + /ن/ = هاتن (ناوی کرداریی)یە.

ب. کلیتیکی ڕێککەوتن، بۆ نموونە: ئەوان نووستن.

٧٦- هاوبێژەکانی مۆرفێمی /ت/:

ا. کلیتیک، بۆ نموونە: گرتت.

ب. نیشانەی تاف. بۆ نموونە: کوشتی.

## ٣/٢) جۆرەکانی ڕستە

ڕستە وەک یەکێک لە نواندنە زمانییەکان، شیانی پەیوەستییەک لە نێوان یەکە پێکهێنەرەکانیدا دەڕەخسێنێت، کە سەرجەمی پەیوەستییەکان پێکەوە گوزارشت لە ڕووداوێک، چەمکێک، یان بیرۆکەیەک...هتد، دەکەن، پەیوەندیی نێوان دانە پێکهێنەرەکانی ڕستە و ڕۆنانی ڕستەکان، بەمەبەستی گەیاندنی واتا، بەهۆی دەوروبەرەوە ڕێکدەخرێن و ڕستە بەرهەمدەهێنرێت. گۆڕینی دەوروبەری زمانی هەر ڕستەیەک لەناو دەقدا، (کە پەیوەستە بە ڕستەکانی پێش و دوای خۆی)، یان گۆڕینی جێکەوتەی هەریەک لە دانە پێکهێنەرەکانی (فرێز، وشە، مۆرفیم، فۆنیم، ئەسپێکت، کلیتیک..هتد)، گۆڕانی واتایی و ڕێزمانی دەهێنێتە ئاراوە. زۆرجار دەربڕاوە زمانییەکان لە چوارچێوەی دەقێک، یان لە دەوروبەرێکی نازمانیدا، هەڵگری واتا و مەبەستی پراگماتیکین، بە بێ دەوروبەر، ناتوانرێت درک بە واتاکانیان بکرێن.

لە ڕێگەی ڕۆنانی ڕستەکانیشەوە دەتوانرێت، درک بەو دەوروبەرە بکرێت، کە ئەو قاڵبە ڕێزمانییەی تێدا بەکارهاتووە، بۆ نموونە، کاتێک ڕستەیەک "فراوان دەکرێت، بەهۆی کەرەستەی ترەوە، ئەوا وێنە و بینینی ئاخاوتنەکە، کە هەڵگری واتا پراگماتیکییەکەیە بۆ خوێنەر/گوێگر، ئاشکرا دەکات". (ئیبراهیم، هاوسەر نەوزاد، ٢٠١٤: ٧٥). دەبینین جۆری ڕستەی بەکارهێنراو لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، دەتوانێت، بۆ گەیاندنی مەبەستی قسەکەر، یان نووسەر یارمەتیدەربێت.

"بەبێ لەبەرچاوگرتنی دەوروبەر زۆرێک لە ڕستە ڕێزمانییەکانیش هەڵگری زانیاریی پێویست نابن، بۆ گەیاندنی پەیامەکان بەتەواوەتی." (دولت ابادی، بیژن داوری، ١٤٠٠: ١٢٣)، بۆنموونە لەگەڵ کردنەوەی تەلەفزیۆندا چاومان دەچێتە سەر پێشکەشکارێک، کە دەڵێت: لە کۆتایی بەرنامەکەدا هیوادارم زویر و دڵگران نەبن بۆ ئەو بارودۆخە نەخوازراوەی دروستبوو.

ئەم ڕستەیە هەرچەندە ڕێزمانییە، بەڵام زانیاریی تەواوی بۆ گوێگر تێدانییە، نازانرێت، چ بارودۆخێک دروستبووە، بارودۆخەکە بۆ میوانەکان دروستبووە، یان بۆ پێشکەشکار، یان بۆ بینەران، نازانرێت، کێ بارودۆخەکەی دروستکردووە...هتد، هەموو ئەمانە بەهۆی ئاگادارنەبوونە لە دەوروبەری نازمانیی ڕستەکە، کە خۆی لە تەماشاکردنی تەواوی بەرنامەکەو بابەت و پرۆگرام و کەناڵەکەدا دەبینێتەوە، لەگەڵ بارودۆخی ئەو کۆمەڵگا و بابەتانەی کە بەبەرنامەکەوە پەیوەستن.

## ۳/۲-۱) ڕستەی سادە

جۆرێکی ڕستەیە، کە گوزارشت لە بیرکردنەوەیەک دەکات، تەنیا یەک کرداری تێدایە، پێویستیی بە دەوروبەر هەیە بۆ تێگەیشتن، هاوکات چۆنێتیی ڕۆنانی ڕستەکەش، بە دەوروبەرەکەیەوە پەیوەستە، کەواتە (ڕۆنانێکی سەربەخۆیە و چەند تەرزێکی تایبەت بەخۆی هەیە، دەشێت هەندێکیان سەرپەرشکیی و هەندێکیشیان خورتیی بن). (مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا، ۲۰۰۹: ۲۷)، سەرپشکییەکان بەمەبەستی پێدانی زانیاریی زیاتر بە گوێگر دێن، لابردنیان لەڕستەدا ئاساییە و ڕۆنان و واتای ڕستەکە تێکناچێت؛ تەنها دەبنە هۆی ناڕوونی دەربڕاوەکە، یان نەگەیشتنی مەبەستەکان وەک خۆی، خورتییەکانیش پێویستە لە ڕستەدا هەبن، لابردنیان ڕستەکە تێکدەدات، دەبێتە ڕستەیەکی ناتەواو و ناڕێزمانی، بەپێی دەوروبەری زمانی ڕستەکە پێویستە لە ڕستەدا بوونیان هەبێت. هەروەها دەشێت، ڕستەکە کەمترین زانیاریی تێدابێت، یان بە چەندین کەرەستە فراوانبکرێت و زانیاریی زیاتر بدات بە گوێگر، ئەمجۆرەی ڕستە، دوو شێوە لە خۆدەگرێت:

### ۳/۲-۱-۱) ڕستەی سادەی فراواننەکراو

دەوروبەری قسەکەر لە ڕۆنانی ڕستە و دەربڕاوەکاندا بەشدارە، "ڕووداو و هەرشتێک لە چواردەوری مرۆڤەکاندا بوونی هەبێت و ڕوودات بەپێی مرۆڤ و چۆنێتی تێڕوانین و سەرنجدان و پەیپێبردن و درکپێکردنی خودی مرۆڤەکان، دەگۆڕێت و دواتر لە شێوەی داڕشتن و ڕێکخستنی ڕستەکاندا ڕەنگدەداتەوە". (ئیبراهیم، شیلان ڕەحیم، ۲۰۱۹: ۹۵).

۷۷-ا. من ڕۆشتم.
ب. منداڵەکە نووست.
پ. منداڵەکە کەوت.
ت. شوشەکە شکا.
ج. منداڵەکە مرد.

له نموونەکانی (٧٧)دا بەپێی دەوروبەری زمانیی ڕستەکە، لەبەرئەوەی کردارەکە تێنەپەڕە، بەرکار لە ڕستەکەدا نەهاتووە، ئەنجامدانی کردارەکە بەتەواوی لەسەر بکەرەکەیە.

٧٨-ا. من شوشەکەم شکاند.
ب. ئەو مناڵەکەی خەواند.
پ. ئەو تۆی شکاند.
ت. تۆ سێوەکەت خوارد.
ج. ئەوان وانەکەیان خوێند.
چ. ئەو تۆی خوارد.

له نموونەکانی (٧٨)دا بەگشتی، لەبەرئەوەی کردارەکان تێپەڕن، بەپێی دەوروبەری زمانیی ڕستەکان پێویستیان بە بەرکار هەیە، لەبەرئەوە لە هەموو ڕستەکاندا بەرکارێک هاتووە، ئەنجامدانی کردارەکان لە بکەرەوە تێپەڕیونەتە سەر بەرکار. نموونەی (٧٨-پ) دوو واتای هەیە، بەپێی دەوروبەری نازمانی، ئەوانیش (ئەو لەیارییەکەدا تۆی شکاند، ئەو بە قسە، یان ڕەفتار تۆی خستۆتە بارودۆخێکی شەرمەزارییەوە)، لە نموونەی (٧٨-ت)دا دەوروبەری زمانیی کردارەکە دەریدەخات، چ واتایەکی هەیە، واتە بەهۆی بەرکارەکەوە(سێو)، دەتوانرێت، بزانرێت، کرداری (خوارد) واتاکەی فەرهەنگییە، بەڵام لە (٧٨-چ)دا بە پێی دەوروبەری کردارەکە دەزانرێت، کە کردارەکە بە واتای فەرهەنگی بەکارنەهێنراوە، بەڵکو واتایەکی خوازەیی گەیاندووە.

دەبینین لە هەریەک لەو ڕستانەدا، کە کردارەکانیان تێپەڕن، بەپێی دەوروبەری زمانی هاتنی بەرکارەکان خورتین، نەبوونیان لە ڕستەکاندا، واتاکانیان تێکدەدات و دەبنە ڕستەی نادروست و ناڕێزمانی.

## ٣/٢-١-٢) ڕستەی سادەی فراوانکراو

"ئەو ڕستانەن، کە لە کاری تێنەپەڕدا، پتر لە دو وشە و لە کاری تێپەڕدا پتر لە سێ وشەن" (ڕەسول، عەبدوڵڵا حوسێن، ٢٠١٤: ٢٤)، واتە ئەدڤێربڵ بۆ فرێز زیاددەکرێت، پاشان لەناو ڕستەکەدا دەردەکەوێت، ئەمەش لە ئەنجامی نەبوونی زانیاریی هاوبەشە لە نێوان قسەکەر و گوێگردا، کە بەپێی دەوروبەرە جیاوازەکان، ژمارەی دەرخەرەکانیش زیاد و

کەمدەکات. واتە ڕستەی سادەی فراوانکراو بەهۆی فرێزە ئەدڤێربلەکانەوە فراوان دەبێت، کە قسەکەر بەپێی لایەنی دەروونی(لایەنی سۆزداریی، ڕق، توڕەیی...هتد)، جۆرێک یان زیاتر لە ئەدڤێربلەکان لەناو ڕۆنانی فرێزی کرداریدا، دادەنێت، واتە فرێزی کرداری فراوان دەکات، وەک:

٧٩-ا. بارین ڕۆشت.

ب. بارین دوێنێ ڕۆشت.

پ. بارین دوێنێ بەپەلە ڕۆشت.

ت. بارین دوێنێ بەیانی بەپەلە ڕۆشت.

ج. ساڵی پار  بارین لێرە ڕۆشت.

چ. شوشەکە شکا.

ح. شوشەکە زۆر بەخراپی شکا.

خ. شوشەی پەنجەرەکە بەیانی زوو شکا.

د. منداڵەکە هات.

ر. منداڵەکە ئەمڕۆ بەیانی هات.

ڕ. ئەوان دوێنێ لە قوتابخانە وانەی بیرکارییان خوێند.

ز. ئەوان دوێنێ بەیانی لە قوتابخانە وانەی بیرکارییان بەجوانی و بەوردی خوێند.

ژ. ئەو ساڵی پار لە میوانییەک بە خراپی دڵی شکاندم.

س. لاڤینی ئامۆزام ئەمڕۆ زۆر بەپەلە خۆی و دوو برادەری ڕۆشتن.

لەهەریەک لەو نموونەدا یەک کردار هەیە، بەڵام بەپێی ویستی قسەکەر و بەپێی بارودۆخ و دەوروبەرەکە، چەندین زانیاری خراوەتەڕوو. ڕۆنانی ڕستەکان لە ئاستی ڕووکەشدا فراوانکراون، بەهۆی نەبوونی زانیاری لەئاستی قووڵی دەربڕاوەکاندا، بە فرێز و ئەدڤێربلەکان ڕستە سادەکان فراوانکراون، ئەم فراوانکردنانەش بەهۆی کۆمەڵێک ئامرازەوە ئەنجامدراون، وەک (و، ی، ە)ی خستنەسەر. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئامرازی خستنەسەر بڕوانە (ڕەسول، عەبدوڵڵا حوسێن، ٢٠١٤: ٦٣)

## ٢-٣/٢) ڕستەی ناسادە

ئەمجۆرەی ڕستە زیاتر لە کردارێکیان تێدایە، دوو جۆرن:

### ٣/٢-٢-١) ڕستەی لێکدراو

ئەوانەن، کە دوو ڕستە، یان زیاتر لەخۆدەگرن، کردارەکانی، لە هەندێک باردا پەیوەستن پێکەوە، هەندێکجاریش پێچەوانەی یەکترن، بەهۆی کۆمەڵێک ئامراز، یان بە ویرگول (فاریزە)، پێکەوە دەبەسترێن. ڕۆنانی ئەمجۆرەی ڕستەش، بەدەر نییە لە کاریگەریی بارودۆخ و دەروبەرەکانی دەربڕاوەکە، کە بەشدارن لە هەڵبژاردنی ئامراز و کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەمجۆرە ڕستانە، کەرەستە لابردنە، بەهۆی دووبارەبوونەوەوە ڕوودەدات، کە لابردنی کەرەستەکان، کاریگەریی بۆ سەر بیر و واتای ڕستەکە نابێت، چونکە بەهۆی دەوروبەری زمانی ڕستەکەوە، دەزانرێت، چ کەرەستەیەک لە یەکێک لە ڕستەکاندا لابراوە. هەروەها "ئامرازە لێکدەرەکان، بەشداری پێکهاتنی ڕستەکان ناکەن و لە ڕوی فۆنۆلۆجیەوە تیکەڵ بە ڕستە سادەکان نابن". (ڕەسول، عەبدوڵلا حوسێن، ٢٠١٤: ٦٥).

٨٠- تینا نانەکەی خوارد و ڕۆیشت.

لەنموونەی (٨٠)دا بە یارمەتی ئامرازی (و)، کە دوو ڕستەی سادەی پێکەوە بەستۆتەوە، کردارەکانیش پەیوەستن پێکەوە، کەرەستەی بکەر لە ڕستەی دووەمدا دووبارەنەکراوەتەوە، بەڵکو تەنیا کردارەکە هاتووە، چونکە قسەکەر و گوێگریش لەهزری خۆیاندا، بەهۆی دەوروبەری زمانیی ڕستە لێکدراوەکەوە، دەزانن کە بکەرەکە کێیە، چونکە لەڕستەی یەکەمدا ئاشکرایە، لەهەمانکاتدا هاتنی کرداری (خواردی) لەسەرەتادا، پاشان کرداری (ڕۆیشت)، دەوروبەری ڕستەکە دەردەخات، کە سەرەتا نانەکەی خواردووە، پاشان ڕۆیشتووە، واتە کردارەکان بەدوای یەکدا ڕوویانداوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەوروبەر و ڕووداوەکەیە لە ڕۆنانی ڕستەکەدا.

٨١-ا. پەریا لەخەو هەستا و خواردنی دروستکرد و نانی خوارد و ڕۆیشت.

ب. پەریا لەخەو هەستا، پاشان نانی دروستکرد، ئینجا نانی خوارد و ڕۆیشت.

لە جیاتی ئامرازی (و)، دەتوانرێت، (پاشان، ئینجا، دواتر، هەروەها...هتد) دابنرێن، کە پەیوەندیی نێوان کردارەکان و بەدوایەکداهاتنی ڕووداوەکان دەردەخات.

هەندێک لە ئامرازەکان لە ڕووی کات و دەمکاتەوە، پێچەوانەبوونی ڕووداوەکان دەخەنەڕوو، وەک (بەڵام، بەشکم، هەرچەندە، کەچی، بەڵکو...هتد)، هەندێکجاریش ئەنجامی کردارێک نیشاندەدەن. وەک لە نموونەکانی (٨٢)دا دەبینرێت.

٨٢-ا. باکۆ نەخەوتووە، بەڵکو ئیش دەکات.

ب. کۆشاد دەرس ناخوێنێت، بەڵکو ئیش دەکات.

پ. ڕەوەز برسی نەبوو، کەچی نانی خوارد.

ت. ئیلناز حەزی لە شیرینییە، بەڵام نەیخوارد.

ج. شەنگە زیرەکە، کەچی دەرنەچوو.

هەریەک لەم ئامرازانە، کە دوو ڕستەی سادە یان لێکداوە و ڕستەی لێکدراویان بەرهەمهێناوە، دەوروبەری ڕستەکان نیشاندەدەن، کە پێچەوانەبوونی دوو کردە و ڕووداوە. کات و دەمکاتی کردارەکانیش لەیەکتری جیاوازن و پێکەوە پەیوەست نین.

کۆمەڵێک مۆرفیمی دیکە، ڕستە سادەکان پێکەوەدەبەستن و بارودۆخی کردارەکان دەردەخەن، کە بریتییە لە هەڵبژاردن لە نێوان دوو پرۆسەدا، وەک: جووت ئامرازەکانی، (یان/یا...یان/یا، نە.....نە)، وەک لە نموونەکان (٨٣)دا، دەخرێنەڕوو.

٨٣-ا. یان بخوێنە، یان ئیش بکە.

ب. یا بخوێنە، یا ئیش بکە.

پ. یان بخەوە، یان هەستە.

ت. نە دەخوێنی، نە ئیش دەکەیت.

ئەم ئامرازانە ئەو بارودۆخە دەخەنەڕوو، کە ئەمجۆرەی ڕستەی لێکدراویان تێدا دەربڕاوە کە دەکرێت تەنها یەکێک لە کردارەکانی ڕستە لێکدراوەکە، جێبەجێبکرێت. هەروەها لە ڕێژەی فەرمانداندایە، ئامرازی (نە...نە)یش، بارودۆخێک دەردەخات، کە هیچ کام لە پرۆسەکانی تێدا ئەنجامنادرێت.

٨٤- پانیز قسەیدەکرد و خواردنیشی دروستدەکرد.

ڕۆنانی ئەم ڕستەیەش، دەریدەخات هەردوو کردارەکە پێکەوە ئەنجامدراون، هەردوو ڕستەکە، یەک کات و یەک تافیان هەیە.

## ٣/٢-٢-٢) ڕستەی ئاوێتە(ئاڵۆز)

بریتییە لە ئاوێتەبوونی دوو ڕستە، ڕستەکان دەشێت سادە، یان لێکدراوبن، واتە "لە ڕستەیەکی سەرەکی و زیاتر لە ڕستەیەکی شوێنکەوتوو پێکدێت" (نیکوفر، رضا و فلکی، غلامحسین، ١٣٨٧: ٥٨)، ڕستەی لاوەکی لە سەرچاوەکاندا، بە پاڕستە، یان ڕستەی شوێنکەوتوو، ڕستەی سەرەکیش بە شاڕستە ناودەبرێن، لە ڕێگەی کۆمەڵێک مۆرفیمەوە، ئەم ڕستانە پێکەوە دەبەسترێن، هۆکاری ڕۆنانێکی لەمشێوەیە، بۆ دەوروبەر دەگەڕێتەوە، کە زۆربەی کات نەبوونی زانیاریی هاوبەشە لەنێوان قسەکەر و گوێگردا، یان بەمەبەستی جەختکردنەوە، یان بۆ گەیاندنی مەبەستێکی دیاریکراوە.

ڕستەی شووێنکەوتوو دەبێتە دەرخەری ڕستەی سەرەکی، زانیاری لەبارەی ڕستەی سەرەکییەوە تێدایە، کە دەکرێت ئەو زانیارییە لەبارەی هەر یەکێک لە پێکهێنەرەکانی ڕستەی سەرەکییەوە بێت، وەک بکەر، بەرکار، یان کردار، ئەمەش بەپێی ویستی قسەکەر و پێویستیی باردودۆخ و دەوروبەرەکەیە، دەشێت ئەمجۆرە ڕۆنانەی ڕستە، بەهۆی دەوروبەری زمانییەوە بەرهەمبهێنرێت، کاتێک "کردارەکە، پرۆژەیەکی لەخۆی باڵاتری وەک ڕستەی داواکرد". (حمەڕەحیم، عرفان مستەفا، ٢٠٠٣: ٥٠).

ڕستەی سەرەکی دەتوانێت بە تەنیا بەکاربهێنرێت، بەڵام ڕستەی شوێنکەوتوو وابەستەی ڕستەی سەرەکییەو بەتەنیا ناتوانێت هیچ مەبەستێک بگەیەنێت، ئەمجۆرەی ڕستە، ئەگەر "لە سەرووی دوو ڕستەشەوە بێت، ئەوا تەنها یەک ڕستەیان سەرەکییە" (محەمەد، دارا حەمید، ٢٠١٢: ١٥)، هاتنی ڕستەی سەرەکی لەسەرەتا، یان کۆتایی ڕستەی ئاوێتە (ئاڵۆز)دا، بەپێی بارودۆخ و ویستی قسەکەر لە هەردوو شوێنەکەدا دەبێت.

٨٥-ا. وادیارە، کە کتێبەکانی کتێبخانەت نەبردۆتەوە.
ب. دیارە، کە خەوی شێواوە.
پ. ژینا کە هەمیشە خەریکی کۆششکردنە، ئەمڕۆ خوێندنی تەواوکرد.
ت. ڕاز، کە دوو منداڵیشی هەیە، هەمیشە خواردنی خۆش دروستدەکات.

لە نموونەی (٨٥-ا)دا ڕستەی سەرەکی بریتییە لە (دیارە)، ڕستەی دواتریش شوێنکەوتووە و بۆ وەسفکردنی ڕستەی سەرەکی هاتووە، کە وەسف و زانیاریی لەبارەی بکەرەکەوە دەدات. لە نموونەی (٨٥-ب)دا ڕستەی شوێنکەوتووی (خەوی شێواوە)، بۆ وەسفکردنی بکەرەکە هاتووە، لە نموونەی (٨٥-پ)دا ڕستەی سەرەکی

بریتیە لە (ژینا ئەمڕۆ خوێندنی تەواوکرد)، ڕستەی شوێنکەوتووش (کە هەمیشە خەریکی کۆششکردنە)، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەبارەی بکەری ڕستەکە، کە (ژینا)، هاتووە.

لە (٨٥-ت)دا ڕستەی سەرەکی بریتییە لە، (ڕاز هەمیشە خواردنی خۆش دروستدەکات)، ڕستەی شوێنکەوتووش، کە بەمەبەستی خستنە ڕووی زانیاریی زیاتر لەبارەی (ڕاز)ەوە هاتووە، بووە بە دەرخەری بکەرەکە، کە بریتییە لە (کە دوو منداڵیشی هەیە).

ڕستەی شوێنکەوتوو (لاڕستە)، مەرج نییە هەمیشە ئەرکی (دەرخەر)، لە ڕستەی سەرەکیدا ببینێت، بەڵکو دەشێت، ئەرکەکانی (بکەر، بەرکار، ئەدڤێربڵ) ببینێت. لاڕستەی (دەرخەر)، بەهۆی نەبوونی زانیاریی هاوبەش لە نێوان قسەکەر و گوێگردا، جۆرێکی ڕستەی ئاڵۆز دادەڕێژێت، وەک:

٨٦-ا. ئارمان هات.

ب. ئارۆ، کە هاوڕێی منە، هات. (لاڕستەی دەرخەریی بکەری)

پ. تاڤی، کە هاوڕێی تۆیە، من دەیبینم. (لاڕستەی دەرخەریی بەرکاری)

ت. ماڵی پروشە، کە هاوڕێمە، لە سلێمانییە. (لاڕستەی دەرخەریی دیارخەر)

ئەگەر گوێگر نەزانێت ئارمان کێیە و ئیشی چییە و ...هتد، واتە ئارمان نەناسێت، لەم بارەدا قسەکەر، ئەگەر بە دەرخەرێکی ڕستەیی، (ئارمان) بە گوێگری بناسێنێت، ئەوا لەم بارەدا، جۆرێک لە ڕستەی ئاڵۆز بەرهەم دێت، وەک نموونەکانی (٨٦-ب، پ، ت).
"هەندێکجار ئەو ئامرازانەی، کە لەڕستەی ئاڵۆزدا بەشێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنرێن، دەتوانرێت لە ڕستەدا لاببرێن، وەک (کە، تا)." (نیکوفر، رضا و فلکی، غلامحسین، ١٣٨٧: ٥٨)، بەڵام هاتنیان لە ڕستەدا، دەبێتە هۆی جەختکردنەوەی زیاتر لەسەر کردارەکە، یان (هۆ) و (مەبەست) دەخەنەڕوو. وەک لە نموونەکانی (٨٧)دا دەخرێنەڕوو.

٨٧-ا. ئەوان ڕۆیشتن، (تا) بەشداری ئاهەنگەکە بکەن.

ب. ئەوان هاتبوون، (کە) تۆ ببینن.

٨٨-ا. قوتابخانە، کە مەڵبەندی خوێندن و هۆشیارییە، لەلایەن خوێندەواران و ڕۆشنبیرانەوە ڕێنمایی دەکرێت.

ب. ئەو کچەی، که دراوسێی ماڵی خوشکەکەمە، بۆ دەرەوەی وڵات رۆشت.

پ. ئەو کوڕەی، که لای ئارام ئیشدەکات، ئەمڕۆ هاتەوە.

ت. نمه کتێبی ڕستەسازی دەخوێنێتەوە، که پسپۆڕیی خۆیەتی.

ج. تاران چەندین کتێبخانەی گەورەی هەیە، که چەندەها سەرچاوەی بەنرخ و دەگمەنی تێدایە.

چ. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، قەیرانی پەروەردەییان دروستکردووە، که کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانی لێدەکەوێتەوە.

ح. ئەو کۆمپیوتەرەی، که ژوان بەکاریدەهینا، دوێنێ شکا.

خ. ئەو گوڵەی، که شانیا هێنای هەفتەی پێشوو سیسبوو.

د. ئانیا لەو مۆڵەی، که تازە کراوەتەوە، بازاڕی دەکرد.

ر. که ئەوان ڕۆیشتن، من هێشتا ئامادەنەبووم.

ڕ. کاتێک ئەوان ڕۆیشتن، من لێرەبووم.

ز. خوێندکارەکان دەرناچن، چونکه هیچ کۆششناکەن.

ژ. سیوان نەخۆشە، لەبەرئەوەی سەرمایبووە.

س. ئێوە هەوڵنادەن، لەبەرئەوە دەرناچن.

ش. ئاستی هۆشیاریی خەڵک لاوازە، بۆیە کێشەی کۆمەڵایەتی زیادیکردووە.

ع. منداڵەکەی چاوان ئەوەندە جوانبوو، لەوێنەی نەبوو.

غ. ئەگەر ناتەوێت، هاوڕێت بێ، نزیکی مەبەرەوە.

ف. ئەگەر پارەی هەبێت، هەژاری ناهێڵێت.

له نموونەکانی (٨٨)دا ئەوڕستانەی دیاریکراون، هەریەکەیان بەپێی لایەنی دەروونیی و تێڕوانینی قسەکەر، ڕۆڵێک دەبینن، به مەبەستی خستنەڕووی زانیاری لەبارەی ڕستەی سەرەکییەوە.

لێکۆڵینەوە له ڕستەی ئاڵۆز لێکۆڵینەوەیە له (لاڕستە)، بەپێی ئەو ئەرکەی لەناو ڕستەی سەرەکیدا دەیبینێت، ئەو ئەرکەش پەیوەستە به لایەنی دەروونی قسەکەرەوە، وەک: هەستکردن به دیاردەیەک، یان دەربڕینی چەمکێک، یان گریمانەکردنی ئەوەی، که قسەکەر لەوانەیە زانیاری لەسەر هەندێک له دەربڕاوەکانی نەبێت، واته نەبوونی (زانیاریی هاوبەش)...هتد.

٨٩-ا. دەرکەوت، کە ڕاستناکات.    (لاڕستەی بکەری)

ب. بیستم، (کە) دوێنێ لە زانکۆ بوویت.   (لاڕستەی بەرکاری).

پ. زانیم، (کە) دەگەڕێتەوە.        (لاڕستەی بەرکاری)

قسەکەر هەست بە چەمکێک دەکات، یان دەیەوێت بیرۆکەیەک بگەیەنێت، لەم بارەدا لاڕستەکە ئەرکی بەرکار دەبینێت.

## ٣/٢-٣) مۆرفۆسینتاکس

پرۆسەیەکە و تایبەتمەندییەکی زمانییە، کە ڕستە بە مۆرفێم دەردەبڕڕێت، شێوازێکی دەربڕینی بیرە، کە لە ئەنجامی بە کلیتیککردنی فرێزەکانی ڕستە بەرهەمدێت. ئەم شێوازە کاتێک دێتە ئاراوە، کە فرێزێکی ڕستە، سەرپشکییانە لەناو ڕۆنانی ڕستەکە و جێکەوتەی تایبەتیی خۆیەوە، بە مەبەستی جەختکردن بۆ جێکەوتەی پێش بکەر، کە بە شوێنی (باس/ Topic) ناسراوە، بگوێزرێتەوە. لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییە و گواستنەوەیەدا، بۆ ئەوەی ڕۆنانی فرێزەکە تێکنەچێت، دەبێت فرێزەکە بە پێی کەس و ژمارەکەی، بە یاسای گواستنەوە و کۆپیکردن، کۆپیبکرێت و بکرێت بە جێناوێکی لکاو و لەناو فرێزی کرداردا‌ریدا دابنرێت، بۆ نموونە:

٩٠-ا. من تۆم بینی.

تۆ، من t بینیمیت.

ب. ئێمە منداڵەکانمان بۆ شانۆگەرییەکە برد.

منداڵەکان، ئێمە t بۆ شانۆگەرییەکە بردمانن.

پ. براکەی تۆ هات.

تۆ، براکەت هات.

ت. من کتێبەکەم لە تۆ وەرگرت.

تۆ، من کتێبەکەم لێت وەرگرت/ لێ وەرگرتیت.

لە توێژینەوەکاندا ناساندنی جۆراو جۆر بۆ مۆرفۆ سینتاکس کراوە، هەندێک لەوانە دەخەینە ڕوو:

- "هەمو ئەو فۆڕمە مۆڕفۆلۆژییانە دەگرێتەوە، کە ئەرکی سینتاکتیکییان هەیە و چەمکەکانی، ناسراوی، نەناسراوی، ژمارە -تاک و کۆ، ڕەگەز، دۆخ، کەس و

دەمکات...هتد، دەگرێتەوە و مۆڕفێمە ڕێزمانییە وشە گۆڕەکان دەیاننوێنن" (قادر، ئەبوبەکر عومەر، ٢٠٠٣: ٢٨).

- "نواندنی ڕستەیە بە مۆرفێم" (مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا، ٢٠٠٩: ٤٢).
- "بریتین لەو پرۆسانەی زمان، کە نواندنی تایبەتێتی سینتاکسی لە ڕێی کەرەسەی مۆرفۆلۆژییەوە دێننە کایەوە." (بەرزنجی ، فەرەیدون عەبدول و قادر، ئەبوبەکر عومەر، ٢٠١٠: ١٢٥).
- "سینتاکسە بەمۆڕفێم و چوونە ناویەک و تێکچڕژانی پێکهاتەکانی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسی هێناوەتە ئاراوە." (مەحویی، محەمەد، ٢٠١١: ٣٥)، یان "مۆرفۆسینتاکس پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی لەناویەکدا شکاوەیە، کە بە کرداری ئاڵۆز(چڕ) یان دروستەی مۆرفۆسینتاکس ناسراوە." (مەحویی، محەمەد، ٢٠٠١: ٣٤٢)
- "چەمکی مۆرفۆسینتاکس واناسێنراوە، کە نواندنی ڕستەبێت بە مۆرفێم، یاخود بە کلیتیکردنی پۆلە ڕەگەزییە سینتاکسییە بەخورتیەکان دەوترێت. یان مۆرفۆسینتاکس کە سینتاکسە بە مۆرفێم و چوونە ناویەک و تێکچڕژانی پێکهاتەکانی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی هێناوەتە ئاراوە" (حسەین، شیلان عومەر، ٢٠١٢: ١٠).
- "دروستەی مۆرفۆسینتاکس نواندنێکی مۆرفۆلۆژییانەی سینتاکسە و بەشێکە لە مۆرفۆلۆژیی کرداری سینتاکسیی، بەو پێیەی بەهۆی نیشانەکانی ڕێککەوتنەوە ڕوودەدات." (سەعید، سازان زاهیر،٢٠٢٠: ٢٥٥).

لێرەدا دوو بۆچوون، سەبارەت بەپرۆسەی تێکچڕژانی هەردوو ئاستی مۆڕفۆلۆژی و سینتاکس دەخرێنەڕوو، هەردوو بۆچوونەکە بۆ سەلماندنی یەک مەبەستە، کە تێکچڕژانی دوو ئاستەکەیە، هۆکاری سەرەکیی هاتنە ئارای ئەم ڕۆنانە، بەهۆی بوونی زانیاریی هاوبەشەوەیە لە ڕۆنانی قووڵدا، ئەمەش بەهۆی دەوروبەرەوەیە، کە دواجار لە ڕۆنانی ڕووکەشدا ڕەنگدەداتەوە.

واتە دەوروبەر بەرهەمیدەهێنێت، بەهۆی کۆمەڵێک هۆکارەوە، لەوانە (بوونی زانیاریی هاوبەش لە نێوان قسەکەر و گوێگردا، شاردنەوەی هەندێک زانیاری لەلایەن قسەکەرەوە، بەهەر هۆکارێک بێت، هەروەها بەمەبەستی کورتکردنەوە و بەفیرۆنەدانی کات و وزە....هتد).

(مۆرفۆسینتاکس بە تەنها واتاکەی لێکنادرێتەوە، چونکە ا.مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن واتاکانیان وابەستەی سەربەخۆکانە و بەهۆی ئەوانەوە لێکدەدرێنەوە،. ب.کردار لە

ڕۆنانە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا، هەڵاوێرکردنی سینتاکسیی و واتایی نییە، بەڵکو پێشتر هەڵاوێرکردنەکەی لە ڕۆنانە سینتاکسییەکەدا کردووە،، پ.واتای ڕۆنانەکە بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕۆنانە سینتاکسییەکە، فۆرمێکی واتا ناڕوون بەرهەمدێنێت.) (مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، ٢٠٢٠: ٩٤).

٩١-ا. من کراسەکەم شت. ⟵ شتمنØ.

ب. من ئەوانم نارد. ⟵ ناردمن.

پ. تۆ نانەکەت خوارد. ⟵ خواردتØ.

لە مۆرفۆسینتاکسدا جێکەوتەی بەتاڵی لای چەپی فرێزەکان، بە مۆرفیمی ڕێککەوتنی بکەری و مۆرفیمی بەرکاری پڕکراونەتەوە شوێنی هەریەک لە کلیتیکەکان، بە پێی شێوەزارەکان دەگۆڕێت و کاریگەریی لەسەر واتایش دەبێت و هەندێکجار لە شێوەزارێکەوە بۆ شێوەزارێکی دیکە، بەتەواوی واتاکان پێچەوانە دەبنەوە.

ئەگەر کرداری ڕستە ڕابردوو بوو، ئەوا ڕیزبوونی کەرەستەکانی مۆرفۆسینتاکس بە پێی دەوروبەری زمانی بەمشێوەیە دەبێت: ڕەگی ڕابردوو (قەد)+ کلیتیکی بکەری+ کلیتیکی بەرکاری. وەک لە نموونەکانی (٩٢)دا دەخرێنەڕوو.

٩٢-ا. من جلەکانم شت. ⟵ شتمن.

ب. من تۆم گرت. ⟵ گرتمیت.

پ. من ئەوانم نارد. ⟵ ناردمن.

ئەگەر لە کرداری ڕابردوودا، بکەری ڕستەکە کەسی سێیەمی تاک، یان کۆ بێت، ڕیزبوونەکە پێچەوانەدەبێتەوە، دەوروبەری زمانیی ڕۆنانەکە، بەمشێوەیە دەبێت: ڕەگی ڕابردوو (قەد)+ کلیتیکی بەکاری+ کلیتیکی بکەری. وەک لە نموونەکانی (٩٣) دەبینرێت.

٩٣-ا. ئەو جلەکانی شت. ⟵ شتنی.

ب. ئەوان تۆیان بینی. ⟵ بینیتیان.

پ. ئەو نانەکەی خوارد. ⟵ خواردنی.

کاتێک کردار ڕانەبردوو بێت، دەوروبەری زمانیی ڕۆنانەکە بەمشێوە دەبێت: ئەسپێکتی /دە/ + کلیتیکی بەرکاری + ڕەگی ڕانەبردوو+ کلیتیکی بکەری، وەک لە نموونەکانی (٩٤)دا دەخرێنەڕوو.

٩٤-ا. من جلەکان دەشۆم.______ دەیانشۆم.

ب. ئەو ئێوە دەناسێت._______ دەتانناسێت.

کەواتە ڕۆنانی مۆرفۆسینتاکس بەم قۆناغانەدا دێتە ئاراوە:

یەک: (جەختکردن)، کە یاسایەکی گواستنەوەی سەرپشکییە.

دوو: بە کلیتیککردنی بەرکار، کە یاسایەکی گواستنەوە بەخورتییە.

ئەم ڕۆنانە، بە زانیاریی هاوبەشی نێوان قسەکەر و گوێگرەوە پەیوەستە. بۆ نموونە:

٩٥- کڕیمن.

لێرەدا گوێگر زانیاریی هاوبەشی لەگەڵ قسەکەردا هەیە، لەبارەی بەرکاری ئەم ڕستەیەوە، واتە دەزانێت، کە قسەکەر چی کڕیوە، ئەمەش بە ئابوریکردن لە زماندا دادەنرێت.

## ٣/٢-٤) بکەر نادیار

ئەو جۆرەی ڕستەیە، کە بکەرەکەی نادیار و ناڕوونە، "پرۆسەیەکی ڕستەسازییە" (رضایی، والی، ١٣٨٩: ٣٢)، نادریتە پاڵ کەسێک یان شتێک، ئەم دیاردە ڕێزمانییە لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا بوونی هەیە، دەتوانین بڵێین، کرداری بکەرنادیار "کردارێکە، کە بکەرەکەی هەندێکجار لە ڕووی ڕێزمانییەوە نادیارە، هەندێکجاریش لە ڕووی ڕیزمانی و واتایشەوە نادیارە." (زرکوب، منصوره و رضایی، سارا، ١٣٩١: ٩٤)، واتە بە ڕەهایی، ناتوانرێت بوترێت هەمیشە بکەرەکەی نادیارە، چونکە هەندێکجار بکەری تێدایە، بەڵام لە ڕووی ڕێزمانییەوە ڕۆڵی بکەر نابینێت، بەڵام لەڕووی واتاییەوە بکەرەکەی دیارە و پەراوێز خراوە، واتە لە جیکەوتەی بکەردا دەرنەکەوتووە، چونکە گرنگ نەبووە، زۆرجاریش بکەرەکە لە ڕستەکەدا نایەت، بۆ نموونە:

٩٦-ا. سێوەکە خورا.

ب. باران دەبارێت.

لە نموونەی (٩٦-ا)دا لەڕووی واتایی و ڕێزمانیشەوە بکەرنادیارە، بەڵام لە نموونەی (٩٦-ب)دا لە ڕووی ڕێزمانییەوە بکەرنادیارە، لە ڕووی واتاییەوە دیارە، کە خودا باران دەبارێنێت.

کۆمەڵێک هۆکاری جۆراوجۆر دەبنە هۆی ئەوەی، کە قسەکەر ئەم ڕۆنانە لەکاتی ئاخاوتندا، یان نووسیندا بەکاربهێنێت، کە بە دەوروبەرەوە پەیوەستن، (بارودۆخ و شوێن و کاتی گوتنەکە و پلە وپایە و پەیوەندی قسەکەر بە دەوروبەریەوە و هەڵوێستی بەرامبەر بە گوێگر و گوێلێگیراوەکانی و بابەتەکە وایلێدەکات کە ڕێژەی نادیار بەکاربهێنیت.) (بەرزنجی، فەریدون عەبدول، ٢٠٠٨: ٦٩)، بۆ نموونە:

٩٧- ا. سەرۆکی لیبیا کوژرا.

ب. تیرۆیشکەکە ئەنجامدرا.

پ. هاوسەرگیرییەکە کرا.

لە (٩٧-ا)دا بەرکار گرنگە و هێزی سەرەکیی ڕستە بۆ خۆی ڕادەکێشێت، چونکە شوێنی بکەری دەدرێتێ و ڕستەکە دەکرێت بە بکەرنادیار، واتە بە گشتی قسەکەر لە هەندێک باردا بەپێی ڕاوبۆچوون، یان باری دەروونیی خۆی، بەرکار بە گرنگتر لە بکەر دەزانێت، ئەمەیش هۆکار دەبێت، بۆ گۆڕینی ڕۆنانی ڕستەکە بۆ بکەرنادیار، بەرکارەکە، کە (سەرۆکی لیبیا)یە، پێشخراوە و بە شێوەیەکی نادیار هاتووە، یان بۆ سەرنجڕاکێشانی بەرانبەر بەکاربهێنرێت، بەتایبەتی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا، زیاتر بەمەبەستی سەرنجڕاکێشانی بینەرو خوێنەر، شێوازی نادیاری بەکاردەهێنن. هەروەها دەشێت لەبەر گرنگی و ناوبانگی کوژراو لە چاو بکوژدا بێت.

لە (٩٧-ب، پ)دا ڕووداوەکان لە ئەنجامدەرەکان گرنگترن، لەبەرئەوە پێشخراون.

٩٨- موچەی ئەم مانگەش دواخرا.

له نموونەی (٩٨)دا هۆکاری دروستبوونی ڕۆنانەکە، دەگەڕێتەوە بۆ ناسراوی بکەرەکە لە دەوروبەردا، چونکە گوێگر خۆی دەزانێت، کە لایەنی دەسەڵات بەرپرسە لە هاتن و نەهاتنی موچە.

٩٩-ا. کتێبەکە براوە.

ب. موبایلەکە شکا.

لە نموونەکانی (٩٩)دا دەشێت لە دەوروبەرێکدا، بەهۆی ئاشکرانەبوونی بکەر ئەم قاڵبە ڕێزمانییە هەڵبژێردرابێت.

هەندێکجاریش بکەر لە ڕستەدا بوونی هەیە، بەڵام زیاتر جەخت لەسەر بەرکارەکە دەکرێتەوە، بکەر ڕۆڵێکی دیکە دەبینێت، لەبەرئەوە بە بکەر نادیار دەردەبڕدرێت، وەک لە نموونەی (١٠٠)دا، دەخرێتەڕوو.

١٠٠- کتێبەکە لەلایەن ساراوە بردرا.

لەم نموونەیەدا بەمەبەستی جەختکردنەوە لە بەرکارەکە، کە (کتێبەکە)یە، ئەم ڕۆنانە بەرهەمهاتووە.

لە بکەر نادیاردا زۆرجار کەرەستەی دیکە وەک سەربار، دێنە ناو ڕۆنانەکەوە، ئەمەش بەهۆی نەبوونی زانیاریی هاوبەشە لەنێوان قسەکەر و گوێگردا، لە بارەی کات و شوێن و چۆنێتیی ڕوودانی کردارەکە، یان ڕەنگە بەمەبەستی جەختکردنەوەی زیاتربێت. دەشێت، قسەکەر ئەم زانیارییانە بەمەبەستی پەرتکردنی سەرنجی گوێگر بهێنێت، تا سەرنجی لەسەر بکەرەکە لاببات.

هەندێکجاریش دەکرێت، ڕستە بەبێ ئەوەی کردارەکەی بکەر نادیار بێت، واتای نادیاری بگەیەنێت، ئەمەش کاتێک دەبێت، کە بکەرەکە کەسی سێیەمی کۆبێت و لاببرێت، هەروەها هەندێک کرداری تێنەپەڕ خۆیان هەڵگری واتای نادیارین. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (بەرزنجی، فەرەیدون عەبدول، ٢٠٠٨: ١٤٢، ١٤٤)، چونکە کەسی سێیەم هەمیشە نادیارە، کاتێک دەکرێت بە کۆ، چەند کەسێک دەگرێتەوە، کە ئامادەییان نییە، لە قسەکەرەوە دوورن، ئەمەش لێڵی دروستدەکات و واتای نادیاری بە ڕۆنانەکە دەبەخشێت، وەک نموونەی (١٠١).

١٠١-ا. (ئەوان) سێوەکەیان خوارد. ⟵ سێوەکەیان خوارد.

ب. نانەکە سوتا.

پ. سەمونەکە برژا.

هۆکارێکی دیکەی بەرهەمهاتنی بکەرنادیار، دیارنەبوونی ئەنجامدەرەکەیە، وەک:

١٠٢- ئوتۆمبێلەکە دزرا.

دەشێت، بەهۆی ترسان بێت لە بکەرەکە، وەک:

١٠٣- ڕۆژنامەنووسەکە تیرۆرکرا.

دەشێت بەهۆی ڕێزلێنان، یان سوکایەتیکردن بە بکەر ناوی نەهێنرێت. هەروەها بە بۆچوونی (فەریدون عەبدول بەرزنجی)، ئەو کارانەی، کە نیشانەی نادیارییان پێوەیە و ڕستەی تواناداربڕن، پێی وایە، ئەمجۆرە ڕستانە نادیاری تەواو نین. (بەرزنجی، فەریدون عەبدول، ٢٠٠٨: ١٢٩).

هۆکاری دروستبوونی بکەر نادیار، یان دەربڕینی ڕستە لە شێوەی نادیاریدا ئەمانەن:

یەک: ڕوونی و ئاشکرایی بکەر: لە هەندێک دەوروبەردا، بکەر زۆر ڕوون و ئاشکرایە، پێویست بە ناوهێنان، یان باسکردن ناکات، لەم بارەدا بەرکار دەهێنرێتە شوێنی بکەر و ڕستەکە بە نادیاری دادەڕێژرێت، وەک:

١٠٤- کەی موچە دەدرێت؟

ئاشکرایە، کە بکەری ئەم ڕستەیە، لەلای گوێگر ناسراو و دیارە، کە حکومەتە.

دوو: گرنگیی بەرکار: لە هەندێک ڕستەدا بەرکار زۆر گرنگە و قورسایی ڕستە بۆ خۆی ڕادەکێشێت، واتە هێزی ڕستەکە لە بەرکاردا کۆدەبێتەوە، لەم بارەدا ناوی بکەر ناهێنرێت، چونکە بایەخ و گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، کە شایەنی باسکردن بێت، لەبەرئەوە جێکەوتەکەی بە بەرکار دەدرێت، وەک:

١٠٥- سەدام حسەین لە سێدارە درا.

سێ: هۆکاری کۆمەڵایەتی: لە هەندێک دەوروبەردا بکەر حەزناکات، یان نایەوێت ناوی بهێنرێت، لەم بارەدا بە شێوەی نادیاری دەگەیەنرێت، واتە لایەنی دەروونیی بکەر دەبێتە هۆکاری گەیاندنی زانیارییەک لە شێوەیەکی نادیاریدا، وەک:

١٠٦-ا. بیستم، دوێنێ لە زانکۆ بوویت.

ب. دەڵێن لەگەڵماندا بۆ سەیران نایەیت.

## ٥-٣/٢) ڕستەی باسمەند

لەم جۆرە ڕستەیەدا، کە تیایدا جەخت لەسەر کەرەستەیەکی ڕستە دەکرێتەوە، دەهێنرێتە سەرەتای ڕستەوە، ئەمەش لە ڕێگەی یاساکانی گوێزانەوەوە ڕوودەدات، هۆکاری بونیادنانی ئەم ڕۆنانەش، بۆ بارودۆخی قسەکەر و دەوربەری ڕستە دەگەڕێتەوە، بەچەند مەبەست و هۆکارێکی جیاواز، وەک: جەختکردنەوە، تیشک خستنەسەر زانیاریی نوێ، یان گرنگ..هتد، واتە بەهۆی باسمەندەوە، دەتوانرێت بە کەرەستەی زانراو، کە هەڵگری زانیاریی کۆنە، زانیاریی نوێ بگەیەنرێت.

لەم جۆرەی ڕستەیەدا دەکرێت، ئەوەی کە مەبەستە بهێنرێتە سەرەتای ڕستەوە، ئەمەش بەهۆی دەوروبەر و ویستی قسەکەرەوە ڕوودەدات، بەمەبەستی پێدانی زانیاریی زیاتر لەسەر ئەو کەرەستەی، کە بەلوتکەکراوە، تا لێڵی لە تێگەیشتندا ڕوونەدات، بە بۆچوونی (هاڵیدای)، "ڕستەی باسمەند واتە جوڵاندنی پێکهاتەیەک بۆ سەرەتای ڕستە، کە هەڵگری زانیاریی کۆنە" (اروجی، محمد رضا، ١٣٩١: ١٩٠، ١٩٧).

بەمپێیە ئەو پێکهاتەی دەچێتە سەرەتای ڕستەوە لە ڕوانگەی گوێگرەوە زانیارییەکی نوێ نییە، بەڵکو دووبارە و کۆنە. چونکە (هاڵیدای) بڕوای وایە، کە هەر دانەیەکی واتایی "بە زانیاریی کۆن دەستپێدەکات و بە زانیاریی نوێ کۆتایی دێت" (شهابی، آرش و آخرون، ١٣٩٦: ٤٢).

١٠٧-ا. <u>کتێبەکە</u> لاپەڕەکانی نووسراوە.

ئەو کەرەستەی هاتۆتە سەرەتای ڕستەوە "لە دوای خۆی جێناو بەجێناهێڵێت" (سەرچاوەی پێشوو: ٤٨). سەرجەم پێکهاتەکانی ڕستەی باسمەند لە پێناو ڕوونکردنەوە و جەختکردنەوە و پێدانی زانیارییە لەسەر ئەو پێکهاتەی ڕستە، کە بەلوتکەکراوە و ڕستەی باسمەندی پێکهێناوە.

"ناوی یەکەم دەکرێ بەهۆی پاڕستەی شوێن کەوتووی لێکدەرەوە فراوانبکرێت". (فەتاح، محەمەد مەعروف، ٢٠١٠: ٣٣٥)، بۆ نموونە:

١٠٨- کتێبەکە، کە مامۆستا بە دیاری پێیداین، لاپەرەکانی تەڕبوون.

"پرۆسەی نادیاری یەکێکە لە ڕێگاکانی ڕستەی باسمەند". (پاکروان، حسین، ١٣٨١: ٤٧)، واتە دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕستەی باسمەند.

١٠٩-ا. لاپەڕەکانی کتێبەکە دڕاون.
ب. کتێبەکە لاپەڕەکانی دڕاوە.

لە نموونە (١٠٩-ا)دا دڕانی لاپەڕەکان مەبەستە و هێنراوەتە سەرەتای ڕستەکەوە، لە نموونەی (١٠٩-ب)دا کتێبەکە بە لوتکەکراوەو ومەبەستەکەیە.

ڕستەی باسمەند یەکێکە لە شێوازەکانی (جەختکردن)، کە پەیوەندیی بە لایەنی دەروونیی قسەکەرەوە هەیە، کە کەرەستەیەک بە گرنگتر لەوانی تر دەزانێت و بە یاسایەکی گواستنەوەی سەرپشکیی، بۆ پێش بکەری دەگوێزێتەوە، بۆ نموونە:

١١٠- ئێمە دوێنێ لە بازاڕ نانمان خوارد.
ا. دوێنێ، ئێمە لە بازاڕ نانمان خوارد. (جەختکردنەوە لەسەر کات)
ب. لە بازاڕ، ئێمە دوێنێ نانمان خوارد. (جەختکردنەوە لەسەر شوێن)
پ. دوێنێ لە بازاڕ، ئێمە نانمان خوارد. (جەختکردنەوە لە کات و شوێن)

ڕۆنانی هەریەک لەو ڕستانە پەیوەستن بە لایەنی دەروونی و بیروبۆچوونی قسەکەرەوە، واتە باری دەروونی و بۆچوونی قسەکەر، تێکەڵ بە ڕۆنانی ڕستەکان کراوە. بۆیە ناکرێت ئەو ڕستانە بە هاوواتا دابنرێن، چونکە هەریەکەیان لایەنێکی دەروونیی قسەکەر لە ڕۆنانیاندا بەشدارە.

ڕستەی باسمەند "بە دوو قۆناغی گوێزانەوەی دەبێت." (کەمال، دیار عەلی، ٢٠٠٢: ٧٠)، وەک لە نموونەی (١١١، ١١٢)دا، دەخرێتەڕوو.

١١١-ا. ئارام سێوەکەی خوارد.
ب. سێوەکە، ئارام ی خوارد.

پ. سێوەکە، ئارام خواردی.

"لەکاتی گواستنەوەو جێگۆڕکێی کەرەستەیەک لە شوێنی بنچییەکەیەوە بۆ شوێنیکی تر لە سنوری ڕستەدا، یاسای کۆپیکردن پیادەدەکرێت" (حسەین، ئازاد ئەحمەد، ٢٠١٢: ٢٤٨).

١١٢-ا. سایە نانەکە دەخوات.

ب. نانەکە، سایە دەخوات.

پ. نانەکە، سایە دەیخوات.

لە ڕستەی باسمەندا کاتێک فرێزێک دەهێنریتە سەرەتای ڕستەوە، "تەنها فرێزەکە دەهێنرێتە پێشەوە، واتە کلیتیکەکە لەگەڵیدا نایەتە پێشەوە". (قادر، تارا موحسین، ٢٠٠٤: ٦٧)، وەک لە نموونە (١١١)دا، خراوەتەڕوو.

"دەبێت هەر ڕستەیەکی باسمەند وەڵامی ڕستەیەکی پرسیاری تایبەت بە خۆی بداتەوە". (قادر، کاروان عومەر، ٢٠٠٨: ٩)، بۆ نموونە:

١١٣-ا. جلەکانی سارا، من بینیم. (کێ جلەکانی سارای بینی؟)

ب. کتێبەکە، لاپەڕەکانی لێبووەتەوە. (کتێبەکە چی لێهاتووە؟)

# بەشی سێیەم

# ڕۆڵی دەوروبەر لە واتا و مەبەستی ڕستەدا

## ٣) ڕۆڵی دەوروبەر لە واتا و مەبەستی ڕستەدا

دەوربەر لە واتا و مەبەستی ڕستەدا ئاماژەیە بۆ ئەو زانیارییانەی، کە بە پێکهێنەرەکانی ڕستەوە پەیوەستن، کە یارمەتیدەرن بۆ گەیاندنی بیرۆکە و مەبەستێک، هەروەها ڕەچاوکردنی ئەو بارودۆخە فراوانەیە، کە ڕستەکەی تێدا بەکارهاتووە، کە دەشێت دۆخێکی تایبەت، یان مەبەستێکی دیاریکراوی قسەکەر، یان نووسەربێت، یان ئەو زانیارییە پاشخانەی، کە لە نێوان قسەکەرو گوێگردا هاوبەشە. بەمپێیە، دەکرێت واتای ڕستەیەک لە دەوربەرێکەوە بۆ دەوروبەرێکی دیکە جیاوازبێت، هەندێکجار وشە و دەستەواژەیەکی ناو ڕستە، چەندین واتا و لێکدانەوە لەخۆدەگرن، لەڕێگەی دەوروبەرەوە خوێنەر، یان گوێگر واتای دروستی دەستدەکەوێت؛ هەندێکجاریش ڕستەکان مەبەستێکی شاراوەیان لە پشتەوەیە، لەڕێگەی دەوروبەرەوە، دەتوانرێت مەبەستەکان دەربخرێن.

مەبەستی ڕستە دەشێت، (ئاگادارکردنەوە، هەڕەشە، فەرمانکردن، پرسیارکردن، هەواڵپێدان، دەربڕینی هەستەکان...هتد)بێت، لەڕێگەی دەوروبەرەوە کاریگەریی مەبەستی دەربڕاوەکان لەسەر گوێگر و ئامادەبووان دەردەکەون، کە ئایا مەبەستەکان خراپن، یان باش، دڵخۆشیین، یان خەمبارییین. ناسینەوەو تێگەیشتن لە دەربڕاوەکان، پێویستیی بە توانستی پراگماتیکی هەیە، کە بە یارمەتی دەوروبەر مەبەستی سەرەکی ڕووندەبێتەوە، بەبۆچوونی (لیڤنسۆن) "پراگماتیک بێجگە لە پەیوەندیی نێوان زمان و دەوروبەر، باس لە توانای قسەکەریش دەکات بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەیەک، کە لەگەڵ دەوروبەردا بگونجێت" (Indrawati, 2009: 25)، ئەم توانایەش لە دەوروبەردا گەشەی پێدەدرێت، قسەکەر و گوێگر و ئامادەبووانی ئاخاوتن بەهۆی لێهاتوویی پراگماتیکی لە دەوروبەردا، دەتوانن دەربڕاوێک بەرهەمبهێنن و لەمەبەستەکانیشی تێبگەن.

"دەوروبەر یارمەتیمان دەدات، لە تێگەیشتنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و لێکدانەوەی دەربڕاوەکانی بەشداربووان، بەواتایەکی دیکە پەیوەندی لە نێوان هەرکام لە دەوروبەر و پراگماتیکدا، بە واتای پەیوەندییە لە نێوان جۆر و ڕەگەزدا" (سەرچاوەی پێشوو: ٣١)، واتە بەهۆی دەوروبەرەوە دەتوانین بزانین، کە دەربڕاوێک بۆچی و چۆن بەرهەمهێنراوە؟ بۆچی بەو ڕۆنان و شێوازە بەرهەمهێنراوە؟ ...هتد، هەروەها پەیوەندیی نێوان دەوروبەر و پراگماتیکیش بە پەیوەندیی نێوان جۆر و ڕەگەز چوێنراوە، مەبەست لە جۆر و ڕەگەز، بۆ نموونە هۆکاری گواستنەوە (ڕەگەزە)، بەڵام کەشتی (جۆرە)، واتە کەشتی جۆرێکە لە ڕەگەزی هۆکارەکانی گواستنەوە، هەروەها فڕۆکە، ئۆتۆمبێل، ئەسپ

و عارەبانە....هتد، هەموو ئەمانە جۆرێکی هۆکارەکانی گواستنەوەن، کە هۆکاری گواستنەوە بۆ خۆی دەبێتە (ڕەگەز)، ئەمەش بەو واتایەی، کە پەیوەندیی نێوان دەوروبەر و پڕاگماتیک، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە و هاوشێوەی پەیوەندیی نێوان جۆر و ڕەگەزە.

## ١/٣) واتای ڕستە پەیوەست بە بوارە پڕاگماتیکییەکانەوە

بوارە پڕاگماتیکییەکان ئەو لایەنانەی بەکارهێنانی زمانن، کە لە واتای وشەکان تێدەپەڕن و بە دەوروبەرەوە پەیوەست دەبن، هەندێکجار بەهۆی وشەیەک، مۆرفیمێک، یان فرێزێک، واتای ڕستەیەک لە دەوروبەرێکەوە بۆ دەوروبەرێکی دیکە دەگۆڕێت. هەندێک ڕستە تا نەخرێنە دەوروبەرەوە، مەبەستەکانیان ڕووننابنەوە، پێویستە ئەوە بخرێتەڕوو، کە واتای ڕستەکان، هەمیشە ڕوونن، بەڵام لە بواری پەیوەستکردنەوەی لێکدانەوەی ڕستەکان بە دەوروبەرەوە، سەرەڕای ڕوونیی واتاکانی، بەڵام هێشتایش ناتوانن مەبەستێکی ڕوون بەدەستەوەبدەن.

## ١-١/٣) نیشانە پڕاگماتیکییەکان

(Deixis)، زاراوەیەکی زمانەوانییە، کە لە زۆربەی زمانەکاندا بەکاردەهێنرێن، "ئاماژەیە بۆ وشەیەک، کە ئەمیش ئاماژە بەشتێک دەکات، هەمیشە بەپێی قسەکەر و کات و شوێنی دەربڕاوەکان دەگۆڕێت" (Azzahra, Irah Khoiriyah, 2019: 200)، لەوانە (جێناوە کەسییەکان، ئامرازی ناساندن، جێناوی نیشانە...هتد) (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (فەرەج، هۆگر مەحموود، ٢٠٠٠)، بۆ نموونە: (ئەوە، ئەمانە، ئەو خانووە، ئەم کتێبە...)، واتە ئەو کەرەستانەی، کە لەگەڵیاندا دێن، یان بەپێی مەبەستی قسەکەر، یان ئەو شوێنەی، کە تێیدا بەکاردەهێنرێن، دەگۆڕێن.

لەهەموو بارودۆخەکاندا دەوروبەر واتاکەیان دەستنیشاندەکات، ئەم بابەتە لە زمانی کوردیدا بە (نیشانکار، یان ئامرازی پڕاگماتیکی، یان نیشانەی پڕاگماتیکی) ناودەبرێن، کە "زمان و دەوروبەر لەگەڵ یەکتردا گرێدەدەن" (فەتاح، محەمەد مەعروف، ٢٠١١: ١٩٤)، بەو واتایەی، پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە دەوروبەرەوە هەیە، لە دەوروبەری بەکارهێنانیاندا واتا وەردەگرن، واتە پشت بەو دەوروبەرە دەبەستن، کە تێیدا بەکاردەهێنرێن؛ نیشانکارەکان "ڕێگایەکی زۆر ئاسانن بۆ لێکۆڵینەوە، لە پەیوەندیی نێوان زمان و دەوروبەرەکەی، کە ئەمەش لە پێکهاتەی خودی زماندا ڕەنگدەداتەوە" (Artelu,

Akitapurti and Indah Dewi Rosaria, 2023: 49), (Levinson, Stephenc, 1983: 54)، ئاماژە بە (کەس، کات و شوێن...هتد)ی بەشداربووانی گفتوگۆکە دەکەن. بەشێوەیەکی بەرچاو لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێن، نەبوونیان لەناو ڕستەدا لێڵی واتایی دێنێتە ئاراوە، چونکە هەر نیشانەیەک لایەنێکی بەشداربووان، یان بارودۆخێکی تایبەت بە ئاخاوتنەکە دەردەخات. قسەکەر نیشانکارەکان بۆ پەیوەندیکردن و گەیاندنی زانیاری و بیر و مەبەست و هەستەکانی بەکاردەهێنێت، لەم ڕێگەیەوە دەتوانێت، ئاماژە بە شتەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بکات، گوێگر و ئامادەبووانیش دەتوانن، بە پشت بەستن بە بارودۆخ و زانیاریی هاوبەشی نێوان بەشداربووانی ئاخاوتنەکە، لێکدانەوەیان بۆبکەن.

"هەر نیشانەیەکی پراگماتیکی لە دەربڕاوەکاندا، ئەرکی تایبەتیی خۆی هەیە" (Raputri, Egi, 2020: 393)، بەو واتایەی ئاماژە بە کەسێک، کاتێک، شوێنێک، دەقێک، یان لایەنێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت بە بەشداربووانی ئاخاوتن دەخەنەڕوو، بەمپێیە نیشانکار لە چوارچێوەی بەکارهێنانیدا، واتای تایبەت بەو چوارچێوەیە دەگەیەنێت.

لەسەرەتادا "فیلمۆر و لیۆن، سێ جۆری سەرەکیی نیشانەی پڕاگماتیکییان دیاریکرد، کە بریتین لە (کەس، شوێن، کات)." (Abdulameer, T.A. suhair, 2019: 292)، دواتر لەلایەن (لیڤنسۆن)ەوە دوو جۆری دیکەی بۆ زیادکرا، بەمشێویە پێنج جۆر نیشانەی پڕگماتیکی خرانەڕوو، کە ئەوانیش: "کەس، کات، شوێن، گوتار، نیشانەی کۆمەڵایەتی"ن. (Levinson, 1983: 68). هەریەک لەم نیشانانە لەناو دەوروبەردا، ئاماژەن بۆ لایەنێکی نادیاری پەیوەست بە گفتوگۆ/نووسراوەکە.

### ١-١-١/٣) نیشانە کەسییەکان

ئەو کەرەستە زمانییانەن، کە بەکاردەهێنرێن بۆ ئاماژەدان بە بەشداربووانی گفتوگۆیەک، یان شتێک، یان ڕووداوێک، ئەمەش لە ڕێگەی (جێناوەکەسییەکان، جێناوی ئاماژە، ناوی تایبەتی و گشتی، نازناو و پلەی خزمایەتی)یەوە ئەنجامدەدرێن. لە ناو نیشانکارە کەسییەکاندا دیارترین و فراوانترین جۆریان، کە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاربهێنرێت، "دەتوانرێت جێناوە کەسییە سەربەخۆو لکاوەکان دیاریبکرێت" (صفوی، کورش، ١٣٩٩: ١٦٨)، کەسی یەکەمی تاک و کۆ (من/ئێمە)، تایبەتە بە قسەکەر، کەسی دووەمی تاک و کۆ (تۆ/ئێوە)، بۆ ئاماژەدان بە گوێگر و ئامادەبووانە، هەروەها کەسی سێهەمی تاک و کۆ (ئەو/ئەوان)، بۆ کەسی سێهەمە، کە دەشێت ئامادەیی لە شوێنی گفتوگۆکەدا نەبێت؛ ئەم جێناوانە بەپێی تێڕوانینی قسەکەر گۆڕانیان بەسەردا دێن. هەندێکجار جێناوی کەسی یەکەم و دووەمی کۆ، بەپێی دەوروبەر بۆ تاک

بەکاردەهێنرێن، قسەکەربەکاریاندەهێنێت و گوێگریش هەڵهێنجانی واتاییان بۆدەکات، هەروەها نیشانە کەسییەکان "بەپێی چۆنێتی هاتنیان لە دەقدا لێکدەدرێتەوە و کەسی یەکەم و دووەم و سێیەم بەپێی مەبەستی نووسەر دەگۆڕێت". (ئەحمەد، تریفە عومەر، ٢٠٠٨: ١٠٠)، هەریەک لەم نیشانانە بە پشت بەستن بە دەوروبەر واتا دەگەیەنن و ئاماژەبۆکراوەکانیان دەخەنەڕوو، لەبەرئەوەی واتاکانیان جێگیر نین و گۆڕدراون و بەپێی مەبەستی ئاخێوەر و دەوروبەرەکە ئاماژە بۆ شتێک، کەسێک، یان پرۆسەیەک دەکەن.

١-ا. ئەوان لە خوێندنی باڵا وەرگیران.
ب. سبەینێ بەڕێزتان لەکۆلێژ دەبن؟
پ. سڵاوێک لە ئێمەش بکە.

لە نموونەکانی (١)دا، دەردەکەوێت، بەپێی دەوربەری دەربڕاوەکان، هەریەک لە جێناوەکان ئاماژە بە کەسێک دەکەن، لە نموونەی (١-ا)دا، مەبەست لە (ئەوان)، جێناوی کەسی سێیەمی کۆیە، ئاماژەیە بە کۆمەڵە کەسێک، کە ئامادەییان نییە، ئەوانیش ئەو خوێندکارانەیە، کە پێشکەشی خوێندنی باڵایان کردووە، بەمەبەستی درێژەدان بە خوێندن، لە نموونەی (١-ب)دا، لە دەوروبەرێکدا، لە ڕێگەی نازناوی (بەڕێز) و جێناوی لکاوی کەسی دووەمی کۆ(تان)، ئاماژە بە کەسێکی بەرپرس لەشوێنێکی ئەکادیمی، وەک (کۆلێژ)دا، دەکرێت، کە دەشێت، ڕاگر، سەرۆک بەش، بەرپرسی خوێندنی باڵا، یان بەرپرسی خۆیی....هتد بێت. لەو دەوروبەرەدا دەردەکەوێت، پەیوەندیی نێوان قسەکەر و گوێگر فەرمی و کارگێڕییە، پلەی گوێگر لە قسەکەر بەرزترە. لە (١-پ)دا، جێناوی سەربەخۆی (ئێمە)، ئاماژە بە کۆ ناکات، بەڵکو بە پێی دەوروبەر دەشێت مەبەست لە قسەکەر بێت، بەمەستی گەیاندنی گلەیی جێناوی کۆی بۆ خۆی بەکارهێنابێت.

٢-ا. ئاخر تۆ کەی تێدەگەیت!
ب.خۆ ئێمە هەموو شتێک قبوڵ دەکەین، من لە جێگەی ئەوان بم موچە هەر نادەم.

لە نموونەکانی (٢)دا کۆمەڵێک جێناو هاتوون، کە بە پێی دەوروبەرەکانیان ئاماژەبۆکراوەکانیان دەردەکەون، لە نموونەی (٢-ا)دا لە دەوروبەرێکدا دەشێت، (تۆ)

ئاماژە نەبێت بۆ گوێگر و کەسی دووەمی تاک، بەڵکو دەشێت ئەم دەربڕاوە قسەکەر لە بارودۆخی سەرزەنشتکردنی خۆیدا دەریببڕێت، مەبەست لە (تۆ)خودی قسەکەربێت، ئەمەش بەبێ دەوروبەر دەرناکەوێت، کە (تۆ) خودی قسەکەرە، بەهەمانشێوە دەشێت قسەکەر مەبەستی لە (تۆ) کەسی بەرانبەر بێت، وەک جۆرێک لە سەرزەنشت، کە لە پێشتردا لە بابەتێکدا ئامۆژگاریکردووە، بەڵام گوێگر بە قسەی نەکردووە، لە نموونەی (٢-ب)دا، جێناوەکانی (ئێمە، من، ئەوان)هاتوون، بەپێی دەوروبەری بەشداربووان، کە بارودۆخی ژیان و سیاسی و ئابوورییە، دەردەکەوێت، کە مەبەست لە (ئێمە)میللەتە، (من) بۆ قسەکەر و (ئەوان) بۆ حکومەت ئاماژەن.

٣-ا. من و تۆ و تۆ پێکەوە دەچین.

ب. ئارۆ ئەمڕۆ نایەت.

پ. ئەوان هەمیشە مافی جوتیارانی ئێمە زەوتدەکەن.

ت. بەندە لەخزمەتتاندایە.

ج. با ئێمە خۆمان لەم کێشەیە بە دووربگرین.

بەپێی دەوروبەری ڕستەکان واتای جێناوەکان دەردەکەون، کە لە نموونەی (٣-ا)دا جێناوەکانی (من، تۆ)هاتوون، لێرەدا جێناوی (تۆ)دووبارە بووەتەوە، ئەم سێ جێناوە پێکەوە ئاماژە بۆ (ئێمە)دەکەن، کە کۆمەڵێک کەسی ئامادەن لە یەک شوێندا، قسەکەر بە بەکارهێنانی جوڵەی دەست، چاو، یان سەر، لە ڕێگەی جێناوەکانی کەسی یەکەم و دووەمی تاکەوە مەبەستەکەی گەیاندووە.

لە نموونەی (٣-ب)دا لە ڕێگەی ناوی تایبەتیی (ئارۆ)ەوە، ئاماژە بە کەسی سێیەمی تاک کراوە، کە لە گفتوگۆکەدا ئامادە نییە، لە نموونەی (٣-پ)دا بەپێی دەوروبەر، جێناوی (ئێمە) ئاماژەیە بە حکومەتی ناوەندی، جوتیاران، کە ناوی گشتییە، ئاماژەیە بۆ کۆمەڵە کەسانێک، کە دوورن و ئامادەییان نییە، جێناوی (ئێمە) ئاماژە بە میللەتی (کورد، یان حکومەتی هەرێمی کوردستان)دەکات. لە (٣-ت)دا وشەی (بەندە) ئاماژەیە بۆ خودی قسەکەر، وەک ڕێزێک و بەمەبەستی نیشاندانی سادەیی خۆی بە گوێگر/گوێگران، بەکاریهێناوە؛ هەندێکجار بەپێی دەوروبەر "لە ڕستەی فەرمانی ناڕاستەوخۆدا دەکرێت (ئێمە) لەهەمانکاتدا قسەکەریش بێت و گوێگریش بێت" (مەحموود، ئاڤێستا کەمال، ٢٠٠٦: ٢٥)، وەک لە نموونەی (٣-ج)دا دەبینرێت.

٤-ا. له ساڵی پارەوە، ئەمە  شەشەمین ڕووداوی نەخوازراوە.
ب. ئەوانە بەهرەمەندن.
پ. ئەمە زیرەکی پۆلە.
ت. ئەمانە بوون بە بەڵا بۆ گیانی میللەت.
ج. ئەوە جوانترین منداڵی ئەو ماڵەیە.
چ. ئەوە دڕکی مەم و زینە.

نموونەکانی (٤)، کە جێناوی ئاماژەیان تێدا بەکارهاتوون، بەپێی دەوروبەری ڕستەکان و مەبەستی ئاخێوەر واتاکانیان دەگۆڕێن، لە (٤-ا)دا جێناوی (ئەمە) ئاماژەیە بۆ ڕووداوێکی نەخوازراو لە لای قسەکەر، نزیکیی کاتی ڕوودانی ڕووداوەکە دەردەخات، لە (٤-ب)دا (ئەوانە)، بەپێی دەوروبەری زمانی و وشەپێکهێنەرەکانی ڕستەکە سیفەتی (بەهرەمەند) هاتووە، کە تایبەتە بە مرۆڤ، جێناوە ئاماژەکەش کۆیە، بەمپێیە، بۆ کەسی سێیەمی کۆ(ئەوان) دەگەڕێتەوە، کە دەشێت خوێندکار، پزیشک، مامۆستا، نووسەر، یان هەر کۆمەڵەکەسێکی تربن، لە بوارێکدا پسپۆڕ و لێهاتووبن.

لە (٤-پ)دا جێناوی (ئەمە)بەپێی وشەکانی دەوروبەری ئاماژەیە بۆ خوێندکارێکی پۆل، کە ئامادەیی هەیە و لە قسەکەرەوە نزیکە. لە (٤-ت)دا جێناوی (ئەمانە) لە ڕوانگەی دەوروبەرەوە، ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک کەسی دەسەڵاتدار، کە مامەڵەیەکی نەگونجاو و نابەرپرسانە، لەگەڵ میللەتدا بکەن؛ لە (٤-ج)دا جێناوی (ئەوە)، بەپێی دەوروبەری ڕستەکە، ئاماژەیە بۆ کەسی سێیەمی تاک، کە لە قسەکەرەوە دوورە، ئەویش (منداڵ)ێکە، لە دوایین نموونەدا بەپێی دەوروبەری کلتوری و مێژوویی دەردەکەوێت، کە (ئەوە) مەبەست لە دڕک نییە، بەڵکو ئاماژەیە بۆ کەسێک، کە ڕێگرە لە بەیەکگەیشتنی دوو خۆشەویست.

٥-ا. وسبە، با کابرا گوێی لێنەبێت.
ب. خۆت کردووە بەشێت.
پ. خانم بەتەنها ڕۆشتووە.
ت. خۆت مەکە بە پرۆفیسۆر بەسەرمانەوە.
ج.  خێرا بوو بە کوڕەپور.

چ. بووە بە شێخی سەنعان لێمان.

لەنموونەکان (٥)دا ناوی تایبەتی و نازناو و زاراوەی خزمایەتی بۆ ئاماژەکردن بەکارهێنراون، کە بە پێی دەوروبەر واتاکانیان ڕووندەبنەوە، لە (٥-ا)دا وشەی (کابرا) ئاماژەیە بە کەسێک، کە قسەکەر لەگەڵیدا ناگونجێت، یان خۆی و ڕەفتارەکانی خۆشناوێت، یان دەیەوێت ئامادەبووان نەزانن کێیە، کە لەگفتوگۆکەدا ئامادەیی نییە و کەسی سێیەمی تاکە؛ لە (٥-ب)دا قسەکەر لە ڕێگەی وشەی (شێت)ەوە، ئاماژە بۆ گوێگر دەکات، کە ڕەفتار و قسەکانی نەگونجاون، لە (٥-پ)دا، وشەی (خانم)، ئاماژەیە بۆ کەسی سێیەمی تاک، لە ڕەگەزی مێ، بەپێی دەوروبەر، قسەکەر ناڕازیبوونی خۆی لەبارەی کرداری کەسەکەوە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشەی (خانم)ەوە، خستۆتەڕوو.

لە (٥-ت)دا نازناوی (پڕۆفیسۆر) بەکارهاتووە، کە ئاماژەیە بۆ کەسێکی لێهاتوو و پسپۆڕ، قسەکەر ئاڕاستەی گوێگری کردووە، بەو مەبەستەی گوێگر خۆی وەک کەسێکی شارەزا و لێهاتوو دەرنەخات، کە قسەکەر دەزانێت، بەوشێوەیە نییە.

لە (٥-ج)دا نازناوی خزمایەتیی (کوڕەپور)، ئاماژە نییە بۆ پورزا، بەڵکو ئەم دەربڕاوە لە کلتوری ئێرانیدا، ئاماژەیە بۆ کەسێک، کە خۆی نزیک دەکاتەوە لە ڕەگەزی مێ، وەک خزمێکی نزیک، مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، ئامادەیی نییە و کەسی سێیەمی تاکە.

لە دوایین نموونەدا نازناوی (شێخی سەنعان)هاتووە، بەپێی دەوروبەری مێژوویی و کلتوری و ئاینی، دەشێت مەبەست لە کەسێک بێت، کە لەڕووی ئاینییەوە، کەسێکی باڵایە، یان وەک نموونەیەک بۆ کەسی عاشقی فیداکار، هەڵهێنجانی بۆ بکرێت، کە ئاماژە بۆکراوەکە کەسی سێیەمی تاکە. بەمشێوەیە دەبینین، دەوروبەر "فاکتەرێکی گرنگە، بۆ تەواوکردنی واتای گوتن و ڕستەکان" (Amaliyah, Isyai, 2017: 30)، چونکە دەوروبەر واتای بە نیشانە پراگماتیکییەکان لە ڕستەدا بەخشیووە، ئەمەش لە هەندێک باردا بەهۆی دەوروبەری زمانی و هەندێکجاریش دەوروبەری نازمانییەوە ڕوونبووەتەوە، کە دەشێت یەک نیشانە لە دوو دەوروبەری جیاوازدا واتایان جیاوازبێت.

"بانگکردن لە ڕوانگەی پراگماتیکەوە هۆکارێکە بۆ بانگکردن و سەرنجڕاکێشانی گوێگر، یان بۆ درێژەدان بە پەیوەندیی نێوان قسەکەر و گوێگر" (آهنگر، عباس علی و مظفری، زهرا، ١٤٠٠: ٢٣٦)، لە نموونەکانی (٦)دا ناو و نازناوەکان بەمەبەستی بانگکردن، یان فەرمانکردن بەکارهێنراون.

٦-ا. خاتوون سەرەی ئێوەیە.

ب. کچێ ئاگات لێرەبێت.

پ. وەستا وەرە بۆ ئێرە.

ت. باجی چایەکمان بۆ ناهێنیت؟

لە (٦-ا)دا وشەی (خاتوون) ئاماژەیە بۆ ئافرەتێک، بەمەبەستی بانگکردن بەکارهێنراوە، جۆرێک لە ڕێزی تێدایە، جگە لە بانگکردن ئاگادارکردنەوەشە، لە دەوروبەرێکدا، کە خاتوونەکە سەرەیەتی و لە ڕیزەکەدایە، بەڵام لەگەڵ یەکێکی تردا گفتوگۆ بکات و ئاگای لە سەرەکەی خۆی نەمابێت، بۆیە کەسێکی تر ئاگاداری دەکاتەوە، هەر لە ڕوانگەی بەهەندوەرگرتنی دەوروبەرەکانەوە و پەیوەست بە هەڵهێنجان و ڕۆنانی ڕستە و واتاکانەوە، دەکرێت لە دەوروبەرێکی دیکەدا، بە ناوی تایبەتیش بەکاربهێنرێت. لە هەمان ڕستەدا جێناوی (ئێوە) ئاماژەیە بۆ تاک، کە ئەویش گوێگرە، کەسی دووەمی تاکە لە ڕەگەزی مێ، بە هەمانشێوە بەمەبەستی ڕێزلێگرتن، بەشێوەی کۆ بەکارهێنراوە. لە (٦-ب)دا ناوی گشتیی (کچ) لە دەوروبەرێکدا، کە کەسەکە قسە، یان هەڵسوکەوتێکی بە جۆرێک هەیە و قسەکەر بە دڵی نییە، بۆ نموونە مامۆستا لە پۆلدا، کچەکە (ئاگاداردەکاتەوە، کە ئاگای لە پۆل و وانەکە بێت)، ڕێزی کەمتری تێدایە، ئاماژەیە بۆ کەسی دووەمی تاک، کە گوێگرە.

لە (٦-پ)دا (وەستا) بەمەبەستی بانگکردن بەکارهێنراوە، جۆرێک لە فەرمانکردنی ڕاستەوخۆیە، هەروەها نزیکایەتیی قسەکەرو گوێگر دەردەخات. لە دوایین نموونەدا ڕستەکە بەشێوەی پرسیارە، بەڵام بەپێی ئاوازی ڕستەکە، کە (بە بەشێک لە دەوروبەر دادەنرێت)، دەردەکەوێت، کە داواکاری و فەرمانکردنی ناڕاستەوخۆیە، وشەی (باجی) بەمەبەستی بانگکردن بەکارهێنراوە، کە بۆ کەسی دووەمی تاک، کە گوێگرە، دەگەڕێتەوە.

### ١/٣-١-٢) نیشانەکانی کات

ئەو نیشانانەن، کە ئاماژە بۆ کاتی ڕوودانی ڕووداوێک دەکەن، لە ڕوانگەی قسەکەرەوە؛ لە ڕێگەی نیشانەکانی کاتەوە لە دەوروبەردا گوێگر و ئامادەبووان دەتوانن، درک بە کاتی ڕوودانی ڕووداوەکە بکەن، کە دەتوانرێت لە ڕێگەی تافەکانی کردار، یان ئەدڤێربڵە کاتییەکانەوە بخرێنەڕوو، ئەم نیشانانە "بۆ سێ جۆر

دابەشدەکرێن: پێش ساتەوەختی گوتن، ساتەوەختی گوتن، دواى کاتی گوتن" (Amaliyah, Isyai, 2017: 57)، واتە کردارەکان دەشێت، لە ڕابردوودا ڕوویانداببێت، یان لە داهاتوو و ئێستادا، واتە لە کاتی ئاخاوتندا ڕووبدەن.

٧-ا. ئەو بەیانی لێرەبوو، زۆر شڵەژابوو.

ب. بەیانی سەردانمان بکە.

پ. دوێنێ سەردانی هاوڕێیەکم کرد.

ت. هەموویان قسەی خۆیانکرد، پاشان/دواتریش ئاشتبوونەوە.

ج. لێگەڕێ قسەکانی خۆیان بکەن، پاشان/دواتر ئاشتیانبکەرەوە.

چ. قەرزەکەی ناداتەوە، هەر ئەمڕۆو بەیانی پێدەکات.

ح. جاران پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەهێزبوو.

خ. ئەوە من پێموتی تا سبەی و دووسبەی گلەیی نەکەیت.

لە نموونەکانی (٧)دا بەپێی دەوروبەری ئاخاوتن ئەدڤێربڵەکان، کە نیشانەی کاتن، مەبەست و واتای ڕووداوەکان لە ڕوانگەی قسەکەرەوە دەگەیەنن، لە (٧-ا)دا بەپێی دەوروبەری قسەکەر دەردەکەوێت، کە (بەیانی) واتای سبەینێ ناگەیەنێت، بەڵکو بە واتای ئەمڕۆ سەرلەبەیانی (سەرەتای ڕۆژ) دەگەیەنێت، کاتەکەشی تێپەڕیووەو ڕابردووە، بەڵام (بەیانی لە نموونەی (٧-ب)دا بەپێی دەوروبەری قسەکەر، بەواتای سبەینێ دێت، کە واتای ڕۆژێک دواى کاتی ئاخاوتنی قسەکەر دەگەیەنێت، بۆ زانینی کاتی سبەینێ، پێویستە کاتی ئاخاوتنی قسەکەر بزانرێت، بۆ ئەوەی ڕوونببێتەوە، کە ڕۆژێک دواى ئاخاوتنی قسەکەر، چ کاتێکە.

لە (٧-پ)دا (دوێنێ) ئاماژەیە بۆ ڕۆژێک پێش کاتی گوتنەکە، بۆ زانینی کاتی ڕووداوەکە، واتە بۆ زانینی کاتی (دوێنێ) پێویستە کاتی گوتنی دەربڕاوەکە بزانرێت. لە (٧-ت)دا (پاشان/ دواتر)، کە خودی وشەکە لە فەرهەنگدا، بەواتای کاتێک لە ئایندەدا دێت، لێرەدا بەپێی دەوروبەری وشەپێکهێنەرەکانی ڕستەکە، ئاماژەیە بۆ ڕابردوو. واتە کاتی ڕوودانی ڕووداوەکە ڕابردووە، بەڵام کاتی ئەو ڕابردووەش بەبێ زانینی دەوروبەر و کاتی ئاخاوتن، واتە ئەو کاتەی ڕستەکەی تێدا وتراوە، ڕوونبابێتەوە، بەڵام لە (٧-ج)دا بەپێی دەوروبەر ئاماژەیە بۆ ئاینده، لە (٧-چ)دا (ئەمڕۆ و بەیانی) خۆیان بە واتای کاتی ئێستە و ڕۆژێک پاش گوتنەکە دێن، بەڵام لێرەدا بەپێی دەوروبەر بەواتای

(دەستی دەستیکردن و دواخستنی پێدانەوەی قەرزو بێ بەڵێنی و قۆڵبڕین)هاتووە، لە (٧-ح)دا (جاران) بۆ ڕابردوویەکی دوور دەگەڕێتەوە، بەپێی دەوروبەرەکەش هەمان مەبەست دەگەیەنێت، بۆ زانینی ئەو سەردەم و ڕابردووە دوورە، پێویستە کاتی گوتنی دەربڕاوەکە بزانرێت، پاشان بە یارمەتیی دەوروبەری کۆمەڵایەتی و کلتوری و مێژوویی، کاتی (جاران) دەردەکەوێت؛ لە (٧-خ)دا (سبەی و دووسبەی)، کە لە بنەڕەتدا بە واتای ڕۆژێک و دوو ڕۆژ دوای کاتی گوتنەکە بەکاردێن، بەڵام بەپێی دەوروبەر لەم ڕستەیەدا ڕۆژان و ساڵانی ئایندە دەگەیەنن.

کەواتە، لە هەندێک باردا کاتی ڕابردوو، یان ڕانەبردوو بەپێی دەوروبەری زمانی، دەشێت ئاماژەکانیان (واتاکانیان) لە لۆجیکدا پێچەوانە ببێتەوە، وەک:

٨-أ. کە چوویت بۆ بازاڕ، پێم بڵێ.

ب. پیاوخراپەکە، کە دەچێتە ژوورەوە، هەموو شتەکان دەشکێنێت و دەڕوات.

لە نموونەی (٨-أ)دا (چوویت)، ڕابردووە، بەڵام بەپێی دەوروبەری زمانی، هێشتا ڕووینەداوە، ڕانەبردووە، لە (٨-ب)دا کردارەکانی (دەچێت، دەشکێنێت، دەڕوات) ڕانەبردوون، بەڵام لە لۆجیکدا واتاکانیان ئاماژەن بۆ ڕابردوو.

٩-أ. دوێنێ، کە پێکەوە قسەماندەکرد، وتی ئێستا دەچم بۆ بازاڕ.

ب. سبەینێ، کە بینیم پێی دەڵێم هەر ئێستا ڕووداوەکەم بۆ باسبکە.

لە نموونەکانی (٩)دا نیشانەکانی کات لە دەوروبەردا مەبەستەکانیان گەیاندووە، ئەگەر لە دەوروبەر دەربهێنرێن، هەمان مەبەستی قسەکەر ناگەیەنن، بەمپێیە لە هەرکام لە نموونەکانی (٩)دا، دەوروبەرەکانی زمانی و نازمانی ئاوێتەی یەک دەبن و پێکەوە دەوروبەرێکی تایبەت بۆ واتای ڕستەکان دەسازێنن، بۆنموونە (دوێنێ، ئێستا، سبەینێ)، وەک دەربڕاوێکی زمانی، چوارچێوە و دەوروبەرە زمانییەکە پێکدەهێنن، پاشان کاتی تایبەت و مەبەستداری ئاخێوەر(واتە ئەو کاتەی، کە ئاخێوەر ویستییەتی و بە مەبەستەوە جەختی لەسەردەکاتەوە)، پێکەوە لەگەڵ کاتە زمانییەکەدا، ڕووبەرێکی تایبەت دەسازێنن بۆ ڕۆنانی واتا و ڕستەکان.

له (٩-ا)دا (دوێنێ) بەپێی تێڕوانین و کاتی گوتنی قسەکەر، بەواتای ڕۆژێک پێش کاتی گوتنەکە دێت، بەڵام لە هەمان ڕستەدا بەپێی دەوروبەری زمانی ڕستەکە (ئێستا)، بە واتای ساتەوەختی گوتنەکە نایەت، بەڵکو ئاماژەیە بۆ ڕابردوو، کە ڕۆژێک پێش دەربڕینی گوتنەکەیە.

له نموونەی (٩-ب)دا (ئێستا) ئاماژەیە بۆ کاتێک لە داهاتوودا، کە ڕۆژێک پاش کاتی گوتنەکەیە، لە هەمان ڕستەدا (سبەینێ) بەهەمان واتای خۆی بەکارهاتووە، ئاماژەیە بۆ ڕۆژێک پاش کاتی گوتنەکە، بۆ زانینی کاتی (سبەینێ، ئێستا)، پێویستە کاتی گوتنی قسەکەربزانرێت.

بەهەمان شێوەی ئەدڤێربڵەکان لە ڕێگەی کاتی ڕێزمانی و تافەکانەوە، لە ڕوانگەی کاتی گوتنی قسەکەرەوە ئاماژە بۆ کات دەکرێت، بەپێی دەوروبەر کاتی گوتنەکان ڕووندەبنەوە. "کاتێک، کە باس لە تاف دەکرێت، پێویستە سێ خاڵ لەیەکتر جیابکرێنەوە، کە هەرسێکیان پەیوەستن بە کاتەوە: ئەوکاتەی، کە ڕووداوەکە ڕوویداوە(ET)، ئەوکاتەی، کە دەربڕاوەکەی تێدا بەرهەمهێنراوە(UT)، کاتی ئاماژە(RT)، کە پێیان دەوترێت کاتەکانی سەرەتایی و دیار، وەک (ڕابردوو و ئێستا و ئاینده)"[٤] (Crus, Alan, 2006: 180)

١٠-ا. پاڤین نانەکەی خوارد. (ڕابردوو)

ب. بارین نان دەخوات. (ئێستا)

پ. ڕێنوار نانی خواردبوو. (ڕابردوویەکی دوور)

ت. میر ئێوارە نان دەخوات. (ئاینده)

"هەرکام لە (UT وRT لەیەکدەچن). بەڵام کاتە لاوەکی و تێکەڵاوەکان هەن، کە لەم کاتانەدا هەرکام لە (UT وRT جیاوازن)." (سەرچاوەی پێشوو: ١٨٠)، وەک لە دەربڕاوەکانی نموونەی(١١)دا، دەردەکەون.

١١-ا. بەیانییەکی زوو

ب. عەسرێکی درەنگ

---

[٤] (ET)، کورتکراوەی (Event Time)ە، واتە (کاتی ڕووداو)، (UT)، کە کورتکراوەی (Utterance Time)، واتە (کاتی دەربڕاو)، هەروەها (RT)یش، کورتکراوەی، (Reference Time)ە، واتە (کاتی ئاماژە).

پ. سبەینێ دوای نیوەڕۆ

"لەو بارودۆخانەدا، کە کاتی فرەیی تەواون (pluperfe) ، بە بەراورد بە (UT)، (RT) لە دەمی ڕابردوودایە. وەک:

١٢- کاتێک من گەیشتم، لیز ڕۆشتبوو. (ڕۆشتنی لیز، پێش هاتنی من بووە، کە هەموو ئەمانەیش پێش ڕوودانی قسەکردن ڕوویانداوە)." (سەرچاوەی پێشوو: ١٨٠)، مەبەست لەمەش ئەوەیە، کە کردارێک تەواوبووە بەهۆی دەستپێکردنی کردارێکی دیکەوە. واتە ئەم وشەیە بۆ وەسفی ئەو کردارانە بەکاردێت، کە پێشتر تەواوبووە، کاتێک کردارێکی تر ڕوویداوە، وەک لە نموونەی (١٣)دا دەبینرێت.

١٣- تا ئێمە گەیشتین، فەرمانگەکە داخرابوو.

لەم ڕستەیەدا حاڵەت و کرداری (داخرابوو) کۆتاییهاتووە، کاتێک، کە گەیشتوون.

١٤-ا. زەوی بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە.

ب. ڕۆژتان باش.

پ. ئێوارەتان باش.

ت. بەیانیتان باش.

ج. شەوشاد.

چ. نیوەڕۆتان باش.

ح. بەخۆشیتانبێت.

خ. نۆشی گیانتانبێت.

د. پیرۆزتبێت.

هەریەک لە دەربڕاوەکانی (١٤) دەتوانرێت بوترێت، کە هەڵگری کاتێکی شاراوەن، یان لە ناوەڕۆکیاندا (کات) هەیە و بە ڕووداو، یان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەستن، هەر دەربڕاوێک بۆ کاتێکی دیاریکراو ئاماژەیە، کە بەکارهێنانی لە کاتێکی نەگونجاودا، دەبێتە هۆی گۆڕینی واتاکەی، یان دەبێتە دەربڕاوێکی ناڕاست و نالۆژیکی، یان بەمەبەستی گەیاندنی واتایەکی دیاریکراوی قسەکەر بەکاردێت.

هەندێکجار ڕستە کاتی تێدانییە، بەڵام تافی تێدایە، وەک لە (١٤-ا) خراوەتەڕوو، لە دەربڕاوی (١٤-ب)دا ئاماژە بۆ کاتێک دەکات، کە ڕۆژبێت. لە (١٤-پ)دا ئاماژەیە بۆ کاتەکانی سەرەتای شەو، لە (١٤-ت)دا ئاماژەیە بۆ کاتی بەیانیان، ئەم دەربڕاوە زۆرجار لە کاتەکانی دیکەشدا، بە مەبەستی تانەلێدان، یان ڕەخنەگرتن بەکاردەهێنرێت، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کاتی بەیانی تێپەڕیووە.

دەربڕاوی (١٤-ج) ئاماژەیە بۆ کۆتایی شەو (کاتی نووستن)، دەربڕاوی (١٤-چ)یش ئاماژەیە بۆ ئەو کاتەی کە نیوەی ڕۆژ تێپەڕیووە، لە (١٤-ح)دا بۆ ئاماژەدان بە کاتی بەسەربردنی خۆشی و کۆبوونەوە و ئاهەنگ و سەیران....هتد، بەکاردەهێنرێت. دەربڕاوی (١٤-خ) لە کاتی خواردنی شتێک بە لایەنی بەرانبەر دەوترێت، بەپێی دەوروبەر هەندێکجار بەکەسێکیش، کە دەشکێنرێت، یان تانە و ڕەخنەی لێدەگیرێت، دەوترێت (نۆشتبێ). دوایین دەربڕاو ئاماژەیە بۆ کاتێک، کە کەسێک سەرکەوتنێک، یان شتێکی باش و دڵخۆشییەک بەدەستدەهێنێت.

١٥-ا. ئێمە بەیانیان وەرزش دەکەین.
ب. ساڵێک لە چوار وەرز پێکدێت.
پ. بەفر و باران لە زستاندا دەبارن.

نموونەکانی (١٥) بریتین لە ڕاستییە لۆجیکییەکان، یان بەردەوامەکان لەزماندا، کە لە شێوەی کرداری ڕانەبردوودا دەربڕاون.

١٦-ا. ئەمجارە بەجێیهێشتم.
ب. ئەمجارە بەجێم نەهێڵی.

لە نموونەکانی (١٦)دا نیشانەی (ئەمجارە) لە ڕستەی یەکەمدا، ئاماژەیە بۆ کاتی ڕابردوو، لە ڕستەی دووەمیشدا ئاماژەیە بۆ کاتێک، کە هێشتا ڕوووینەداوە.

١٧-ا. باران لە کاتی کۆڕەوەکەدا، تەمەنی یەک ساڵ بوو.
ب. ئەوین نەورۆز بۆ دەرەوەی وڵات دەگەڕێتەوە.

لەنموونەکانی (١٧)دا نیشانەی کات بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەهاتووە، بەڵکو بە نادیاری لە ناواخنی دەربڕاوەکەدایە، تەنیا گوێگری کورد، یان کەسێک شارەزای کلتور و مێژووی کوردبێت، دەتوانێت کاتی ئەم دەربڕاوانە بزانێت، ئەمەش لەڕێگەی دەوروبەری کلتوری و مێژوویی و کۆزانینی خۆیانەوە، درک بە کاتی ڕوودانی ڕووداوەکان دەکەن.

### ٣-١-١/٣) نیشانەکانی شوێن

ئەو فۆڕمە زمانییانەن، کە زانیارییان دەربارەی شوێن، ئاڕاستەی شوێن، دوور و نزیکی شوێنی کەسێک، شتێک، یان ڕووداوێک تێدایە، کە لە گفتوگۆیەک، یان دەقێکدا هەن، ئەمەش لە ڕوانگەی شوێنی قسەکەرەوە ئاماژەیان پێدەکرێت. ئەم نیشانانە بە دەوروبەرەوە پەیوەستن، یارمەتیی گوێگر دەدەن، بەپشت بەستن بە دەوروبەر، درک بە شوێنی کەس و شت و پرۆسەکانی ناو گفتوگۆکە بکەن، واتە نیشانەی شوێن "ئاماژەیە بۆ ئەو وشە و دەستەواژانەی، کە بۆ ئاماژەدان بە شوێنێک بەکاردەهێنرێن، کە پەیوەندیی بە شوێنی بەشداربووانی ئاخاوتنەکەوە هەیە". (Abdulameer, T.A.suhair, 2019: 292)، بۆ ئەمەش زۆرجار پەنا بۆ وشەی نیشانە، یان ئەدڤێربڵی شوێن دەبرێت:

١٨-ا. ئەم شارە پاکوخاوێنە.

ب. ئەو هۆڵە گەورەیە.

لە (١٨-ا)دا دەشێت لە دەوروبەرێکدا، نیشانەی (ئەم شارە)، ئاماژەبێت بۆ نزیکیی شارەکە لە شوێنی قسەکەرەوە، لە (١٨-ب)دا، دەکرێت لە دەوربەرێکدا (ئەو هۆڵە) دووری هۆڵەکە لە شوێنی قسەکەرەوە بخاتەڕوو. زۆرجار نیشانەکان لەگەڵ ئاماژەی یەکێک لە ئەندامەکانی جەستەدا بەکاردێن، دەشێت لە دەوروبەری دیکەی وەک پەیوەندی تەلەفونی ئاماژە بۆ دوور و نزیکیی نەکەن.

١٩-ا. ئەویَ بە کەڵکی ژیان نایەت.

ب. لێرە ژیان زۆر سەختە.

له نموونەی (١٩-ا)دا (ئەویٚ) ئاماژەیە بۆ شوێنێکی دوور لە شوێنی قسەکەر، دەشێت جوڵەی دەست، سەر، یان چاو لەگەڵیدا بەکاربێت، لە (١٩-ب)دا (لێرە) ئاماژەیە بۆ شوێنێکی نزیک لە شوێنی قسەکەر، یان هەمان شوێنی قسەکەرە.

"ئەگەر قسەکەر و گوێگر لە یەک شوێندا نەبن، وەک قسەکردن بە تەلەفۆن، یان ئینتەرنێت، لەم حاڵەتەدا لێکدانەوەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت" (چیمن، شیوان، ١٣٩٨: ٨٤)، لەم بارودۆخانەدا جێناو و ئەدڤێربڵەکان لەگەڵ ئاماژەدا بەکارناهێنرێن، دووری و نزیکیی ئەو دەستەواژانەش، کە بەکاردێن، بەپێی ئەو بارودۆخە دەگۆڕێن، واتای جێناو و ئەدڤێربڵەکانیش بەپێی بارودۆخەکان، دەشێت ئاماژەبن بۆ (وڵات، شار، شارۆچکە، لادێ، ماڵ، ژوور)...هتد.

٢٠-ا. کەش و هەوا لێرە هەمیشە گەرمە.

ب. ئەمە هۆڵێکی گەورەیە.

پ. ئەوە دێیەکی زۆر پاکوخاوێنە.

ت. زەوی ئێرە بۆ کشتوکاڵ گونجاوە.

ج. شارەکەیان فێنکە.

له نموونەکانی (٢٠)دا ناوی شوێن بەپێی دەوروبەر و شوێنی ئاخاوتنی قسەکەر دەتوانرێت، ئاماژەکانیان دیاریبکرێن و بزانرێن. لە (٢٠-ا)دا بۆ دەرکەوتنی واتای (لێرە) و زانینی شوێنەکە پێویستە شوێنی ئاخاوتنی قسەکەر بزانرێت، کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی (لێرە)ەوە دەردەکەوێت، کە هەمان ئەو شوێنەیە، کە قسەکەر گفتوگۆکەی تێدا ئەنجامداوە، یان شوێنێکی نزیکە لە قسەکەرەوە، لە (٢٠-ب)دا شوێنی (هۆڵەکە) لە ڕێگەی جێناوی نیشانەی (ئەمە)ەوە دەزانرێت، کە قسەکەر لەناو هۆڵەکەدایە، یان نزیکە لێیەوە، بۆ زانینی شوێنەکەی پێویستە شوێنی ئەنجامدانی گفتوگۆکە بزانرێت، لە (٢٠-پ)دا (ئەوە) ئاماژەیە بۆ دێیەک، کە دوورە لە شوێنی ئاخاوتنی قسەکەر، بۆ دەرکەوتنی واتاکەی و زانینی شوێنەکە پێویستیی بە دەوروبەری ئاخاوتنەکە هەیە، لە (٢٠-ت)دا (ئێرە) بەهەمان شێوەی نموونەی (٢٠-ا)، واتاکەی بە زانینی شوێنی ئاخاوتنی قسەکەر ڕووندەبێتەوە، لە (٢٠-ج)دا (شارەکەیان) ئاماژەیە بۆ شوێنی کەسانێکی ناسراو و نائامادە، یان لە شوێنی ئاخاوتنی قسەکەرەوە دوورن.

هەندێکجار ئەو کردارانەی جوڵەیان تێدایە، وەک "بڕۆ، وەرە، وەک نیشانەی شوێن ئاماژەدەکەن، (وەرە) ئاڕاستەی جوڵەی نزیک لە شوێنی قسەکەرە، (بڕۆ) ئاڕاستەی جوڵەی دوور لە شوێنی قسەکەرە" (Azzahra, Irah Khoiriyah, 2019: 201). هەروەها ناوەکرداریيەکانی (هێنان، بردن، گەیشتن، ڕۆشتن....هتد)، ئاڕاستەی شوێنیان تێدایە، لە ڕوانگەی قسەکەرەوە دوور و نزیکی شوێن نیشان دەدەن، هاوکات ئەمانەش بەپێی دەوربەرەکانیان دەشێت بگۆڕدرێت، وەک لە دەوروبەرێکدا، کە قسەکەر و گوێگر لە ڕێگەی ڤیدیۆوە، یان پەیوەندی تەلەفونی ئەنجامبدەن.

٢١-ا. درەنگە بڕۆ بۆ قوتابخانە.
ب. وەرە بۆ کۆلێژ، چاوەڕێتم.
پ. تنۆک ئێستا گەیشتە ماڵەوە.
ت. کتێبەکەت بۆ دەهێنێت.
ج. ئەوان ڕۆشتنە دەرەوە.
چ. باکۆ لە ژوورەوەیە.
ح. پەریا لە دەرەوەیە.
خ. شەنگە لە دەرەوە دەژی.
د. ژیلا لە ماڵەوەیە.
ر. هانیا ماڵیان لە نزیک قوتابخانەکەیەتی.
ڕ. تاڤی ماڵیان لە بەرانبەر کۆلێژە.
ز. ئەوان نیوکاتژمێر ماڵیان لێرەوە دوورە.

لە نموونەکانی (٢١)دا بەپێی دەوروبەر ئاماژە بۆ ئاراستەی شوێن دەکەن، لە (٢١-ا)دا (بڕۆ) ئاڕاستەکەی دوورکەوتنەوەیە لە شوێنی قسەکەر. لە (٢١-ب)دا (وەرە) ئاڕاستەی جوڵەکەی، لە شوێنی قسەکەر نزیک دەبێتەوە. لە نموونەکانی (٢١-پ، ت، ج، چ، ح، د، ر، ڕ)دا، (چەمکی شوێن) لەناو کردارەکاندا هەیە، لە (٢١-پ)دا (گەیشت)، ئاماژەیە بۆ دووریی شوێنی کەسەکە لە شوێنی قسەکەر، لە (٢١-ت)دا کرداری (دەهێنێ)، ئاماژەیە بۆ دوورکەوتنەوەی ئاڕاستەی ڕۆشتن، لە شوێنی قسەکەر.

لە (٢١-ج)دا کرداری (ڕۆیشت)ئاماژەیە بۆ دوورکەوتنەوە لە شوێنی قسەکەر؛ لە (٢١-چ)دا (لە ژوورەوەیە) ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە شوێنی قسەکەر لە ژوورەوە نییە،

بەڵکو لەدەرەوەی ئەو شوێنەیە، بەڵام بە پێچەوانەوە لە (٢١-ح)دا لە دەوروبەرێکدا، کە هاوڕێیەکی پرسیاربکات، (ئایا پەریا لە ماڵەوەیە؟)، لە وەڵامدا بوترێت (لە دەرەوەیە)، ئاماژەیە بۆ دەرەوەی شوێنی قسەکەر، بەڵام لە (٢١-خ)دا (لە دەرەوە) ئاماژەیە بۆ وڵاتێکی دیکە، دوور لە وڵاتی قسەکەر. لە (٢١-د)دا لە ڕێگەی دەستەواژەی (لە ماڵەوەیە)، دەردەکەوێت، کە شوێنی قسەکەر لە دەرەوەی ماڵەکەیە.

لە (٢١-ر)دا لە ڕێگەی ئاماژەدان بە شوێنێکی جێگیر، کە (قوتابخانەکەی هانیا)یە، لە دەوروبەرێکدا، کە زانیاریی هاوبەش لەبارەی شوێنەکەوە، لە نێوان قسەکەر و گوێگردا هەبێت، بەهۆی ئەدڤێربڵی (لەنزیک)ەوە ئاماژە بۆ شوێنی کەسەکە دەکرێت، بەهەمانشێوە لە نموونەی (٢١-ڕ)دا لە ڕێگەی ئەدڤێربڵی (لە بەرانبەر کۆلێژ)دا بەهۆی شوێنێکی جێگیری وەک (کۆلێژ)، ئاماژە بە شوێنی کەسەکە کراوە، ئەمەش لە دەوروبەرێکدا، کە زانیاریی هاوبەش لەبارەی شوێنی کۆلێژەکەوە لە نێوان بەشداربووواندا هەبێت.

لە (٢١- ز)دا لە ڕێگەی کاتەوە ئاماژە بە شوێنی (ئەوان)دەکات، کە نیوکاتژمێر لە شوێنی قسەکەرەوە دوورە. کەواتە "ناتوانرێت، ڕوونکردنەوەی واتا بەبێ تێگەیشتنی تەواو لە دەوروبەر بەدەستبهێنرێت" (Ling, zhou and Chuanmao , Tian, 2020: 1818)

## ١/٣-١-٤) نیشانە کۆمەڵایەتییەکان

مرۆڤ بەمەبەستی پێکەوە ژیان و دروستکردن و بەردەوامی پێدانی پەیوەندییەکانی، کۆمەڵێک فۆڕمی زمانی بەکاردەهێنێت، کە دەرخەری پەیوەندی، ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتی، ئاستی ڕۆشنبیری، پلە، ڕەگەز و پەیوەندیی خزمایەتی...هتد، دەبن، "هەندێکجار نیشانە کەسییەکان بە نیشانە کۆمەڵایەتییەکانیش ناودەبرێن، چونکە پەیوەندیدارن بە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی قسەکەر، لەگەڵ گوێگر، یان کەسی سێیەمدا" (صفوی، کورش، ١٣٩٩: ١٦٩). واتە لە ڕێگەی ئەم نیشانانەوە پەیوەندیی نێوان بەشداربووان لە زماندا ڕەنگدەدەنەوە، ئەم نیشانانەش پێویستیان بە دەوروبەر دەبێت، بۆ ئەوەی بە تەواوی تێگەیشتن ڕووبدات. بۆ نموونە بەکارهێنانی نازناوەکانی تایبەت بە ڕێز (خاتوون، دادە، خانم، دکتۆر، مامۆستا، کاکە، خاڵە، مامە، پوورێ، بەڕێزم، قوربان، جێناوی کەسی دووەمی کۆ،...هتد)، لە بەرانبەردا ئەو وشانەی، کە ڕێزی کەمتریان تێدایە، وەک (تۆ، هێنانی ناوی تایبەتی، کچێ، کچەکە، کوڕە، کوڕەکە،...هتد)، کە بەکارهێنانی هەریەک لەمانە، لە کلتورێکەوە بۆ کلتورێکی دیکە جیاوازە،

بەهەمانشێوە بەپێی دەوروبەرەکان و شوێن و کات و پەیوەندیی نێوان قسەکەر و گوێگر واتای جیاواز دەگەیەنن. هەڵبژاردنی شێواز و وشەی گونجاو و تایبەت بە بۆنە و کاتە جیاوازەکان، ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری بەشداربووانی گفتوگۆیەک دەردەخەن.

٢٢-ا. خانم دکتۆر، کاک دکتۆر، کاک حاجی، بەڕێزتان، جەنابتان،...هتد.

ب. ئامۆزا، پورزا، خاڵۆزا، خوشکێ، خاڵە، مامە، برام،...هتد.

دەربڕاوەکانی (٢٢-ا) ئاماژەن بۆ بوونی پەیوەندیی فەرمی و ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری، پلەی باڵای زانستی و ئاینی، سەربازی،.... هتد، بە پێچەوانەوە، لە دەربڕاوەکانی (٢٢-ب)دا نیشانەی بوونی پەیوەندیی خزمایەتی، نزیکایەتی، هاوڕێیانە و پەیوەندییەکی نافەرمییە...هتد. لە بارودۆخی تایبەتیشدا، هەندێکجار بەمەبەستی بێڕێزیکردن، تانە لێدان، ڕابواردن، یان بە مەبەستی شانازیکردن و خۆدەرخستن بەکاردەهێنرێن.

## ١/٣-١-٥) نیشانەکانی گوتار (دەق)

هەندێک وشە و دەستەواژەی تایبەت بە پێکەوەبەستنی گفتوگۆ/دەقێکن، کە "ئاماژە بە بەشێکی دیاریکراوی ئەو دەقە دەکەن" (Azzahra, Irah Khoiriyah, 2019: 202)، لەوانە (بەمشێوەیە، دەشێت، دەکرێت، کەواتە، دەبینین، وەک لەخوارەوە ئاماژەی پێدەدرێت، وەک لە نموونەی ( ) خرایە ڕوو، لە پاری ( ) خرایە ڕوو، لەبەشەکانی پێشوودا، لە بەشەکانی دواتردا، چونکە، لەبەرئەوەی، وەک دەردەکەوێت، هەندێکجار، هەروەها، بەڵام، بە پێچەوانەوە، بەهەمانشێوە، لە داهاتوودا، لە پێشوودا، لە ڕابردوودا....هتد)، کە بە پێی دەوروبەری گوتن و دەقەکە واتاکانیان ڕووندەبنەوە.

دەوروبەر "نووسەر، پێگەو بارودۆخی کۆمەڵایەتی و زانستیی نووسەر، پێگەو بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیی وەرگر/خوێنەر، بارودۆخی کات و شوێن، کە دەقەکەی تێدا نووسراوە، ئامانج لە نووسینی دەقەکە، یان ئەرک و کردەی دەقەکە" دەگرێتەوە. (قوام، ابوالقاسم و درپر، مریم، ١٣٩٠: ١٩٧)؛ ئەم نیشانانە ئاماژە بۆ بەشێک لە گفتوگۆ/دەقەکە دەکەن، کە دەکرێت لە پێش، یان لەدوای نیشانەکەوە بێن، بەمپێیە بەپێی دەوروبەری زمانی دەقەکە واتای نیشانەکە دەگات.

٢٣-ا. له بەشی یەکەمدا لایەنی تیۆری بابەتەکە خراوەتەڕوو.
ب. خوێندکارەکان زۆر کۆششدەکەن، کەواتە ئەنجامی باش بەدەستدەهێنن.
پ. خویندکارەکان هیچ کۆششێکناکەن، بەڵام دەردەچن.
ت. ئەوان هەردووکیان لەسەرخۆن، سەرەڕای ئەوەش پێکەوە نا گونجێن.

له (٢٣-ا)دا (له بەشی یەکەمدا) بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکە دەبێتە نیشانەی دەق پێویستیی بە دەوروبەری دەقەکە (دەوروبەری زمانی) هەیە، لە (٢٣-ب)دا (کەواتە) نیشانەی دەقە بۆ ڕستەکە، بۆ خستنەڕووی دەرئەنجامێک بەکاردەهێنرێت، بۆ دەرکەوتنی واتاکەی پێویستیی بە دەوروبەر و ڕستە/ڕستەکانی پێش خۆی هەیە، یان دەکرێت لە لێکۆڵینەوەیەکدا بۆ خستنەڕووی ئەنجامەکان ئەم نیشانەیە بەکاربهێنرێت.

له (٢٣-پ)دا نیشانەی دەق بریتییە لە (بەڵام)، کە بۆ خستنەڕووی پێچەوانەبوونە، بابەتی پێچەوانەبوونەکەش لە دەوروبەری نیشانەی دەق/ڕستەکاندا دەردەکەوێت، لە (٢٣-ت)دا (سەرەڕای) دەبێتە نیشانەی دەق لە دەوروبەری دەق، یان ڕستەکاندا واتاکەی دەردەکەوێت.

## ٢-١/٣) گریمانە پێشەکی

چەمکێکی زانستی زمان و پراگماتیکە، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ دەوروبەردا هەیە، ئاماژەیە بۆ بیرکردنەوە و باوەڕی قسەکەر، یان نووسەر لەسەر بابەتێک، یان شتێک لە کاتی گوتندا، واتە هەندێک زانیاری لەلایەن قسەکەرەوە گریمانە دەکرێن، لەسەر بنەمایان، دەربڕاوەکان دەخرێنەڕوو، گوێگریش بە هۆی دەوروبەر و ئەو زانیارییانەی لایەتی، لێکدانەوە بۆ گریمانەکانی قسەکەر دەکات.

زانیاریی هاوبەشی نێوان بەشداربووان وەک جۆرێکی گرنگیی دەوروبەر، لە گریمانەکردن و هەڵهێنجانی واتای دەربڕاو، لەلایەن گوێگرەوە، ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت؛ بەڵام "گریمانەی پێشەکی ناتوانرێت بەتەواوی بەرانبەر بێت، لەگەڵ زانیاریی هاوبەشی نێوان قسەکەر و گوێگر" (چیمن، شیوان، ١٣٩٨: ٨٠)، چونکە لە زانیاریی هاوبەشدا قسەکەر دڵنیایە، کە زانیارییەکە لە لای گوێگر هەیە، بەڵام لە گریمانەی پێشەکیدا قسەکەر تەنها گریمانە دەکات، کە زانیارییەکە هاوبەش بێت و لە لای گوێگر هەبێت، واتە مەرج نییە هەموو کاتێک زانیارییە گریمانەکراوەکەی قسەکەر لە لای گوێگر هەبێت.

له گریمانەی پێشەکیدا قسەکەر هەندێک زانیاری دەرنابڕێت، چونکە پێشبینیدەکات، کە گوێگر زانیارییە دەرنەبڕاوەکانی لابێت، لەسەر بنەمای ئەم پێشبینیکردنە، کۆمەڵێک زانیاریی نوێ دەخاتەڕوو، بە مەبەستی تێگەیشتن لە زانیارییە دەربڕاوەکە، پێویستە گوێگر ئاگایی سەبارەت بە زانیارییە دەرنەبڕاوەکانیش هەبێت، ئەم زانیارییانەش(کلتوری، ئاینی، مێژوویی، سیاسی....هتد)، لە دەوروبەردا هەن، واتە (گریمانەی پێشەکی بەشێک لە واتای دەربڕاو نییە) (کەریم، عومەر مەحموود، ٢٠٠٩: ٦٤).

ئامانج لە پەنابردنە بەر گریمانەی پێشەکی بەمەبەستی کورتبڕی و ئابوریکردنە لە زماندا، (جۆرج یوڵ) شەش جۆر گریمانەی پێشەکی دەخاتەڕوو، کە بریتین لە "بوون (هەبوون)، ڕاستەقینە، فەرهەنگی، پێکهاتەیی، ناڕاست، دژە واقیع" (رحمانی، حسین، ١٤٠١: ١٣)، هەرجۆرێک لەم گریمانانە، بۆ لێکدانەوەیان پشت بە دەوروبەر دەبەستن.

## ١/٣-٢-١) گریمانەی پێشەکیی بوون

ئاماژەیە بۆ گریمانەکردنی بوونی شتێک، کەسێک، ڕووداوێک، لە ڕستەیەک، یان نووسراوێکدا، واتە ئاخێوەر گریمانەی بوونی شتێک دەکات، لەسەر بنەمای ئەم گریمانەیە گفتوگۆ دەکات، "کە (دەربڕاوە ناسراوەکان، جێناوەکان، ناوی تایبەت)، لەخۆ دەگرن" (سالاری، زهرا و آخرون، ١٣٩٨: ١٩٠)، هەندێک لە دەربڕاوە ناسراوەکان، بەهۆی مۆرفیمی ناسراوی (ەکە)ەوە بەرهەمدەهێنرێن، کە یەکێکە لەو مۆرفیمانەی، دەبێتە هۆی ئەوەی، کە واتای ڕستە لە دەوروبەردا ڕوونببێتەوە، لە هەمانکاتدا دەشێت لە دەوربەرێکدا بەهۆی مۆرفیمی نەناسراویشەوە گریمانەی بوونی شتێک بکرێت. وەک لە نموونەکانی (٢٤)دا دەخرێنەڕوو.

٢٤-ا. منداڵەکە نەخۆشە.

ب. لیا لە پێشبڕکێکەدا پلەی یەکەمی بەدەستهێنا.

پ. کتێبەکەت هێنایەوە؟

ت. کچەکە خوێندکاری زانکۆیە.

ج. منداڵە جوانەکە یەکەمی قوتابخانەکەیەتی.

چ. کچەزیرەکەکە بەرزترین نمرەی بەدەستهێنا.

ح. پشیلەکە لە ماڵی نڤارە.

خ. نەخۆشێک لە ژوورەوە چاوەڕێیە.

له (٢٤-ا)دا قسەکەر گریمانەی بوونی منداڵێک دەکات، کە لە ئێستادا نەخۆشە، لە (٢٤-ب)دا گریمانەی بوونی پێشبڕکێیەک دەکرێت، کە (لیا) پلەی یەکەمی تێدا بەدەستهێناوە، هەریەک لە (منداڵەکە، پێشبڕکێکە)گریمانەی بوونیان دەکرێت، ئەگەر بوونیان نەبێت، گریمانەکان لە کاردەکەون، بە بۆچوونی فەیلەسوفی ئینگلیزی (peterstrawson)، "کاتێک گریمانەیەکی پێشەکی درۆ بێت، ئەو بابەتەی، کە باسی لێوەدەکرێت، نە ڕاستە و نە درۆیە، لە ڕاستیدا لە بنەڕەتدا قسەیەکی لەو جۆرە، ناتوانێت هیچ بەهایەکی ڕاستیی هەبێت، چونکە بێتوانایە لە دەربڕینی شتێکی واتادار، دۆخێکی لەو شێوەیە، بە لە کارکەوتنی گریمانەی پێشەکی ناودەبرێت" (چپمن، شیوان، ١٣٩٨: ٧٢).

مۆرفێمی ناسراوی (ەکە) لە نموونەکانی (٢٤-ا، ب، پ، ت، ج، چ، ح)دا دەبێتە هۆی ڕوونکردنەوەی واتای ڕستەکان و دەریدەخات، کە زانیاریی هاوبەش لە بارەی هەریەک لە (منداڵەکە، پێشبڕکێکە، کتێبەکە، کچەکە، منداڵە جوانەکە، کچە زیرەکەکە، پشیلەکە)، لە نێوان بەشداربووانی ئاخاوتنەکەدا هەیە.

واتە کاتێک ڕوونکردنەوەی واتای ڕستەکان ببەستینەوە بە دەوروبەرەوە، ئەوا زانیاریی هاوبەش ڕۆڵی هەیە لە دەستنیشانکردنی واتاکاندا. بەم جۆرە (ەکە) بۆخۆی دەبێت بە زانیارییەکی هاوبەشی زانراوی ناسراو، لە نێوان بەشدارانی ئاخاوتنەکەدا. بەڵام ئەگەر ڕوونکردنەوەی ڕستەکان تەنها بە ناوخۆی ڕستە و یەکە پێکهێنەرەکانییەوە ببەستینەوە، ئەوا واتای ڕستە کردارەکان دیاریدەکەن و دەیبەخشن. بەڵام لە (٢٤-خ)دا بەهۆی مۆرفێمی نەناسراوییەوە گریمانەی بوونی نەخۆشێک دەکرێت.

٢٥- پەیامنێری کەناڵی ئەنفال توشی ڕووداوی هاتوچۆ بووە.

لە نموونەی (٢٥)دا لەبەر نەبوونی کەناڵێک بەو ناوەوە، گریمانەی پێشەکی شکست دەهێنێت، ڕاستی و دروستی و بابەتەکەش هیچ نرخێکی نامێنێت.

بەگشتی ئەمجۆرەی گریمانە زۆرجار "لە زۆربەی فرێزە ناوییەکاندا هەیە" (عومەر، نەوزاد ئەنوەر و حمد، شیروان حسێن، ٢٠٢١: ٨٠)، وەک لە نموونەکانی (٢٦)دا دەخرێنە ڕوو.

٢٦-ا. سەرۆک وەزیرانی عێراق سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد.

ب. نامی سەردانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کرد.

پ. خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی خۆپیشاندان‌دەکەن.

لە (٢٦-ا)دا قسەکەر گریمانەی بوونی سەرۆک وەزیرانی وڵاتی عێراقی کردووە، هەروەها بوونی هەرێمێک، بە ناوی (هەرێمی کوردستان)ەوە، لەسەر بنەمای ئەم گریمانانە، کۆمەڵێک زانیاریی دەربڕیوە، گوێگریش پێویستە زانیاریی هەبێت، سەبارەت بە ئەم وڵاتە و هەرێمەکەی و سیستەمی حکومڕانی، لە بارودۆخێکدا، کە گوێگر دانیشتووی ئەم وڵاتە نەبێت، شارەزایی لە بواری سیاسی و جوگرافیی ناوچەکەدا نەبێت، زانیارییە دەرنەبڕاوەکان لای گوێگر نابن و گریمانی پێشەکیی قسەکەر شکست دەهێنێت.

لە نموونەی (٢٦-ب)دا قسەکەر گریمانەی بوونی (سەندیکای ڕۆژنامەنووسان)ی کردووە، کە (نامی) سەردانی کردووە. لە (٢٦-پ)دا قسەکەر گریمانەی بوونی زانکۆیەک، بەناوی (زانکۆی سلێمانی)دەکات، کە لە ئێستادا خوێندکارانی خۆپیشاندان ئەنجامدەدەن.

٢٧-ا. زانستی پزیشکی، ساڵ لەدوای ساڵ بەرەوپێشەوە دەچێت.

ب. فلیمی ئێرانی (براکانی لەیلا) سەرنجڕاکێش و چێژبەخشە.

لە (٢٧-ا)دا گریمانەی بوونی زانستێک دەکرێت، کە تایبەتە بە لایەنی پزیشکی، هەروەها گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە ئەو زانستە پێشتر زۆر پێشکەوتوو نەبووە و لە ئێستادا، بەردەوام پێشدەکەوێت، گریمانەش دەکرێت، کە لە داهاتوودا زیاتر بەرەوپێشەوە بچێت. لە (٢٧-ب)دا، گریمانەی بوونی فلیمێک بەناوی (براکانی لەیلا)ەوە دەکرێت، کە سەرنجڕاکێش و بەچێژە و ئێرانییە.

٢٨-ا. ئادەم، لەگەڵ براکانیدا سەردانی ماڵی باپیریان کرد.

ب. باڤین شەوانە کاتژمێر نۆ منداڵەکەی دەخەوێنێت.

پ. ئەو ڕۆژانە، لەگەڵ منداڵەکانیدا خزمەتی دایک و باوکی دەکات.

لە (٢٨-ا)دا قسەکەر گریمانەی ئەوە دەکات، کە ئادەم برا و ماڵی باپیریشی هەیە، کە لەگەڵ براکانیدا سەردانی ماڵی باپیری کردووە، لە (٢٨-ب)دا قسەکەر گریمانەی ئەوە

دەکات، کە باڤین هاوسەرگیریکردووە، منداڵێکیشی هەیە، کە شەوانە کاتژمێر نۆ دەیخەوێنێت، لە دوایین نموونەدا لە ڕێگەی جێناوی (ئەو)ەوە، قسەکەر گریمانە دەکات، کە (ئەو) هاوسەرگیری کردووە، زیاتر لە یەک منداڵی هەیە، هەروەها دایک و باوکی لە ژیاندان، کە خزمەتیان دەکات.

### ٢-٢-١/٣) گریمانەی پیشەکیی ڕاستەقینە

لەمجۆرەدا کۆمەڵێک زانیاریی ڕاستەقینە گریمانە دەکرێن، ئەمەش لە ڕێگەی کۆمەڵێک ناوی کردارییەوە ئەنجامدەدرێن، چونکە ئەو زانیارییانەی پاش ئەم ناوەکرداریانە دێن، ڕاست و دروستن، لەوانە: "تێگەیشتن، زانین، دۆزینەوە، درکپێکردن، پەشیمانبوونەوە، دەرخەری ڕاستین، لە گریمانەی پێشەکیی ڕاستەقینەدا بەکاردێن" (رحمانی، حسین، ١٤٠١: ١٣)، وەک لە نموونەکانی خوارەوەدا ڕووندەکرێنەوە:

٢٩-ا. من دەزانم، تۆ کەسێکی دڵسۆزی.

ب. ئەو پەشیمانە، کە ڕۆشتۆتە دەرەوەی وڵات.

پ. تێگەیشتم، پارەی کڕینی خانووت نییە.

ت. ئاگادارم، منداڵەکەت بەیەکەم دەرچوو.

لە (٢٩-ا)دا ئەو زانیارییەی، کە لە دوای (دەزانم)ەوە، هاتووە، گریمانەیەکی ڕاستەقینەیە، کە کەسێکی دڵسۆزە. لە (٢٩-ب)دا ئەو زانیارییەی، کە لە دوای (پەشیمانبوونەوەوە) هاتووە، دروستە، کە ئەو ڕۆشتۆتە دەرەوەی وڵات.

لە (٢٩-پ)دا لەدوای (تێگەیشتم)ەوە ئەو زانیارییەی گریمانەکراوە، ڕاستەقینەیە، کە پارەی کڕینی خانووی نییە. لە (٢٩-ت)دا گریمانەکراوە، کە منداڵێکی گوێگر بەیەکەم دەرچووە، گریمانەیەکی دروستە، وشەی (ئاگادارم) دڵنیایی تێدایە؛ دەتوانرێت بوترێت، کە زیاتر لە ڕستە ئاڵۆزەکاندا بەرجەستە دەبێت.

٣٠-ا. ڕەوەز درکی بەوەکرد، کە ناتوانێت توێژینەوەکە بنووسێت.

ب. هەستمکرد، منداڵەکەی مینا خاوەن پێداویستیی تایبەتە.

پ. داوای لێبوردن دەکەم، کە نەهاتم بۆ ئاهەنگی لەدایکبوونت.

ت. نیگەرانم، بەوەی گرنگی بە خۆت نادەی.

له نموونەکانی (٣٠)دا گریمانەی هەریەک لەو زانیارییانە دەکرێت، کە لە پاش (درکی بەوەکرد، هەستمکرد، داوایلێبوردندەکەم)ەوە هاتوون، کە بریتین لە (ناتوانێت توێژینەوەکە بنووسێت، منداڵەکەی مینا خاوەن پێداویستیی تایبەتە، گرنگی بە خۆت نادەی) ئەمانە گریمانەی ڕاستەقینەن. زۆرجار ئەم جۆرەی گریمانە "بە نەرێکردنی ڕستە، بە جێگیری دەمێننەوە" (رحمانی، حسین، ١٤٠١: ١٠).

٣١- ا. ڕەوەز درکی بەوەنەکرد، کە ناتوانێت توێژینەوەکە بنووسێت.

ب. هەستمنەکرد، منداڵەکەی مینا خاوەن پێداویستیی تایبەتە.

پ. داوای لێبوردن ناکەم، کە نەهاتم بۆ ئاهەنگی لەدایکبوونت.

ت. نیگەران نیم، بەوەی گرنگی بە خۆت نادەی.

له نموونەکانی (٣١)دا بە نەرێکردنی ڕستەکان گریمانە ڕاستەقینەکان، وەک خۆیان مانەوە و نەرێکردن گریمانە پێشەکییەکەی هەڵنەوەشاندەوە.

## ١/٣-٢-٣) گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی

ئەمجۆرەی گریمانەی پێشەکی بە وشەیەکی فەرهەنگییەوە پەیوەستە، کە هەڵگری واتا و گریمانەکەن، واتە (فۆڕمێکی دیاریکراو بەو واتا جەختلێکراوەی، کە هەیەتی، گریمانەی پێشەکی ئەوەی لێهەڵدەهێنجرێت، کە واتایەکی تری جەختلێنەکراو بەدەستەوە دەدات) (کەریم، عومەر مەحموود، ٢٠٠٩: ٩٢)؛ ئەمەش بەپێی دەوربەر دەردەکەوێت، کە واتای جەختکردن دەگەیەنێت.

٣٢-ا. میرشاد و بەهەند ئاشتبوونەوە.

ب. ئەو وازی لە خوێندن هێنا.

پ. ئێلا دەستیکردەوە بە نووسین.

له (٣٢-ا)دا لە ڕێگەی وشەی (ئاشتبوونەوە)، گریمانەی ئەوە کراوە، کە میرشاد و بەهەند لەیەکتر زویربوون. لە (٣٢-ب)دا گریمانەکەی، بریتییە لە (ئەو پێشتر دەرسی دەخوێند). لە (٣٢-پ)دا گریمانەکراوە، کە (ئێلا پێشتر وازی لە نووسین هێناوە).

کۆمەڵێک وشە و کردار لە بەشە ئاخاوتنە جیاوازەکاندا بەپێی دەوروبەر و بەکارهێنانیان، دەبنە بەرهەمهێنەری گریمانەی پێشەکی، لەوانە: "وازهێنان، دەستپێکردن، دووبارە، تاڕادەیەک، هەوڵدان، بەردەوامیی پێدان، دەستپێکردنەوە، گەڕانەوە، فەرامۆشکردن، لەتوانادابوون" (رحمانی، حسین، ١٤٠١: ١٣)، ئەمانە و چەندین وشەی فەرهەنگیی دیکە، بەپێی دەوروبەر، دەبنە بزوێنەری گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی.

٣٣-ا. ئامەد کتێبەکەی هێنایەوە بۆ کتێبخانە.
ب. ئەوان کارەکەیان لێ ئاڵۆزکردین.
پ. خەڵکی کوردستان زۆربەی لادێکانیان ئاوەدانکردەوە.
ت. ئێستا تەندروستی ژیکاڵ باشتربووە.
ج. جارێکی تر نهێنی خۆت باسنەکەیت.
چ. جاران کێشەی دواکەوتنی موچەمان نەبوو.
ح. ئەو ماوەیەکە تووشی خەمۆکی بووە.

لە نموونەکانی (٣٣)دا ئەم گریمانە پێشەکییانە کراون، لە (٣٣-ا)دا (ئامەد پێشتر کتێبی لە کتێبخانەبردووە). لە (٣٣-ب)دا (کارەکە پێشتر ئاڵۆز نەبووە). لە (٣٣-پ)دا (لادێکانی کوردستان پێشتر ئاوەداننەبوون). لە (٣٣-ت)دا (ژیکاڵ پێشتر تەندروستیی باشنەبووە). لە (٣٣-ج)دا ڕستەی فەرمانکردنە، بەمشێوەیە گریمانە کراوە، (پێشتر نهێنی خۆت باسکردووە). لە (٣٣-چ)دا (ئێستا موچە دوادەکەوێت)، لە (٣٣-ح)دا (ئەو پێشتر خەمۆکی نەبووە).

لەیەکچوونێک لەو کردارانەدا دەبینرێت، کە بزوێنەری گریمانەی پێشەکی ڕاستەقینەو گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگین، بەڵام جیاوازیی نێوان ئەم دوو گریمانەیە لەوەدایە، کە لە گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگیدا، "ئەو دانە فەرهەنگییەی کە قسەکەر بەکاریدەهێنێت، گریمانەی پێشەکی چەمکێکی تر دەکات. لە گریمانەی پێشەکی ڕاستەقینەدا، ئەو زانیارییانەی، کە لە دوای کردارەکەوە دێت، وەک خۆی بەڕاست گریمانە دەکرێت" (کەریم، عومەر مەحموود، ٢٠٠٩: ٩٣).

## ٣/١-٢-٤) گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەیی

بەهۆی ڕۆنانی ڕستەوە گریمانەی پێشەکیی کەسێک، یان شتێک دەکرێت، بۆنموونە لە ڕۆنانی ڕستەی پرسدا، "زانیاری دوای وشە پرسەکە وەک گریمانەیەکی ڕاستەقینە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت." (مەحموود، ئاڤێستا کەمال، ٢٠٠٦: ١٠٩).

٣٤-ا. هێدی، کەی گەڕایەوە بۆ کوردستان؟

ب. لەکوێ کۆبوونەوەکە ئەنجامدرا؟

پ. چۆن پارەکەت پەیداکرد؟

لە نموونەکانی (٣٤)دا بەهۆی دەوروبەری زمانییەوە، گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەیی ڕووندەبنەوە، زانیارییەکانی دوای وشە پرسەکان، گریمانەی پێشەکی پێکهاتەین، کە پێکهاتەی ڕستە، ئەم گریمانانە دێنێتە ئاراوە، بەمشێوەیە: لە (٣٤-ا)دا (هێدی بۆ کوردستان گەڕاوەتەوە)، لە (٣٤-ب)دا (کۆبوونەوەیەک ئەنجامدراوە)، لە (٣٤-پ)دا (کەسێک پارەی پەیداکردووە).

"لە دروستەی ڕستەی فەرمانیشدا بەهۆی کردارەکەیەوە گریمانەکە دەستنیشاندەکرێت" (سەرچاوەی پێشوو: ١١٠)، واتە زانیارییەکانی دەوروبەری کردارەکە، دەبنە گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەی.

٣٥-ا. موبایلەکەت بدە بەمن.

ب. دووشەممان وانە بە خوێندکارانی بەشی کوردی بڵێرەوە.

بەپێی ڕۆنانی ڕستەکانی نموونەی (٣٥)، کە ڕستەی فەرماندانن، ئەو زانیارییانەی لە دەوروبەری کردارەکاندان، دەبنە گریمانەی پێشەکیی پێکهاتەیی، بەمشێوەیە: لە (٣٥-ا)دا (تۆ موبایلت هەیە)، لە (٣٥-ب)دا (کەسێک وانە بە خوێندکارانی بەشی کوردی) دەڵێتەوە.

چەند کەرەستەیەکی دیکەش لەناو ڕۆنانی ڕستەدا گریمانەی پێشەکی پێکدەهێنن، وەک "ئەو پێکهاتانەی کە بۆ بەراوردکردن و بەرامبەرکردن بەکاردێن" (کەریم، عومەر مەحموود، ٢٠٠٩: ١٠٣)، بەهەمانشێوە، مۆرفیمەکانی جەختکردنەوەش لەناو ڕۆنانی ڕستەدا، گریمانەی پێشەکی بەرهەمدەهێنن.

٣٦-ا. باكۆ له زمانزانیدا له باڤین لێهاتووتره.
ب. ژیناش نەخۆشه.
پ.پێویسته، نه نان بخۆی، نه شەکر.
ت. یان من هەڵبژێره یان ئەو.

له نموونەکانی (٣٦)دا بەهۆی یەکێک له پێکهێنەرەکانی ڕستەکەوه، گریمانەی پێشەکی دروستبووه، له (٣٦-ا)دا گریمانەی ئەوه کراوه، که (باڤینیش زمانزانه)، له (٣٦-ب)دا بەهۆی مۆرفێمی /ش/ەوه گریمانەی ئەوه کراوه، که (کەسێکی دیکەش بێجگه له ژینا نەخۆشه)، له (٣٦-پ)دا گریمانەی (نابێت هیچ کام له خواردنانه بخوریَ)کراوه، له (٣٦-ت)دا گریمانەی (دەبێت یەکێکیان هەڵبژێردرێت) کراوه.

## ١/٣-٢-٥) گریمانەی پێشەکیی ناڕاستەقینه

لەمجۆره گریمانەدا کۆمەڵێک زانیاری گریمانەدەکرێن، که نادروستن، ئەمەش له ڕێگەی هەندێک ناوی کردارییەوه بەدیدەهێنرێت، وەک ناوەکردارییەکانی: "خەوبینین، تەسەورکردن، وانیشاندان" (رحماني، حسين، ١٤٠١: ١٤)، ئەو زانیارییانەی، لەگەڵ ئەم کردارانەدا دێن، گریمانەی پێشەکیی ناڕاستن.

٣٧-ا. تۆ خەیاڵ دەکەی، که ئەو نەمردووه.
ب. له خەویدا ئۆتۆمبێلەکەی فرۆشتبوو.
پ. وا خۆی نیشاندەدا، که کەسێکی زیرەک و ئازایه.
ت. وا بیرمکردەوه، کەسێکی بەئەتەکێته.

نموونەکانی (٣٧) گریمانەی پێشەکی ناڕاستن، واته زانیارییەکانی پاش کردارەکان ڕاست نین، بەڵکو بەمشێوەیه: له (٣٧-ا)دا (ئەو مردووه)، له (٣٧-ب)دا (ئۆتۆمبێلەکەی نەفرۆشتووه)، له (٣٧-پ)دا (کەسێکی زیرەک و ئازا نییه)، له (٣٧-ت)دا (کەسەکه به ئەتەکێت نییه).

### ١/٣-٢-٦) گریمانەی پێشەکیی پێچەوانەی واقیع

وەک لە ناونیشانی گریمانەکەوە دەردەکەوێت، پێچەوانەی لۆژیکە، ئەمەش لە ڕێگەی "ڕستەی مەرجی و گومان" دروست دەبێت (مەحموود، ئاڤێستا کەمال، ٢٠٠٦: ١٠٨)، بەهاوکاریی دەوروبەری بەشداربووان، گریمانەکە ڕووندەبێتەوە.

٣٨- ئەگەر کاربەدەست بووایە، هەمووانی زیندانی دەکرد.

لەم نموونەدا دووگریمانە دەکرێت: (کاربەدەست نییە، کەسی زیندانی نەکردووە)، ئەم نموونەیە دەبێتە گریمانەی پێشەکیی دژە واقیع، ئەگەر لە دەوروبەرێکدا بوترێت، کە قسەکەر لەگەڵ گوێگردا ناکۆک بێت، ئەو ڕستەیە، کە سەبارەت بە گوێگرە (پێچەوانەی لۆجیکە)، دێتە ئاراوە. هەروەها "لە ڕستەی خۆزگەیدا، کردار گریمانەی پێشەکی دژە واقیع دەبەخشێت" (کەریم، عومەر مەحموود، ٢٠٠٩: ٩١).

٣٩-ا. بریا بەشداری تاقیکردنەوەکەم بکردایە.

ب. خۆزگە دەگەڕامەوە ژیانی منداڵیم.

لە نموونەکانی (٣٩)دا گریمانەی دژە واقیع کراون، لە (٣٩-ا)دا تاقیکردنەوەکە کراوە، قسەکەر تازە ناتوانێت، بەشدارییکات، لە (٣٩-ب)دا ژیانی منداڵی تێپەڕیوەو و گەڕانەوە بۆی نالۆژیکییە.

## ٢/٣) واتای گشتی ڕۆنانە جێگیرەکان

مەبەست لە ڕۆنانە جێگیرەکان کۆمەڵێک دەربڕاون، کە ئاخێوەر لە ژیانی ڕۆژانەدا بەمەبەستی جەختکردنەوە، یان بۆ بەهێزکردن و جوانکردنی ئاخاوتن بەکاریاندەهێنێت، تەواوی دانە پێکهێنەرەکانی دەربڕاوەکە، پێکەوە واتایەکی گشتی دەخەنەڕوو، ڕێگا بە گۆڕانکاری، یان زیادکردن و کەمکردنی دانە پێکهێنەرەکانی نادەن. هەندێکجار دەشێت، بە شێوەیەکی ڕێژەیی و لە بوارێکی تەسکدا هەندێک گۆڕانکاریی کەم لە ڕۆنانەکانیاندا بکرێت و واتاکانیان تێکنەدات، بەڵام زۆرجار بە گۆڕانی ڕۆنانەکانیان واتا گشتی و باوەکە دەگۆڕێت.

ئیدیۆم و پەندی پێشینان گرنگترین ئەو دەربڕاوانەن، کە زۆرجار ڕۆنانێکی جێگیریان هەیە، هەندێکجاریش هەندێک لە میتافۆرەکان ڕۆنانیان جێگیرە و ڕێگا بە هاتنە ناوەوەی کەرەستەی زمانی دیکە نادەن.

## ٢/٣-١)پەندی پێشینان

پەیوەندییەکی دێرین و قووڵ لە نێوان زمان و ئەدەبدا هەیە، زمان ڕەنگدانەوەی کلتور و ئەزمونی تاکەکانی کۆمەڵگایە، ئەدەبیش وەک ئاوێنەیەکی ئەم لایەنانە کاردەکات، دەتوانێت پارێزگاری لە زمان بکات و گەشەی پێبدات، ئەمەش لە ڕێگەی ناساندنی وشە و ئیدیۆم و پەندەکان، خستنەڕووی دەربڕاوی نوێ و یاریکردن بە وشە و واتاکانیان و نیشاندانی جوانییەکانی زمان، بەمەش ئەدەبی باڵا بەرهەمدێت و خزمەت بە زمان و کۆزانینی تاکەکانی کۆمەڵگا دەکات، بەشێکی گرنگی ئەدەبیاتیش فۆلکلۆرە، کە "پەندی پێشینانی هەر ناوچەیەک، بەشێک لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری ئەو ناوچەیە پێکدەهێنێت" (شریفی مقدم، آزاده و ندیمی، نرجس، ١٣٩٢: ١٣٧). بە زمانێکی سادە و ساکار وتراون، لەئەنجامی ئەزمونی پێشینان هاتوونەتەئاراوە، بەمەبەستی پەند وەرگرتن و ئامۆژگاری و هەندێکجار وەسفکردن و پیاهەڵدان و سەرزەنشتکردنیش، هەروەها دووبارەنەکردنەوەی هەڵە و ئەزمونی خراپ و ناخۆش بەکاردەهێنرێن، بەرهەمی کلتور و تێڕوانینی کۆمەڵگایە، پەندەکان بەگشتی ڕۆنانێکی جێگیریان هەیە.

٤٠-ا. گۆم، تا قووڵ بێت مەلەی خۆشە. (توانج و تانە لێدان)
ب. ئەو نانە نانە، ئەمرۆ لە خوانە. (خۆزاڵکردن، خۆهەڵکێشان بە ڕابردووەوە)
پ. دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە. (هاندان، پێزانین، دەستخۆشی)
ت. چەم بێ چەقەڵ نابێ. (دڵنەوایی، توانجلێدان)
ج. دار هەڵبڕە سەگی دز دیارە. (دەرخستنی ڕووی دزێو و ناشیرینی)
چ. گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە. (ئامۆژگاری، پیاهەڵدان، توانجلێدان)
ح. لە هەموو هەورێک باران نابارێت. (ئامۆژگاری، دڵنەوایی)
خ. ئەگەر گوڵ نیت دڕکیش مەبە. (سەرزەنشتکردن، ئامۆژگاری)
د. نان بۆ نانەواو گۆشت بۆ قەساب. (ئامۆژگاری، توانج لێدان)
ر. سەری بێ دەلاک مەتاشە. (سەرزەنشتکردن، شکاندنەوە)
ڕ. مانگەشەو سەر لە ئێوارە دیارە. (هیوا، گەشبینی، هاندان)

ز. کەم بژی و کەڵ بژی. (ئامۆژگاری، هاندان، هەڵنان)

لە (٤٠-ا)دا پەندێکە، کە لە ڕابردوودا بۆ بابەتێک و لە دەوروبەرێکی تایبەتدا بەرهەمهاتووە، بەڵام لە ئێستادا بەپێی دەوروبەر بۆ واتا و مەبەستێک بەکاردێن، لە بنەڕەتدا بواری مەلەوانیدا وتراوە، لە ڕاستییەکەوە هاتووە، کە گۆمێک هەتا قوڵتربێت، بۆ مەلە خۆشترە، چونکە هێزی کێشکردنی زەوی کەمتر دەبێتەوە. واتای گشتیی پەندەکە بۆ تانە و توانج لێدان بەکاردێت، لەوەوە هاتووە، کە هەر ئەو گۆمە قووڵەی، کە مەلەی خۆشترە، ئەگەر مەلەزانێکی باش نەبێت، بێگومان دەمرێت، لەبەرئەوە لە دەوروبەرێکدا دەوترێت، کاتێک کەسێک، یان کۆمەڵە کەسێک، کێشە و گرفتی زۆریان هەبێت، بۆیە کێشەکە، تا قوڵتربێت زیاتر سەخت دەبێت و چارەنوسی کەسەکە بەرەو شکستدەبات.

لە (٤٠-ب)دا واتای گشتیی پەندەکە، ئەوەیە، ئەو شتانەی، کە تاک لە ئێستادا خاوەنێتی، بەسەرکەوتن و دەستکەوت دادەنرێت، نەک ئەو شتانەی، لە ڕابردوودا کردوویەتی، یان خاوەنی بووە. بە مەبەستی خۆدەرخستن و خۆزاڵکردن بەسەر بەرانبەردا بەکاردێت، لە دەوروبەرێکدا، کەسێک باس لە شانازییەکانی خۆی بکات، کە لە ڕابردوودا خاوەنی بووە و ئێستا نییەتی، یان باس لە شێوازی ژیان، یان هەر شتێکی دیکە بەپێی دەوروبەر، قسەکەر ئەم پەندە بەکاردەهێنێت، بۆ گوزارشتکردن لە گونجاوی و ڕێکی پلان و دەستکەوت و سەرکەوتنەکانی و ناڕێکی پلانەکانی بەرانبەر دەخاتەڕوو. دەشێت لە دەوروبەرێکیشدا بۆ ئامۆژگاریکردن بەکاربهێنرێت.

لە (٤٠-پ)دا زیاتر بۆ هاندان و پێزانین و دەستخۆشی بەکاردەهێنرێت، دەشێت هەندێکجاریش لە دەوروبەرێکدا بۆ سەرزەنشتکردن، یان بە مەبەستی توانجلێدان لە کەسێکی بێکار. لە (٤٠-ت)دا باس لە سروشت و ئاژەڵ دەکات و بۆ مرۆڤ بەکاردێت، واتە لە بنەڕەتدا بۆ بارودۆخێکی تایبەت وتراوە، بەڵام بۆ بارودۆخیکی دیکەدا بەکاردێت و واتا دەبەخشێت، چونکە "پەندەکان، ئەو توانایەیان هەیە، کە لە دەوروبەرەکەی خۆیاندا بچنە دەرەوە و بچنە دەوروبەرێکی دیکەوە" (نیک عزم، مرضیه اطهاری، ١٣٩٣: ٩). واتای گشتیی پەندەکە بە پێی دەوروبەر دەگۆڕێت و زیاتر بە مەستی توانجلێدان بەکاردەهێنرێت، بەو واتایەی، کە لە ناو کۆمەڵێک کەسی باشدا، کەسێکی خراپیش بوونی هەیە، دەشێت هەندێکجاریش بۆ مەبەستی دڵنەوایکردن بەکاربێت، ئەمەش بە سەرنج و تێڕوانینی قسەکەر سەبارەت بە کەسەکەوە پەیوەستە، ئەگەر ئاڕاستەی

سەرنجی قسەکەر بۆ کەسەباشەکە بێت، ئەوا بەمەبەستی دڵنەوایی بەکاردێت، بە پێچەوانەوە، ئەگەر سەرنجی قسەکەر ئاڕاستەی کەسەخراپەکە بکرێت، ئەوا بۆ توانجلیدانە، لە پەندەکەدا دەوروبەری زمانی و گونجانی وشەکان پێکەوە، پەیڕەوکراون، بۆ نموونە هاتنی ئاژەڵێکی، وەک (چەقەڵ)، کە ئاژەڵێکی پەسەند و خۆشەویست نییە.

لە (٤٠-ج)دا بەو واتایە دێت، کە کەسانی خراپ و تاوانبار و ناپەسەند، ڕوویەکی دزێو و ناشیرینیان هەیە و لەناو کۆمەڵگادا دیارن، پێکەوەهاتنی وشەکان بەشێوەیەک گونجاو و تۆکمە خراونەتە پاڵ یەکەوە، وەک هاتنی وشەی (دار)، کە بەپێی لایەنی کلتوری و کۆمەلایەتی بۆ لێدان بەکاردێت، هاتنی ئاژەڵی (سەگ)یش بەگشتی و لەناو کۆمەڵگای کوردیدا پەسەند نییە، هەندێکجاریش بۆ پاسەوانی و پاراستن لە دزیش بەکارهاتووە، بەمشێوەیە دەبینین، دەورەبەری زمانیی پەندەکان و هاوڕێیەتیی دانە پێکهێنەرەکانی، بەشێوەیەکی گونجاو داڕێژراون، تا تێگەیشتنی خێرا و باشتر بهێننە ئاراوە.

لە (٤٠-چ)دا ئەم پەندە زیاتر بەمەبەستی ئامۆژگاریکردن، پەند وەرگرتن بەکاردێت، لە دەوروبەرێکدا، کە ئامۆژگاریی منداڵێک بکرێت، تا چاو لە باوکی بکات و وەک ئەو بێت، یان بەپێچەوانەوە، لە دەوروبەرێکدا باوکێک خراپ بێت و وەک توانجلێدان بە کوڕەکەی بوترێت. لە (٤٠-ح)دا واتای گشتیی پەندەکە بەپێی دەوروبەرەکە جیاوازە، دەشێت بە واتای ئەوە بێت، کە لە هەموو کارێکدا، مەرج نییە سەرکەوتووبیت، بەگشتی بە مەبەستی ئامۆژگاریکردن بەکاردێت، دەشێت، لەدەوربەرێکدا بۆ مەبەستی دڵنەوایش بەکاربهێنرێت.

لە (٤٠-خ)دا واتای گشتیی ئەم پەندە بەو واتایە دێت، ئەگەر ناتوانیت قسەی باش بکەیت، قسەی خراپ مەکە، یان ئەگەر ناتوانیت کەسێکی باشبیت، کەسێکی خراپ مەبە، بەپێی دەوروبەر و بابەتەکە واتاکەی دەگۆڕێت، زیاتر بۆ مەبەستی ئامۆژگاریکردن، یان هەندێکجار بۆ مەبەستی سەرزەنشتکردن بەکاردەهێنرێت. لە (٤٠-د)دا واتای گشتیی پەندەکە، ئەوەیە کە هەرکەس پێویستە لە بوار و ئیشی خۆیدا کاربکات، ئەمەش بەپێی دەوروبەر لیکدانەوەی دەگۆڕێت، بۆ ئامۆژگاری و هەندێکجاریش بۆ توانجلێدان بەکاردەهێنرێت. لە (٤٠-ر)دا بەو واتایەی، کە ئیشی ناپەسەند و نەگونجاو و نالۆجیکی ئەنجام مەدە، بۆ سەرزەنشتکردن و شکاندنەوە بەکاردەهێنرێت.

لە (٤٠-ڕ)دا واتای گشتیی پەندەکە، لەوەوە هاتووە، کە دڵنیایی و ئومێد و هیوایەکی گەورە هەیە، بۆ سەرکەوتن لە کارێکدا، زیاتر بە واتای ئەرێنی بەکاردەهێنرێت،

هەندیکجاریش لە دەوروبەرێکی تایبەتدا، دەشێت بوونی دڵنیایی لە دەرئەنجامی کارێک بێت. لە (٤٠-ز)دا واتا گشتییەکەی لەوەوە هاتووە، کە تاکەکانی کۆمەڵگا ئامۆژگاری کراون، یان هاندراون بۆ جەنگان و خۆبەختکردن لە پێناو نیشتیماندا، یان هەندێکجاریش هەڵنان بووە، بەواتای هاندان بۆ کارێکی نەرێنی، بۆ نموونە بۆ خۆ بەکوشتدان لە پێناو ئامانجێکی تایبەتیی دەزگایەک، کەسێک، یان ئایدۆلۆژیایەکی هەڵە.

لەهەموو بوارێکی هەریەک لەم پەندانەدا، واتایەکی گشتیی هەیە، سەرجەم دانە پێکهێنەرەکانی پەندێک پێکەوە واتا دەبەخشن، بۆ تێگەیشتن لە واتاکانیان دەوروبەر بە گشتی و دەوروبەری کلتوری بەتایبەتی، ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن. بەشێوەیەکی باو لە ژیانی ڕۆژانەدا هەریەکەیان بۆ مەبەستێک بەکاردەهێنرێن، بەگشتی ڕۆنانێکی چەسپاویان هەیە، زۆرجار گۆڕانکاریی وەرناگرن، هەندێکجار لە سنوورێکی تەسکدا، کە واتای پەندەکە تێکنەدات، دەشێت گۆڕانکارییەکی کەم ڕووبدات.

٤١-ا. *دەریا تا قووڵ بێت مەلەی خۆشە.
ب. *ڕووبار تا قووڵ بێت مەلەی خۆشە.
پ. *ئەو نانە نانە، ئەمڕۆ لەسەر سفرەیە.
ت. *لەشی ماندوو لەسەر سکی تێرە.
ج. *چەم بێ ڕێوی نابێ.
چ. *دار هەڵبڕە سەگی دەسەڵاتدار دیارە.
ح. *گوڵ لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە.
خ. *لەهەموو ئاسمانێک باران نابارێت.
د. من دەڵێم نێرە، <u>تۆ</u> دەڵێی بیدۆشە.
ر. من دەڵێم نێرە، <u>ئەو</u> دەڵی بیدۆشە.

لە نموونەکانی (٤١)دا دەبینین، پەندەکان ڕێگا بە گۆڕان، یان زیادکردن و کەمکردنی کەرەستەکان نادەن، تەنیا هەندێکجار بەشێوەیەکی سنووردار، دەشێت هەندیک کەرەستەی ناو پەندەکە بگۆڕدرێت، بێ ئەوەی کار لە واتای گشتییان بکات. پەندی پێشینان چەندین بابەتی جیاواز لەخۆ دەگرن، وەک (ئاینی، ڕەوشتی، پەروەردە و فێرکردن، سیاسی، ئابوری...هتد)، زۆرجار بۆ مەبەستی (ئامۆژگاری، هاندان، یان

دڵنەوایی...هتد) بەکاردەهێنرێن. لە هەندێک باردا، لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە وتراون، بە میرات و کەلەپوری نەتەوە دادەنرێن، لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا بوونیان هەیە، لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی دیکە جیاوازن، لەبەرئەوەی هەر نەتەوەیەک خاوەنی کلتور و داب و نەریتی خۆیەتی، ڕەنگدانەوەی ئەزمون و شێوازی ژیان و داب و نەریت و کلتوور و ئاین و تێڕوانینی تاکەکان، لایەنی ڕۆشنبیری و پیشکەوتن...هتد، لەناو پەندی پێشیناندا دەبینرێن، هەندێکجار پەندی هاوشێوە لە واتا، یان ڕۆناندا، لە نێوان دوو نەتەوەدا دەبینرێن، بەهۆی نزیکی و هاوشێوەبوون، یان مێژووی هاوبەش و هەندێک لایەنی ژیان و ڕابردووی ئەو دوونەتەوەیەوە.

هەندێکجار واتای پەندەکان لێڵ و ئاڵۆزن، چونکە "پەندی پێشینان، ئەزمون و تاقیکردنەوەیەکی درێژخایەن و تەنانەت هەندێک بە فەلسەفەی نەتەوەی ناوی دەبەن، بەسەرهات و دنیادیدەی خەڵکە" (حوسێن، هیمداد، ٢٠٠٧: ٢٤٥)، ناتوانرێت، بە ئاسانی واتاکەی درکپێبکرێت، چونکە زۆرجار ڕووداوێکی (مێژوویی، کلتوری، یان ئەفسانەیی و خورافیات) لە پشت پەندەکەوەیە، پێویستە تاک ئاگاداری کلتور و مێژووی ئەو کۆمەڵگایە بێت، تا لە دەربڕاوەکانی، وەک پەند و ئیدیۆم و میتافۆرەکان بگات.

٤٢- ئەگەر نەیدا مەعبوود، چیبکات مەحمود.

لە نموونەی (٤٢)دا لایەنی مێژووی و چیرۆکێکی لە پشتە، بە واتای ئەوەی، ئەگەر خودا ڕزق و ڕۆزی مرۆڤ نەدات، ئەوا ناتوانێت هیچ شتێک بکات، یان ئەگەر هەرچەند هەوڵیش بدات، هیچی دەستناکەوێت. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی چیرۆکی پەندەکە بڕوانە (خاڵ، شێخ محەمەد، ١٩٧١: ٣٤-٣٥).

دەشێت، لە شێوەی بەیتی شیعری هۆنراوە، یان لەشێوەی پرسیار و وەڵامدا بن، هەندێکجار بە زمانی ئاژەڵ، یان ڕووەک و بێگیانەوە وتراون، ئەمانەش بەمەبەستی گوزارشتکردن لە مرۆڤ بەکارهێنراون. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (ئەحمەد، بێستوون حەسەن، ٢٠١٨: ٣٣). وەک لە نموونەکانی (٤٣)دا، خراونەتەڕوو:

٤٣-ا. "تازە پیاکەوتوو کە قەرزت باتێ
ئەیداتەوە ڕووت لە دوای سەعاتێ" (پیرەمێرد، ١٩٩٥: ٣٣٢)
ب. "ئەڵێی ئەسپێی کراسی کۆنە" (خاڵ، شێخ محەمەد، ١٩٧١: ٣٦).

پ. بە چۆرە چۆرە ئەدرێ مەعاشمان
هێشتا هەر نەزان ئەیگرێ ئاشمان
ت. خوا ئیشی نابەجێ ناکات
تا کێو نەبینێ بەفری تێناکا
ج. مەنجەڵ و سەرقاپن
چ. بە گوڵێک بەهار نایەت.

لە (٤٣-ا)دا واتای گشتیی پەندەکە بریتییە لەوەی، کەسانێک، کە پێنەگەیشتوون، بە کەڵکی ئەوە نایەن، داوای هاوکارییان لێبکرێت. لە (٤٣-ب)دا (ئەسپێ) بۆ کەسێک بەکارهاتووە، کە لە بێزارکردنی بەرانبەر کۆڵنادات. لە (٤٣-پ)دا بە واتای ئەوەی، کە نەزان و گەندەڵکاران بۆیان دەچێتەسەر و بەردەوامن، سەرەڕای نەدانی مووچە.
لە (٤٣-ت)دا وشەی (کێو)، بەپێی دەوروبەر دەشێت، میللەتێک، کەسێک، یان کۆمەڵگایەک بگەیەنێت، بەو واتایەی، تا کەسێک، یان کۆمەڵێک شایستە نەبن، خودا توشی بەڵا و کەسانی خراپیان ناکات. لە (٤٣-ج)دا هەردوو وشەی (مەنجەڵ و سەرقاپ) بۆ مرۆڤ بەکارهاتوون، واتە دوو کەسی ئاست نزم و خراپن، وەک یەک و شایستە بەیەکن. لە (٤٣-چ)دا وشەی (گوڵ) بۆ کارێک، یان پرۆسەیەک بەکاردێت، واتە لە ئەنجامی کارێکی بچووک، یان هەوڵدانێکی کەم و ماندونەبوون، ناتوانرێت، سەرکەوتن و شتی باش بەدەستبهێنرێت.

بە وردبوونەوەو شیکردنەوەی پەندەکانی نەتەوەیەک، دەتوانرێت، پەی بە تێڕوانین و کلتور و ئاین و لایەنی ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و جوگرافی و ئاوەزی تاکەکانی ئەو نەتەوەیە ببرێت؛ واتە "پەندی پێشینان لە دەوروبەرێکی کلتوری تایبەتدا دروستدەبێت" (پورابراهیم، شیرین و نعمتی، فاطمە، ١٣٩٩: ١٠٢)، هەندێک لە پەندەکان بۆ لۆژیکی ئەم سەردەمە نەگونجاون و بە کەمی بەکاردەهێنرێن، یان زۆرجار پێچەوانە کراونەتەوە، تا زیاتر، لەگەڵ سەردەم و بارودۆخەکەدا بگونجێن.

٤٤-ا. ئاشی نەزانە و خوا دەیگێڕێ.
ئاشی خوایە و نەزان دەیگێڕێ
ب. چویتە شاری کوێران، دەست بە چاوتەوە بگرە.

چوومە شاری کوێران، دەستی ئەوانیش دەگرم
پ. خزم گۆشتت بخوا، ئێسقانت ناشکێنێ.
ت. پیاوی دوو ژنە جەرگی کون کونە.
پیاوی دوو ژنە گوپی خرپنە
ج. ژنی شەرمن شارێک ئەهێنێ، پیاوی شەرمنیش شانەیەک ئەهێنێ.

لە نموونەکانی (٤٤)دا زۆرجار پێچەوانەکانی لەگەڵ دەوروبەر و بارودۆخی ئەم سەردەمەدا دەگونجێن، لە (٤٤-ا)دا بەو واتایەی، کەسانی بەرپرس لە بەڕێوەبردندا نەزانن و ناشارەزان، خودا ئیشەکەیان بۆ بەڕێوەدەبات، بەڵام لە پێچەوانەکەیدا بەو واتایە دێت، کە خودا ئەوانی بە پێگەو دەسەڵات گەیاندووە و ئەوانیش نەزانانە، بەڕێوەی دەبەن.

لە (٤٤-ب)دا بە واتای خۆ لادان لە کێشە، یان بەو واتایەی، کە دەوروبەر چۆن ڕەفتاریکرد، یان چۆن بیریکردەوە، بێهەڵوێست ببە و تۆش وەک ئەوان بیربکەرەوە، بەڵام هەمان پەند پێچەوانە کراوەتەوە، لەسەر بنەمای ئەوەی، کە پێویستە مرۆڤ خودی خۆی بێت و وەک دەوربەر بیرنەکاتەوە.

لە (٤٤-پ)دا بە واتای ئەوە دێت، هەمیشە خزم لە بێگانە باشترە، ئەمەش لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، بیرکردنەوەیەکی لۆژیکی نییە، چونکە بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندیی خزمایەتی لاواز بووە، ئەم پەندە دەشێت، هەندێکجار پێچەوانەکەی، لە هەندێک بارودۆخدا ڕاست بێت. لە (٤٤-ت)دا واتای گشتیی پەندەکە، بریتییە لە بوونی کێشە و گرفتی زۆر بۆ ئەو پیاوانەی، کە دوو ژنیان هەیە، بەمەبەستی ئامۆژگاری و ئاگادارکردنەوە وتراوە، بەڵام لە ئێستادا لەلایەنی ڕەوتیکی ئاینییەوە پێچەوانە کراوەتەوە، بەوەی، کە پیاوی دوو ژن لە ژیانێکی خۆش و بێ کێشەدایە.

لە (٤٤-ج)دا لە ئێستادا زۆر بەکەمی بەکاردەهێنرێت، تەنها لە ناو چینێکی دواکەوتوودا بەکارهێنانیان هەیە، ئەمەش دەرخەری بیرکردنەوەو تێڕوانینی ڕابردووی میللەتەکەمانە، کە کۆمەڵگایەکی تەواو پیاوسالار بووە و ڕەوایەتیی داوە بە بێدەنگبوون لە مافخواردن و ڕازیبوون بە ستەمکردن لە ئافرەتان، لەبەرانبەردا هەمان ئەوکارانەی بۆ پیاو، بە کەمی و بێنرخی سەیرکردووە، بۆ ئەم مەبەستەش، وشەی (شار) و (شانە)، بەکارهێنراون، بۆ ئاماژەدان بە گەورەیی و بچووکی.

واتای پەندەکان بەگشتی سادەو ساکارن، بەڵام هەندێکجاریش ئاڵۆزن، ئەمەش بە ئاستی بیرکردنەوەو هزری مرۆڤەکانی پێشینەوە پەیوەستە، هەندێکجار واتاکانیان لە واتای کەرەستە پێکهێنەرەکانیانەوە بەدەستدێن، یان واتاکانیان میتافۆرین. چالاکیی بەکارهێنانی هەندێک لە پەندەکان، دەرخەری ژیانی کۆمەڵایەتیی تاکەکانی کۆمەڵگان. دەشێت "لەپەندەکاندا هەموو جۆرەکانی ڕێژە ببینرێت، (هەواڵی، دانانی، فەرماندان)" (ذوالفقاری، حسن، ١٣٨٨: ٧٤)، وەک لە نموونەکانی (٤٥)دا، دەخرێنەڕوو:

٤٥-ا. گۆشتەکەی ناخوات، گۆشتاوەکەی دەخوات.
ب. ئەم ماستە موویەکی تێدایە.
ئەم ماستە گوریسێکی تێدایە.
ئەو ماستە بێ موو نییە.
پ. دەیەوێت ماسی بگرێت و قاچیشی تەڕ نەبێت
ت. نانێک بخۆ و نانێک بکە بەخێر.
ج. لە قاپی نامەرد مەکە تەقولباب
بێ گۆشت بە نەوەک منەتی قەساب

نموونەکانی (٤٥-ا، ب) بەشێوەی ڕێژەی ڕاگەیاندن هاتوون، (٤٥-پ)یش ڕێژەی دانانییە، لە (٤٥-ت، ج)یشدا جۆری ڕێژەکە فەرماندانە، لە (٤٥-ا)دا واتای گشتیی پەندەکە، لەوەوە هاتووە، کاتێک کەسێک بە قسە شتێک دەڵێت و بەڵام بە کردار پێچەوانەکەی ئەنجامدەدات، بۆ مەبەستی توانجلێدان بەکاردەهێنرێت، بەپێی دەوروبەر واتاکانیان ڕووندەبنەوە. لە نموونەی (٤٥-ب)دا دەبینین، کە پەندەکە بەسێ شێوە بەکاردێت، هەندێک گۆڕانی تێدا کراوە، واتای گشتی ئەوەیە، کە کاتێک کەسێک کارێکی باش ئەنجامدەدات، کە لێی ڕانەبینراوە و گومانلێدەکرێت، کە شتێکی لە پشتەوە بێت، بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەو ئامۆژگاری بەکاردەهێنرێت. لە دووەم نموونەدا وشەی (گوریس) بەمەبەستی جەختکردنەوە لە بوونی گومانی خراپ لەو کەسەی، کارەکەی ئەنجامداوە. لە (٤٥-پ)دا واتای گشتیی پەندەکە، ئەوەیە، کاتێک کەسێک شتێک، سەرکەوتنێک، یان دەستکەوتێکی دەوێت، بەڵام هەوڵی بۆ نادات و خۆی ماندوو ناکات، ئەمەش بۆ توانجلێدان بەکاردێت.

له (٤٥-ت)دا بەواتای پێزانین بۆ شتێک، یان بوونی کەسێکی دڵسۆز و خۆشەویست لە ژیانی مرۆڤدا، بۆ مەبەستی ئامۆژگاریکردن بەکاردەهێنرێت، له (٤٥-ج)دا به واتای دوورکەوتنەوە لە داواکردنی هاوکاریکردن لە کەسانی خراپ و نامەرد، شکستهێنان و سەرنەگرتنی کارەکەت، یان بە برسێتی مانەوەت، باشترە لەوەی، منەتی کەسانی خراپت بەسەرەوەبێت، ئەمەش بەپێی دەوروبەر ڕووندەبێتەوە، زیاتر بۆ ئامۆژگاریکردن بەکاردەهێنرێت.

**٣/٢-٢)ئیدیۆم**

ئەو دەربڕاو و دەستەواژانەیە، کە واتا گشتییەکەی لە واتای دانە پێکهێنەرەکانییەوە بەدەست نایەت، بەڵکو زۆرجار واتایەکی دیاریکراوی هەیە، واتە واتاکەی نا-داڕشتەییە و لە واتای فەرهەنگی پێکهاتەکانییەوە جیاوازە، هاوشێوەی پەندی پێشینان لە چوارچێوەی کلتوری نەتەوەیەکدا بەکاردێت، واتە کاتێک واتاکەی ڕووندەبێت، کە بە دەوروبەرەوە ببەسترێتەوە، وەک لە نموونەی (٤٦-ا)دا ڕوونکراوەتەوە، کە ئەو واتا دیاریکراوەی هەیەتی، سەرەڕای ئەوەی پێویستی بە دەوروبەری کلتوری شوێنی بەکارهێنانی ئیدیۆمەکە هەیە، ئەمەش بەهۆی جیاوازیی کلتور و مێژوو و بارودۆخی ناوچە جیاوازەکانی کوردستانەوە، هاوکات دەشێت بەپێی دەوروبەری بەکارهێنانی واتاکەشی بگۆڕێت.

ئیدیۆمی نەتەوەکان جیاوازن لەیەکتر، هەندێکجاریش ئیدیۆمی هاوشێوە لە نێوان دوو نەتەوە، یان زیاتردا دەبینرێت، ئەمەش بەهۆی لەیەکچوون و نزیکی لایەنێک، یان زیاتری بارودۆخ و کلتوری ئەو نەتەوانەوەیە.

بۆ تێگەیشتن لە ئیدۆمی نەتەوەیەک، پێویستە تاک شارەزای کلتور و مێژوو و بارودۆخەکانی ئەو نەتەوەیە بێت، بە پێچەوانەوە تێگەیشتن و پەیوەندیکردن لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئیدیۆمەوە ڕوونادات، بەگشتی ڕۆنانێکی جێگیریان هەیە، "بواری ئەوە نادەن، کەرتی تر بخزێتە نێوان دانە پێکهێنەرەکانی" (قادر، شێرکۆ حەمەئەمین، ٢٠٢٢: ١٠٩)، زۆرجار کاتێک دانەیەکی زمانی بخرێتە نێو ئیدیۆمێک، ئەوا واتاکەی دەگۆڕێت، یان بێ واتا دەبێت و لە ئیدیۆمی دەردەچێت، لەگەڵ ئەمەشدا دەشێت، هەندێک ئیدیۆم بتوانرێت هەندێک گۆڕانکاریی زۆر کەم لە ڕۆنانەکانیاندا بکرێت، واتاکەیان تێکنەدات، بەڵام زۆرجار، تەنانەت ناتوانرێت، یەکێک لە دانە پێکهێنەرەکانی ئیدیۆمەکە، بە وشەی هاوواتای خۆی بگۆڕدرێت.

٤٦-ا. نانی کەوتە ڕۆنەوە.

ب. *نانی کەوتە ئاوەوە.

پ. *خواردنی کەوتە ڕۆنەوە.

ت. خۆتان بخورێنن.

ج. خۆیان بخورێنن.

چ. شەرواڵ پیس

ح. *شەرواڵ پاک

خ. دڵفراوان

*دڵپان

د. دەست و پێ سپی

*دەست و پێ ڕەش

لە (٤٦-ا)دا ئیدیۆمەکە ڕۆنانێکی جێگیری هەیە و دەشێت لە چەندین دەوروبەری جۆراوجۆردا بەکاربێت، بۆ نموونە لە دەوروبەرێکدا، کەسێک ئیش و کارێکی باشی دەستبکەوێت، یان هاوسەرێکی جوان و باش، یان موڵک و سامانێکی زۆر...هتد، ئەمەش بە دەوروبەری بەکارهێنانییەوە پەیوەستە. ئیدیۆمەکان سەرەڕای دەوروبەری بەکارهێنانیان پێویستیان بە دەوروبەری کلتوریش هەیە، چونکە دەشێت لە ناوچەیەک بەکاربهێنرێت و واتاکەی لەو شوێنەدا بۆ هەمووان ڕوون بێت، بەڵام لە ناوچەیەکی دیکە واتاکەی نەزانراوبێت. لە (٤٦-ب، پ)دا دەربڕاوەکان ئیدیۆم نین، بە گۆڕانی ڕۆنانەکە وەک ئیدیۆم نامێننەوە.

لە (٤٦-ت، ج)دا ئیدیۆمن و ڕێگا بە گۆڕانێکی زۆر کەم دەدەن، واتاکانیان تێکنادات، واتای گشتیی ئیدیۆمەکە بۆ داواکردنە دەشێت لە دەوروبەرێکدا بۆ توانجلێدانیش بەکاربهێنرێت، بەو واتایەی کە ڕەزیل نەبن؛ لە (٤٦-چ، ح)دا ئیدیۆمەکە لە فۆڕمی وشەیەکی لێکدراودایە، گۆڕانی یەکێک لە پێکهاتەکانیان دەبنە هۆی گۆڕانی واتاکانیان و لە چوارچێوەی ئیدیۆمدا نامێننەوە. لە (٤٦-خ)دا خودی ئیدیۆمەکە، دڵفراوانە، کاتیک وشەی (پان) دەخرێتە جێگای (فراوان)، ئیدیۆمەکە واتاکەی لەدەستدەدات. لە (٤٦-د)یشدا خودی ئیدیۆمەکە، (دەست و پێ سپی)یە، کاتێک لەبری (سپی)، (ڕەش) دادەنرێت، ئیدیۆمەکە واتاکەی لەدەستدەدات.

ئیدیۆم دەشێت لە فۆڕمی وشەی لێکدراو، فرێز، یان ڕستەدا بێت، بەڵام "لە شێوەی وشەی تاکدا نییە" (شمسیا، سیروس، ١٣٩٤: ٢٩٦)، وەک لە نموونەکانی (٤٧)دا خراونەتەڕوو:

٤٧-ا. چاوبەستن (فێڵکردن)

ب. دەمڕاست (سەرکردە و پێشەنگ و قسەزان)

پ. مێشکوشک (کەسێک، کە بیرکردنەوەیەکی تەسک و کۆن و دەمارگیرانەی هەیە).

ت. دڵیفراوانە (کەسێک، کە زوو قسە لەدڵ ناگرێ و میهرەبانە).

ج. دەست و پێ سپی (تەمەڵ و ناشارەزا لە هەموو کارێک)

چ. دەستی لێبشۆ (نائومێدبوون و بێ هیوای بە کەسێک، یان کۆمەڵە کەسێک).

ح. دەستی دەستی (هەڵخەڵەتاندن و دواخستنی کارەکان)

خ. هەم لە ناڵ دەدا و هەم لە بزماریش. (هەم کاری باش دەکات و هەم خراپ، یان دوو کاری پێچەوانە ئەنجامدەدات).

د. لوتی بە ئاسمانەوەیە (لەخۆباییە).

ر. سەرە واوێک لە میشکیدا نییە (هیچ نەزان).

ئیدیۆمەکان مێژوویەکی کۆنیان هەیە، هەندێکیان چیرۆک و بەسەرهاتن، لە ڕابردوودا ڕوویانداوە، "لە دێر زەمانەوە بۆ ئێمە بەجێماون، بەڵام بەهۆی گۆڕانکاریی بارودۆخ و دۆخی کۆمەڵایەتییەوە واتاکانیان نازانرێت و بەهەمان هۆکار بەکارناهێنرێن" (سەرچاوەی پێشوو: ٢٨٤)، یان واتاکانیان لێڵن و پێویستییان بە ڕوونکردنەوە دەبێت، چونکە هەر ئیدیۆمێک لە دەوروبەرێکدا پەیدابووە.

٤٨-ا. بڕۆ بۆ حەلاوی باسکە.

ب. کەوتۆتە سەر ساجی عەلی.

لە (٤٨-ا)دا چیرۆکی ئافرەتێکی نابیستە، کە هەرچەندێک قسەی بۆ کرابێت نەیبیستووە، بەمشێوەیە، لە دەوروبەرێکدا، کە نەتەوێت، گوێ لە کەسێک بگریت، یان قسەکانیت پێڕاست نەبێت، ئەم ئیدیۆمە بەکاردێت، بەو واتایەی، گوێت بۆ ناگرم، بۆ تانە و تونجلێدان بەکاردێت.

له (٤٨-ب)دا دەشێت لەوەوە هاتبێت، کەسێکی هەژار ساجێکی بە دەستەوە گرتبێت و هاواری کردبێت، کە بۆ خاتری حەزرەتی عەلی شتێکی پێبدەن، بەو واتایە دێت، کە هیچی نەماوەو کەوتۆتە سواڵکردن. بڕوانە: (سوبحانی، جەلال مەحمود، ٢٠١٢: ٣٦٧).

"بەکارهێنانی ئیدیۆم و پەندی پێشینان دەبێتە هۆی بەهێزبوونی گفتوگۆکان و لە مێشکی گوێگردا کاریگەریی فراوان دادەنێت." (محمود، پخشان محمد، ٢٠١٨: ١٧٨٣)، لەبەرئەوەی، بەمەبەستی جەختکردنەوە و بەهێزکردن و جوانکاری لە ئاخاوتندا بەکاردێن، ئەگەر گوێگر لێیتێبگات، چێژی پێدەبەخشێت، ئەگەر لێڵ و ئاڵۆزبێت، بە دوای واتاکەیدا دەگەڕێت، بیر و هزر و کۆزانیاری گەشەدەکات. لە ڕێگەی ڕۆنانە جێگیرەکانەوە، دەشێت پەی بە شێوازی ژیان و تێڕوانین و کەسایەتی و ئاین و بیرکردنەوەی نەتەوەیەک ببرێت.

زۆربەی ئیدیۆمەکان بە ڕادەیەکی زۆر جێگیرن، یان ڕێگە بە هاتنە ناوەوە، یان گۆڕانی کەرەستەکانیان نادەن، بەڵام هەندێکجار "بەکەمی دەتوانرێت کەرتێک لە کەرتەکانی لاببرێت یان بگۆڕدریت" (حسەین، شیلان عومەر، ٢٠٠٩: ٥٢)، ئەم گۆڕانکارییەش لەئاستی مۆرفێم، ناوگر، یان جێناوەکاندایە، لەبەرئەوە بەشێوەیەکی ڕەها هەموو ئیدیۆمەکان ڕۆنانێکی جێگیریان نییە.

(ئیدیۆم چەندە لە ڕووی واتاوە لێڵ بێت ئەوەندەش لە ڕووی فۆرمەوە چەسپاوە) (سەرچاوەی پێشوو: ٥٨)، واتە هەتا ڕۆنانەکەی جێگیربێت، هێندە واتاکەی لێڵ دەبێت و بۆ تێگەیشتن پێویستیی بە شیکردنەوە دەبێت، هۆکاری ئەم لێڵییەش بۆ لەناوچوونی ئەو دەوروبەرە دەگەڕێتەوە، کە ئیدیۆمەکەی تێدا دروستبووە، هەر بۆیە، "هەندێکجار بچووکترین گۆڕانی فۆرمی ئیدیۆم، دەبێتە هۆی گۆڕانی واتاکەی، تەنانەت لە ئیدیۆمیش دەردەچێت" (ملکی، ساسان و راسخ مهندس، محمد، ١٤٠٢: ٩٦)، بەمجۆرەی ئیدیۆمیش دەوترێت، چەسپاوەکان، وەک لە نموونەکانی (٤٩)دا، خراونەتەڕوو:

٤٩-ا. سەرخستنەسەر (سوعبەتکردن و توڕەکردن)

*باڵ خستنەسەر

*سەر خستنە شان

ب. چوار شانە (باڵا و هەیکەلی بەهێز و گەورە)

*دووشانە

پ. دەنگی دەهۆڵ لە دوور خۆشە (واتە کەسێک، یان شتێک، یان شوێنێک، لە دوورەوە باشبێت، لە نزیکەوە خراپ بێت و پڕبێت لە کێشە).

*دەنگی دەف لە دوور خۆشە.

*دەنگی دەهۆڵ لە نزیک خۆشە.

واتای ئیدیۆمەکان لە واتای فەرهەنگی کەرەستە پێکهێنەرەکانیان دوورکەوتوونەتەوە، بەو واتایەی، کە (پەیوەندییەک لە نێوان ئاستی سەرەوە و ئاستی ژێرەوەی دەربڕاوە ئیدیۆمییەکەدا نییە) (غەفوور، مستەفا، ٢٠١٨: ١١٣)، بەڵکو ڕەنگدانەوەی دنیابینی و ئەزمون و کلتوری تاکەکانی کۆمەڵگان. بۆ لێکدانەوەی واتا و مەبەستە زمانییەکانی دەربڕاوێکی ئیدیۆمی، کۆزانیاریی زمانی و نازمانی پێویستن، کۆزانیاریی زمانی بە مەبەستی ناسینەوەی واتا زمانییەکانی یەک بەیەکی پێکهێنەرەکانی دەربڕاوە ئیدیۆمییەکە پاشان واتا ئاوێتە دروستبووەکانی هەمان پێکهێنەرەکان، هەروەها کۆزانیاریی نازمانیش بە مەبەستی ئاگایی دەربارەی بارودۆخ و دەوروبەر و ستراتیژەکانی بەکارهێنانی دەربڕاوە ئیدیۆمییەکان.

٥٠-ا. چەرمەسەری. (ئازار و ناخۆشییەکانی ژیان).

دەردە سەری

ب. بۆی تیچاندووە (کەتنێکی بۆ ناوەتەوە، کێشەی بۆ دروستکردووە).

بۆم تیچاندووە.

پ. کەرپیاو (پیاوی بێ عەقڵ و بێ ئەتەکێت)

پیاوی کەر

ت. بەشویدا (فرۆشتنی، خیانەتی کرد).

بەشویاندای.

بەشومان دەدات.

ج. بەقەد بەڕەی خۆت پێ ڕاکێشە (زیادەڕەویی مەکە).

بەقەد بەڕەی خۆت قاچ ڕاکێشە.

"ئیدیۆم تێکەڵکێشە لەگەل پەندەکان، دەشێ ئیدیۆم پەندبێ یان پەند ئیدیۆم بێ" (سەرچاوەی پیشوو: ١٥٦)، وەک لە نموونەکانی (٥١)دا خراونەتەڕوو؛ جیاوازیی نێوانیان لە

فۆڕم و مەبەستەکاندایە. لەڕووی فۆڕمەوە پەندەکان زیاتر لە فۆڕمی ڕستەدان، بەڵام ئیدیۆم لە هەرسێ فۆڕمی (وشەی لیکدراو، فریز، ڕستە)دان، پەندەکان زیاتر بۆ مەبەستی ئامۆژگاری و پەندوەرگرتن بەکاردەهێنرێن، بەڵام ئیدیۆم زیاتر بۆ مەبەستی تانەو توانجلێدان، یان گاڵتەپێکردن و سەرزەنشتکردنن.

٥١-ا. لە پڕێ نابیتە کوڕێ (واتە بێ ماندوو بوون و بەخێرایی ناتوانی شت بەدەستبهێنیت).

ب. بۆ ڕیش چوو، سمێڵیشی نایەبانی (بۆ قازانج و دەستکەوت ڕۆشت، زەرەری کرد).

پ. خوا کڵاوی بۆ بەڕوو کردووە. (واتە خوا ئاگاداری هەمووشتێکە).

ت. دەمی نایگاتێ ئەڵێ سوێرە. (واتە کەسێک ناتوانێ شتێک بەدەست بهێنێت، بەڵام دەڵێت خۆم نامەوێت، واتە لە گرنگی دەستکەوتەکان کەمدەکاتەوە).

ج. دەمی بوو بە تەڵەی تەقیو. (واتە توشی شۆک بووە و دەمی کراوەتەوە).

لە فێربوونی زمانی دووەم و پرۆسەی وەرگێڕانیشدا، بابەتی ئیدیۆم گرنگی و بایەخێکی زۆری هەیە، واتە "درکپێکردن و تێگەیشتن لە ئیدیۆم، یەکێکە لە بابەتە دژوارەکان، لە فێربوونی زمانێکی بیانیدا" (مرادی، مجید، ١٤٠٠: ١)، لە پرۆسەی وەرگێڕانیشدا، زۆرجار وەرگێڕ لە کاتی وەرگێڕانی ئیدیۆمدا ڕووبەڕووی گرفت دەبێتەوە، چونکە ئیدیۆمەکان تایبەتن بە کلتور و مێژووی نەتەوەکان و لەیەکناچن، لەبەرئەوە وەرگێڕان، یان دۆزینەوەی ئیدیۆمێکی هاوشێوە، گرفت بۆ وەرگێڕ دروستدەکات، کەواتە بابەتی (ئیدیۆم) و (پەندی پێشینان)، دەچنە خانەی (زانیاریی دنیایی)یەوە، واتە ئەو زانیارییانەی، کە مرۆڤ لە کۆمەڵگاوە فێریان دەبێت.

## ٢/٣-٣)میتافۆر

ئەو دەربڕاوانەن، کە واتایەکی ناڕاستەوخۆ دەگەیەنن، وشەیەک لە بری وشەیەکی دیکە بەکاردەهێنرێت، ئەمەش بەپێی تێڕوانین و هزر و ئاوەزی قسەکەر، یان کۆمەڵگایە، لە دەوروبەردا واتاکەیان لێکدەدرێنەوە. جیاوازی لەگەڵ ئیدیۆمدا ئەوەیە، کە "واتای میتافۆری زۆر لێڵ و تەمومژاوی نییە، دەکرێت مرۆڤ یەکەمجاری بێت بیبیستێت و بە هۆی چوارچێوەی بار و وتنەکانەوە واتاکەی بزانێت" (ئەحمەد، بێستوون حەسەن، ٢٠١٨:

٤٢). به پێچەوانەوە، واتای ئیدیۆم لە واتا فەرهەنگییەکەی بەتەواوی دوورکەوتۆتەوە، لە میتافۆردا وشەیەک بۆ واتایەکی دیکە، جیاواز لە واتای فەرهەنگییەکەی بەکاردێت، بەڵام پەیوەندییەک لەنێوان واتای فەرهەنگی و واتای میتافۆرییەکەدا هەیە، واتە واتا میتافۆرییەکە زۆر لە واتا فەرهەنگییەکەی دوورنەکەوتۆتەوە، خاڵی لەیەکچوون لە نیوانیاندا هەیە. دەشێت هەمان وشە لە دەوروبەرێکدا، تەنیا واتای فەرهەنگی بگەیەنێت، "شارەزایی و ئاگایی لە بارەی میتافۆرەوە، تا ڕادەیەک بە ئەزمونی بەکارهێنەرانی زمانەوە پەیوەستە" (چارتریس.بلک، جاناتان، ١٣٩٨: ٣٢)، لەبەرئەوەی، لە ڕێگەی هەستەکان و ئەزمونکردنی مرۆڤەوە، واتای میتافۆری دێتە ئاراوە.

٥٢-ا. لانە گوڵی پۆلەکەیە.

ب. بە چاوی دڵ دەیبینم.

پ. ئالین پەپولەیە.

ت. ئەو ڕێوییەکە بۆ خۆی.

ج. دارۆ خوشکێکی ماری هەیە.

لە نموونەکانی (٥٢)دا هەریەک لەو وشانە بە واتای میتافۆری بەکارهاتوون، فۆڕمێکی سادەیان هەیە، بەپێی دەوروبەر واتا میتافۆرییەکەیان دەردەکەون، هەریەکەیان لە بری مرۆڤ بەکارهاتوون، بەهۆی هاوبەشی تایبەتمەندییەکانی هەریەک لەو وشانە، لەگەڵ ئەو کەسانەی، کە وشەکەیان بۆ بەکارهێنراوە، واتە لێکچوونێک لە نێوان واتای فەرهەنگیی وشەکە و میتافۆرەکەدا هەیە.

میتافۆر ڕۆڵێکی فراوانی لە گەشەسەندنی زماندا هەیە و بەکەمترین کەرەستە، زۆرترین مەبەست دەگەیەنێت، "ئاستی هۆشیاریی تاکەکان لە بەکارهێنانی میتافۆردا جیاوازن، تەنانەت لە تاکێکیشدا لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە دەگۆڕێت" (چارتریس.بلک، جاناتان، ١٣٩٨: ٣٢٠)، چونکە تێگەیشتن بۆ چەمک و بینینی ئەزمون و شێوازی ژیان و بارودۆخەکان، لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی دیکە جیاوازە، "ڕۆڵێکی گرنگی میتافۆر، جوڵاندن، یان کاریگەریی خستنەسەر گوێگرە" (سەرچاوەی پێشوو: ٣٢١)، بۆ جوانکاری لە ئاخاوتندا بەکاردێت، لەڕێگەیەوە مەبەستەکان بە ناڕاستەوخۆ دەگەیەنرێن، هاوکاتا کورتبڕییە و ئابوریکردنە لە زماندا. دەربڕاوی میتافۆری "واتاکەی دەیکات بە میتافۆڕ نەک

فۆڕمەکەی" (حسەین، شیلان عومەر، ٢٠٠٩: ٧١)، بەڵام ئیدیۆم بە پێچەوانەوە، فۆڕم و واتا پێکەوە دەیکەن بە ئیدیۆم.

دەشێت "هەموو ئیدیۆمێک میتافۆڕبێت بەڵام هەموو میتافۆڕەکان ئیدیۆم نین" (غەفوور، مستەفا، ٢٠١٨: ١٢٧)، واتای میتافۆر پەیوەست بە دەوروبەرەوە بەرهەمدێت، واتاکەی جێگیر نییە، بەڵام واتای پەندی پێشینان و ئیدیۆم تاڕادەیەکی زۆر جێگیرن، لەهەمانکاتدا پەیوەستن بە دەوروبەریشەوە، هاوشێوەی پەند و ئیدیۆمێش، "تاڕادەیەک میتافۆری ئاڵۆز لەڕووی چەقبەستوییەوە، دەچنە ریزی دەربڕینە جێگیر و چەسپاوەکانەوە" (ئەحمەد، بێستوون حەسەن، ٢٠١٨: ١٣٣).

٥٣-ا. دەڵێی سێوە لاسورەیە. (کەسێکی جوان و ڕوومەت پەمەیی)

ب. خۆی کردووە بە کوێخا لێمان. (کەسێک خۆی بە گەورە دەزانێ)

پ. کابرایەکی سەگە. (بۆ کەسێکی خراپ بەکاردێت)

ت. دەڵێی بایەعییە. (زۆر بەربڵاو و باوە، زیاتر بۆ جلوبەرگ و شتومەک بەکاردێت)

میتافۆری نموونەکانی (٥٣)، تاڕادەیەک ڕۆنانێکی جێگیریان هەیە.

## ٣/٣) مەبەستەکانی ڕستە لە ڕوانگە جیاوازەکانی دەوروبەرەوە

ئەرکی سەرەکیی ڕستە گەیاندنی پەیامە، بۆ ئەم مەبەستەیش چەند ڕێگایەک دەگیرێتەبەر، هەندێکجار واتای ڕستەکان لە واتای کەرەستە پێکهێنەرەکانیانەوە بەدەستناهێنرێن. واتە کەرەستەکان واتای فەرهەنگیی ناگەیەنن، بەڵکو ئەو واتایەی، کە قسەکەر مەبەستێتی، دەیگەیەنن. ئەمەش لە ڕێگەی کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستەوە ئەنجامدەدرێت. بۆ تێگەیشتن لە واتای مەبەستیش، دەوروبەر (زمانی و نازمانی)، واتا بە ڕۆنانەکە دەبەخشن. ڕستە جیاوازەکان هەڵگری مەبەستی جیاوازن، بارودۆخ و کات و شوێن و جۆرەکانی دیکەی دەوروبەر، بەپێی ویست و ڕوانگەی قسەکەر، ڕستە مەبەستدارەکان بەرهەمدەهێنن. بەهەمانشێوەی دەوروبەر، توانا و لێهاتوویی گوێگریش لە تێگەیشتن لە مەبەستی ڕستە، (بەسوودوەرگرتن لە دەوروبەر)، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە، هەندێک لە ڕەهەندە پڕاگماتیکییەکان، گرنگی بە مەبەستی قسەکەر و چۆنێتیی تێگەشتنی گوێگر و ئەنجامدانی کارێک لەڕێگەی ئاخاوتنەوە دەدەن، لەوانە (کردە قسەییەکان، بەخشکەیی دەربڕین).

### ٣/٣-١) کردە قسەییەکان

بوارێکی گرنگیی پڕاگماتیکە، ئاماژەیە بۆ ئەنجامدانی کارێک لە ڕێگەی گوتنەوە، "بۆ گەیاندنی مەبەستی قسەکەر لە دەرەوەی وشە و دەستەواژەکان" (Hidayat, Agus, 2016: 1)، واتە سەرنجدەخاتەسەر مەبەستی پشت دەربڕاوەکان، نەک واتای وشە و دەستەواژەو ڕستەکان. بەو واتایەی، کە قسەکەر لە ڕێگەی ئاخاوتنەوە کردەیەک، یان زیاتر ئەنجامدەدات، جۆری کردەکەش بەپێی دەوروبەرەکان جیاوازە، چونکە "دەوربەر، وەک گرنگترین چەمک لە پڕاگماتیکدا، لە بەرهەمهێنان و لێکدانەوەی دەربڕاوەکاندا بەشدارییەکی زۆردەکات" (Shen, Lihong, 2012: 2668).

بەمپێیە لەم تیۆرەدا دەوروبەر ڕۆڵێکی سەرەکی لە تێگەیشتن لەو کردانەی، کە ئاخێوەر لە ڕێگەی گوتنەوە ئەنجامیان دەدات هەیە، بە یارمەتیی تیۆرەکە لایەنە نادیارەکانی دەربڕاوەکان دەخرێنەڕوو. ڕوونکردنەوەی مەبەستی قسەکەریش لە دەوروبەردا دەردەکەوێت، "(ئۆستن) تیۆرییەکی تەواوی، دەربارەی کردە قسەییەکان لە کتێبی (How to Do Things with Words)، لە ساڵی ١٩٦٢دا خستەڕوو؛ کە لە دوای کۆچی دوایی خۆیدا بڵاوکرایەوە" (لاینز، جان، ١٣٩٨: ٣١١)، پاشان (جۆن سیریل)، گەشەی بە تیۆرییەکەدا، بەڵام سەرەتای بیری تیۆرییەکە بۆ (ویگنشتین) دەگەڕێتەوە.

ئەم تیۆرە لە ئەنجامی ڕەتکردنەوەی بۆچوونی پێشینەکان لەبارەی واتای ڕستەوە هاتەئاراوە، کە (ئۆستن) دژی ئەو بۆچوونە بوو، کە دەڵێت "ڕۆنانی ڕستەکان، یان ڕاستن، یان درۆ، ئەگەر نەتوانرا، ڕستەیەک لەسەر بنەمای ڕاست و هەڵە هەڵبسەنگێنرێت، ئەوا ئەو ڕستەیە بێ واتایە" (معصوم، سید محمد حسینی و رادمرد، عبداله، ١٣٩٤: ٦٧)، (عزت، ملا ابراهیمی و ابوالفضل، سپهر، ١٤٠١: ١٤٧)؛ بەڵکو پێی وابوو، مرۆڤ لەڕێگەی دەربڕاوەکانەوە تەنها هەواڵێک ڕاناگەیەنێت، بەڵکو لە ڕێگەی هەر قسەیەکەوە کردارێک، بۆ گەیاندنی مەبەستەکانی ئەنجامدەدات، وەک (هەواڵدان، پرسیارکردن، ئاگادارکردنەوە، لۆمەکردن، پیاهەڵدان، هەڕەشەکردن، پێشنیارکردن، داواکاری، دڵنیایی پێدان، هێمنکردنەوە، گومانکردن، جەختکردنەوە، پۆزشهێنانەوە، ناڕازیبوون، ڕەخنەگرتن، تانەدان، گاڵتەپێکردن، توڕەبوون، جنێودان، پاکانەکردن، سەرسوڕمان، فەرمانکردن...هتد)؛ ئەم مەبەستانەش بە یارمەتی دەوروبەر و لە ڕێگەی "کردەکە خۆی، بەشدارەکانی کردەکە، ئەو بارەی، کە کردەکەی تێدا ڕوودەدات، ئەمانە بە هەرسێکیان دەتوانن زانیاری و شارەزاییەکان و تێگەیشتنی مرۆڤ و لێکدانەوەی بۆ دنیای

دەوروبەر بدرکێنێت" (فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨: ٥٣). دەشێت، ڕستەکان لە ڕووی ڕۆنانی ڕێزمانییەوە، (ڕاگەیاندن، پرسیاری، فەرمانکردن) بن، بەڵام دیوی دووەمی ڕستەکە، کردەیەک، یان زیاتر دەگەیەنێت، ئەمەش تەنیا لە دەوروبەردا دەردەکەوێت و تیۆری کردە قسەییەکان گرنگی پێدەدات. بە بۆچوونی (ئۆستن)، "زمان تەنها بۆ پێدانی زانیاری بەکارناهێنرێت، ڕاستی و دروستی زۆرێک لە ڕستەکانیش، ناتوانرێت دیاریبکرێت" (صفوی، کورش، ١٣٩٩: ١٧٤).

٥٤-ا. سوێند دەخۆم، کەسێکی بێ وەفا نییە. (جەختکردنەوە، سەلماندنی ڕاستی، دڵنیایی پێدان)

ب. بەڵێندەدەم، هاوکاری بکەم. (پشتگیرییکردن)

پ. شەوتان باش. (جێخۆشکردن)

ت. ببورن، کە دواکەوتم. (پۆزش هێنانەوە)

ج. سڵاوتان لێبێت. (جێخۆشکردن)

چ. دەنگوباستان چۆنە؟ (جێخۆشکردن)

ح. دەستت خۆشبێت.

خ. زۆر سوپاس. } (پێزانین)

هەریەک لە ڕستەکانی نموونەی (٥٤) ڕاست و دروستییان تێدانییە، بەڵکو کردەیەک ئەنجامدەدەن، بە بۆچوونی (ئۆستن)، (زۆرێک لە ڕستەکانی ڕۆژانە، هەواڵی نین، ناتوانرێت ڕاست و ناڕاستییان دیاریبکرێت، بەڵکو مەبەست لەم ڕستانە ئەنجامدانی کارێکە) (معصوم، سید محمد حسینی و رادمرد، عبداله، ١٣٩٤: ٦٧)، بەهەمانشێوەی ڕستەی هەواڵی، جۆرەکانی دیکەی ڕستەش، کردەیەک دەگەیەنن، هەندێکجار لە ڕێگەی هێز و ئاوازی ڕستەوە، جۆری کردەکە ڕووندەبێتەوە، واتە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کردەکە ئەنجامدەدرێت.

٥٥-ا. یارمەتیم دەدەیت؟

ب. نرخی چەندە؟!

پ. ئەگەر دەرنەچیت، سزات دەدەم.

لەنموونەکانی (٥٥)دا هەریەک لە ڕستەکان، کردەیەک دەگەیەنن، کە لە دەوروبەردا دەردەکەون، لە (٥٥-ا)دا بەپێی ئاوازی ڕستەکە، دەشێت مەبەست لە پرسیارکردن بێت، یان داواکاری. لە (٥٥-ب)دا کردەی ڕستەکە زیاد لە کردەیەکە، ئەویش هەم پرسیارکردن، هەم ڕەخنەگرتن و سەرسوڕمان لە بەرزی، یان نزمی نرخی کاڵاکەیە، کە بەپێی دەوروبەرەکەی ڕووندەبێتەوە. لە (٥٥-پ)دا، کە ڕستەیەکی مەرجییە، کردەیەک ئەنجامدراوە، ئەویش هەڕەشەکردنە، لەم حاڵەتەدا پێویستە، پێگەی قسەکەر لە گوێگر بەرزتربێت، ئەگەر بەپێچەوانەوە بوو، ئەوا کردە قسەییەکە ناڕاست دەردەچێت.
"کاتێک تاک بەهۆی کەمتەرخەمییەکەوە، داوای لێخۆشبوون دەکات، ڕێزی لە کەسایەتیی خۆی و هاوکات ڕێزی لە کەسایەتیی گوێگریش گرتووە" (شفقی، مریم و تمیم داری، احمد، ١٣٩٤: ٢٨٦).

٥٦-ا. من داوای لێبوردن لە بەڕێزتان دەکەم.
ب. تەوبە، جارێکی تر ئیشی بۆ ناکەم.
پ. ببورە، ئاگادارنەبووم.

لەنموونەکانی (٥٦)دا هەریەکەیان پۆزشهێنانەوە و پەشیمانبوونەوە، هەڕەشەکردنیان تێدایە، بەڵام پلە و ڕادەی داوای لێخۆشبوونەکان جیاوازن، لە (٥٦-ا)دا پۆزشهێنانەوەیە و ڕێزی زۆری بۆ گوێگر تێدایە، کە کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆیە و هەندیکجار "لەبەرچاوگرتنی ئەدەب و ڕێز دەبێتە هۆی دروستبوونی ئەم جۆرە کردەیە" (لیافوئی، هادی علی پور و نظری، علیرضا، ١٣٩٩: ٥٠). دەردەکەوێت قسەکەر پێگەی لە گوێگر نزمترە، دەشێت لە دەوروبەرێکدا بۆ گاڵتەپێکردن و داوای لێبوردن نەکردن بەکاربێت. لە (٥٦-ب)دا پەشیمانییەکی زۆر و هەڕەشەی ئەوەی تێدایە، کە جارێکی دیکە بەهیچ شێوەیەک ئەو ئیشە ئەنجامنادات، پەیوەندیی نزیکی و دۆستانەی نێوان قسەکەر و گوێگر دەردەخات. لە (٥٦-پ)دا ڕادەی پۆزشهێنانەوەکە لە ڕستەکانی دیکە کەمترە، بۆ هەڵە، یان کەمتەرخەمییەکی سادە و بچووک بەکاردێت.
"ئۆستن دو جۆر کردەی خستۆتەڕو، کە بریتییە لە کردەی ئاشکرا و کردەی شاراوە" (حمد، شێروان حسین و عمر، تەلار صباح، ٢٠٢١: ٥٦)، لە کردەی قسەیی ئاشکرادا، لە ڕێگەی دەربڕاوەکانەوە مەبەست و کردەکان بە ڕاستەوخۆیی دەگەیەنرێن، بەڵام لە کردەی قسەیی شاراوەدا، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کردەکان لە پشت دەربڕاوەکانەوە دەخرێنەڕوو؛ بە بۆچوونی (سیریل) "کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ بارودۆخێکە، کە

تێیدا، کردەیەک بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی کردەیەکی دیکەوە دەخرێتەڕوو" (ابن رسول، سید محمد رضا و آخرون، ١٣٩١: ٦).

٥٧-ا. ئارام موبایلەکەت بە سارا بدە، تەلەفونێکی پێدەکات.

ب. ئارام موبایلی پێیە.

لە (٥٧-ا)دا کردەی قسەیی ڕاستەوخۆیە، کردەی ڕستەکە داواکاریی و هاوکات فەرمانکردنی ڕاستەوخۆیە و بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەنجامدراوە، واتە "ڕستەیەکی هەواڵی ئەگەر بۆ ڕاگەیاندنی هەواڵێک بەکاربێت، ئەوا کردەی قسەیی ڕاستەوخۆیە، بەڵام ئەگەر بۆ داواکارییەکی دیکە بەکاربێت، ئەوا کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆیە" (آقا گل زادە، فردوس و مقدم، عباس صلحی، ١٣٩٦: ١٩)؛ وەک لە (٥٧-ب)دا، کە کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆیە، ئەگەر لە بارودۆخێکدا، کە کۆمەڵێک هاوڕێ بچنە دەرەوە و یەکێکیان پێویستیی بە موبایل بێت، لەوکاتەدا ئەو دەربڕاوە بە واتای ئەوە دێت، کە (ئارام موبایلەکەی بدات بە سارا)، کردەکە داواکارییەکی ناڕاستەوخۆیە، هاوکات فەرمانکردنێکی ناڕاستەوخۆشە، ئەگەر (ئارام) بە (بەڵێ موبایلم پێیە) وەڵامبداتەوە و لە مەبەستی پرسیارەکە تێنەگات، ئەوا گریمانەی پێشەکی بۆ بابەتەکە بوونی نییە. توانستی پراگماتیکیی گوێگر لاوازە، لەم دەربڕاوانەدا "قسەکەر بەهۆی دەربڕاوە زمانییەکەوە، کاریگەری دەخاتە سەر گوێگر" (عبدالهیان، حمید و باقری، علی اصغر، ١٣٩٦: ٢٤٥). دەبینین، لە پشت هەر دەربڕاوێکەوە مەبەستێک هەیە، کە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆیە، بەهۆی دەوروبەرەوە ڕووندەبنەوە.

"کردە قسەییەکان ڕێگایەکیشە بۆ لێکدانەوەو خستنەڕووی مەبەست و واتای چالاکییە نازمانییەکانیش" (سەعید، ناز ئەکرەم، ٢٠١٣: ٢٨)، ئەمەش بەهۆی دەوروبەری دەربڕاوەکانەوە، مەبەستی سەرەکیی چالاکییە نازمانییەکان دەخرێنەڕوو، لەوانە: (بزەیەک)، کە دەشێت بەپێی دەوروبەرەکە، بەواتای بەدرۆخستنەوەی بەرانبەر و باوەڕپێنەکردنی، دڵخۆشی، یان گاڵتەپێکردن بێت، جوڵە و ئاماژەی ئەندامەکانی جەستە، دەکرێت هەریەکەیان زیاد لە کردەیەک بگەیەنن، کە بەپێی بارودۆخەکان، کردەی مەبەستی قسەکەر دەردەکەوێت.

٥٨-ا. شەقامەکە بەستویەتی. (ئاگادارکردنەوە).

ب. بابەتی توێژینەوەکەت دووبارەیە.  (ڕەخنەگرتن، یان داواکاریی گۆڕینی ناونیشانەکە).

پ. ئەم ژوورە تاریکە.  (داواکاری بۆ هەڵکردنی گڵۆپێک، یان هەواڵپێدان)

ت. تۆ خەوت نایەت؟ (پرسیارکردن، یان کاتێک قسەکەر خەوی دێت و داوای ڕێگاپێدان دەکات، کە بچێت بخەوێت).

ج. تۆ لە کۆمپیوتەر دەزانیت؟ (پرسیارکردن، یان داواکاریی یارمەتیدانی لە ئیشی کۆمپیوتەر)

چ. ئەمە چ جۆرە مرۆڤێکە؟  (ڕەخنەگرتن و توڕەیی، یان ستایشکردن)

ح. شتی وا هەرنابێت.  (ناڕازیبوون و ڕەخنە و توڕەیی)

خ. خۆزگە لەگەڵتاندا دەهاتم.  (ئارەزووکردن، یان پاکانەکردن)

د. خۆت دەبینیتەوە.  (هەڕەشەکردن، ئاگادارکردنەوە، یان توڕەیی)

ر. تۆ هەمیشە تایبەت و بەڕێزی لەلای من. (دڵنیایی پێدان و ستایشکردن و پێداهەڵدان)

ڕ. هەمیشە پشتیوانت دەبم.  (دڵنیایی پێدان و پشتگیریی کردن)

ز. بەڵێنت پێدەدەم، هەمیشە لەگەڵتدا دەمێنمەوە. (دڵنیایی پێدان و پشتگیریی کردن)

ژ. ئێستا خەبەرت دەبێتەوە؟  (بێ ئاگابوون، یان ڕەخنەگرتن لە کەمتەرخەمی گوێگر)

س. چایەکم بۆ ناهێنیت؟  (داواکاری)

ش. قسەکەر: دەتوانم، بزانم، ڕای تۆ چییە؟  (داواکاری و پرسیار)

گوێگر: نۆکۆمێنت.  (بۆچوونی نەرێنی، یان خۆدزینەوە لە بابەتێک)

لەهەریەک لە نموونەکانی (٥٨)دا بەئاشکرا، یان شاراوە، مەبەستێک، یان زیاتر خراوەتەڕوو، بەپێی دەروبەر، دەشێت، دەربڕاوێک لە دوو بارودۆخی جیاوازدا، دوو کردەی جیاواز بگەیەنێت، وەک:

٥٩-ا. ئاوەکەتان ساردە.  (دەستخۆشی و پێزانین)

ئاوەکەتان ساردە.  (داواکاری و ناڕازیی بوون)

ب.کتێبەکەم بۆ بهێنە. (فەرمانکردن)

کتێبەکەم بۆ بهێنە. (داواکاری، یان دەربڕینێک بەدەم خەوەوە دەربڕدرێت)

پ.لاوان هێشتا نەهاتۆتەوە. (هەواڵ گەیاندن، وەڵامی پرسیار، نیگەرانی...هتد).

نموونەی (٥٩-ا) لە دەوروبەرێکدا، کە وەرزی هاوین بێت، کردەکە دەستخۆشی و پێزانینە، کە ئاوی خواردنەوەیان ساردکردووە، بەڵام ئەگەر لە وەرزی زستاندا بێت، یان لە کاتی نەخۆشیدابێت، ئەوا کردەکە پێچەوانە دەبێتەوە، بە واتای ناڕازیبوون و داواکاریی گۆڕینی و ساردنەکردنی ئاوی خواردنەوە. لە (٥٩-ب)دا دەربڕاوی یەکەم لە دەوروبەرێکدا کردەی فەرمانکردنە، کە مامۆستایەک داوا لە قوتابییەک بکات، یان دایک و باوک داوا لە منداڵەکەیان بکەن، بەڵام بە پێچەوانەوە، منداڵ داوابکات لە کەسێک بکات، کە پێگەی لەخۆی بەرزتربێت، دەبێتە داواکاری، یان لە کاتی خەوبینیندا و بەدەم خەوەوە دەرببڕدرێت، بێواتا دەبێت. لە (٥٩-پ)یشدا لە دەوروبەری جیاوازدا زیاتر لە کردەیەک دەگەیەنێت. دەشێت پێدانی هەواڵ بێت، یان لەوەڵامی پرسیارێکی وەک (لاوان لەماڵەوەیە؟)، یان وەک نیگەرانی و ترس و ئاگادارکردنەوە دەربڕابێت. دەشێت لە باوردۆخێکدا بە واتای سکاڵا کردن، یان ناڕەزایەتی لە درەنگ گەڕانەوە بێت، یان دەرخستنی خەمساردی کەسەکە بێت...هتد؛ بە پێچەوانەوەشەوە دەشێت چەند دەربڕاوێک یەک کردە بگەیەنن.

٦٠-ا.بێزەحمەت کتێبەکەی من لای ئێوەیە؟

ب.ئیشتان بە کتێبەکەی من نەماوە؟

پ.کتێبەکەم بۆ بهێننەوە.

ت.خەریکی نووسینی بابەتێکم، پێویستم بەو کتێبەیە، کە لای ئێوەیە.

لە نموونەکانی (٦٠)دا بە چەندین ڕۆنان و ڕێژەی جیاواز، یەک کردە ئەنجامدراوە، ئەویش (داواکردنەوەی کتێبێکە)، لە هەریەک لەو ڕۆنانانەدا ڕێژەی جیاوازی ڕێزگرتنی تێدا بەکارهاتووە.

لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا "ڕستەی پرس، بەشێوەیەکی فراوان، لەجیاتی وەڵام لە گفتوگۆدا، بەکاردێت، لەم حاڵەتەدا دەبنە کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ" (دست آموز، سعیده و محمدی، محمد رضا، ١٣٩٥: ٣٩).

٦١- قسەکەر: ماڵەکەت پاککردۆتەوە؟

گوێگر: نازانم ئەم ماڵە بۆ پاکی هەڵناگرێت؟

کۆمەڵێک ناوی کرداریی هەن، کە کردە و مەبەستی قسەکەر لە ئاخاوتندا دەخەنەڕوو، وەک "تکاکردن، پێشنیارکردن، بەڵێندان، سوپاسکردن...هتد" (سەرچاوەی پێشوو: ٤٢).

٦٢-ا. تکایە، یارمەتیم بدە. (داواکاری)

ب. سوپاس، کە یارمەتیدام. (پێزانین، دەشێت بەپێی دەوروبەر، گلەیی کردنیش بێت)

"لەهەندێک باردا بەرهەمهێنانی دەربڕاوێک، دەبێتە هۆی گۆڕانکارییەکی بەرجەستە لە دونیای دەرەوەدا" (معصوم، سید محمد حسینی و رادمرد، عبداله، ١٣٩٤: ٦٩)، واتە کردەکە لەهەمانکاتدا ڕوودەدات. وەک لە نموونەکانی (٦٣)دا خراوەتەڕوو:

٦٣-ا. کاتێک دادوەر دەڵێت: بڕیارماندا بە ئازادکردنی زیندانی (....).

ب. بڕیاردرا بە وەرگرتنی سەرجەم پێشکەشکارانی خوێندنی باڵا.

پ. بڕیارماندا بە نۆژەکردنەوەی قوتابخانەکە.

ت. بڕیاری جیابوونەوەی دوو هاوسەر.

لە هەریەک لە نموونەکانی (٦٣)دا کردەیەکی ڕاستەوخۆ ئەنجامدراوە، کە بارودۆخی کەس و شوێنەکانی گۆڕیوە.

هەر دەربڕاوێک لەلایەن قسەکەرەوە کردەیەک دەگەیەنێت، لە بەرانبەردا گوێگریش وەک کاردانەوەیەک کردەیەک ئەنجامدەدات، کە دەشێت، کردەی قسەکەر و گوێگر یەکسان، یان جیاوازبن.

٦٤-ا. قسەکەر: من خۆم ناهێنمە ئاستی تۆ. (شکاندن و سوکایەتی پێکردن)

گوێگر: بۆچی تۆ چیت؟ (شکاندن و سوکایەتی پێکردن)

ب.قسەکەر: نامی منداڵێکی هێمنە. (پەسنکردن و گومانی باش)

گوێگر: هەر زۆر. (ڕابواردن و ناڕازیبوون، یان جەختکردنەوە)

پ.قسەکەر: کارێکی گەورەیان بۆ کردین، پێویستە هەمیشە سوپاسیان بکەین. (پێزانین)

گوێگر: هیچ سوپاسیان ناکەم، ئەرکی خۆیانە. (ناڕازیبوون و پێنەزانین)

لە (٦٤-ا)دا دەبینرێت، کردەی قسەکەر و گوێگر، یەکسانن، بەڵام لە (٦٤-ب)دا بەپێی دەوروبەرەکە دەشێت جیاواز، یان یەکسانبن، بەڵام لە (٦٤-پ)دا جیاوازن. بەمشێوەیە دەبینین، کە کاریگەریی ئاخاوتنی قسەکەر لەسەر گوێگر و ئامادەبووان وەکیەک نین. هەندێکجار "تاک لەکاتی ئاخاوتندا کردەیەک ئەنجامدەدات، گوێگر بە لەبەرچاوگرتنی دەوروبەر مەبەستەکە وەردەگرێت" (میرقادری، سیدفضل الله و اشراق پور، مریم، ١٣٩٥: ٣٧)، دەکرێت گوێگر مەبەستی قسەکەر وەک خۆی (واتە، وەک دەوروبەر و تێڕوانینی قسەکەر) درکپێنەکات.

لەم تیۆرەدا "تەنیا واتای ڕواڵەتی لەبەرچاو ناگیرێت، بەڵکو بەشێوەیەکی شاراوە، بارودۆخی کات و شوێن و کلتوری...هتد، لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت" (دست رنج، فاطمه و ذوالفقاری، محسن، ١٣٩٩: ٧٨)، ئەمەش کاریگەریی دەوروبەرە لە ناو دەربڕاوەکاندا، کە لەڕێگەی تیۆرەکەوە دەخرێنەڕوو.

(سیریل)، کە گەشەپێدەرو تەواوکەری ئەم تیۆرەیە، "جیاوازی لە نێوان واتای ڕستە و واتای مەبەستی قسەکەردا کردووە" (سرل، جان آر، ١٣٨٧: ٦٥). پێی وایە، گرنگیی تیۆرەکە بریتییە لە "شیکردنەوەی کردە شاراوەکان لە دەربڕینەکاندا، کە دەرخەری واتایە" (سەرچاوەی پێشوو: ٦٦)، لەبەرئەوەی قسەکەر لە ڕێگەی کۆمەڵێک وشە و دەستەواژەو ڕستەوە، کردەیەک جێبەجێدەکات، تێگەیشتن و شیکردنەوەی ئەم کردە شاراوەیە، دەرخەری واتای دەربڕاوەکانە، چۆنێتیی هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەکان و ڕێکخستنیشیان لەناو ڕستەکاندا، کاریگەری لە چۆنیەتیی گەیاندنی مەبەستەکاندا هەیە.

دوو کەس دەتوانن، یەک دەربڕاو بۆ گەیاندنی یەک مەبەست بەرهەمبهێنن، واتە هەردوو دەربڕاوەکە یەک کردە ئەنجامبدەن، یان بەپێچەوانەوە بۆ گەیاندنی یەک مەبەست، دوو قاڵبی ڕستەی جیاواز بەرهەمبهێنرێت. بڕوانە (لاینز، جان، ١٣٩١: ٣٤٥- ٣٤٦).

٦٥-ا. کوڕەکەی سازان زیرەکە.

ب.باکۆ زیرەکە.

پ. لەگەڵ منت بوو؟!

لە (٦٥-ا،ب)دا هەردوو ڕستەکە یەک کردە دەگەیەنن، کە دوو قسەکەر دەریانبڕیوە، کردەی (پیاهەڵدان و ڕاگەیاندنی هەواڵێک) دەگەیەنن، لە (٦٥-پ)دا دەشێت، لە

دەوروبەرێکدا (پرسیارکردن) بگەیەنێت، لە دەوروبەرێکی دیکەشدا (پرسیار و سەرسوڕمان)بێت. دەشێت (سەرزەنشتکردن، یان خۆبەگەورەزانین، یان ڕەخنەگرتن) بگەیەنێت.

بەشێوەیەکی گشتی، کردە قسەییەکان بۆ پێنج جۆر پۆلدەکرێن: "ڕاگەیاندن/بڵاوکردنەوە، نواندن/وەسفکردن، هەستدەربڕین، ئاراستەکردن/داخوازی، پابەندکردن/فەرماندان" (یوڵ، جۆرج، ٢٠١٦: ٩٢).

٦٦-ا.لیژنەکە بڕیاریدا خوێندکاری ناوبراو بۆ ماوەی سێ ڕۆژ فەسڵبکرێت.

ب.لە نێوان ململانێی دەسەڵاتدارندا تەنیا میللەت دەبێتە قوربانی.

پ.بەداخەوە بارودۆخی وڵات هیچ باش نییە.

ت.ڕانانێک بۆ ئەم کتێبە بکە.

ج.بەڵێنبێت ساڵی داهاتوو وانەکەتان پێبڵێم.

لە نموونەکانی (٦٦)دا جۆرەکانی کردە قسەییەکان خراونەتەڕوو، لە (٦٦-ا)دا لە جۆری ڕاگەیاندنە(Declaration)، ئەم کردەیە "بە دەربڕینیان جیهانی دەرەوە دەگۆڕێ" (سەرچاوەی پێشوو: ٩٢)، وەک: (بڕیاری دادگاکان، مامۆستای ئاینی، بەڕێوەبەر، یان سەرۆکی وڵات...هتد). لە (٦٦-ب)دا جۆری کردەکە نواندنە(Representative)، لەمجۆرەدا قسەکەر "جیهانی دەرەوە چۆن هەیە، یان بە پێی تێڕوانین و باوەڕی خۆی نیشاندەدات" (دست رنج، فاطمه و ذوالفقاری، محسن، ١٣٩٩: ٧٦)، وەک لە نموونەکەدا دەردەکەوێت، قسەکەر بەپێی بیروبۆچوونی خۆی و بارودۆخەکە، ڕووداوەکانی وەک خۆی خستتەڕوو.

لە (٦٦-پ)دا کردەی هەستدەربڕینە (Expressive)، هەستی قسەکەر دەربارەی دەروبەر و بارودۆخێک خراوەتەڕوو، وەک: (دڵخۆشی، دڵتەنگی، تورەیی، ترس، ڕق، بێزاریی...هتد). لە (٦٦-ت)دا جۆری کردەی ئاڕاستەکردنە (Directives)، لەمجۆرەدا قسەکەر جۆرێک لە داواکردن، یان ئاڕاستەکردن دەردەبڕێت. لە (٦٦-ج)دا جۆری کردەکە، پابەندبوونە (Commissives)، واتە "قسەکەر خۆی پابەند دەکات بە ئەنجامدانی کارێک لە داهاتوودا" (سەرچاوەی پێشوو: ٧٧)، بۆ نموونە (بەڵێندان، هەڕەشەکردن).

### ٢-٣/٣) بەخشکەیی دەربڕین

هەندێکجار ئاخێوەران لە ڕێگەی دەربڕینەوە مەبەستەکان بە ناڕاستەوخۆیی دەخەنەڕوو، چۆنێتیی گەیاندنی مەبەستەکان و تێگەیشتن و لێکدانەوەی دەربڕاوەکانیش، بە بەزاندنی بنەمای هاریکاریی (گرایس)ەوە پەیوەستن، کە "لە ساڵی (١٩٦٧)دا، تیۆری بەخشکەیی دەربڕینی خستەڕوو، پاشان لەساڵی (١٩٧٥)دا لە وتارێکدا بە ناوی (لۆژیک و گفتوگۆ) بنەمای هاریکاری باسکرد" (رفاهی، سمانه، ١٤٠٠: ٢١٤). بەزاندنی ئەم بنەمایانە بەخشکەیی دەربڕین دێنێتە ئاراوە، کە پێویستیی بە دەوروبەر هەیە، بۆ لێکدانەوە و دەرخستنیان. (گرایس) چوار بنەمای هاریکاری دەخاتەڕوو، کە بریتین لە، (چەندێتی، چۆنێتی، پەیوەندی، شێواز) (سالاری، زهرا و آخرون...، ١٣٩٨: ١٩٤).

**١.بنەمای چەندێتی:** لەم بنەمایەدا پێویستەئاخێوەران ڕەچاوی چەند شتێک بکەن، لەوانە: (تایبەتە بە بڕی زانیاری، کەپێویستە دەستەبەربکرێت، کە بەشدارییەکە، نە زیاتر و نە کەمتر بێت) (دزەیی، عەبدولواحید موشیر، ٢٠١٤: ١٠٢)، واتە زیادەڕەویی لە ئاخاوتندا نەکرێت، بابەتی لاوەکی و ناپەیوەندیدار بە ئاخاوتنەکەوە دەرنەبڕدرێت.

٦٧-ا. قسەکەر: سبەینێ لەماڵەوە دەبیت؟

گوێگر: بەڵێ

ب. گوێگر: سبەینێ دەوامم هەیە.

لە (٦٧-ا)دا بنەمای چەندێتی پەیڕەوکراوە، بەڵام لە (٦٧-ب)دا بەخشکەیی دەربڕین هاتۆتە ئاراوە، لەئەنجامی بەزاندنی بنەمای چەندێتی، کە وەڵامی پرسیارەکە بە ناڕاستەوخۆ دراوەتەوە، بە پێی دەوروبەر دەتوانرێت بزانرێت، کە وەڵامەکەی نەخێرە، لەبەرئەوەی لە دەوام دەبێت، نەک ماڵەوە.

٦٨-ا. قسەکەر: لە تاقیکردنەوەکە دەردەچیت؟

گوێگر: بەڵێ

ب. لە سێ پرسیار، دووانیانم ڕاستە.

له (٦٨-ا)دا بنەمای چەندێتی پەیڕەوکراوە، کە گوێگر وەڵامێکی دڵنیاکەرەوەی بە ڕاستەوخۆ داوەتەوە، بەڵام لە (٦٨-ب)دا بەخشکەیی دەربڕین لە ئەنجامی بەزاندنی بنەماکە دروستبووە، لە وەڵامدا بە ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە (بەڵێ)دەکرێت.

دەشێت، مەبەستی جۆراوجۆر لە پشت بەزاندنی ئەم بنەمایەوە هەبن، کە دەوروبەر دەریدەخات، دەکرێت "بۆ مەبەستی چەواشەکردن یاخود هەڵخەڵەتاندن و لەخشتەبردن و بەلاڕێدابردنی بەرامبەر، لە نەدانی زانیاری پێویست"بێت. (ئیبراهیم، هاوسەر نەوزاد، ٢٠١٤: ١٩).

٦٩-ا. داهاتی مانگانەت چەندە؟

ب. خراپ نییە، بەشدەکات.

لەم نموونەیەدا بنەمای چەندێتی بەزێنراوە، واتای بەخشکەیی دەربڕین هاتۆتە ئاراوە، کە مەبەست لەوەیە، بە قسەکەر بڵێت، پەیوەندیی بەتۆوە نییە، زانیاری لەسەر موچەکەی پێنەدات.

**٢.بنەمای چۆنێتی:** لەکاتی ئاخاوتندا بەمەبەستی پەیرەوکردنی ئەم بنەمایە، پێویستە ئاخێوەران چەند تایبەتمەندییەک لە دەربڕینەکانیاندا هەبن، (ڕاست و دروستبێت، شتێک نەوترێت، کە بڕوایان پێی نییە، یان بەڵگەیان نییە). (ئەحمەد، تریفە عومەر، ٢٠٠٨: ٧٤).

٧٠-ا. سایە کەسێکی زۆر وریایە. (بەخشکەیی دەربڕین: وریا نییە).

ب. قسەکەر: سارا پسپۆڕییەکەی چییە؟

گوێگر: لە هەموو بوارێکدا پسپۆڕە. (بەخشکەیی دەربڕین: لەهیچ شتێک نازانێ، لەسەر هەموو شتێک قسەدەکات).

پ. ئێرە بووە بە زبڵخانە. (بەخشکەیی دەربڕین: شوێنەکە پیسە).

ت. هەستە لەخەو نیوەڕۆیە. (بەخشکەیی دەربڕین: کاتەکەی درەنگە).

ج. هەزار جار وتم، وامەکە. (بەخشکەیی دەربڕین: زۆر ئامۆژگاریمکرد).

چ. لە بەیانییەوە چاوەڕێت دەکەم. (بەخشکەیی دەربڕین: زۆر چاوەڕێمکردی).

له نموونەکانی (٧٠)دا بنەمای چۆنێتی پەیڕەو نەکراوەوە و بەخشکەیی دەربڕێن لەهەریەک لە ڕستەکاندا، هاتۆتە ئاراوە، کە دەوروبەر مەبەستەکانی دەخاتەڕوو، لە (٧٠-ا)دا ئەگەر لە دەوربەرێکی وەک قوتابخانە بە قوتابییەک بوترێت، کە گەشەی ژیریی دواکەوتبێت، لەوکاتەدا بەخشکەیی ئەوە دەخرێتە ڕوو، کە پشتی پێنەبەسترێت، بەڵام ئەگەر (سایە) لە لۆجیکدا (دنیای دەرەوەدا) وریا بێت، ئەوا (بەخشکەیی دەربڕین) نایەتە ئاراوە.

هەندێکجار ئاخێوەر دڵنیا نییە لەو زانیارییەی، کە دەیەوێت بیگەیەنێت، بەمەبەستی لانەدان لە بنەماکان، هەندێک دەستەواژە بەکاردەهێنێت، کە دەرخەری گومان و دوودڵییە لە گەیاندنی زانیارییەکە. ئەوە دەردەخات، کە ئاخێوەر ئاگاداری بنەماکانی ئاخاوتنە. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە، یوڵ، جۆرج، ٢٠١٦: ٧١-٧٤)، وەک لە نموونەکانی (٧١)دا خراونەتەڕوو.

٧١-ا.لەوانەیە، میناش لە ئاهەنگەکە بێت.
ب.پێدەچێت، ئەو دووانە هاوسەری یەکتربن.
پ.دڵنیانیم، کە کتێبخانە کراوە بێت.

**٣. بنەمای پەیوەندی:** لەم بنەمایەدا پێویستە وەڵامەکان پەیوەندییان بە پرسیارەوە هەبن، کاتێک وەڵامەکان پەیوەندیدار نابن، کە مەبەستێکی شاراوە بگەیەنن، پێی دەوترێت بە خشکەیی دەربڕین.

٧٢-ا. قسەکەر: ئانا کەسێکی ترسنۆکە.
گوێگر: ڕاپۆرتەکانم بۆ ناردیت.

لە نموونەی (٧٢)دا بنەمای پەیوەندی بەزێنراوە، وەڵامی گوێگر پەیوەست نییە، بە پرسیارەکەوە، ئەمەش بەخشکەیی دەربڕینە، بەپێی دەوروبەرەکە دەشێت (ئانا)، یان کەسێکی نزیکی، گوێی لە گفتوگۆکەبێت، گوێگر بەو وەڵامە قسەکەر ئاگادار دەکاتەوە، بابەتەکە دەگۆڕێت.

٧٣-ا. قسەکەر: کەی دەعوەتمان دەکەیت؟

گوێگر: پیرۆزە ئەم جلە نوێیانەت.

لە نموونەی (٧٢)دا بنەمای پەیوەندی بەزێنراوە، گوێگر بەمەبەستی خۆدزینەوە لە دەعوەتکردن، بابەتەکەی گۆڕیوە، بەخشکەیی ئەوەی بە قسەکەر وتووە، کە دەعوەتکردن لە ئارادا نییە.

٤. **بنەمای شێواز:** لەم بنەمایەدا پێویستە ئاخێوەران شێوازیان "ڕێکخراو و بەکورتی قسەبکەن، دوور لە لێڵی و پێچاوپێچی"بێت (سالاری، زهرا و آخرون...، ١٣٩٨: ١٩٤)، بەزاندنی بنەماکەش، بەخشکەیی دەربڕینە.

٧٤-ا.قسەکەر: دەنگوباست چۆنە؟

گوێگر: زۆرباشم.

ب.هەمووشتێ، وەک خۆیەتی.

پ.قسەکەر: سبەینێ دەچیت بۆ زانکۆ.

گوێگر: لەوانەیە هێشتا بایکۆت نەشکێنرابێت.

لە (٧٤-ا)دا پەیڕەوی لە بنەمای شێواز کراوە، وەڵامی گوێگر ڕێکخراو و ڕوون و کورتە، بەڵام لە (٧٤-ب)دا بنەمای شێواز بەزێنراوەو ڕووننییە، وەڵامەکە چییە، بەخشکەیی دەربڕین دروستبووە، کە بە لەبەرچاوگرتنی دەوروبەر، لێڵییەکە دەڕەوێتەوە و مەبەستی گوێگر دەردەکەوێت. لە (٧٤-پ)یشدا وەڵامی گوێگر بۆ پرسیاری قسەکەر، لێڵە و گوێگر بەشێوازێک وەڵامدەداتەوە، کە لێڵە و بەخشکەیی دەربڕاوە و بەپێی دەوروبەر ڕووندەبێتەوە. ئەم بنەمایانە "دەبێت وەک گریمانە دەرنەبڕاوەکانی گفتوگۆکانمان دابنێین" (یولّ، جۆرج، ٢٠١٦: ٧٠)، پەیڕەوکردنیان و ڕادەی ئاگایی ئاخێوەران بۆ بنەماکان، هاریکاری لە پەیوەندیکردن و تێگەیشتن دێنێتە ئاراوە و لە کاتی پەیڕەونەکردنیشیان، بەخشکەیی مەبەستەکان دەگەیەنرێن، بە ئاگاداربوون لە دەوروبەری ئاخاوتنەکە، دەتوانرێت مەبەستی قسەکەر ڕوونببێتەوە. لە ئەنجامی پێشێلکردنی ئەم بنەمایانە، زۆرجار پەند و ئیدیۆم و میتافۆرەکان دێنە ئاراوە.

٧٥-ا. قسەکەر: تەنها ئەمجارە کارەکە بەمن بسپێرە.

گوێگر: بڕۆ بۆ حەلاوی باسبکە.
ب. قسەکەر: تکایە وەرە بۆ ئاهەنگەکە.
گوێگر: من ئەڵێم نێرە تۆ ئەڵێی بیدۆشە.
پ. قسەکەر: ئازیز خەریکی چییە؟ سبەینێ تاقیکردنەوەی هەیە.
گوێگر: مێشێ میوانی نییە.
ت. قسەکەر: لەرێ خوێندکارێکی چۆنە؟
گوێگر: ئاگری قورەتە.

لەهەریەک لە نموونەکانی (٧٥)دا لە ئەنجامی بەزاندنی بنەماکانی هاریکارییەوە، ئیدیۆمەکان هاتوونەتە ئاراوە، بەخشکەیی لە ڕێگەی ئیدیۆمەکانەوە مەبەستی شاراوە دەربڕاون، لە (٧٥–ا)دا لە وەڵامی قسەکەردا گوێگر بەخشکەیی لە ڕێگەی ئیدۆمێکەوە، ئەوە دەخاتەڕوو، کە (من گوێ بۆ تۆ ناگرم). لە (٧٥–ب)دا گوێگر بە ئیدیۆمێک بەخشکەیی ئەوە دەردەخات، کە ئەوەی قسەکەر داوایدەکات، ناتوانێت، ئەنجامیبدات و ئەستەمە. لە (٧٥–پ)یشدا بە خشکەیی (خەمساردی و بێباکی قوتابییەک، بەرانبەر بە وانە خوێندن، یان تاقیکردنەوە هەیەتی)، خراوەتەڕوو، لە (٧٥–ت)دا بە ئیدیۆمێک وەڵامی قسەکەر دراوەتەوە، کە بەخشکەیی و بەپێی دەوروبەرەکە دەشێت، واتای زیرەکی، هار و ئاژاوەگێڕ، یان وریا و چاوکراوە، بگەیەنێت.

٧٦–ا. قسەکەر: ئەو کەسێکی چۆنە؟
گوێگر: قۆڵبڕە.
ب.قسەکەر: باخەکەیان خۆشە؟
گوێگر: بەهەشتە.
پ. قسەکەر: زۆرجار کچە پورەکەت لەبازاڕ دەبینم.
گوێگر: زۆر دەستبڵاوە.
ت.قسەکەر: ئەوە چیبوو ئەو کابرایە دەیوت؟
گوێگر: درۆیەکی شاخداربوو.

لە نموونەکانی (٧٦)دا لە ئەنجامی بەزاندنی بنەماکان میتافۆر هاتوونەتە ئاراوە، بەخشکەیی مەبەستەکان خراونەتەڕوو، لە (٧٦–ا)دا وشەی (قۆڵبڕ) میتافۆرە و واتای

(فێڵباز و هەڵخەڵەتێنەر) دەگەیەنێت، لە (٧٦-ب)دا بنەماکان بەزێنراون و وشەی (بەهەشت) لێرەدا میتافۆرە، بەخشکەیی واتای (خۆشی و جوانی و خۆشگوزەرانی) دەگەیەنێت. لە (٧٦-پ)دا لە ئەنجامی بەزاندنی بنەماکان گوێگر بە خشکەیی بەهۆی میتافۆرەوە ئەوە دەگەیەنێت، کە کچە پورەکەی، کەسێکە زۆر پارە خەرجدەکات، لەبەرئەوە زۆر دەچێتە بازاڕ.

٧٧-ا. قسەکەر: با پێکەوە کتێبخانەیەک دابنێین.

گوێگر: برامان برای و کیسەمان جیایی.

ب.قسەکەر: زۆر ئامۆژگاریمکرد، سودی نەبوو.

گوێگر: ئەو کەسە کەسە، ئەلفێکی بەسە.

پ.قسەکەر: هەوڵبدەن، هەڵەکەی بۆ چارەسەربکەن.

گوێگر: بەردێک نەزان بیخاتە گۆمەوە، بەسەد زانا دەرنایەت.

لە نموونەکانی (٧٧)دا بنەماکان بەزێنراون و لەڕێگەی پەندی پێشینانەوە، مەبەستەکان بە خشکەیی خراونەتەڕوو. لە (٧٧-ا)دا لەوەڵامی قسەکەردا پەندی پێشینان بەکارهاتووە، بەو واتایەی، کە گوێگر بە داواکاری قسەکەر ڕازی نییە، تێیدا بنەماکان بەزێنراون.

لە (٧٧-ب)دا، گوێگر بە پەندێک ئەوەی گەیاندووە، کە ئەو کەسەی، قسەکەر باسیدەکات، ئامۆژگاری وەرناگرێت. لە (٧٧-پ)یشدا بنەماکان بەزێنراون و بەخشکەیی ئەوە خراوەتەڕوو، چارەسەرکردنی کێشەکە مەحاڵە.

لە تیۆری بەخشکەیی دەربڕیندا توانای قسەکەر بۆ درکپێکردنی ئاخاوتنەکە، ڕۆڵدەبینێت لە چۆنێتیی گەیاندنی مەبەستەکان و ئەنجامدانی کورتبڕی لە ئاخاوتندا و گەیاندنی زۆرترین مەبەست بە کەمترین دەربڕاو.

# ئەنجامەکان

# ئەنجامەکان

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی، کە لێکۆڵینەوەکە پێیانگەیشتووە بریتین لە:

١- دەوروبەر ڕۆڵێکی سەرەکی لە ڕۆنانی (فرێز و جۆرەکانی ڕستە)دا هەیە و هەریەک لە ڕۆنانە سینتاکسییەکان بەجۆرێکی دەوروبەرەوە پەیوەستن. لەم ڕووەوە دەوروبەری دەروونی لە هەموو جۆرەکانی دیکە بەهێزتر و کاریگەرترە، پۆلکردنی کرداریش بۆ ڕاگەیاندن و دانانی و فراوانکردنی ڕستە و ڕۆنانی ڕستەی باسمەندیش لە ڕوانگەی ئەمجۆرە دەوروبەرەوەن.

٢- نەبوونی زانیاریی هاوبەش لە نێوان قسەکەر و گوێگردا، دەبێتە هۆی ئەوەی، کە قسەکەر بەهۆی دەرخەرەوە لە ڕۆنانی فرێزدا ڕوونکردنەوە و زانیاری بە گوێگر بدات، لە ئەنجامدا لێڵی و ناڕوونی لای گوێگر دروستنابێت و بیری قسەکەر بە شێوازێکی ڕوون و ئاشکرا بە گوێگر دەگات.

٣- ئاخێوەر بە مەبەستی دەستکردن بە ئاخاوتن، بە پێی دەوروبەرە جیاوازەکان، قاڵبی ڕێزمانیی گونجاو هەڵدەبژێرێت، ئەم قاڵبانەش بە وشەی گونجاو پڕدەکاتەوە، بە شێوەیەک، لەگەڵ بارودۆخەکە و خواستی خۆیدا بگونجێت.

٤- دەوروبەر بەهەردووجۆری (زمانی و نازمانی)، لە ڕوونکردنەوەی واتا و مەبەستی ڕستەکاندا بەتایبەتی ئەو ڕستانەی نیشانە پراگماتیکییەکان، یان گریمانەی پێشەکییان تێدایە، ڕۆڵێکی سەرەکیی دەبینن، نیشانەکانی (کەس، کات، شوێن)یش چالاکترین جۆرن، بە تایبەتی نیشانە کەسییەکان، چونکە پەیوەندیی سەرەکی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە و لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاردێن.

٥- گریمانەی پێشەکی و زانیاریی هاوبەش دوو بواری لەیەکتر جیاوازن، زانیاریی هاوبەش لە لای قسەکەر و گوێگر بوونی هەیە، بەڵام گریمانەی پێشەکی، گریمانەکردنی زانیارییەکە، مەرج نییە، لای هەردووکیان هەبێت، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەشێوەیەکی فراوانتر گریمانەی پێشەکی بەکاردەهێنرێت.

# لیستی سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

**١)بە زمانی کوردی:**

**ا- کتێب**

- ئەحمەد، بێستوون حەسەن (٢٠١٨)، **لێکدانەوەی سیمانتیکی و پراگماتیکی دەربڕدراوە چەسپاوەکان لە زمانی کوردیدا**، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی.

- ئەمین، وریا عومەر (٢٠١١)، **پیتۆکەکانی زمانەوانی**، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

- برزو، ئومێد بەرزان (٢٠١١)، **دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا**، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

- بەرزنجی، فەرەیدون عەبدول (٢٠٠٨)، **نادیاری**، چاپخانەی ڕۆمان، سلێمانی.

- پیرەمێرد (١٩٩٥)، **پەندەکانی پیرەمێرد**، کۆکردنەوەو ساغکردنەوەی: کۆمەلێک نووسەر، چاپخانەی (الزمان)، بەغداد.

- جێرمان، کلۆد و لۆبلان، ریمۆ(٢٠٠٦)، **واتاسازی**، و: یەسف شەریف سعید، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

- حسەین، شیلان عومەر (٢٠٠٩)، **ئیدیۆم (چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا)**، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

- حوسێن، هیمداد (٢٠٠٧)، **ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی**، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی (سەنتەری ڕوناکبیری هەتاو)، کەرکوک.

- خاڵ، شێخ محەمەد (١٩٧١)، **پەندی پێشینان**، چاپخانەی شڤان.

- دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٤)، **زانستی پراگماتیک**، چاپی دووەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

- دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٥)، **پراگماتیک و ڕەوانبێژی**، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

- ڕەسول، عەبدوڵڵا حوسێن (٢٠١٤)، **ناکردن لە کوردیدا**، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

- سوبحانی، جەلال مەحمود (٢٠١٢)، **ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا**، بەگی (یەکەم و دووەم و سێیەم)، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

- سەعید، سازان زاهیر (٢٠٢٠)، **نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردیدا**، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلیمانی.
- سەفەوی، کورش (٢٠٢٠)، **ناسینی واتاسازی**، و: شیروان حوسێن خۆشناو، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
- شێخ تەیب، شەهاب (٢٠١٤)، **دەربارەی زمانەوانی**، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین.
- عەلی، تاڵیب حوسێن (٢٠١٤)، **زانستی زمان و زمانی کوردی**، بەشی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- عەلی، تاڵیب حوسێن (٢٠٢٠)، **زانستی زمان و زمانی کوردی**، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- غەفوور، مستەفا (٢٠١٨)، **ئیدیۆم و ڕەهەندەکانی**، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- فەتاح، محەمەد مەعروف (٢٠١٠)، **لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان**، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: شێروان حسێن خۆشناو، شێروان میرزا قادر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- فەتاح، محەمەد مەعروف (٢٠١١)، **زمانەوانی**، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵڵا (٢٠٠٨)، **ڕستە و پاش ڕستە**، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- قادر، شێرکۆ حەمەئەمین (٢٠٢٢)، زمان و توێژینەوە فرەچەمکییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- قادر، کاروان عومەر (٢٠٠٨)، **ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا**، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.
- کانبی، دلێر صادق (٢٠١٥)، **تیۆری بارگەخستن و ڕۆنانی ڕستە**، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
- کەرەمی، سەعید (١٣٩٦)، **وشەناسی زمانی کوردی**، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانستگای کوردستان، سنە.
- محەمەد، دارا حەمید (٢٠١٠)، **واتاسازی**، چاپی یەکەم، چاپەمەنی ژیر، سلێمانی.
- محەمەد، دارا حەمید (٢٠١٣)، **هەندێ لایەن لە تیۆرییەکانی زمان**، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

- مستەفا، مستەفا ڕەزا (٢٠٢١)، **پۆلێنکردنی مۆرفیمە بەندەکان**، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلیمانی.
- مستەفا، نەزیرە سابیر (٢٠٢١)، **پراگماتیک و شێوازگەری**، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
- مەحویی، محەمەد (٢٠٠١)، **رستەسازیی کوردیی**، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- مەحویی، محەمەدی (٢٠١١)، **بنەماکانی سینتاکسی کوردی**، بەرگی یەکەم، سلێمانی.
- مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠١٠)، **دروستەی فرێز لە زمانی کوردییدا**، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.
- مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠٢٠)، **لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی**، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی سارا، سلێمانی.
- یوڵ، جۆرج (٢٠١٦)، **مەبەستناسی (پراگماتیک)**، و:ڕەحیم سورخی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.

**ب- نامەی زانکۆیی**

- ئەحمەد، تریفە عومەر (٢٠٠٨)، **مەبەستی پراگماتیکیی لە وتاردا**، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- ئەحمەد، تریفە عومەر (٢٠١٣)، **پراگماتیکیی فەرهەنگی و پێکداچوونی پێکهاتەکانی**، نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- ئەورەحمان، ئالان محەمەد (٢٠١٥)، **پەرچە واتا لە بۆتەی کۆزمانەوانیدا**، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- ئیبراهیم، شیلان ڕەحیم (٢٠١٩)، **نەخشاندنی کۆزانیاریی وشەیی لە فەرهەنگی ئاوەزییدا**، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- ئیبراهیم، هاوسەر نەوزاد (٢٠١٤)، **مۆرفۆپراگماتیک لە زمانی کوردیدا**، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان.
- حسەین، شیلان عومەر (٢٠١١)، **پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا**، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- حسەین، ئازاد ئەحمەد (٢٠٠١)، **ئەرکی ئەدڤێربڵ لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا**، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- حمەڕەحیم، عرفان مستەفا (٢٠٠٣)، **ڕستەی ئاوێتە لە زاری سلێمانی و هەورامیدا**، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- ڕەشید، طه ڕەحیم (٢٠١٥)، **ڕۆنانی فریز لە زاری کرمانجیی ناوەڕاست و کرمانجیی ژوروودا**، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- سدیق، شێرزاد سەعید (٢٠٠٨)، **ڕستەی زمانی کوردی بە پێی تیۆری (کاتیگۆری و پێوانە)ی هالیدەی**، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.

- سدیق، شێرزاد سەعید (٢٠١٣)، **ڕستە بە پێی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی لە زمانی کوردی و فارسیدا**، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران.

- سەعید، ناز ئەکرەم (٢٠١٣)، **کردەقسەییەکان (هێورکردنەوە لە دەربڕیندا)**، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- عومەر، نەوزاد ئەنوەر (٢٠١٤)، **هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتیی پراگماتیک لە زمانی کوردیدا**، نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- عەبدوڵا، شلێر ڕەشید (٢٠١٥)، **پرۆسەی گەیاندن و چالاکبونەوەی فۆرمە زمانی و نازمانییەکان لە زمانی کوردیدا**، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- عەزیز، ئاریان سدیق (٢٠٢٠)، **ناوی کرداریی، کرداری شکاوە و کرداری ئاڵۆز**، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- غەریب، نالی ئەدهەم (٢٠١٦)، **درکپێکردنی مێتۆنۆمی لە زمانی کوردیدا**، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- فەرەج، شاخەوان جەلال (٢٠١١)، **تابۆ وەک نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور**، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- فەرەج، هۆگر مەحموود(٢٠٠٠)، **پراگماتیک و واتای نیشانەکان**، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- قادر، تارا موحسین (٢٠٠٤)، **جێناو: لێکدانەوەیەکی نوێ لە زمانی کوردیدا (بە کەرەستەی دیالێکتی خواروو)**، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- قادر، سەباح ڕەشید (٢٠٠٠)، **هاوبێژی و فرەواتایی لە (گیرەک)دا**، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- قادر، ئاوات ساڵح (٢٠١٥)، **ڕێککەوتنی سینتاکسیی لە زمانی کوردیی و فارسییدا**، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- قادر، ئەبوبەکر عومەر (٢٠٠٣)، **بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسی دا**، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- کەریم، عومەر مەحموود (٢٠٠٩)، **سیمای پراگماتیکی و سیمانتیکیی گریمانە پێشەکییەکان**، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی کۆیە.
- کەمال، دیار عەلی (٢٠٠٢)، **رێزمانی کوردی، روانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە**، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەین.

- محمدامین، هاژە چیچۆ (٢٠١٥)، **دارشتەی زمانی یاسایی لە زمانی کوردیدا**، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران.

- محەمەد، حاتەم ولیا (٢٠٠٠)، **فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە کرمانجیی ژووروودا**، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- محەمەد، حەمید سالح (٢٠١٤)، **سینتاکس و سیمانتیکی جەختکردن لە زمانی کوردیدا**، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین.

- محەمەد، دارا حەمید (٢٠١٢)، **شیکاری ڕستەی ئاڵۆز لە روانگەی پراگماتیکەوە**، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی سلێمانی.
- محەمەد، عەبدوڵلا عەزیز (١٩٩٠)، **گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردیدا**، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین.
- محەمەد، ئاوات ئەحمەد (٢٠٠٩)، **شێوازی گوتنی فەرماندان لە زمانی کوردیدا**، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین.
- موعین، سازان ڕەزا (٢٠٠٥)، **واتا و دەوروبەر**، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەڵاحەددین.
- مەحموود، ئاڤێستا کەمال (٢٠٠٦)، **پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووودا**، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠٠٩)، **دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردییدا**، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

**پ- گۆڤاری زانستی**


- بەرزنجی، فەرەیدون عەبدول و قادر، ئەبوبەکر عومەر (٢٠١٠)، **کەرەسە مۆرفۆسینتاکسییەکان لە کرمانجیی ناوەڕاست و کرمانجیی ژووروودا**، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژمارە (٢٧)، لاپەڕە: (١٢٣-١٥٠).

- حسەین، ئازاد ئەحمەد (٢٠١٢)، **یاسای گواستنەوەی کۆپیکردن لە سینتاکسی زمانی کوردیدا-شێوەزاری سلێمانی**، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٢٢)، لاپەڕە: (٢٢٩-٢٥٠).

- حسەین، ئازاد ئەحمەد (٢٠٢٢)، **پەیڕەوی ئاماژەکردن لە زمانی کوردیدا**، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی (٩)، ژمارە (٢)، لاپەڕە: (١-٨).

- حسەین، ئازاد ئەحمەد (ا-٢٠٢١)، **سەری ڕێزمانی لە پێکهاتەی ڕستەدا**، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، بەشی (B)، ژمارە (٦٧)، لاپەڕە: (٣٧-٥٨).

- حسەین، ئازاد ئەحمەد (ب-٢٠٢١)، **ڕۆڵی تەواوکەر لە پێکهاتەی ڕستەدا**، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی (٨)، ژمارە (٤)، لاپەڕە: (١٣-٢٤).

- حمد، شێروان حسین و عمر، تەلار صباح (٢٠٢١)، **شیکردنەوەی گوتاری ئایینی لە ڕوانگەی تیۆری کردەقسەییەکان**، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، خولی (٨)، ژمارە (١)، لاپەڕە: (٤٨-٦٧).

- حەمەئەمین، تانیا ئیسماعیل و غەریب، نالی ئەدهەم (٢٠٢٠)، **درکپێکردن بە گۆرانە دەنگییەکان لە زمانە ئێرانییە نوییەکاندا (کوردیی و فارسیی بەنموونە)**، گۆڤاری سێیەم کۆنفرانسی نیودەوڵەتی زمان و ئەدەبی کوردی (زمان و ئەدەبی کوردی و فارسی- پەیوەندی و کاریگەرییەکان)، ژمارەی تایبەت، لاپەڕە: (٢٢٠-٢٥٢).

- حەمەئەمین، خۆشناو عەزیز و ئەحمەد، مەحموود فەتحوڵڵا (٢٠١٩)، **کارە ئەسپێکتییەکان** لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی (٦)، ژمارە (٣)، لاپەڕە: (١١-٤٢).

- عومەر، نەوزاد ئەنوەر و حمد، شیروان حسێن (٢٠٢١)، **لەیەکچون و جیاوازی نێوان گریمانەی پێشەکی و واگەیاندن (ئینتەڵمێنت)**، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٣)، لاپەڕە: (٧٨-٨٥).

- عەلی، بەکر عومەر و حسەین، ئازاد ئەحمەد (٢٠١٣)، **دەوروبەری زمانی**، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژمارە (٢٤)، لاپەڕە: (٣٧-٥٨).

- فتح الله، محمود (٢٠١٧)، **لایەنی جیاواز و لێکچوی کاتەگۆری تێنس، ئەسپێکت و موود لە کوردی و زمانەکانیتری وەک ئینگلیزی و یابانیدا**، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (١٣)، لاپەڕە: (٨٩-١٤٤).

- فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵڵا (٢٠١٤)، **واتای وشە لە نێوان دیدی فردیناند دی سۆسێر و هالیدای دا**، گۆڤاری الأستاذ، ژمارە (٢١١)، لاپەڕە: ٤٧١-٤٩٦).

- قادر، کاروان عومەر (٢٠١٢)، **سیستەمی درکپێکردن وەک بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی**، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، بەشی (B)، ژمارە (٣٤)، لاپەڕە: (٧٧-١١٢).

- قادر، کاروان عومەر (٢٠١٧)، **داڕشتەی چەمک لە زمانی کوردیدا**، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (١٣)، لاپەڕە: (٤١٩-٤٥٢).

- قادر، کاروان عومەر و ئیبراهیم، شیلان ڕەحیم (٢٠١٩)، **پەیپێبردنی فەرهەنگی ئاوەزیی زمانی کوردی لە چێوەی زانستی زمانی درکپێکردندا**، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، ژمارە (٧).

- محەمەد، محەمەد دلێر ئەمین و کەریم، فەرهاد قادر (٢٠١٣)، **وێنەی روونبێژی لە شیعرەکانی حەمدیدا**، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، بەشی (B)، ژمارە (٤٢)، لاپەڕە: (٢١١-٢٦٦).

**دووەم: بە زمانی فارسی**

**ا- کتێب**

- ابوالقاسمی، محسن (١٣٩٥)، **دستور تاریخی مختصر زبان فارسی**، چاپ دوازهم، سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها (سمت) مرکز تحقیق و توسعه علوم انسانی، تهران.

- آگدن، چارلزکی و ریچاردز، آیور آرمسترانگ (١٣٩٧)، **معنای معنی**، ترجمه: کورش صفوی، نشر علمی، تهران.

- باطنی، محمد رضا (١٣٧١)، **پیرامون زبان و زبانشناسی**، چاپ نوبهار، فرهنگ معاصر، تهران.

- پالمر، فرانک ر. (١٤٠٠)، **نگاهی تازه به معنی شناسی**، ترجمه: کورش صفوی، چاپ هشتم، نشر مرکز، تهران.

- جعفری، فاطمه (١٣٩٢)، **دستور کاربردی**، جلد اول، چاپ دوم، انتشارات دانشگاه تهران، تهران.

- چارتریس-بلک، جاناتان (۱۳۹۸)، **استـعاره**، ترجمه: یکتا پناه پور، نشر لوگوس، قم.
- چپمن، شیوان (۱۳۹۸)، **معنی کاربردشناختی**، مترجم: محمد رضا بیاتی، چاپ اول، انتشارات علمی، تهران.
- خانلری، پرویز ناتل (۱۳۹۵)، **تاریخ زبان فارسی**، نشر نو، تهران.
- دولت آبادی، بیژن (۱٤۰۰)، **زبانشناسی مفاهیم و مقدیمات**، انتشارات ساکو، تهران.
- سرل، جان آر. (۱۳۸۷)، **افعال گفتاری جستاری در فلسفه زبان**، ترجمه: محمد علی عبداللهی، پژوهشگاه علوم و فرهنگ اسلامی، قم.
- شقاقی، ویدا (۱۳۹٤)، **فرهنگ توصیفی صرف**، نشر علمی، تهران.
- شمسیا، سیروس (۱۳۹٤)، **بـیـــان**، چاپ چهارم، نشر میترا، تهران.
- صفوی، کورش (۱۳۹۹)، **درآمدی بر معنی شناسی**، چاپ ششم، انتشارات سوره مهر، تهران.
- طبیب زاده، امید (۱۳۹۳)، **ظرفیت فعل**، چاپ دوم، نشر مرکز، تهران.
- فاضل، نوید (۱۳۹۲)، **دستور زبان پارسی**، نشر آگه، تهران.
- کرول، دیوید دبلیو (۱۳۹۱)، **روان شناسی زبان**، مترجم: حشمت اله صباغی، نشر رشد، تهران.
- گیوی، حسن احمدی و انوری، حسن (۱۳۹٤)، **دستور زبان فارسی۱**، چاپ چهارم، انتشارات فاطمی، تهران.
- گیوی، حسن احمدی و انوری، حسن (۱۳۹۵)، **دستور زبان فارسی۲**، چاپ ششم، انتشارات فاطمی، تهران.
- لاینز، جان (۱۳۹۸)، **معناشناسی زبان شناختی**، مترجم: حسین واله، چاپ سوم، گام نو، تهران.
- لاینز، جان (۱۹۹۱)، **درآمدی بر معنی شناسی زبان**، مترجم: کورش صفوی، چاپ اول، انتشارات علمی، تهران.
- مانفردی، مارینا (۱۳۹٤)، **ترجمه‌ی متن و بافت غیر زبانی**، مترجم: آزیتا افراشی، نشر قطره، تهران.
- مشکوةالدینی، مهدی (۱۳۹٦)، **دستور زبان فارسی بر پایه نظریه گشتاری**، چاپ پانزدهم، چاپخانه دانشگاه فردوسی، مشهد.
- نیکوفر، رضا و فلکی، غلامحسین (۱۳۸۷)، **زبان فارسی به زبان ساده**، صحافی ثارا، تهران.

- هلیدی، مایکل و حسن, رقیه(۱۳۹۳)، **زبان، بافت و متن**، ترجمه‌ی مجتبی منشی زاده و طاهره ایشانی، انتشارات علمی، تهران.
- وفایی، عباسعلی (۱۳۹۱)، **دستور تطبیقی (فارسی-عربی)**، انتشارات سخن، تهران.
- وودز، نیکلا (۱۳۹٦)، **توصیف گفتمان**، مترجمان: (سید محمد باقر برقعی مدرس، مریم نخعی، آمنه عرب زاده)، نشر نویسه پارسی، تهران.

**ب- گۆڤاری زانستی**

- ابن رسول، سید محمد رضا و قربان خانی، مرضیه و شاملی، نصراله(۱۳۹٦)، **مطالعه تطبیقی نظریه نظم عبدالقاهر جرجانی و نظریه بافت موقعیت فرث**، ادب عربی، سال ۹، شماره ۲، صفحات: (۱۷- ۳۵).
- اروجی، محمد رضا (۱۳۹۱)، **حرکت سازه به ابتدای جمله در زبان فارسی: مبتداسازی یا کانونی سازی؟**، ویژه نامه نامه فرهنگستان، شماره (۸)، صفحات: (۱۸۸-۲۱۲).
- آقا گل زاده، فردوس و مقدم، عباس صلحی (۱۳۹٦)، **جستاری در گونه‌های زبانی و کنش های گفتاری برنامه‌های رادیویی «جوان ایرانی سلام» (رادیو جوان) و «سلام ایران» (رادیو ایران)**، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، شمارۀ (۳)، صفحات: (۹- ۳۱).
- الهیان، لیلا (۱۳۹۱)، **بررسی اهمیت بافت در پژوهشهای ادبی**، فصلنامه پژوهشهای ادبی، سال ۹، شماره ۳٦ و ۳۷، صفحات: (۳۵- ٤۹).
- آهنگر، عباسعلی و مظفری، زهرا (۱٤۰۰)، **ندا و منادا در مرز نحو وکاربردشناسی در زبان فارسی**، فصلنامه علمی زبان پژوهی دانشگاه الزهرا، شمارۀ (۳۹)، صفحات: (۲۳۵- ۲۵٦).
- ایشانی، طاهره و برزگری، زینب (۱۳۹۸)، **تحلیل سنجشي نمود بافت فرهنگی در دو متن گلستان و بهارستان (با تأکید بر مشخصه زبانی وجهیت در فرانقش بینافردی)**، فصلنامه علمی کاوش نامه، شماره(٤۲)، صفحات: (۹۳-۱۲۰).
- پاکروان، حسین (۱۳۸۱)، **نگرشی ویژه به نمود مجهول در زبان فارسی**، مجله علوم اجتماعی و انسانی دانشگاه شیراز، پیاپی (۳۵)، شماره اول، صفحات: (۳۵-۵۲).
- پهلوان نژاد، محمد رضا و قونسولی، لیلا عرفانیان(۱۳۸۹)، **بررسی رابطه بین نحو و معناشناسی**، پنجمین همایش پژوهش های زبان و ادبیات فارسی، صفحات: (٤۸۷-٥۰٤).

- پور ابراهیم، شیرین و نعمتی، فاطمه (۱۳۹۹)، **کاوشی در ابعاد شناختی، فرهنگی و بافتی ضرب المثل های نمادین گویش دلواری با استفاده از انگاره آمیختگی مفهومی بسط یافته آندرسون (۲۰۱۳)،** نشریه پژوهش های زبانشناسی، سال دوازدهم، شماره دوم، شماره ترتیبی (۲۳)، صفحات: (۹۷-۱۲۲).

- ترکاشوند، فرشید و قائمی، نجمه (۱۳۹٦)، **چالش های فرهنگی در ترجمه ادبی از فارسی به عربی: با تمرکز بر "گلستان سعدی"، "روضة الورد"**، دو فصلنامه علمی-پژوهشی پژوهش های ترجمه در زبان و ادبیات عربی، سال (۷)، شماره (۱۷)، صفحات: (۷۹-۹۷).

- ترکاشوند، فرشید و ناگهی، نسرین (۱۳۹۲)، **تحلیل مقایسه‌ای ساز و کار قرینه و بافت زبانی در فهم متن، فصلنامه علمی- پژوهشی پژوهش های ترجمه در زبان و ادبیات عربی**، سال ۳، شماره ۹، صفحات: (۵۵- ۷۰).

- جمشیدی نژاد، حبیب الله(۱۳۹۸)، **نقش بافت در تعبیر معنی**، مجله رشد آموزش زبان و ادب فارسی، دوره سی و سوم، شماره ۲، صفحات: (٦٦- ٦۹).

- دست آموز، سعیده و محمدی، محمد رضا (۱۳۹۵)، **بررسی تأثیر کنش های گفتاری غیرمستقیم با ساختار پرسشی بر روند گفت و گو ازمنظر زبان روسی**، دوماهنامه جستارهای زبانی، شماره (۱)، پیاپی (۲۹)، صفحات: (۳۹- ۵۷).

- دست رنج، فاطمه و ذوالفقاری، محسین (۱۳۹۹)، **تحلیل ساختار سوره شمس بر مبنای نظریه کنش گفتاری جان سرل**، فصلنامه علمی-پژوهش های ادبی، سال هشتم، شماره دوم، صفحات: (۷۱-۹٤).

- ذوالفقاری، حسن (۱۳۸۸)، **بررسی ضرب المثل های فارسی در دو سطح** واژگانی و نحوی، فنون ادبی، سال اول، شماره (۱)، صفحات (۵۷-۸۰).

- رحمانی، حسین (۱٤۰۱)، **نگاهی معنا-کاربردشناختی به پیش انگاری در نمایشنا مه ارثیه ایران**، فصلنامه زبا نشناسی اجتماعی، شمارهٔ (٤)، پیاپی (۲۰) ، صفحات: (۹- ۲۲).

- رستمیان، مرضیه و طباطبایی، سید کاظم (۱۳۹۰)، **بررسی تطبیقی بافت موقعیت(برون زبانی) از دیدگاه فرث، هایمز و لوئیس با سیاق حالیه**، دو فصلنامه تخصصی پژوهشهای میان رشته‌ای قرآن کریم، سال دوم، شماره چهارم، صفحات: (۲۹- ۳٦).

- رضایی، والی (۱۳۸۹)، **نگاهی تازه به ساخت مجهول در زبان فارسی**، مجله پژوهش های زبانشناسی، سال دوم، ژماره اول، صفحات: (۱۹-۳٤).

- رفاهی، سمانه (۱٤۰۰)، **کاربردشناسی و کاربست آن در آگهی های تجاری: آگهی دورتو**، فصلنامه علمی زبان پژوهی دانشگاه الزهرا، شمارۀ (٤١)، صفحات: (۲۰۹- ۲۲۷).

- روستایی، علیرضا و روان شاد، علی اصغر (۱٤۰۰)، **تأثیر بافت زبانی در گزینش باهم آیی واژگان قرآن کریم**، دوفصلنامه علمی پژوهش های زبانشناختی قرآن، سال دهم، شماره اول، شماره پیاپی(۱۹)، صفحات: (٤۲- ٦۰).

- زرکوب، منصوره و رضایی، سارا (۱۳۹۱)، **بررسی تطبیقی فعل مجهول در زبانهای فارسی عربی از منظر دستوری معنایی**، فنون ادبی، سال چهارم، پیاپی (۷)، شماره (۲)، صفحات: (۹۳-۱۱۲).

- سالاری، زهرا و خزاعی فرید، علی و شریفی، شهلا (۱۳۹۸)، **کاربردشناسی و نمود آن در ترجمه دوبله فیلم**، نقد زبان و ادبیات خارجی، شماره (۲۳)، صفحات: (۱۸۷-۲۱٥).

- شریفی مقدم، آزاده و ندیمی، نرجس (۱۳۹۲)، **تحلیلی معنی شناختی از کاربرد نام حیوانات در ضرب المثل های گویش لار (با تکیه بر دلالت، موضوعیت و کارکرد اجتماعی)**، ویژه نامه نامه فرهنگستان، شماره (۲)، صفحات: (۱۳۷-۱٥۹).

- شریفی، آزاده (۱۳۹۷)، **بافت در زبانشناسی نقش گرا و کاربست های آن در نمونه‌هایی از ادبیات کلاسیک فارسی**، رخسار زبان، شماره ٦ و ۷، صفحات: (۷٤- ۹۱).

- شفقی، مریم و تمیم داری، احمد (۱۳۹٤)، **بررسی مشخصه‌های کنش گفتاری معذرت خواهی با مخاطب خداوند («توبه») در زبان های فارسی و روسی**، دوماهنامه جستارهای زبانی، شماره (٥)، پیاپی (۲٦)، صفحات: (۲۸٥- ۳۰٤).

- شهابی، آرش و منشی زاده، مجتبی و گلفام، ارسلان (۱۳۹٦)، **بررسی وارونگی از منظر کاربرد شناسی و مقایسه آن با مبتداسازی در متون و ادبیات کردی**، فصلنامه بهارستان سخن، شماره (۳٦)، صفحات: (٤١-٦٤).

- صالحی، فاطمه و شاملی، نصرالله (۱۳۹٦)، **بررسی تطبیقی مباحث علم معانی و نظریه سیستمی نقش گرای هلیدی با تکیه بر بوستان سعدی**، نشریه مطالعات نظریه و انواع ادبی، پیاپی (٥)، شماره (۲)، صفحات: (٦۷-۱۰۲).

- صفا، پریوش (۱۳۸۰)، **"نمود" و نقشهای آن در زبان**، نشریه: مدرس علوم انسانی، دوره (٥)، شماره: ویژەنامە (٦) پیاپی (٢٣)، صفحات: (٩٥-١١٤).

- عبدالهیان، حمید و باقری، علی اصغر (١٣٩٦)، **کنش های گفتاری پنجگانه در شعر «صدای پای آب» سپهری،** دوفصلنامه زبان و ادبیات فارسی، شمارۀ (٨٢)، صفحات: (٢٤١- ٢٥٨).

- عزت، ملا ابراهیمی و ابوالفضل، سپهر (١٤٠١)، **کنش گفتاری سرل در گستره کاربردشناسی زبان (مطالعه موردی سوره یاسین)،** پژوهشنامه تأویلات قرآنی، شمارۀ (٨)، صفحات: (١٤٢- ١٦٤).

- قوام، ابوالقاسم و درپر، مریم (۱۳۹۰)، **سبکشناسی لایه‌ای: توصیف و تبیین بافتمند سبکنامه شماره یک غزالی در دو لایه کاربردشناسی و نحو،** فصلنامه تخصصی سبک شناسی نظم و نثر فارسی (بهار ادب)، ، شمارۀ (٢)، پیاپی (١٢) ، صفحات: (١٩٣- ٢١٣).

- لیافوئی، هادی علی پور و نظری، علیرضا (١٣٩٩)، **تحلیل کاربردشناختی "قصیده الأرض" محمود درویش با تکیه بر نظریه کنش گفتار**، فصلنامه لسان مبین، سال یازدهم، شماره (٣٩)، صفحات: (٤١-٦٤).

- محمود، پخشان محمد (٢٠١٨)، **بررسی اصطلاحات عامیانه و ضرب المثل در داستان مدیر مدرسه اثر جلال آل احمد**، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (١٥)، لاپەڕە: (١٧٦٥-١٧٨٦).

- مرادی، مجید و آخرون (١٤٠٠)، **تاثیر بافت زبانی در درک و فهم اصطلاحات زبان فارسی در فارسی آموزان غیرفارسی زبان**، فصلنامه پژوهشنامه مطالعات راهبردی علوم انسانی و اسلامی، شماره (٤١)، صفحات: (١-١٨).

- مسبوق، سید مهدی و مظفری، رسول فتحی (١٣٩٦)، ن**گرشی نو بر کارکردشناسی بافت زبانی در فهم و انتقال مضامین نهج البلاغه، علوم حدیث**، سال بیست و دوم، شماره دوم، صفحات: (٢٧- ٥٠).

- معصوم، سید محمد حسینی و رادمرد، عبداله (١٣٩٤)، **تأثیر بافت زمانی – مکانی بر تحلیل کنش گفتار؛ مقایسه فراوانی انواع کنش های گفتار در سوره‌های مکی و مدنی قرآن کریم،** دوماهنامه جستارهای زبانی، شماره (٣)، پیاپی (٢٤)، صفحات: (٦٥- ٩٢).

- ملکی، ساسان و راسخ مهندس، محمد (١٤٠٢)، **فرآيندهای انعطاف پذيری در اصطلاحات زبان فارسی؛ بررسی موردی اصطلاحات شامل "دست"**، مجله زبانشناسی و گويش های خراسان، سال پازدهم، پیاپی (٣٠)، شماره (١)، صفحات: (٩٥-١٢٣).

- میرقادری، سید فضل الله و اشراق پور، مريم (١٣٩٥)، **بافت و کنش های گفتاری مناجات امام حسين (ع) در واپسین لحظات عمر**، فصلنامه متون اسلامی و مطالعات ادبی، سال اول، شماه اول، صفحات: (٣٧-٦٦).

- نیک عزم، مرضيه اطهاری (١٣٩٣)، **تحليل زمان و شاخصهای زمانی در ضرب المثل ها با رويكرد نشانه -معناشناسی، مورد مطالعه: زبان فارسی**، دو ماهنامه جستارهای زبانی، پیاپی (١٩)، شماره (٣)، صفحات: (١-٢٥).
- ويسی حصار، رحمان (١٣٩٤)، **زمان و نمود در کردی موکريانی**، فصلنامه مطالعات زبانها و گويشهای غرب ايران، سال دوم، شماره (٨)، صفحات: (١٠١-١٢٤).

### ٣) به زمانی عەرەبی:

### ا- کتێب

- مختار، احمد (١٩٩٨)، **علم الدلالة**، دار النشر: عالم الكتب.

### ب- نامەی زانکۆیی

- براح، ناريمان(٢٠١٥)، **النظرية السياقية فی الدرس اللسانی قديما و حديثا**، رسالة ماستر، جامعة العربی بن مهیدی-ام البواقی، كلية الآداب و اللغات.

- عبدالقادر، بوزبوجة(٢٠١٧)، **نظرية السياق عند اللغويين و البلاغيين العرب**، رسالة دكتوراه، جامعة وهران- السانيا- كلية الآداب و اللغات و الفنون.

### پ- گۆڤاری زانستی

- العامری، خليل خلف بشير (٢٠١٠)، **السياق أنماطه وتطبيقاته في التعبير القرآني**، مجلة القادسية فی الأداب و العلوم التربوية، المجلد (٩)، العدد (٢)، صفحه: (٣٧-٦٣).
- نظری، يوسف(٢٠١٧)، **إشكالية مصطلح السياق فی الدراسات القديمة و الجديدة**، فصلنامه هنر زبان، شماره (٣)، صفحه: (٨٣- ١١٠).

### ٤) بە زمانی ئینگلیزی


#### ١- کتێب

- Aranoff, Mrak and Rees-Miller, Janie (2001), **The Handbook of Linguistics**, Blackwell Publishers, Oxford, UK.
- Ariel, Mira (2008), **Pragmatics and grammar**. In the series Cambridge Textbooks in Linguistics. Cambridge University Press, Cambridge.
- Buorton-Roberts, Noel (2016), **Analysing Sentences**, Book Published, London.
- Comrie, Bernarad (2001), **Aspect,** University of Southbrn, California.
- Coulson, S. (2001), **Semantic Leps**, Cambridge University press, Cambridge.
- Crus, Alan (2006), **A Glossary of Semantics and Pragmatics,** Edinburgh University Press Ltd, Finland.
- Doyle V.F., (2007), **The Role of Context in Meaning and Understanding**, Massachusetts, U.S.A.
- Ogden, C.K. and Recahrds, I.A., (1923), **The meaning of Meaning**, A Study of The Influence of Language Upon Thought and of The Science of Symbolism, New York.
- Ostyn, Brygida Rudzka (1998), **Topics in Cognative Linguistics**, John Benjamins publishing companyamsterdam/ Philadelphia
- Widdowson, H.G. (2004), **Text, Context, Pretext**, Oxford, UK.
-Levinson, Stephenc (1983), **Pragmatics**, Cambridge, University press.

#### ب- نامەی زانکۆیی

-Amaliyah, Isyai (2017), **A Pragmatics Study on Deixis Analysis in The Song Lyrics of Harris J'S Salam Album Song,** Final Project, Education and Teacher Training Faculty Walisongo State Islamic University Semarang.

#### پ- گۆڤاری زانستیی

– Abdulameer, T.A. suhair (2019), **A Pragmatic Analysis of Deixis in a Religious Text,** International Journal of English Linguistics; Vol. 9, No.2**,** pages (292- 306).

- Abdul-Wahab Taha, Wia'am and Reishaan, Abdul-Hussein Kadhim (2008), **The Relationship between Competence and Performance: Towards a Comprehensive TG Grammar**, Kufa Journal - Issue (2), pages (35-59).
- Anwar Turkey, Atiyah, (2019), **The Impact Of Pragmatic Considerations On Grammatical Formations "A Practical Study In Arabic And English**, Opcion, Año 35, Especial Nº 22, pp: 2899-2921.

- Artelu, Akitapurti and Indah Dewi Rosaria (2023), **Analyzing Five Types of Deixis in Cruella Movie: Pragmatics Analysis,** Journal of English Language Teaching and Literature**,** Volume 4, Number 1, pages (47-54).
- Azzahra, Irah Khoiriyah (2019), **A Pragmatics Analysis of Deixis in Surah Al Baqarah Translated By Abdullah Yusuf Ali,** Academic Journal of English Language and Education, Vol. 3, No. 2, pages (197-222).
- Dorcheh, Husein Hafizi and Baharlooie, Roya (2016), **Development of Pragmatic Competence**, Journal of Language Teaching and Research, Vol. 7, No. 1, pp. 152-157.

- Fillmore, C. J. (1988), **The mechanisms of (Construction Grammer)**, In Axmaker, S., Jaisser, A., & Singmeister, H. (Eds.), Proceedings of the Fourteenth Annual Meeting of the Berkeley Linguistics Society, PP. 35-55.
- Hidayat, Agus (2016), **Speech Acts: Force Behind Words**, Jurnal Tadris Bahasa Inggris, Vol 9 (1), 2016, pages (1- 12).
- Indrawati (2009), **Context in Pragmatics,** Journal of Language and Literature, Vol. III/2, pages (23- 31).
- Ling, zhou and Chuanmao , Tian (2020), **Study on the Role of Context in Discourse Analysis from the Viewpoint of "Make" in Different Sentence Meanings,** International Journal of English Literature and Social Sciences, 5(6) Nov-Dec 2020 | Available online: https://ijels.com, pages (1818- 1825).
- Raputri, Egi (2020), **Pragmatics Study On Deixis Analysis In Narrative Texts In A Textbook of SMP Nasima Semarang,** Advances in Social Science, Education and Humanities Research, volume 574**,** Proceedings of the 6th International Conference on Science, Education and Technology (ISET 2020), pages (390- 393).

- Requejo, M. D. P. (2007), **The Role of Context in Word Meaning Construction: A Case Study**, IJES, International Journal of English Studies, vol. 7 (1), 2007, pp. 169-173.
- Salinas González, Armando, (2001), **The Relaiion between Synfax, Semantics and Pragpnatics**, Revista de Humanidades: Tecnológico de Monterrey, núm. 11, pp. 13-19.
- Shen, Lihong (2012), **Context and Text,** Theory and Practice in Language Studies, Vol. 2, No. 12, pages (2663-2669).
- Sinclair, Melinda (1992), **The Effects of Contexts on Utterance Interpretation: Some Questions and Some Answers**. Journal: Stellenbosch Papers in Linguistics, Vol: 22, Page: 103-132.
- Song, Lichao, (2010), **The Role of Context in Discourse Analysis**, Journal of Language Teaching and Researchm vol.1, No. 6, page 876-879.

## الملخص

المعنى أداة رئيسي لعلم اللغة، حيث إن الجمع بين أدوات اللغة وتكوين التراكيب النحوية هو من أجل المعنى، ويتم الحصول على المعنى من خلال السياق والاستخدام.

وتبين هذه الأطروحة بعنوان (السياق في تركيب الجملة ومعناها في اللغة الكردية)، عرض تأثير السياق وأهميتها في التراكيب النحوية والمعاني المعروضة، وتبين مع الأمثلة العملية أن التراكيب النحوية هي النتيجة للسياق المختلفة، وخلف كل تركيب نحوي ثمة معنى وغاية خاصة تظهرها السياق، و جدير بالذكر أنه تم توضيح العلاقة بين السياق والتراكيب والمعاني بشكل عملي في فصول ثلاثة؛ تناول الفصل الأول الجانب النظري للأطروحة وتم الحديث عن علاقة السياق وتأثيرها وأهميتها في علم اللغة وبعض العلوم الأخرى، مع الحديث عن أنواع السياق. أما في الفصل الثاني فقد تم الحديث بشكل عملي عن دور السياق وتأثيراتها في التراكيب النحوية (العبارات وأنواعها، الأفعال، أنواع الجمل) وإثباتها.

وتم تكريس الفصل الثالث والأخير لمعنى التراكيب والغرض منها، وتم الحديث فيه عن التراكيب المستقرة والأبعاد البراغماتيكية والعلاقة المباشرة مع السياق بمعنى الجمل المستخدمة في الكلام اليومي وأغراضها.

إن التراكيب النحوية بشكل عام تنتجها السياق، وتظهر معانيها من خلال السياق، وخاصة بسبب المعارف الدنيوية، ويمكن التغيير المحدود في التراكيب حسب السياق، ولا يمكن وضع تراكيب ثابتة بشكل مطلق.

في النتائج عرضت الأطروحة الدور الرئيسي للسياق في تلك المجالات والكلام اليومي. ولا يمكن عزل التراكيب النحوية عن السياق، فهي تتأثر بها بشكل مباشر أو غير مباشر. وكذلك يستنبط المعنى من قبل المستمعين والحضور بسبب السياق

.

## Abstract

Meaning is a key instrument of linguistics, as the combination of language tools and the creation of syntactic structures is for meaning, and meaning is obtained through context and usage. The present thesis entitled, *(The Context in Sentence Structure and Meaning in the Kurdish Language),* demonstrates the impact of context and its significance in the syntactic structures and the meanings presented. It confirms with practical examples that the syntactic structures are the result of diverse contexts. Additionally, behind every syntactic structure there is a distinct meaning and aim that the context discloses. Furthermore, the relationship between context, structures, and meanings is clarified practically in three chapters. The first chapter deals with the theoretical characteristic of the thesis and it elucidates the relationship of the context, its influence and its importance in linguistics and some other sciences in addition to explaining the types of contexts. In the second chapter, the role of the context and its effects on syntactic structures (phrases and their types, verbs, types of sentences) is established and clarified practically. The third and final chapter is allocated to the meaning of the structures and their purpose. It displays the stable structures, the pragmatic dimensions, and the direct relationship with the context in the meaning of the sentences used in daily speech and their purposes. Generally, syntactic structures are produced by the context, and their meanings are revealed through the context, especially because of worldly knowledge. Depending on the context, restricted change in structures is possible, but it is not possible to establish fixed structures.

In conclusion, the thesis demonstrates the main role of context and daily speech in syntactic structures. Syntactic structures cannot be isolated from the context, as they are affected by it directly or indirectly. The meaning is constructed by listeners and attendees because of the context.